# رابوون

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە - ژمارە حەوت و هەشت - ١٩٩٣

## دەکومێنتی ژمارە: ئاناباز

Δʹ

I

1 [Ὅσα μὲν δὴ ἐν τῇ ἀναβάσει ἐγένετο μέχρι τῆς μάχης, καὶ ὅσα μετὰ τὴν μάχην ἐν ταῖς σπονδαῖς ἃς βασιλεὺς καὶ οἱ σὺν Κύρῳ ἀναβάντες Ἕλληνες ἐποιήσαντο, καὶ ὅσα παραβάντος τὰς σπονδὰς βασιλέως καὶ Τισσαφέρνους ἐπολεμήθη πρὸς τοὺς Ἕλληνας, ἐπακολουθοῦντος τοῦ Περσικοῦ στρατεύματος, ἐν τῷ πρόσθεν λόγῳ δεδήλωται. 2 Ἐπεὶ δὲ ἀφίκοντο ἔνθα ὁ μὲν Τίγρης ποταμὸς παντάπασιν ἄπορος ἦν διὰ τὸ βάθος καὶ μέγεθος, πάροδος δὲ οὐκ ἦν, ἀλλὰ τὰ Καρδούχεια ὄρη ἀπότομα ὑπὲρ αὐτοῦ τοῦ ποταμοῦ ἐκρέματο, ἐδόκει δὴ τοῖς στρατηγοῖς διὰ τῶν ὀρέων πορευτέον εἶναι. 3 Ἤκουον γὰρ τῶν ἁλισκομένων ὅτι εἰ διέλθοιεν τὰ Καρδούχεια ὄρη, ἐν τῇ Ἀρμενίᾳ τὰς πηγὰς τοῦ Τίγρητος ποταμοῦ, ἢν μὲν βούλωνται, διαβήσονται, ἢν δὲ μὴ βούλωνται, περιίασι. Καὶ τοῦ Εὐφράτου δὲ τὰς πηγὰς ἐλέγετο οὐ πρόσω τοῦ Τίγρητος εἶναι, καὶ ἔστιν οὕτως ἔχον. 4 Τὴν δ' εἰς τοὺς Καρδούχους ἐμβολὴν ὧδε ποιοῦνται, ἅμα μὲν λαθεῖν πειρώμενοι, ἅμα δὲ φθάσαι πρὶν τοὺς πολεμίους καταλαβεῖν τὰ ἄκρα.]

5 Ἡνίκα δ' ἦν ἀμφὶ τὴν τελευταίαν φυλακὴν καὶ ἐλείπετο τῆς νυκτὸς ὅσον σκοταίους διελθεῖν τὸ πεδίον, τηνικαῦτα ἀναστάντες ἀπὸ παραγγέλσεως πορευόμενοι ἀφικνοῦνται ἅμα τῇ ἡμέρᾳ πρὸς τὸ ὄρος. 6 Ἔνθα δὴ Χειρίσοφος μὲν ἡγεῖτο τοῦ στρατεύματος λαβὼν τὸ ἀμφ'

*Inscriptiones* : Ξενοφῶντος κύρου ἀναβάσεως λόγος τέταρτος X : ξ. κ. ἀ. δ' F, ξ. κ. ἀ. τέταρτον H.

1 §§ 1-4 damn. Hudorf || 1 3 ἐποιήσαντο FM || 5 ἐπολεμήθη FM : -ήσαν X || 5 sq. τοῦ περσῶν FM || §§ 2-4 om. CHE || 2 4 δὴ FMT corr : δὲ cett. || στρατηγοῖς (III 5, 17) Löwenklau : στρατιώταις libri || 3 4 δὲ Chateillon : εἰ libri, om. M || 6 οὕτως ἔχον Abresch : οὕτω ἔχον FMH.

لاپەڕەی یەکەمی چاپە یۆنانییەکەی

# رابــوون

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییه - ژماره حەوت و هەشت - ١٩٩٣

سەرنووسەر: رەفیق سابیر

دەستەی نووسەران

کەمال میراودەلی
هاشم کۆچانی
کاروان عەبدوڵڵا
بەرپرسیاری هونەری: دیلان دەرسیم

ناونیشان
RaBûN
Post Restante
126 11 Stockholm 32
Sweden

ژمارەی پۆستگیرۆ: 5 - 1121 626

ISSN 1102-4372

# دەروازە

کورد یەکێکە لە میللەتە هەرە کۆن و نەژادە نیشتەجێ کانی خوارووی رۆژئاوای ئاسیا. پەیدابوونی کورد لەسەر شانۆی مێژوو زۆر زۆر کۆنترە، بۆ نموونە لە پەیدابوون و ناسرانی تورک و عەرەب. چ گومانێک لەوەدا نییە، کە کوردەکان لەسەرجەمی رووداوە گرنگە جەنگی و سیاسی و کولتوورییەکانی ئیمپراتۆرە مەزن و بەناوبانگەکان و دەوڵەتە گەورەکانی ئەم سەردەمەی دنیای رۆژهەڵاتدا بەشداربوون. بە واتایەکی تر ، هەر لە سەدە دێرینەکانەوە کوردەکان نەک هەر بابەت، بەڵکە دروستکەری پرۆسێسی مێژوویی ئەو پارچەیەی دنیابوون، کە بە هەق بە بێشکەی شارستانییەتی جیهان دەژمێردرێت و دەورێکی باڵاش لە پەیوەندیی نێو دەوڵەتاندا دەگێڕێت.....

کوردەکان ئەوە چەندەها سەدەیە، لە مێژووی خۆیاندا دەوڵەتێکی یەکگرتووی نەتەوەییان نەبووە. تا سەردەمانێکی نزیکیش ئەو دەوڵەتانەی، کە کوردستانی ئیتنۆلۆگییان تێدایە، دانیان بە هیچ مافێکی کورددا نەدەنا. ئەگەر لە رۆژگاری دێریندا ئەم مەسەلەیە شتێکی ئاسایی بووبێت، ئەوا لەم سەردەمەی ئێمەدا زۆر ناقۆلا و ناسروشتی دەنوێنێ. ئەمەیە هۆی بنەرەتیی ئەو کوڵان و جۆش سەندنە لە رادەبەدەرەی ئێستای جووڵانەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەیی کورد.

میخائیل سیمزنەڤیچ لازەرێڤ

لە کتێبی (چەند وتارێکی کوردناسی)یەوە وەرگیراوە.

لاپەڕە (۳.۱-٤.۱)

# بابەتەکــان


- ئەنتی‌دیموکراتیک لە نێو پرۆسەی‌دیموکراتیزەکردنی‌کوردستاندا ٥ کاروان عەبدوڵلا


## باس و لێکۆڵینەوە


- دروشمی ستراتیژی و تاکتیکی گونجاو بۆ کاتی گونجاو ١٣ فوئاد قەرەداغی
- سوسیالیزم بەبێ دیکتاتۆریی ٢٣ کارل کاوتسکی
- نەورۆز و کاوە و کورد ٢٩ ئەیفور
- هۆمۆ سۆڤیتیسکوس، تا ئەو دەمەی مرۆڤی سۆڤیەتی ........ ٤١ و: گۆران مەریوانی
- دایکسالاری لە داستان و بەیتی کوردیدا.............................. ٤٩ فازیل کەریم ئەحمەد
- کورد و گێژاوی ئایدیۆلۆژیا.............................. ٥٩ کاکە وەیس
- یەکێتی سۆڤیەتی هەڵوەشاوە لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی... ٦٧ حوسێن محەممەد عەزیز


## دەکومێنتی مێژوویی


- ئانابازـ.... کۆنترین دەکۆمێنت لە بارەی مێژووی کوردستان... ٨٢ و: فەرهاد پیرباڵ


## چاوپێکەوتن


چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کوردناسی ڕووس ئۆلگاژیگالینە ........... ١٠٧ ئارام عەلی


## پێداچوونەوەی کتێب


کتێبی ئیتنۆناسیۆنالیزمی کورد.............................. ١١٢ وەرگێرانی: هاشم


## هونەر و داهێنان


- ئەخماتۆڤە ...... شاژنی شیعری ڕووسی.............................. ١١٨ و: ڕێواس ئەحمەد
- شیعری هاوچەرخی سویدی (ئیدیت سۆدێرگران)............... ١٣٤ و: ڕزگار عەبدوڵلا
- لە (گیتۆ)ی (ڤیلنا)دا (کورتە چیرۆک).............................. ١٣٨ و: ئەنوەر محەممەد
- دەستنووسێکی بایەخدار لە کتێبخانەی بەریتانیا.............................. ١٤١ ئەنوەر سوڵتانی
- مەحموودی دەوڵەت ئابادی چۆن لە کوردان دەگا؟.............................. ١٥١ ئەحمەد شەریفی

# ئەنتی دیمۆکراتیک لەنێو پرۆسەی دیمۆکراتیزەکردنی کوردستاندا!

کاروان عەبدوڵا

تاقیکردنەوەی سەدان ساڵەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، لە دابینکردنی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا، سەلماندوویەتی کە تەنیا لەژێر فشاری هێزی دیمۆکراتیکدا پێشکەوتن ئەنجامدراوە و هەر تێکدان و هەڵگەڕانەوەیەکیش بە دەست و پیلانی هێزی شەڕ و دیکتاتۆری بەرپاکراوە.

دیارە هەرچەند کۆمەڵگاش لە ڕێڕەوی پەرەسەندنیدا شەکلی هێمنانە و سروشتی خۆی وەرگرتبێ، ئەوە دیمۆکراتیزم ڕەگی خۆی لەنێو کۆمەڵگا داکوتاوە، ئەگەرچی لەو ئان و زەمانەشدا عەقلی دیمۆکراتیک وەک هێزی باڵادەست، بەسەر ژیانی سیاسی و ئابووریدا زاڵ نەبووبێ. ئەوەی گرنگە، دیمۆکراتیزم لە فیکر و پراکتیکدا بەپێی هەلومەرجی ئەوکات، لە ئاستێکی نزم و ڕووبەرێکی تەسکیشدا بووبێ، توانیویەتی هێزێکی مادیی ئەوتۆ لەنێو خەڵکیدا بخوڵقێنێ، کە لە هەندێ بواری ژیاندا هەڵگەڕانەوە و دواکەوتن لاواز بکات.

مرۆڤایەتی قوربانییەکی لەڕادەبەدەری بۆ چەسپاندن و پەرەپێدانی دیمۆکراتیزم داوە و ئامادەشە بەهەمان شێوە ئەوەی وەدەستی هێناوە بیپارێزێ... ڕەنگە، لە ڕێڕەوەی پەرەسەندی مرۆڤایەتی و لەئاکامی سەرهەڵدانی ململانێی توند و تیژی نێو دەوڵەتان، لەنێوان دوو بەرەی جیا، دیمۆکراتیزم لەناو بزووتنەوەی نەتەوە و گەلانی دابەش بوو بەسەر ئەو دوو بەرەیەدا شێوێندرابێ و زیانێکی زۆریشی لە پێشکەوتن دابێ.

سەرکەوتنی هێزێکی دیمۆکراتیک، لە ململانێی سیاسیدا، سەرکەوتنێکی ئەبەدی نییە، چونکە دەکرێ ئەو هێزە لەبەر گەلێ هۆی ناوخۆ و دەرەکیدا، سەرکەوتن وەدەست بێنێ، بەڵام کە دەسەڵاتی سیاسی دەگرێتە دەست، ئەوکات بۆ لایەنگرانی خۆیی و بۆ جەماوەرەکە دەردەکەوێ، کە ئایا توانیویەتی ڕۆڵی شایستەی خۆی لە پێشبردنی کۆمەڵ و لە ململانێی ئازادانەی سیاسیدا بگێڕێ.

شتێکی بەدیهیشە کە دینامیکیەتی دیمۆکراتیزم، دەبێ ئازادی بێ، ئازادی بە هەموو لقەکانییەوە، بیرکردنەوە... رادەربڕین... دەنگدان... ڕێکخستن... هتد. بەبێ بوونی ئەم ئازادیانە ناکرێ باس لە دیمۆکراتیزەکردنی کۆمەڵگا بکرێ. پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیش لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، بەم ئازادیانە ئەنجامدراوە و کۆمەڵگاش بەهەمان شێوە دیمۆکراتیزە کراوە و لە وڵاتە دواکەوتووەکانیشدا ئەگەرچی عەقلیەتی ئەنتی دیمۆکراتیک بەسەر تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا زاڵبووە. بەڵام لایەنی دیمۆکراتیک لەنێو بزاڤی کۆمەڵ و هەندێ جاریش لەنێو خودی دەسەڵاتدا کەموزۆر توانیویەتی کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە ببا.

راستە بوون بە دیمۆکراتیک، یا دیمۆکراتیزەکردنی وڵاتە پاشکەوتووەکان، کارێکی یەکجار سەختە و تەقەلایەکی درێژخایەن و پشوویەکی ئەپساوەی دەوێ، چونکە کەم ڕێک دەکەوێ هێزێکی دیمۆکراتیک دەسەڵات بگرێتە دەست و پرۆسەی دیمۆکراتیزەکردنی وڵات بەرپا بکا، لەگەڵ ئەمەشدا، لەئاکامی پەرەگرتنی بزاڤی دیمۆکراتیک لەسەر ئاستی دونیادا و کارتێکردنی ئەو بزاڤە لەبەرفراوانکردنی هێزی دیمۆکراتیکی وڵاتە دواکەوتووەکان و فشار خستنە سەر ڕژێمەکان، گۆڕانکارییەکی بەرچاو ڕوویداوە و هەنگاوی باش، ئەگەرچی سەرەتایین هەڵێنراوە. پەیرەوکردنی سیستەمی دیموکراتیک، لەلایەن هێزێکی دیموکراتیکی نیشتمانییەوە، بە بێ زەمینەخۆشکردن بۆ بەرفراوانبوونی بزاڤی دیموکراتیک لەنێو خەڵک و هێزە سیاسیەکانی تر، نەوەکو هەر ئەنجام نادرێ، بەڵکو مەترسی سەرهەڵدانی دیکتاتۆری و لێکترازانی کۆمەڵگا و شەڕوشۆڕی نێوخۆیشی لێ دەکرێ، ئەمە راستییەکی تەجرەبەکراوی دوور و نزیکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە و لە کارەساتی گەورە و وەحشەتناکی زێتر هیچی بەدوای خۆدا نەهێناوە.

جێبەجێکردنی سەرەتاکانی دیمۆکراتیزم، کە خۆی لە ئازادییە هەمەجۆرەکاندا دەبینێتەوە و لە راستیشدا بنەما و یەکەمین مەحەکە بۆ دەسەڵاتی سیاسی، دەبێتە مایەی پەرەسەندنی ئاستی هۆشمەندی خەڵک و راکێشانی هەمان خەڵک بۆ مەیدانی خەبات و پاراستنی خودی دەستکەوتە دیمۆکراتییەکە بەهەمان خەڵک و سڕینەوەی پەیتاپەیتای وەعی نادیمۆکراتیک لە هۆشی جەماوەر و سەرهەڵدانی خو و رەوشتی دیمۆکراتیک لە جێگەی شەڕ و دیکتاتۆری و تۆڵەسەندنەوە.

لە کۆمەڵگای دیمۆکراتیدا ناکرێ لە یەک دیدەوە، یا لە روانگەی یەک بەرنامی (سیاسی - ئابووری)یەوە بڕوانرێتە کێشەکانی کۆمەڵ و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە خودی

سیستمی دیمۆکراتیک، سیستمی چەند حزبی و چەند بەرنامەی جیاجیایە، کە لەوانە رەنگە حزبێک یا چەند هێزێک بە بەرنامەیەکی یەکگرتووە و حوکمڕانی وڵات بکەن. هاوکات لەگەڵ ئەو بەرنامەیش، چەندان بەرنامە و دیدی تری ئۆپۆزیسیۆن دەخرێتە روو، ئازادانە کاریان بۆ دەکرێ و هێزی حوکمڕانیش ناتوانێ چاو لە ئاست ئەو بەرنامانە وەربگێڕێ.

هەر لەم تێڕوانینەوە روو لە پارچەیەکی رزگارکراوی کوردستانەکەمان دەکەین و تیشکێک دەخەینە سەر ئاقاری ئەزموونی پرۆسەی دیمۆکراتیک و ئیجابیاتی دەستپێکردن و مەترسی هەڵگەڕانەوە تیایدا...

بێگومان ئەمڕۆکە خەڵکی کوردستانی خواروو، بە تاقیکردنەوەیەکی گرنگ و مێژوویی و چارەنووسساز تێدەپەڕێ و دەرگای کەسایەتی بەناموکراوی دەیان ساڵەی شەڕ و خوێن، بەروویدا کراوەتەوە و بە مۆمێکی گەشەوە بەنێو تاریکستاندا هەنگاو دەنێ و هەناسەی باوەڕبەخۆبوون و خۆئامادەکردن بۆ رزگاری دەدا و لە دەوروبەری ئەم مۆمەدا تاریکی، ئەژدیهای حەوت سەری ئەنتی دیمۆکراتیک، کە تاریکستانی بە دەوری مۆمەکەدا رەخساندووە، هەمیشە لە تەقەلای بێوچاندایە بۆ کوژاندنەوە و قوتدانی مۆمەکە.

دیارە لە هەلومەرجێکی نالەباری هەمەلایەنەی نێوخۆیی و لە بە تەمومژکراوی سیاسەتی نێودەوڵەتاندا، گەلێ گیرگرفت و تەگەرەی خەتەرناک رووبەڕووی ئەو ئەزموونە نوێیە و ئەو پرۆسە دیمۆکراتیەی کوردستانی خواروو دەبنەوە، کە لەڕاستیدا ململانێی سەختی نێوان هێزی دیمۆکراتیک و ئەنتی دیموکراتیک دەردەخا و ئەو راستیەش ئاشکرا دەکا کە ئەگەر هەڵوەستەی لەسەر نەکرێ و رێگای چارەسەری جیدی بۆ نەدۆزرێتەوە، ئەوە مەترسی تێکشکانی پرۆسەکە لەئارادایە و خەتاکەش بە پلەی یەکەم بۆ هێزە حوکمڕانەکان دەگەڕێتەوە، ئینجا بۆ ئەنتی دیمۆکراتیک، چونکە هێزی ئەنتی دیمۆکراتیک، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا خۆی لەنێو هێزی حوکمڕاندا دەشارێتەوە، بە مەبەستی زووتر گەیشتن بە دەسەڵات و هەڵگێڕانەوەی وەزعەکە بۆ دۆخی جاران و دواجاریش بۆ لەنێوبردنی هێزی دیمۆکراتیک لە وڵاتدا. دوژمنانی دیموکراتیزم بۆ بنکۆڵکردنی دەسەڵات، لە نوختە و بازنەی لاوازی پرۆسەی دیمۆکراتیەوە دەست پێدەکەن و هەر لەوێ دەبنە خاوەن دەسەڵات و هیچ کۆسپێکیش لەبەردەمیاندا نامێنێ و بەئاشکرا دەردەکەون و بەتوانا و دەسەڵاتێکی زۆرەوە دێنە مەیدان و لەئاکامیشدا خەتەری حەتمی بۆ هێزی دیمۆکراتیکی حوکمڕان و غەیرە حوکمڕان دێنن.

ئەنتی دیمۆکراتیکی کوردستان، شێوە کارکردنی جۆربەجۆری نهێنی و ئاشکرا، لە ڕێڕەوەی تەقەلا و چالاکییەکانیدا پەیڕەو دەکا و هەموو وەسیلەیەک بۆ تێکشکاندنی تەجرەبەی دیمۆکراتی وەگەڕ دەخا و هەوڵی ئەوە دەدا خۆی ڕێک خا و وەک هێزێکی یەکگرتوو ڕووبەڕووی هێزە دیمۆکراتیکەکان ببێتەوە. ئەگەر ئەمەشی پێنەکرێ، ئەوە دەست لە چالاکی تێکدەرانەی خۆی هەڵناگرێ. بە شێوەیەکەی گشتی ئەنتی دیمۆکراتیک خۆی لەم لایەنانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

١- کەسانی سەر بە ڕژێمی عێراق (ڕاستەوخۆ).

٢- کەسانی سەر بە ڕژێمە داگیرکەرەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان.

٣- کەسانی ڕەفتار شێواو بە فیکری بەعس، کە بێ هیچ گۆڕانێکی ڕۆحی و فیکری خۆیان خزاندۆتە یان (خزێنراونەتە) نێو هێزە دیمۆکراتیخوازەکانی کوردستان.

٤- کەسانی دەستڕۆیشتووی دوێنێ، کە ئەمڕۆ ڕەنگە لە جارانیش دەستڕۆیشتووتر بن.

٥- بنەمای نادیمۆکراتیکانەی پێکهاتوویی پەیڕەو و پڕۆگرامی حزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستان.

٦- عەقلیەتی چەکداریی و خەباتی سەختی شاخ لەنێو بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان.

٧- عەقلیەتی تۆڵەسەندنەوە و تاک حزبێتی لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا.

٨- ئۆپۆزیسیۆنی سلبی، کە خۆی لەو ڕێکخراوە چەپڕەو و تۆڕ و شەبەکەی تیرۆرستیدا دەبینێتەوە.

وەنەبێ تەنیا ئەنتی دیمۆکراتیکی ناوخۆ خەریکی بێهێزکردن و بنکۆڵکردنی حکومەتی ساوای کوردستانی خواروو بن، بەڵکو هاوکات لەگەڵ ئەو تەقەلایە، ئەنتی دیمۆکراتیکی نێودەوڵەتانیش ڕۆڵێکی بشێو و خەتەرناک دەگێڕێ و بە وردی لەو ئەزموونەی کوردستان ڕاماوە و لە کوێ لە بەرژەوەندیدا نەبێ، هەوڵی تێگەرەتێخستن و وەستاندنی دەدا، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ کۆمەکی ئەنتی دیموکراتیکی نێوخۆ دەکا.

بێگومان تا ئەمڕۆ سیاسەتێکی عادیلانەی جیهانیی، لەئارادا نەبووە تا بیتوانیایە بە جیدی کێشەی ڕەوای گەلانی چەوساوە یەکلا بکاتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامبوونی ململانێی زلهێزەکان بۆ پاراستن و وەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیان لە هەر نوختەیەکی دونیادا هەروا هەڕەشەی داگیرکەرانی کوردستان و نەخشە و پیلاندانانیان و شەڕپێفرۆشتنیان بە حکومەتی کوردستان خۆی لەخۆیدا دەبنە هۆکاری کۆمەک پێکردن و هاندانی ئەنتی دیمۆکراتیکی نێوخۆ بە نیازی وەگەڕخستنی زێتری

چالاکیەکان.

مەرج نیە ئەنتی دیمۆکراتیک، شتێکی هەستپێکراو و بەرچاو بێ، زۆر جار لە خودی لێکدانەوە و گوفتاری هێزە دیکمۆکراتیکەکان لەدایک دەبێ، یا لە ئاکار و رەوشتی ئەو هێزانە لەبەرامبەر پرۆسەی دیمۆکراتیزەکردن، سەرهەڵئەدا، بۆ نموونە خودی ترسان لەوەی کە هێزەکە رەنگبێ لەو پرۆسەیەدا شکست بێنێ، دەبێتە باشترین زەمینە بۆ خوڵقانی ئەنتی دیمۆکراتیک یا بایەخدان بە بەرژەوەندییەکانی لێپرسراوان لەبەرامبەر بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵانی خەڵک و ململانێی ناڕەوا بۆ بە لایەنگیرپێکردنی جەماوەر و دەستگرتن بەسەر دامودەزگاکانی حکومەت، ئەگەر هیچی لەبار بێ، ئەوە تەنیا لێکترازاندنی کۆمەڵگا و دروست بوون و بەهێزکردنی ئەنتی دیمۆکراتیکە.

پرۆسەی دیمۆکراتیزەکردنی گەلانی رزگاریخواز، پرۆسەیەکی ئاڵۆزی مەترسیدارە، چونکە زۆرجار هێزە دیمۆکراتیکە رزگاریخوازەکان، لە بەرەوپێشبردنی ئەو پرۆسەیە چۆکیان داداوە و یا ئەوەتە دەستەڵاتیان لە دەست داوە، یا خۆیان بوونەتە دەسەڵاتی ئەنتی دیمۆکراتیک و رووبەڕووی هێزە دیمۆکراتیکەکان و دەستکەوتەکانی خەڵکی بوونەتەوە.

دیارە ئەمەش لەمەوە سەرهەڵئەدا، کە هێزە دیمۆکراتیکەکان، لە قۆناغی رزگاریی و دیمۆکراتیزەکردنی وڵاتدا، بە رادەیەک رێگا بە ئەنتی دیمۆکراتیک دەدەن و چاو لە کارەکانیان دەپۆشن، تا وای لێ دێ کە هێزە دیمۆکراتیکەکان بە زنجیری ئەنتی دیمۆکراتیک دەبەسترێتەوە و بەتەواوی خەسڵەتی دیمۆکراتیکی لە دەست دەدەن.

دژایەتیکردنی ئەنتی دیمۆکراتیک، بە هەڕەشە و گورەشە و گوفتاری ئەم و ئەو ناکرێ، چونکە وەکو گوتم بەشێکی زۆری ئەو هێزە لەبەرچاوان دیار نیە و رۆچۆتە جەستەی ئەو پرۆسەیە و ئازاری دەدا. خەڵکی کوردستانی خواروو، لە یەکەم هەنگاوی پرۆسەی دیمۆکراتیکدا بۆ هێزە سیاسییەکانی کوردستان و دونیای سەلماند، کە چەند تامەزرۆی ئازادی و سەرفرازی و ژیانێکی ئاشتیانەیە و دەتوانێ هەزمی ئەو پرۆسە شارستانیە بکا و بۆ پاراستنیشی قوربانی بدا. هێزە دیمۆکراتیکەکانیش بۆ یەکەم جار لە مێژووی گەلی کوردستاندا، بە شێوەیەکەی ئاوا بەرفراوان، لە فەزایەکی هێمنی دیمۆکراتیانە، دوور لە سانسۆری رژێم، بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن و پەرلەمان و حکومەتی کوردستان پێک بێنن. ئاخۆ دوای دوو ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەو هەنگاوە گەورەیە، هێزە حوکمرانەکان و غەیرە دەسەڵاتدارەکان، چ گۆڕانێکیان بەسەردا هاتووە و ئەو گۆڕانانە لە بەرژەوەندی بەردەوامبوونی پرۆسەی دیمۆکراتیزەکردن دایە، یا نە؟

ئەمە پرسیارێکە خودی جەماوەر بە ئەزموونی تایبەتی خۆی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەگاتە ئەنجام و وەڵامی دەداتەوە.

ئەوەی ئەمڕۆکە بەلای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە گرنگە و لە خزمەتی خودی هێزە رزگاریخوازەکان و ئامانجەکانی گەلی کوردستانە. پاراستن و بەرەوپێشەوەبردنی پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کوردستانە، ئەمەش تەنیا بە بەهێزکردن و فراوانکردنی توانای لایەنە دیمۆکراتیکەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستان و بەشداریپێکردنی ئەو لایەنانە بۆ بەڕێوەبردنی دەسەلات و بەردەوامبوون لەسەر پرۆسەی دیموکراتیزەکردن دەکرێ. بەر لە هەموو شتێکیش دەبێ هێزە کوردستانییەکان باوەڕی نەگۆڕیان بە ژیانی چەند حزبیتی ئازادی هەمەلایەنەی سیاسی هەبێ و بۆ هەتاهەتایی عەقلیەتی تاک حزبیتی و بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی لە گۆڕ بنرێ. خەڵکی کوردستان لەوە ناترسن، کە ناوەناوە حزب و گرووپی نوێ پەیدا دەبن و رەنگە لە هەندێ بوار و شوێندا رۆڵی چاک و بەرچاویشیان لە پەرەپێدان و پاراستنی حکومەتی کوردستان دا هەبێ، بۆیە بەهیچ شێوەیەک نابێ ئەو هێزە نوێیانە بە (زیادە) سەیر بکرێن و لەو هەلومەرجە ناسکەدا پیلانیان بۆ سازبدرێ و بە بروبیانۆی (یەکخستنی تواناکان) ناچار بکرێن لەنێو ئەم یا ئەو هێزدا بتوێنەوە، ئەو جۆرە هەوڵانە سەرچاوە لە عەقلەیەتی ئەنتی دیمۆکراتیک هەڵدەگرێ و مەترسییەکی گەورەی بەدواوەیە.

پەیدابوونی چەندان حزب و گرووپ لەنێو کۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردستاندا کە ئامانجیان رزگاری گەل و خاکی کوردستان بێ، دیاردەیەکی شارستانی و کاردانەوەی پرۆسەی دیمۆکراتیکە، دەبێ رێگای پەرەگرتن و گەورەبوونیان لێ نەگیرێ، چونکە هەر تەقەلایەکی تر بەپێچەوانەی ئەمە، مانای هەڵگێڕانەوەی هەلومەرجەکەیە و سەرکەوتنی ئەنتی دیمۆکراتیکە بەسەر دەسەلاتی سیاسیدا.

بوونی چەندان بەرنامەی هەمەجۆر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و خەباتی هێزەکان نیشانەی تێکشکانی بەستەڵۆکی فیکری و باوەڕبەخۆبوون و نزیکبوونەوەیە لە رزگاریی و بەر لە هەموو شتێکیش چەکەرەبوونی عەقلیەتی دیمۆکراتیکە و دەبێ بە هەر قوربانییەک بێ پەرەی پێ بدرێ و لق و پۆپی بەنێو خەڵکیدا بڵاوبکرێتەوە تاکو لەژێر درەختی پان و بەرینی دیمۆکراتیزم دا هەست بەتامی ئازادی و بەرهەمی دیمۆکراتیزم و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی بکرێ. هەر لەم رێگەیەشەوە ئەنتی دیمۆکراتیک رووە و مەرگ دەچێ و دیمۆکراتیزم مانا رۆحی و ماددییەکەی دەردەکەوێ.

راستە خەڵکی کوردستان لە دەست بڕیار و یاسایە دیکتاتۆر و شۆڤینیستەکانی ڕژێم ڕزگاریان بوو، بەڵام خۆ دەبێ لە هەلومەرجی ئازادیدا سەمتی ئازادییەکە دەستنیشان بکرێ. واتە یاسا و بڕیاری دیمۆکراتیانە بۆ بەرەوپێشبردنی ئازادییەکە دابڕێژرێ. ڕەنگبێ ڕاپەڕاندنی ئەو مەسەلەیە، گیروگرفتی گەورەی هەبێ، چونکە خۆداپچڕین لە قەیدوبەندی ڕژێم ئاوا بەئاسانی ئەنجام نادرێ. خودی ئەو قەیدوبەندانە، کۆمەڵێ هۆکاری ئەنتی دیمۆکراتیکن و لە فیکر و هۆش یا لە مەیدانی کارکردندا تێکەڵ بە تابوری پێنجەم دەبن و تەقەلای ئەوە دەدەن ئەزموونی دیمۆکراتیک لە کوردستاندا تێک بشکێنن.

سەرهەڵدانی ئەنتی دیمۆکراتیک لەنێو خەڵک و حزبە کوردستانییەکاندا، وەک هێزێکی دیار و نادیار دەبێتە هۆکارێکی سلبی و خەتەرناک بۆ شێواندن و چەواشەکردنی ستراتیژیەتی پرۆسەی دیمۆکراتیزەکردنی کوردستان بۆ کۆمەڵانی خەڵکی. بۆ نموونە وەرگرتنی هەر بڕیارێک لە پەرلەمانی کوردستان بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایش و باشکردنی گوزەرانی خەڵک، پێویستی بە کارێکی ئیعلامی و بزووتنەوەیەکی هۆشیارکردنەوەی فراوان هەیە، دەنا ئەنتی دیمۆکراتیک زۆر بەئاسانی کارتێکردنی ئەو بڕیارە لە واقیعدا دەسڕێتەوە و پەرلەمان و حکومەتی کوردستان وەک شتێکی زیادە و بەڵکو وەک سەبەبکاری نالەباربوون و هەموو ئەو تەنگوچەڵەمانە دەردەخا کە داگیرکەران بەسەر کوردستاندا سەپاندوویانە.

ئەنتی دیمۆکراتیک لە غەفڵەتی چاوکزیی هێزە ڕزگاریخوازەکاندا، خۆی دەخزێنێتە دەزگا حەساسەکانی حکومەتی کوردستان و بە شێوەیەکی سەرسام لەسەر حسێبی زەحمەتکێش و هەژارانی کوردستان گیرفانی گەرم دەکا و جێگەی خەباتگێڕانی دوێنێ داگیردەکا.

پرۆسەی دیمۆکراتیزەکردنی کوردستان ئایندەیەکی ڕوونی نابێ، ئەگەر دەوڵەتی یاسا و بنەمای عەدالەتی کۆمەڵایەتی دانەڕێژرێ.

ئەگەر یاسا بەسەر وڵاتدا زاڵ بێ، سیاسەتی (نەوروژاندن)ی ئەم و ئەوی هێزە حوکمڕانەکان کە بۆ بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی خۆیان لەگەڵ کەسانی دەستڕۆیشتووی دوێنێ، بەکاری دێنن، بەرەبەرە نامێنێ و هەر کارێکی تێکدەرانەی ئەنتی دیمۆکراتیکیش بە زەبری یاسا وەڵام دەدرێتەوە. ئەنتی دیمۆکراتیک باش دەزانێ کە مردنی خۆی لە بەیاساکردنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا دەبینێتەوە. هەربۆیە بەردەوام ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە هەموو بوارەکانی ژیان ئاژاوە دەنێتەوە و تاوانەکەش دەخاتە

سەر حکومەتی کوردستان و نەبوونی ئەمن و ئاسایش و یاسا.

لە هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستاندا، پێویست بەوە دەکا هەڵوێستەیەکی جیدی بکرێ و بە چاوێکی تیژ و پڕ لە جورئەت ڕووبەڕووی ئەنتی دیمۆکراتیک ببینەوە و هەر بە پرۆسەی دیمۆکراتیزەکردنی کوردستان پیلانەکانی دەوڵەتی داگیرکەری عێراق و تابووری پێنجەم و ئەنتی دیمۆکراتیک وەک بەشێک لەو تابوورە؟ تێکدەشکێنرێن و دەسکەوتە مەزنەکانی خەڵکی کوردستان دەپارێزین، ئەگەرنا ئەوە ئەنتی دیمۆکراتیک بەڕێوەیە و هەنگاوی خێرا هەڵدەهێنێ!!.

# درووشمی ستراتیژی و تاکتیکی گونجاو بۆ کاتی گونجاو

فوئاد قەرەداخی

دیاریکردنی ئامانجەکانی شۆڕش لە هەر قۆناغێکی مێژوویيدا، راستییەکی سەرەتاییە و بە ئەلف و بێی خەباتی سیاسی دەژمێردرێت. ئامانجەکان، بەپێی هەلومەرجی سیاسی و ئابووری، لە چوارچێوەی ستراتیژی قۆناغەکەدا، بەرجەستە دەبن.

هێڵی راست و دروستی هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی و رێبازی کردەوەیی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی، بە رادەی سەرکەوتن لە چۆنیەتی داڕشتنی ستراتیژ و تاکتیکی قۆناغەکە و بە ئاستی کارامەیی ئامراز و دەسگای سەرکردایەتی سیاسی بزووتنەوەکەوە، بەندن.

ستراتیژ رووکاری سەرەکی خەباتی شۆڕشگێڕانە دەستنیشان دەکات. لە پرۆسەی بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا، دەبێت تاکتیکی گونجاو، بۆ برینی سەرکەوتوانەی قۆناغەکە، بهێنێتە کایەوە. یەکێتیی ستراتیژ و تاکتیک و گونجاندنیان پێکەوە لە هێڵێکی سیاسی مێژووسازدا سەرکەوتنی شۆڕش دەستەبەر دەکەن.

ستراتیژ و تاکتیکی شۆڕشی رزگاری نەتەوایەتی لەم راستییانە بەدەر نین. سەرکەوتن و جێبەجێ بوونی ئامانجە نەتەوایەتییەکان، ستراتیژی قۆناغ و تاکتیکی خەباتی پلە بە پلەی وەدیهێنانی ئەو ستراتیژە و سەرکردایەتییەکی شۆڕشگێڕ و کارامە و شیاوی ئەو ستراتیژ و تاکتیکانەی دەوێت.

ئەم دوو لایەنە (ستراتیژ و تاکتیک)، هەر یەکەیان درووشمی گونجاوی خۆیان گەرەکە و پێکیشەوە درووشمی بەیەکەوە گرێدراویان دەوێت، کە زنجیرە ئەڵقەیەکی تێهەڵکێش پێکبهێنن. لە ئاستی ستراتیژدا درووشمی سەرەکی قۆناغ پێویستە و لایەنەکانی تاکتیکی شۆڕشگێڕانەیش درووشمی گونجاوی خۆیان دەوێت.

درووشمی ستراتیژی، سەرجەمی بزووتنەوەی سیاسی و خەباتی جەماوەری ساز دەدات و رێنمایی درووشمە تاکتیکییەکان دەکات. درووشمە تاکتیکییەکانیش دەچنە خزمەتی وەدیهێنانی درووشمە ستراتیژیکە و لەبەر تیشکی ئامانجە ستراتیژییەکاندا دەخرێنە کارەوە.

دیاریکردنی دروشم بایەخێکی گرنگی هەیە. دروشمی لەبار و گونجاو و راست، ژیان بە بزووتنەوەی سیاسی چینەکان دەبەخشێت. سەرکەوتنی چینەکان و حزب و رێکخراوە سیاسییەکان لە خەباتی سیاسی و رێکخراوەییاندا، بەندە بە رادەی گونجاندن و لەباربوونی ئەو دروشمانەی بۆ بارودۆخی بابەتی و واقیعی ئەو کات و سەردەمە مێژووییە هەڵیانگرتووە.

دروشمی راست لە ئەنجامی شیکردنەوەیەکی بابەتی و واقیعیانەی ناکۆکییەکانەوە دیاری دەکرێت؛ لە واقیعی خەباتی شۆڕشگێڕانە و شارەزایی تەواوی ناکۆکییەکانی جیهان و باری سیاسی ناوچەیی و ناوخۆییەوە هەڵدەهێنجرێ. واتە بینینی بار و دۆخی سیاسی بە شێوەیەکی بابەتی و واقیعی بریاری دروشم دەدات و وەک ئاڵای خەباتی جەماوەری بەرجەستەی دەکات.

دەشێت لەم تێڕوانینەی بارودۆخی سیاسیدا، دوو شێوە روانینی هەڵەی خودیانە سەر هەڵبدەن. هەردوو تێڕوانینە خودییەکە رێ لە دارشتنێکی واقیعی دروشمەکان دەگرن و زیان بە ئامانجە ستراتیژییەکە دەگەیەنن. زاڵبوون بەسەر ئەم تێڕوانینە خودییانەدا، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە هەڵەی ستراتیژی و تاکتیکی دوور دەخاتەوە و دروشمی گونجاو و پڕ بە پڕی بارودۆخە سیاسییەکە هەڵدەکات.

تێڕوانینی خودیانە لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە:

أ- دروشمێک بەرز بکرێتەوە لە ئاستی ئەو کاتەی شۆڕشەوە دوور بێت. دروشمی ناوەخت بێت و هێشتا بزووتنەوەکە ماوەیەکی زۆری بۆ وەدیهێنانی ئەم دروشمە لەبەردەمدا بێت. ئەم دروشمە ئەرک و بەرنامەی دوارۆژ جێی ئەرک و بەرنامەی ئێمرۆ دەخات و دەبێتە مایەی لەدەستدانی ئەو ئامانجانەی لەتواناد هەیە بەدەست بهێنرێن.

ب- دروشمێک هەڵبکرێت کە نزمتر بێت لە ئاستی شۆڕش، واتە دیسان دروشمێکی ناوەخت بێت و ئاستی هوشیاری و واقیعی سیاسی جیهان و ناوخۆ، سەردەمی شیاوی ئەو دروشمەی بەجێ هێشتبێت. ئەم دروشمە پابەندی رابردوو دەبێت و خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر لە سنوور و کاتی رابردوودا دەهێڵێتەوە و توانای ئێمرۆ بەگەڕ ناخات و زاتی دەستپێشکەریی شۆڕشگێڕانە دەکاتە قوربانی لێکدانەوەیەکی گرێدراو بە بار و دۆخێکی بەسەرچووەوە.

لەبەرئەوە، دروشمی راست، نە دەبێتە خەیاڵ و ئارەزووی تایبەتی و نە خشاندنێکی خودی بۆ داهاتوو، وە نە دەبێتە کۆت و زنجیرێکی پۆڵایین و بزووتنەوەی ئێمرۆ بە

رابردووەوە شەتەک بدات. دروشمی راستەقینە، دوور لە روانگەی خودی، نە دەبێتە مەزاتکردنێکی سیاسی و نە بەهای سیاسی خەباتی ئیمڕۆ بە قەواڵەی سەپێندراوی دوێنێ کەمدەکاتەوە.

هەر لەم باری سەرنجەوە، ئەم قۆناغەی بزووتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی کورد، پێویستی بە ستراتیژێکی روون و ئاشکرا هەیە. ئەم ستراتیژە دروشمی گونجاوی خۆی گەرەکە، هەروەها تاکتیکی خەباتی جۆراوجۆری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و سەربازی و...هتد، دەوێت؛ بۆ هەر بوارێکیش لەو بوارانەی خەباتی تاکتیکی دەبێت چەند دروشمی گونجاو بەپێی گرنگێتیان دابرێژرێن و ریزبکرێن.

ئەم قۆناغەی ئیمڕۆ بزووتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی گەلی کوردی پێدا تێدەپەڕێ، قۆناغی بەدەستهێنانی مافە دیموکراسییەکانێتی. لەم قۆناغەدا، کێشەی سەرەکی گەلی کورد، نەبوونی ئازادی نەتەوایەتییە، پێشێلکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆیەتی بە دەستی خۆی، زەوتکردنی مافی مرۆییانە و ئیرادەیەتی لە ژیاندا.

هەموو ئەو تێزە باوانەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ژیانی شارستانێتی...هتد، بۆ گەلی کورد لەیەک گرێدا کۆدەبنەوە، ئەویش نەبوونی قەوارەی سیاسییە. چونکە بەبێ بوونی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ، هەر دەبێت گەلی کورد دەستی سواڵ بۆ دیموکراسی دەسەلاتی ناوەند پان بکاتەوە و چاوەڕێی بەزەیی دوژمنەکانی بێت، تا مافی مرۆڤی پێ رەواببین و خەونی خۆشی شارستانێتی لەژێر ئالای ئەو داگیرکەرانەدا ببینێت کە بە شێوەیەکی بەرنامەیی نیشتمانەکەی کاول دەکەن. بۆیە دیموکراسی و مافی مرۆڤ و شارستانێتی -بە مەفهوومە بورژوازییە باوەکەی ئیمڕۆی جیهانی کۆنترۆلکراوی سەرمایەداری- بە ئازادی و قەوارەی سەربەخۆی نەتەوایەتییەوە بەندن.

لێرەدا چۆنیەتی ئەو قەوارە سیاسییە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە و هەر لە وەلامدانەوەشیدا دروشمەکان دیاری دەکرێن.

وەک وتمان بزووتنەوەی ئازادی نەتەوایەتی گەلی کورد بە قۆناغێکی نوێدا تێدەپەڕێت. دەتوانین تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە نوێیە و ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لە سەری هەیە لەم خالانەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە:

١- گۆڕانکاریی لە باری ئێستای جیهاندا پاش هەرەسهێنانی دەولەتی سۆشیال بۆرژوازی شورەوی و سیستەمی سەرمایەداریی دەولەت لە رۆژهەلاتی ئەوروپا و جیهاندا. ئەم هەرەسە جەنگی ساردی کۆتایی پێهێنا و جیهانی سەرمایەداریی بازاڕی ئازاد، واتە

وڵاتە سەرمایەدارییەکانی ئەمریکا و ئەوروپای لە سیاسەتی نێو دەوڵەتیدا باڵادەست کرد. جیهان بە شێوەیەکی کاتی و بۆ ماوەیەکی دیکە بۆ ئەم دەوڵەتە ئیمپریالیستانە تەخت بووە و ئیدی ئەم دەوڵەتانە سەرچاوە و ناوەندی بڕیاری سیاسی نێودەوڵەتی پێکدەهێنن.

٢- هاوکات لەگەڵ باڵادەستی جیهانی سەرمایەداری رۆژئاوا، چەمکەکانی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و شارستانێتی، وەک چەکی سیاسی و راگەیاندنی ئەو گۆڕانکارییە جیهانییە هاتونەتە ناو ناوانەوە و بۆرژوازی ناوخۆی وڵاتانی ژێردەستی دنیاش لەبەردەم ئەم مۆدێلی چەمکە سیاسییە باوانەی ئێستادا کڕنووشیان بردووە و بە چۆکدا هاتوون.

٣- سەرهەڵدانی سەردەمێکی نوێ بۆ وەدەستهێنانی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ ئەو گەلانەی لە ئازادی نەتەوایەتی بێبەشن، بە شێوەیەک بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەکان و کێشەی نەتەوایەتی بۆتە رووکارێکی سەرەکی لە ناکۆکییەکانی جیهانی ئیمڕۆدا. ئەم رووکارە سەرەکییەی ئازادیخوازی بە ڕادەیەکە، مۆنۆپۆلە جیهانییەکانی ناچارکردووە بەڕواڵەت لایەنگیری بکەن و لە بنەوەش ئاگری بەیەکادان و کوشتوبڕی ناسیۆنالیستی نێوان گەلانی جیهان خۆش بکەن. چونکە فرەبوونی قەوارەی سیاسی نەتەوایەتی، لەگەڵ خواست و بەرژەوەندییان لە بازاڕێکی یەکگرتووی سەرانسەری جیهانیدا، پێچەوانەیە. مۆنۆپۆلەکان لەم لایەنگرییە کاتییەدا هیچ زیانێک ناکەن سەبارەت بەوەی پێکهاتنی فرەناسنامەی کۆمپانییەکانیان و سەرمایەداری مەزنی پوول یەک بازاڕیان لە ئاستێکی دیکەدا بۆ دابین دەکەن، گەرچی بازارە نیشتمانییەکانیش لە فرە قەوارەی سیاسیدا بن.

٤- باری سیاسی عێراق پاش تێکشکانەکەی جەنگی کەنداو و بەرژەوەندییە بەیەکاچووەکانی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکان لە ئاستی ناوچەکەدا و نەخشە و پلانی دەوڵەتانی دراوسێی عێراق بۆ قەوارەی سیاسی دوارۆژ و ئەو ئەڵتەرناتیڤەی لەجێی دەسەڵاتدارێتی بەعس لە عێراقدا پەسەندی دەکەن.

٥- ملکەچبوونی دەوڵەتانی عەرەب و رێکخراوی رزگاری فەلەستین بۆ هاوژیانی ئاشتییانە لەگەڵ جوولەکەدا و نەمانی مەترسی لەسەر دەوڵەتی ئیسرائیل و تانوپۆ پێدانەوەی باری سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەپێی نەخشەی ئیمپریالیستەکان لە جێبەجێکردنی ستراتیژی ناوچەیی نەزمی نوێی جیهانی و هەوڵدان بۆ خاوکردنەوەی ناکۆکییەکان و پاراستنی هێمنی و لەنگەرگرتنی هاوسەنگی و توانایی هێز لە ناوچەکەدا.

(٢)

٦- سەرهەڵدانەوەی کێشەی کورد وەکو کێشەیەکی سەرەکی لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. ئەم کێشەیە هێمنی و ئاسایشی باری سیاسی چەند دەوڵەتێکی ناوچەکەی پێوە بەستراوەتەوە. ئەم بایەخەی کێشەی کورد دوای ڕاپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١ و رەوە ملیۆنییەکەی نیسانی هەمان ساڵ پتر بوو. وەک بەزەیی پێداهاتنەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاواوە لایەنگیرییەکی ڕۆژنامەگەریی لە سەرەتادا و پاشان سیاسەتی بەزەیی پێداهاتنەوەی مرۆڤانەی جەماوەری بۆ مافی ژیانی مرۆڤانەی خەڵکی کورد سەریان هەڵدا و بەناوی یارمەتی مرۆڤ دۆستانەوە دەیان ڕێکخراوی جیهانی پێیان بۆ نێو کوردستان هێناوە و بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ شێوە پێدانی ئەو سیاسەتە وەرگیراوە.

٧- ڕاماڵینی دەسەلاتی عەسکەری ڕژێم و دەربەڕاندنی لە کوردستان، کشانەوەی ئیداری دەوڵەتی ناوەندی و کۆنترۆڵکردنی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لەلایەن جەماوەری خەڵکی ستەمدیدەی کوردەوە و دەست بەسەراگرتنی چەکدارانەی بەرەی کوردستانی بەسەر دەسەلاتی سیاسیدا. ئەم ڕاماڵین و کشانەوە و ڕووداوانە واقیعێکیان بەرجەستە کرد. ڕژێمی بەغدا ئەم واقیعەی لە ماوەی چارەکە سەدەیەکی دەسەلاتدارێتی خۆیدا -بێ ئەوەی خۆی هەستی پێبکات- داسەپاند، ئەویش لێکدابڕانێکی نیمچە تەواوی باری سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری کوردستان بوو لە واقیعی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری سیستەمی دەسەلاتدارێتی ناوەندی، بەهۆی بەرنامەی بۆرژوا ناسیۆنالیستی شۆڤێنی عەرەبەوە، کە حزبی بەعس پەیڕەوەی دەکرد.

ئەم بارودۆخە تایبەتییەی جیهان و عێراق، هەروەها کوردستانی بە عێراق لکێنراو، کە بەرە بەرە لە پرۆسێسی چەند دەهەیەکدا دروست بووە، بارودۆخێکی تایبەتی و ئیستیسنائییە و داواکاری دەوڵەتێکی نوێ بۆ گەلی ژێردەستەی نێو ئەم قەوارە سیاسییە دەکاتە داواکارییەکی ڕەوا. ئەم دەوڵەتە لە بەرژەوەندی هەردوو گەلی سەردەست و ژێردەستی عێراق دەبێت چ لە پەیوەندییەکی کۆنفیدراڵی یان فیدراڵیدا بێت لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا؛ سەبارەت بەوەی دەوڵەتی ناوەندی و سیستەمی یەکپارچەیی دەسەلاتی دەوڵەتی لە عێراقدا، بۆتە ڕێگری گەشەکردن و ماکی تەنگوچەڵەمی سیاسی قووڵ و کەم ڕەنگدانەوەی داواکارییە کۆمەلایەتییەکان لە خەباتی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشانی عێراقدا و دواکەوتنی لەڕادەبەدەری ئابووری عێراق لەچاو ئەو گەشەکردنە

جیهانییەی لە بوارە جیاجیاكانی زانست و تەكنۆلۆجیا و ئابووریدا ڕوو دەدەن.

كوردستانی باشوور (كوردستانی بە عێراق لكێنراو) بەهۆی ستەمی نەتەوایەتی و بارودۆخی شۆڕشگێڕانەی ئەم چەند دەهەیەی دوایی سەدەكە و بەرزی ئاستی هۆشیاری جەماوەرەكەی، بۆتە بەشێكی شۆڕشگێڕی زیندوو لە عێراقدا. لەبەرئەوە دامەزراندنی دیموكراسی لە كوردستاندا هۆكاری سەركەوتنی دیموكراسی عێراقیش دەبێت. ئەگەر فاشیزم هەر لە دەسەڵاتداریتیدا بەردەوام بێت، ئەوا ئەو دیموكراسییەی كوردستان دەبێتە پێش مەرجی دیموكراسی لە عێراقی داهاتوودا. بۆیە، بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو ڕاستییانەی ئاماژەمان بۆ كرد، ستراتیژی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوایەتی لە كوردستانی باشووردا دەبێتە ستراتیژی گونجاو بۆ وەدیهێنانی ئامانج و مافە نەتەوایەتییە ڕەواكانی.

ئەم ستراتیژە پێچەوانەی ستراتیژی نەتەوایەتی یەكگرتنی بەشەكانی كوردستان لە قەوارەیەكی نەتەوایەتیدا نییە. ئەو ستراتیژە نەتەوایەتییەش مافی بێ ئەملاوئەولای نەتەوەی كوردە. بەڵام ئەم ستراتیژە خۆجێیی (محلی)یە لە هەر بەشێكی كوردستاندا واقیعیانەیە و بواری جووڵانەوە و خەباتی بزووتنەوەی ئازادیخوازانی گەلی كورد لەبارتر و ئاسانتر دەكات.

ئێمڕۆ لە كوردستانی باشووردا، كە هەلومەرجێكی تایبەتی لەكایەدایە، دەتوانرێت ئەم ستراتیژە بكرێتە ئەڵقەی ناوەندی ستراتیژی قۆناغەكە و بزووتنەوەی سیاسی لە كوردستاندا، بە جیاوازی حزب و ڕێكخراوە سیاسییە جیاجیاكانیەوە، هەڵوێستی ئیجابی لێ وەربگرن و لەپێناوی وەدەستهێنانیدا خەبات بكەن. ئەم ستراتیژە دروشمێكی ستراتیژی دەسەپێنێ ئەویش دروشمی مافی بڕیاردانی چارەنووسە. ئەم دروشمە ستراتیژی نەتەوەیی و خۆجێیی دەگرێتەوە. ستراتیژی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوایەتی لە كوردستانی باشووردا و دروشمی ستراتیژی مافی بڕیاردانی چارەنووس دەتوانرێت لە تاكتیكی فیدرالیدا بەرجەستە بكرێت. واتە پێكهێنانی دەوڵەتێكی فیدرالی لە عێراقدا كە لە یەكگرتنی دوو كۆماری سەربەخۆ پێكبێت. (٣) بۆ وەدیهێنانی سەرجەمی ستراتیژی قۆناغ و دروشمی ستراتیژی و تاكتیكی قۆناغ، دروشمێكی تاكتیكی سەرەكی پێویستە و دەبێت دروشمی گونجاوی ئەم سەردەمەی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی گەلی كورد، لە كوردستانی باشووردا، بێت. ئەو دروشمە بریتییە لە ڕیفراندۆمێكی گشتی لەژێر سایەی كۆمەڵی نەتەوە یەكگرتووەكاندا بۆ دەنگدانی گەلی كورد لەسەر چارەنووسی خۆی. پێداگرتن لەسەر ئەم دروشمە و كاركردن بۆ پیادەكردنی، دەبێت ئەركی یەكەم و سەرەكی

حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور بێت. ڕاکێشانی لایەنگیرییەکی جیهانی بۆ خواستی بەرێوەچوونی پرنسیپی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا بەشێوەی گەرانەوە بۆ ڕای گەلی کورد لەسەر چارەنووسی خۆی ڕۆڵێکی گرنگ لە دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورددا وازی دەکات. ئەم ستراتیژ و تاکتیکە، لەڕێی ئەم دروشمەوە، پروپاگاندە و بەرەنگاریی شۆڤێنیانەیان پووچەڵ دەبنەوە و بواری نەیارەکانی گەلی کورد لە شێواندن و هەوڵی وەدینەهاتنیان نادات. لە ڕووی تاکتیکی سیاسییەوە دەبێت ئەم داوایە بە خەباتی سەرجەمی گەلانی عێراقەوە دژی دیکتاتۆری و لەپێناوی دیموکراسی و ڕووخاندنی ڕژێم و قەوارەیەکی نوێی هاوچەرخانە بۆ پەیوەندی دیموکراسی نێوان نەتەوەکانی عێراق، ببەسترێتەوە.

ئەم دروشمە بابەتییە و گونجاوە لەگەڵ کات و سەردەمێکی گونجاودا، کە بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازانی گەلی کورد ڕەخساون.

ئەم دروشمە هەردوو ڕوانینە خودییەکە بەلاوە دەنێت. هەر دوو دروشمی پێشوەخت و دواوەخت دەنێتەوە چوارچێوە مێژووییەکەی خۆیان.

دروشمە ناوەختەکانیش بریتین لە:

ا- پێداگرتن لەسەر سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستان لە یەک دەوڵەتی نەتەوایەتیدا.

ب- دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی یان ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان.

دروشمی یەکەمیان لە دیدگایەکی ناسیۆنالیستی بەرچاوتەنگ و هەناسەسوارەوە سەرچاوە دەگرێ و خۆشخەیاڵی و شیکردنەوەی یۆتۆپیانەی سیاسییان پێوە دیارە. ئەم دروشمە خەباتی سیاسی و تاکتیکی کارکردنی بزووتنەوەی سیاسی کورد ئاڵۆز دەکات و ئەوەی دەکرێت بە دەست بهێنرێت، لە دەستی دەدات، بارێکی دژوار پێکدەهێنێت و دوژمنانی گەلی کورد لە چینە بۆرژوا ناسیۆنالیستەکانی عەرەب و تورک و فارس هارتر دەکات و یەکیان دەخات. ئەم دروشمە گەشەکردنی ناهاوتای ئاستی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە پارچە جیاجیاکانی کوردستاندا نابینێت و دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین و ڕەوەکە لەبار دەبات. هەرچەندە دروشمەکە وەک خۆی ئامانجی دێرینی گەلی کوردە و مافی تەواوی نەتەوەیە و بە ستراتیژی دوارۆژی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی دەمێنێتەوە.

دروشمی دووەمیان، کە مافی ئۆتۆنۆمی یان ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەیە، بەسەرچوونی

سەردەمەکەی لەوەدا نییە دوای راپەڕین هەلومەرجێکی دیکە و ئاسۆیەکی رووناکتر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد هاتۆتە پێشەوە، بەڵکو لە بیست ساڵ لەمەوبەرەوە ئەم دروشمە بەسەرچووە؛ ئەگەر هەڵگرتنی ئەم دروشمە لە بنەڕەتدا، بە تاوانێکی بیری چەوتی بۆرژوا ناسیونالیستی لەڕ و لاواز و ڕیڤیژنیزم لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاری نەتەوایەتیدا، دانەنێین!

ئەم دروشمە لەدوای یاسای ئۆتۆنۆمی بەعسەوە تووشی بنبەست بووە؛ سەبارەت بەوەی بۆرژوازی شۆڤێنیزمی عەرەب لە یاسای ئۆتۆنۆمی ساڵی ١٩٧٤ و بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بەولاوە، بەرنامەیەکی کراوەتری نییە و لەوە زیاتر بۆ گەلی کورد ناسەلمێنێت، دیارە بەو شێوە شێواو و رووکەشە و بەو شێوازە شۆڤێنی و فاشستییەی کە ئەم ئۆتۆنۆمییەی پێ جێ بەجێ کرد.

بۆرژوا شۆڤێنزمی عەرەب لە عێراقدا هەر ئەوەندەی لێ هەڵدەوەرێت و سروشتە چینایەتییەکەشی هەر ئەوەندەی لێ دەرسکێ. حزب و رێکخراوە بۆرژواییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیش، باڵی نەتەوەیی و مەزهەبی بەسەریاندا زاڵە و ناتوانن هەنگاوێکی ئەوتۆ لە «چارەسەرکردنەکەی» رژێم بەولاوە برۆن و بەپێی سروشتی چینایەتییان توانای چارەسەرکردنی کێشەکەیان نییە و لەدوا ئاکامدا کێشەکە توندتر دەبێتەوە و لە سایەی ئەوانیشدا گێمێکی دیکە لە شەڕ و بەیەکادان و چەوساندنەوە و کوشتار و وێرانکاریی دێتەوە گۆڕێ و کوردستان لەژێر چەتری دەسەڵاتی توێژێکی دیکەی بۆرژوا ناسیونالیزمی عەرەبدا دەمێنێتەوە.

دیارە وەدیهێنانی دروشمی خەباتی قۆناغێکی مێژوویی بۆ گەلێکی چەوساوەی وەک کورد، هەروا بەئاسانی بەدەستەوە نایەت. هیچ دەوڵەتێکی گەورە یان کۆمەڵە دەوڵەتێک یان جەمسەر و فراکسیۆنێکی دەوڵەتی، لەخۆڕا، بێ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، بێ ئەوەی مەترسی لە هێز و توانا و شۆڕشگێڕیتی گەلی کورد خۆی بکەن، سەر بۆ داواکارییە نەتەوایەتییەکان ناسەلمێنن. بۆیە لەنێو بارودۆخێکی جیهانیی ئاڵۆزدا دەبێت بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد پلان و نەخشەی تایبەتی خۆی هەبێت تا سەلماندنی مافەکانی بەسەر جیهاندا بسەپێنێ؛ شێوازی جۆراوجۆری خەباتی دەوێت، تا دۆستانی جیهانی بە دەنگ بێن و لایەنگیریی تەواو و کردەوەیی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کورد بکەن. کێشەی کورد پشتێن بەستنی دەوێت و زەردەڵوو، بێ رەنجدان و ماندووبوون و خەباتی نەپساوەی هاوچەرخانە، نایەتە گەروو!

هەر لەم روانگەیەوە دەبێت بە وردی مامەڵە لەگەڵ ناکۆکی نێوان جەمسەرە ئابووری و ناکۆکییە سەرەکییەکانی جیهانی سەرمایەداری و دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی نوێنەری بکرێت، چونکە دەشێت لە هەندێک هەلی مێژووی لەباردا، لە چوارچێوەی باروودۆخێکی جیهانی ژێر سایەی سەرمایەداریدا، مافە نەتەوایەتییەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان، تا سنووری دیاریکراوی سیستەمی باڵادەستی سەرمایەداری، وەدیبهێنرێت، بەتایبەتی ئەگەر گۆڕانکاریی لە هێزی سیاسی و ستراتیژی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکاندا پێویستی بەوە بوو دەوڵەتی نوێ لە ناوچەیەک یان چەند ناوچەیەکی جیهاندا پێک بهێنرێت، هەرچەندە ئەمە دژی یاسا و سرووشت و ناوەڕۆکی ئابووریی سەرمایەدارییە.

وەدیهێنانی ستراتیژی گونجاوی ئەم قۆناغە پێویستی بە خەباتێکی سیاسی فراوان هەیە، پێویستی بە تاکتیکی سیاسی هەمەلایەنە هەیە، پێویستی بە دروشمی تاکتیکی گونجاو لەگەڵ دروشمی ئامانجە ستراتیژییەکە هەیە. ئەم دروشمە ستراتیژییە بریتییە لە دیاریکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس و کارپێکردنی لەلایەن گەلی کورد خۆیەوە. دروشمی تاکتیکیش ریفراندۆمێکی گشتی راستەوخۆ و نهێنییە بە سەرپەرشتی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەم دروشمە تاکتیکییە هەر ئێستا دەتوانرێت بکرێتە دروشمی هەموو حزب و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور. دەتوانرێت ئەم دروشمە بکرێتە تەوەری خەباتی جەماوەری ستەمدیدەی کورد و نوێنەرە سیاسییەکانی، لە بواری چالاکی سیاسی و دیپلۆماسی، لە نێوخۆ و لە ئاستی جیهانیشدا بەگشتی.

ئەم تاکتیکە سیاسییە بۆ سەلماندنی مافی بڕیاردانی چارەنووس و کارپێکردنی لەڕێی ریفراندۆمێکی گشتییەوە، دان پیانانی سەربەخۆیی سیاسی و ئازادی جیابوونەوەی سیاسی دەسەلمێنێت و لە هەناوی خۆیدا دایدەنێ، سەبارەت بەوەی ئەم مافە داواکارییەکی دیموکراسی سیاسییە و پەنا دەباتە بەر شێوەیەکی تەواو دیموکراسی و کەس ناتوانێ نکۆڵی لێ بکات، ئەو شێوەیەش ریفراندۆمە. وەدیهێنانی ئەم داواکارییە سیاسییە وەک هەر داواکارییەکی سیاسی دیکە توانای جێ بەجێ بوونی هەیە ئەگەر خەباتی ئەپساوە و هەوڵی هەمەلایەنە و تاکتیکی گونجاوی سیاسی و عەسکەری و دیپلۆماسی و ئابووری...هتد بۆ بدرێت، چ لە کوردستاندا و چ لە دەرەوەی کوردستاندا.

ئەم تاکتیکە سیاسییە خەباتی جەماوەری گەلی کوردی پێویستە بۆ ئەوەی لە قاڵبی دروشمێکی هەڵخەڵەتێنەرانەی بۆرژوازیدا نەخرێتە روو، ئاراستەی رای گشتی خەڵکی کورد بەرەو ئامانجە سیاسی و ئابوورییەکانی بۆرژوازی کورد نەکات، ئەو ئامانجانەی کە

بەخێرایی و بەپەلە و زوو زوو گۆڕانکارییان بەسەردا دێن و کرۆکی هەموویشیان سەودا و سەوداکاری بۆرژوازی ناسیۆنالیست و ئەو سازشانەیە کە لەگەڵ بۆرژوا ناسیۆنالیستی شۆڤێنی نەتەوەی سەردەست بە ئەنجامیان دەگەیەنێت.

کارامەیی لە ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان، پڕکردنەوەی بۆشایی کارگێڕی و لە دەست نەدانی ئەو هەلەی کشانەوەی ڕژێم ڕەخساندوویەتی و دابینکردنی مافی دیموکراسی و ئازادی بێ کۆت و مەرجی سیاسی بۆ جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان و هەموو حزب و ڕێکخراو و گرووپە سیاسییەکان، سەرکەوتنی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد دەستەبەر دەکات و کوردستانێکی بەراستی نوێ دەخوڵقێنێ و ڕۆڵێکی پێشکەوتوانەی لە ناوچەکەدا دەداتێ.

سلێمانی ١٩٩٢/١/٨

## پەراوێزەکان

(١) لە سەرەتادا ناوی ئەم گوتارە (دروشمی گونجاو بۆ کاتی گونجاو) بوو. لە هەلومەرجی دوای کشانەوەی ڕژێمی عێراق لە کوردستان نووسراوە. لە کانوونی دووەمی ساڵی ڕابردوودا پاکنووسم کرد و بۆ ڕۆژنامەی (ئاڵای شۆڕش)م نارد، بەڵام بەهۆی بارودۆخێکەوە ئەو ڕۆژنامەیەی تێکەوت بڵاونەکرایەوە. کاتێ بەدەستم گەیشتەوە خەڵکیی بە مەسەلەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی و ڕابەرەوە سەریان قاڵبوو. ناوەڕۆکی گوتارەکەش دوو دروشمی سەرەکی بوو کە بەرامبەرکێی هەڵبژاردنیان لەسەر دەکرا. بۆیە بڵاوم نەکردەوە تا خۆم و گوتارەکەم نەبینە لایەنێک دژی لایەنێکی دی لەو ململانێیەدا. ئیدی دوای ئەوەیش تا ئەمڕۆکە بواری بڵاوبوونەوەی بۆ نەڕەخساوە، گەرچی کرۆکی گوتارەکە دەشێت تەوەری مشتومڕێکی فیکری و سیاسی بێت.

(٢) ئەم خاڵە لە ڕەشنووسی یەکەمی گوتارەکەدا نەبوو، بەڵام وەک واقیعێکی ئیمڕۆ بە پێویستم زانی سەر هۆکارەکانی دیکەی بخەم.

(٣) بە ماوەیەک دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان حزبەکانی بەرەی کوردستانی فیدرالیان ڕاگەیاند. فیدرالیزم بووە ستراتیژی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی کورد. دروشمی ئۆتۆنۆمی پێچرایەوە. حزبەکان لە بەرنامەکانی خۆیاندا فیدرالیان وەک ستراتیژ چەسپاند. بەڵام بە بیر و بۆچوونی من دەبێت فیدرالی تاکتیکی سیاسەتێکی گونجاو بێت بۆ کات و ساتێکی دیاریکراوی وەک ئێستای کێشەکە، دەنا مافی بڕیاردانی چارەنووس هەر یەک مانای هەیە، ئەویش مافی بێ ئەملاولای گەلی ژێردەستەیە لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆیدا. مافی بڕیاردانی چارەنووس -بە چەمکە سیاسییەکەی- مافی سەربەخۆیی نەتەوەکانە، مافی ئازادی جیابوونەوەی سیاسی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوایەتییە.

# سوسیالیزم بەبێ دیکتاتۆریی

کارل کاوتسکی

لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا، پرۆلیتاریا دوای سەرنەکەوتنی حکومەتەکانیان لە جەنگدا، دەسەڵاتی سیاسی گرتۆتە دەست، هەرچەندە لە هەندێک شوێندا هەر بە تەنیا نەبوە. لە ئەنجامی ئەم سەرکەوتنەدا هۆشیاری پرۆلیتاریا لە هەموو جیهاندا بە شێوەیەکی کت و پڕ و نائاسایی پەرەی سەندوە. ئەم دەسکەوتە نێو نەتەوەییەی شۆڕشی ساڵانی دوایی تا ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە و ڕەوتی ئایندەی ڕووداوە شۆڕشگێڕەکانیش هەرچۆنێک بێت ناتوانێت شوێن پێی ئەمە بسڕێتەوە.حکومەتی« وڵاتە سەرمایەدارە پێشکەوتوەکان ئیتر لەمەودوا بە ئاسانی خۆیان بۆ ناگیرێ، ئەگەر بێتو پرۆلیتاریای یەکگرتو لە بەرامبەریان دا ڕابوەستێت. هەر لێرەیشەوە سەرەتای ڕمانی بناغەی ئەو شێوازەی بەرهەمهێنان دەست پێ دەکات، کە چەوساندنەوە و کۆیلەکردنی کرێکاری دەست کورتی لە لایەن پاوانکەرانی ئامرازە مەزنەکانی بەرهەمهێنانەوە لەسەر وەستاوە تا لە جێگەیدا شێوازێکی تری بەرهەمهێنان سەرهەڵبدات کە بۆ کرێکاران گونجاو بێت. ئەمانی یەکجارەکی ناکۆکی چینایەتی کاتێک لە توانادا دەبێت کە ئەگەر بێتو لە جێگەی موڵکایەتی سەرمایەداری ئامرازی بەرهەمهێنان موڵکایەتی کۆمەڵ دروست ببێت. لەجێگەی شێوەی سەرمایەداری بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنان بەڕێوەبوونی بە کۆمەڵ هەبێت. ئەگەر بێتو پێویستی سەرمایەداری بە زیندەبایی وەکو هێزی جوڵێنەری پرۆسەی بەرهەمهێنان بە پێویستی کۆمەڵ بە کەل و پەلی بەکارهێنان بگۆڕدرێت. گەیشتن بەم ئامانجە لەو ڕێگەیەوە نابێت کە کرێکاران نەک هەموو کۆمەڵ جێگەی سەرمایەداران بگرنەوە ئینجا کرێکاری کارگەی جیاواز بێت، یاخود هەمو بەشەکانی پیشەسازی بێت. گونجاندنی ئا لەم شێوەیەی بەرهەم هێنان کاتێک سۆسیالیستانە دەبێت، کە ئەگەر هەمرو کۆمەڵ بەبێ یەک و دوو لە کرێکار پێک هاتبێت، کە ئەمەش لە هیچ شوێنێک دانییە. سوسیالیزم بە تەنیا کاری پرۆلیتاریا نیە، بەڵکو کاری هەمو مرۆڤایەتییە ڕۆڵی دیار و گرنگی پرۆلیتاریاش لەوە دایە کە ئەم تەنیا چینە بەرژەوەندی- ئەگەر لە بۆچوونێکی بەرزی دور لە تەسک بینی سیاسی ئەو ڕۆژگارەوە تەماشا بکرێت،- لەگەڵ بەرژەوەندی سەرجەمی مرۆڤایەتی‌دا دەگونجێت. بەرژەوەندی مرۆڤایەتی لە ڕێی سەرکەوتنی پرۆلیتاریاوە دەچێتە ئاستێکی بەرزترەوە. بەڵام سەرکەوتنی پرۆلیتاریا لە هەمور هەلو مەرجێکیدا پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ناهێنێتە دی، بەڵکو تەنیا لەو کاتەدا کە پرۆلیتاریا ئەوەندە هۆشیار بێ لە لایەنی دەروونییەوە پێگەیشتو بێت کە پەیوەندی نێوان بەرژەوەندی چینایەتی خۆی و کۆمەڵ تێبگات و هەمو شتێکی تایبەتی خۆی مل کەچی بەرژەوەندی گشتی بکات. پرۆلیتاریا لە دەمی سەرکەوتنی دا چەندە لەم ڕەوشت و هوشیارییەوە دوربێت و چەندە

شۆڕشی کۆمەڵایەتی وەکو تەنیا جوڵانەوەیەک لە بۆ موچەی مانگانە تەماشا بکات ئەوەندە سەرکەوتنەکەی کەمتر بەرەو سۆسیالیزمی راستەقینەمان دەبات. لە کۆمەلگای سەرمایەداری ئاست بەرزدا سەرمایەدارەکان لە ڕێی کەسایەتی خۆیانەوە کار ناکەنە سەر کۆمەڵ، بەلکو لە ڕێی سەرمایەوە ئەگەر ئەو سەرمایەیەش بکەوێتە دەستی هەرچی حکومەتیکەوە، ئەوا کەسایەتی خاوەنە کۆنەکانی نرخێکی وای نابێت. بەڵام سەبارەت بە رۆشنبیران بە تەواوەتی بە پێچەوانەوەیە، چونکە سامانی بەهای رۆشنبیران بە هیچ رامالینێک لە چنگ دەرناکرێت. بێ گومان ئەو سامانی زانینەش بۆ بەرێوەبردنی وڵات و پیشەسازی نوێ پێویستە. لە رۆژگاری ئێستادا حکومەت لە دژایەتی کردنی جەماوەری کرێکاران و رۆشنبیران کەم دەتوانێت خۆی بگرێت. بەبێ رۆشنبیران سۆسیال کردن ئەستەمە. رۆشنبیرانیش لە لایەن خۆیانەوە هیچ بیانۆیەکیان بۆ دژایەتی کردنی سۆسیالیزم نییە و هیچ بەرژەوەندەیەکی چینایەتیش بۆ ئەوە پاڵیان پێوە نانێت. جەماوەری رۆشنبیران خۆی لە خۆیدا چینێکی داخراوی خاوەن بەرژەوەندی چینایەتی دیاریکراو- نیە، بەڵکو توێژێکی کۆمەڵایەتی خاوەن بەرژەوەندی تایبەتیمەند و جیاواز و پیشەیی‌یە کە بەشی زۆری لەسەر خزمەتکردنی خەلکانی تر دەژی. ئەو بناغە زانستی‌یەش کە بەپێی پیشەو کارەکەی هەیەتی وای لێ دەکات کە بە ئاسانی لە بەرژەوەندی مەزنی کۆمەل بگات.

ئەگەر لە سەردەمی شێوازی بەرهەمهێنانی نوێدا بەرژەوەندی چینایەتی وا لە پرۆلیتاریا دەکات کە ببێتە لە پێشترین بزوێنەری پێشکەوتنی کۆمەلایەتی، ئەوا رۆشنبیران باشتر ئامادەن هەل و مەرجی ئەو پێشکەوتنە تێبگەن لە پێناویدا کار بکەن ئەگەر بێتو رێگەی بەرژەوەندی تایبەتیان نەگیرێت و سنووری نالەبار بۆ کارەکانیان دانەنرێت. هەرچەندە لە راستیدا، لەگەڵ پێشکەوتنی دابەشبوونی کارو تایبەتمەندییەکانیدا، ئاسۆی هەندێک کەسان تەسک دەکاتەوە، ئەو سنور دانانە زۆرتر دەبن. هەر چۆنێک بێت، زۆربەی رۆشنبیران ئەوەندە توند بە سەرمایەداری‌یەوە نەبەستراون تا نەتوانن لەگەڵ سۆسیالیزمدا بگونجێن. بەڵام دەتوانرێت باشترین و شارەزاترین نوێنەرانی بەرە و سوسیالیزم رابکێشرێن بەڵام نەک بە زۆرەملێ و کرین، بەلکو بە تێگەیاندنی ئەوەی کە لە لایەنی ئابوورییەوە پێویستە و هەروەها بە بڕوا پێ هێنانیان بە پێگەیشتنی دەروونی و هوشیاری پرۆلیتاریا نالەبارترین ڕێگە بۆ ئەم مەبەستە- رژێمی زەبروزەنگی پرۆلیتاریە. لە رۆژکاری ئێستادا هەروەکو چۆن وەستان دژی کرێکاری پیشەسازی بۆ ماوەیەکی زۆر لە تواناادا نییە، هەرواش دژایەتی کردنی جوتیاران سەختە. ئەرکی سەرەکی ئەوەیە کە ئێستا کارێکی وا بکرێت کە لە قازانجی هەردوو چینەکە و بە هەمان رادەش رۆشنبیران دا بێت. سۆسیالی کردنی پیشەسازی، بەو پێیەی کە لەم رۆژگارەدا بە لەبەرچاوگرتنی هەل ومەرجی تەکنیکی و ئابوری ئاستی بەرزی پێگەیشتنی دەرونی و هوشیاری پرۆلیتاریا، لە توانا دایە. بەڵام کاتێک بە دڵی جوتیارانیش بێت ئەوا باشتر دەچێتە سەر. نابێت ئەوەش لە یاد بکرێت کە جوتیاران لە هەمان کاتدا، هەروەکو زۆربەی رۆشنبیران زۆر حەز بە بونی سەرمایەداری

پیشەسازی ناکەن. لە راستیدا زۆریش حەز بە سوسیالی کردن ناکەن و پشتگیری ئەو شێوەیەی بەرهەمهێنان دەکەن کە زۆرترین سودی بۆ ئەوان هەبێت. جوتیار وەکو خاوەنی بەروبوم، بەرژەوەندی لەوەدایە کە ئەو بەرهەمەی لە پێویستی خۆی زیادە بباتە بازار و بە برێکی زۆر کەل و پەلی پیشەسازی پێویست بگۆڕێتەوە. ئەم ئاڵ و گۆڕەش بە پارە دەکرێت، لەبەر ئەوە بەرژەوەندی جوتیار دو شێوە وەردەگرێت: دەیەوێت نرخی ئەو کەل و پەلە کشتوکالی‌یەی دەیفرۆشێت زۆر بکرێت و لە لایەکی ترەوە نرخی ئەو کەل و پەلە پیشەسازی‌یەی دەیکرێت کەم بکرێت. یەکەمیان لەگەڵ بەرژەوەندی پرۆلیتاریادا ناگونجێت، چونکە ئەم داوای هەرزان کردنی کەل و پەلی پێویست دەکات. ئا بەم شێوەیە لە وڵاتێکدا کە پرۆلیتاریا سەردارێت تەنیا شێوەی دوەم لە بارە: هەوڵدان بۆ هەرزان کردنی کەل‌وپەلی پیشەسازی. ئەم هەوڵدانەش لە لای خۆیەوە دوو شێوە وەردەگرێت: دەتوانرێت بە هەرزان کەلوپەل بهێنرێتە بەرهەم: لەرێی کەم کردنەوەی کرێی کارەوە وەیا خود زۆر لە کرێکار کردن، یاخود لەرێی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانەوە. زۆر ئاشکرایە شێوەی یەکەم، کە زەقترین و کێویترین هەڵپەی سەرمایەداری‌یە بۆ بە دەست کەوتنی قازانج، وەلادەنرێت. کەواتە شێوەی دووەم دەمێنێتەوە، ئەویش هەل‌و مەرجی تەکنیکی‌یە کە لە سایەی سەرمایەداری پێشکەوتودا هاتۆتە گۆری: لە رێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانەوە چارەنووسی سۆسیالی کردن راستەوخۆ لەسەر ئەمە وەستاوە. زۆربەی دانیشتوان و بە تایبەتی جوتیاران کاتێک سۆسیالیزمی پرۆلیتاریای پیشەسازی یان بەدڵ دەبێت، کە ئەگەر بێتو لە بواری ئاست بەرزی بەرهەمهێناندا هیچی لە سەرمایەداری کەمتر نەبێت. خۆ ئەگەر بێتو لەسەرمایەداری بە تواناتر و بەردار ترێت، ئەوا ئەو جەماوەرە زۆرتر لە سۆسیالیزم نزیک دەبێتەوە. لە ئاکامدا ئەمە وا لەجەماوەری جوتیاران دەکات کە لە بواری کاری تایبەتی خۆیاندا لەگەڵ شێوازی سۆسیالیستی بەرهەمهێنان دا بە ئاسانی گوزەران بکەن. تەنیا ئەو کاتەش سوسیالیزم لە هەموو بوارەکانی بەرهەمهێناندا سەرکەوتنی تەواوەتی بە دەست دەهێنێت.بەڵام ئایا بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان لە هەموو بوارەکانی پیشەسازی سوسیال کراودا دەتوانرێت لەسەرەخۆ بگەیێنرێتە ئەو ئاستە بەرزەی کە لە هەل‌و مەرجی سەرمایەداریدا هەیە؟

ئێمە نەدەبوینە سۆسیالیست، ئەگەر بهاتایە و بروامان نەبوایە بەوەی کە شێوازی سۆسیالیستی بەرهەمهێنان لە هی سەرمایەداری بە پیتتر و پڕ بەرهەمترە. سوسیالیزمی مارکسی هاوچەرخ- سۆسیالیزمی بەرهەمهێنانە نەک دابەش کردن. کۆمۆنیزمی رەق و سەرەتایی تەنیا بۆ بە یەکسانی دابەش کردنی بەرهەم هەوڵ دەدات، ئەمیش لە باشترین شێوەیدا تەنیا گوزەرانی پرۆلیتاریا کەمێک باشتر دەکات، بەڵام ناتوانێت هەل‌و مەرج بۆ هیچ جورە بەرهەمهێنانێکی گەورە و پێشکەوتنی درێژخایەن برەخسێنێت. سوسیالیزمی مارکسی‌یانە وا دادەنێت کە گوایە هەل و مەرجی تەکنیکی ئەوتۆ هەیە کە لە رێگەی خستنە کاری‌یە وە بەمەستی بەرهەمهێنانی گەورە ئاست بەرزی بەرهەمهێنان چالاک

دەکات، بۆ ئەوەی ماندوبون و ڕوتاندنەوەی هەمو کارگەرێک کەم بکاتەوە و گوزەرانیشی خۆشتر بکات.

کاتێکی زۆری ویستوە تا ئەوە بسەلمێنین بۆچی ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە دەبێ بەرهەمهێنانی سوسیالیستی لەهی سەرمایەداری بە بەرهەمتر بێت. لێرەدا پرسیارێک بەلامانەوە گرنگە، بەرهەمهێنانی سوسیالیستی چەند لە هی سەرمایەداری بەرزتر بێت، بەلاّم ئایا یەکسەر دەتوانرێت بە دەست بهێنرێت؟ تاقیکردنەوە پیشانی داوین کە بۆ هەموو مەکینەیەکی نوێ و بۆ باشتر کردنی هەلومەرجی کار چەندان ساڵ تاقیکردنەوەو پارەیەکی یەکجار زۆری تێچووە، جاران پرینسیپی ڕاست و بەسود خۆی لە خۆیدا وا داڕێژرابوو کە بتوانێت بەرەو ڕووی هەموو سەختییەک بێتەوە کە لە پراکتیکدا ڕوی دابێت و ئەو کەسەی کاریشی تێدا کردووە پیشەکی زانیوەتی. یەکێک لە هۆیەکانی پاوان کردنی مەکینەی مۆدێرن و دۆزینەوەی نوێ لە لایەن سەرمایەدارانەوە ئەوەیە تەنیا سەرمایە کەرەسەو ئامرازی تەواوی هەیە کە بەرگەی ئەو قوناغەی پارە خەرج کردن بگرێت کە پێشکەوتن لە سەری وەستاوە، ولاّتی شۆڕشگێر کە حکومەتەکەی سوسیالیستی یا نیوە سوسیالیستی بێت لە ڕۆژگاری ئێستادا لە بارو دۆخێکی داهێنانی دەست کورت و هەژار دایە. باشترین هەلومەرجی تاقی کردنەوەی پراکتیکی سەرەتایی و داهێنان لە سوسیالیزمدا لە ولاّتێکی وا دەوڵەمەندا دەبێت کە بتوانێت بە ئاسانی خەرجی ئەزمونی سوسیالیستی کردن لە ئەستوی خوی بگرێت. دوایەمین شۆڕش لە ولاّتێکدا بوو کە بەهۆی جەنگی جیهانییەوە کەوتبووە سواڵ. ئەوان پارەی خەرجی وایان لە کوێ بو؟ بێگومان سەرمایەدارانی ڕۆژئاوا بۆ ئەوە قەرزیان نادەنێ تا بەو قەرزە بیروڕای سوسیالیستی جێ بەجێ بکەن. لەوانەیە کرێکاری شاریی لە پێناوی سوسیالیزمدا ئامادەی قوربانیدان بێت، بەلاّم جوتیار بە هەمو جورە قوربانیدانێک دەبێتە دوژمنی سەرسەختی بەرهەمهێنانی سوسیالیستی. بێگومان لە کاتی دەستکورتی ولاّت و بەهێزی جوتیاراندا گیروگرفتی زۆر لەبەردەم سۆسیالکردندا دەبێت.هەرچەندە ئەمە شتێکی حەتمی نیە. ئێمە بو هەرەشەکردن و ترساندن باسی ئەو سەختیانەی سۆسیال کردن ناکەین، بەلکو بە پێچەوانەوە بۆ ئەوەی کە پرۆلیتاریا و دۆستەکانی لەگەڵیدا رابێن و بتوانن لە ئاستی زاڵ بون بەسەر ئەو سەختیانەدا بن.

ئەگەر یەکێک بیەوێت بەسەر لوتکەی زۆر سەختی(ئەلپ)دا سەربکەوێت، ئەو ڕێبەرەی کە بڕوای بە کورت و ئاسانی ڕێگەکە بهێنێت، ڕێبەرێکی زۆر خراپە گەشت گوزارێکیش کە بڕوا بەوە بکات، بە پێلاوی سوکەلە و گۆچانێکی باریکەلە و بەبێ خۆراک دەکەوێتە ڕێ هەرگیزاو هەرگیزیش ناگاتە بەرزایی. لەوانەشە لە ڕێگەدا بمرێت. تەنیا ئەو ڕێبەرە بە کەلکی دێت کە وریای دەکاتەوە و باسی سەختی ڕێگەی بو دەکات و هەر بەو پێیەش بەپێی پێویست خۆی ئامادە دەکات.

ئێمە لە کاتی وادا چەندە کەمتر ڕێگە بە خۆمان بدەین بە سنگ فراوانی پارە لە

تاقیکردنەوەی سەرنەکەوتودا خەرج بکەین، ئەوەندە زۆرتر پێویست بەوە دەکات بە وردی زەمینە بۆ سوسیاڵ کردن خۆش بکەین. هیچ شتێک وەکو ئەو پەلەکردن و پێ سەرەو بەرەیی‌یەی کە لە روسیا و هەنگاریادا کرا بۆ سوسیاڵ کردن زیان بەخش نیە، بەلاّم لەو هەژاری‌یەی ئێمە تێداین، دوو هێندە پێویست دەکات کە لە کاتی سۆسیاڵ کردن‌دا ئەو لایەنانە پێش بخەین کە کاری بەرهەمهێنانی سوسیالیزم لەهی سەرمایەداری پڕ بەرهەمتر دەکات و ،خۆمان لەو قسانەش دوربخەینەوە کە بەرهەم کەمتر دەکەنەوە.لەبەر ئەوە پێویستە سیستەمی موچەی مانگانە کە لە زۆر شوێن وا دادەنێن نەبوێنی ئەو سیستەمە وێلاَشی سوسیاڵ‌کردنە بخەینە گەڕ. تاقیکردنەوەی تاڵ کۆماری روسیای سوڤیتی ناچارکرد کە جارێکی تر پەنا بەرێتە بەر موچەی مانگانە.... شێوازی وا لە کاتی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی‌دا روخسارێکی تری جیا لەوەی کە ئێستا هەیە وەردەگرێت. ئەمە کرێ‌ی بە پارچەش دەگرێتەوە کە کاتی خۆی مارکس دەبوت «تەنانەت لە سەرمایەداریش دا کرێ‌ی بە پارچە بواری چالاکی تاکە کەسی فراوان دەکات و هەر لەرێ‌ی ئەمەشەوە تایبەتێتی و گیانی سەربەستی لە لای کرێکار پێش دەخرێ» بەگەرخستنی سیستەمی کرێ‌ی بە پارچە، بەرهەمهێنانی بەشە سوسیالکراوەکانی پیشەسازی زۆر بە چاکی پێش دەخات...

فابریکەی سەرمایەداری دامەزراوەیەکی ئۆتۆکراتییە، فابریکەی سوسیاڵ کراو- دامەزراوەیەکی دیموکراتیە. نەیارانی فەرمانڕەوانی چەوسێنەر تەنیا یەک شێوازی خەباتکردنیان لەبەردەم دایە- ئەویش هێز و زەبر و زەنگە: راپەرین، جەنگی ناوخۆیی، مانگرتنیش لە کارگە سەرمایەداری‌یەکاندا. سودی زۆری دیمۆکراتی لەوە دایە کە پێویستی زەبروزەنگ و روخاندن ناهێڵێت و بە کەمترین ئێش و ئازار پێشکەوتن بە دەست دەهێنێت...

تا لێرەوە لە پێش هەموو شتێکدا بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی ئەتوانێ ئەوە دەربخات کە لەبەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەسودترە- ئەویش بێگومان بەو مەرجەی کە کرێکاران ئەوەندە رۆشنبیر و رێکوپێک بن کە بە شێوەیەکی بە کەڵک شێوازەکانی دیموکراتی بە کار بهێنن و هەر بەو پێ‌یەش وا بکەن کە لە دام و دەزگا سۆسیالکراو و دیمۆکراتی‌یەکان‌دا پێویست بە مانگرتن نەکات.

جارجارە مانگرتن لە هەل و مەرجی سەرمایەداری‌دا رێگەی سەرەکی‌یە لەبەردەم گەشەسەندنی کاری بەرهەمهێنەرە، کە لە سایەی تەکنیکی پێشکەوتودا دێتە بەر. ئەگەر لە کەرتە سۆسیالکراوەکانی بەرهەمهێناندا گەشەسەندنی کاری بەرهەمهێنەر لە رێ‌ی هۆشیاری خۆی کرێکارانە دابین کرابێ، نەک لە رێ‌ی زەبروزەنگی حکومەتەوە کە هیچ کاتێک ناتوانێت ئەو رادەیە بهێنێتە دی، ئەگەر لەم پرۆسەی بەرهەمهێناندا دام و دەزگای لاواز و بێ بەرهەم لابدرێت و ئەگەر کاری بە پارچە لە کارگەکاندا پەیڕەو بکرێت کە تەکنیکی پرۆسەی کاری پێویستی پێ‌یەتی،- ئەو کاتە دەتوانرێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت کە سۆسیاڵ‌کردن لە هەموو کەرتەکانی پیشەسازیدا ئەنجامی بەسود دەدات بە دەستەوە کە

ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لە لایەنی ئابووری‌یەوە ببێتە هاوشانی شێوازی سەرمایەداری و لە ئاکامی پەرەسەندنیشدا گرەو لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەرێتەوە.

ئەو ساتەی ئەمە بەدەست دێت، هەمو رۆشنبیرانی بە ئابرو کارامە، ئەگەر تا ئەو کاتەش هوشیاری تیۆریان نەیهێنابنە رێزمانەوە، ئەوا دەبنە سوسیالستێ بە بڕواو چالاک، ئەویش لەرێی فێرکردنی بەرچاوو زۆر خێرا و راست و دروستەوە نەک لە رێگەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری یاخود لە رێگەی کرینەوە. سەبارەت بە پەیوەندی دوژمنانەی جوتیارانیش هیچ پێویست بە ترس ناکات، بە پێچەوانەوە زۆر بە خێرایی دەبنە هاوپەیمان و پشتیوان. لە کاتێکدا رۆشنبیران و جوتیاران لە پشتی پرۆلیتاریا بن، هیچ لە سەرمایەداران ناترسێت و زۆر بە ئاسانی بەبێ بەدیکتاتۆری، لە رێی دیمۆکراتییەوە چاریان دەکات.

ئا. ع

لە رووسییەوە کردوویە بە کوردی

# نەورۆز و کاوە و کورد

تەیفور

بێگومان یەکێک لە بنچینەکانی پێکەوەبەستنی میللەتێک داب و نەریتە و لەوانەش جێژنەکان بەشێکی گرینگن. جا چ جێژنی ئایینی بێ یا جێژنی وڵاتێکی تایبەتی بێ یاخۆ جێژنێکی سروشتی بێ، دەربڕینی خۆشەویستی و هەستی هاوبەش بۆ ئەو جێژنانە نیشاندەری بەشداربوون لە پەیامی ئەو جێژنانەدایە.

ئێمە وەکو میللەتی کورد -ناشوکری نەبێ- تەنیا نەورۆزمان هەیە کە هەموو پێکەوە لەسەری سوورین و باوەڕمان پێیە، بەڵام بەداخەوە بۆچوونەکانمان وەک یەک نیە و هەرکەس بەپێی نیازی خۆی دەی پێوێ. ئەگەر بمانەوێ ئەو جێژنە وەکو تاکە خاڵی یەکگرتوویمان -هەتا خاڵی دیکەش پەیدا دەبێ- هەر بەردەوام بێ لەسەرمانە کە بۆچوونەکانمان بکەینە یەک و هەستەکانمان نزیک بکەینەوە. ئەوەش بە لێکۆڵینەوە و باسکردن دەکرێ و نابێ لێی بترسین. ڕەنگە بڵێین سەرێک نایشێ بۆ دەسڕی لێ ببەستین! من پێم وایە ئەو کەمتەرخەمییە دەبێ وەلانێین. زۆر شت لەخۆڕا و لەبەر بێ دەسەڵاتی و لێ نەکۆڵینەوە و نەزانین بە سەرماندا سەپاوە و بوەتە باو و ئاسایی بوەتەوە کە دەبێ ئاوڕی بۆ بدەینەوە و بە ئازادی هەڵی بژێرینەوە. بۆ ئەم مەبەستەش باسکردنی زانستی و ڕووناکبیرانە پێویستە کە هێشتا لەناو ئێمەدا نەبوەتە باو. بۆیە ناوێرین دەست بۆ هیچ بەرین و ڕەخنە لەیەکتر بگرین. بەڵام پێم وانییە بمانەوێ هەتاهەتایە هەرکەس لە قەڵای نەزانی خۆیدا دڵی بە خۆی خۆش بێ. با لە نەورۆزەوە دەست پێ بکەین کە لای هەموومان پیرۆزە. لێرەوە ڕچە بشکێنین بۆ باسەکانی دیکە و بۆ یەکگرتنی بیر و بۆچوون، لانی کەم لەو شتانەدا کە پەیوەندی لەگەڵ ناسنامەی نەتەوایەتیمان هەیە و ئێستا دیاریکردنی تایبەتیەکانی ئەو ناسنامە لە ئارادایە ئەم نووسراوەش هەوڵدانێکە بۆ ئەم مەبەستە.

لە بەشێک لە ئەدەبی کوردەواریدا چیرۆکی نەورۆز بەستراوەتەوە بە سەرکەوتنی "کاوە" بەسەر "ئەژدەهاک؟"دا. یانی "نەورۆز ئەو ڕۆژەیە کە کاوەی ئاسنگەر ئەژدەهاکی زاڵمی کوشتووە و خەڵک کردوویانە بە جێژن و ئاگریان کردۆتەوە"...... دەم خۆێندەوە و دەم بینی و گوێم نەدەدایێ، هەتا دیتم کراوەتە چیرۆک بۆ منداڵان و شریتیشی لێ تۆمارکراوە، ئەوجا نەمتوانی گوێ نەدەمێ. چونکە لەگەڵ ئەوە نیم کە بەرەی داهاتووش هەر بە

چاونووقاوی بە شوێنی ئێمەدا بڕوا و لە هەموو ئەو کەنداوانە بکەوێ کە ئێمە کەوتین. لە هێنان و بردنی ئەم بیر و باسە لە مێشکی خۆمدا بووم کە پەیکەری کاوەم دیت وا سەری براوی ئەژدەهاکیان داوەتە دەستییەوە و لە مەیدانی شاری سولەیمانییەدا قیتیان کردووەتەوە، ئەوجا هەم دڵم بۆ خۆم سووتا کە بێگومان کوردم و هەم بۆ کاوە کە گوایە دەبێ باپیری من بێ و ئەمەش بەرهەمی ئەو دڵسووتانەیە.

لەم باسەدا کە دایبنێین باسێکی رووناکبیرانەیە و رووی لەوانەیە کە خەریکی ئەدەب و پێشینە و ناسنامەی گەلی کوردن، دەمەوێ لەڕاستیدا هێندێک پرسیار بێنمە گۆڕێ و باسەکە بخەمە بەردەست شارەزایان بەڵکو رووناکایی بخرێتە ئەو رابردووە تەم داگرتووە.

یەکەم: پرسیار ئەوەیە کە بزانین پەیوەندی چیرۆکی نەورۆز و چیرۆکی کاوە چەندە؟

دووەم: ئاخۆ ئەو چیرۆکانە هەر بەو شێوەیە کە لای ئێمە بوەتە باو یاخۆ گۆڕاون و ئەگەر گۆڕاون مەبەست چ بووە؟

سێیەم: راستیەکان چین و دەبێ چۆن بن-

بۆ پەیداکردنی چاوگەی ئەم چیرۆکانە هەرچەند زیاتر چاو لە سەرچاوە کوردییەکان دەکەین کەمترمان وەچنگ دەکەوێ بەرانەی کە لەسەر نەورۆز و لە بابەت کاوە دواون کەمتر خۆیان ماندووکردووە. تەنیا بەپێیدا ئەلگوێن ڕاکەیشتوون، سەرەڕای ئەوەش هێندێک بۆچوون هەیە کە لە کاتی خۆیدا ئاماژەیان پێدەکەم.

لە پێشدا لە نەورۆزەوە دەست پێ بکەین. بێگومان نەورۆز جێژنی هەرە مەزنی کوردانە، بەڵام تەنیا هی کوردان نییە. تەنانەت بە یەک دوو وڵاتیشەوە نەبەستراوەتەوە. لە کازاخەکانی کازاخستانەوە هەتا میسر و هیند و چین ئەم جێژنە دەگێڕن. کە نەختێک سەرنج بدەین دەبینین هەموو ئەو خەڵکانە کە پێش دیانەتی ئێستایان زەردەشتی بوون و یا هێشتاش هەر زەردەشتین نەورۆز پیرۆز دەکەن و بە جێژنی خۆیانی دەزانن. لەلای زەردەشتیان گەورەترین جێژنی ئایینیە. ئەگەر هێندێک سەرنجی ئایینی زەردەشتی بدەین دەزانین کە زۆربەی جێژنەکانیان بە سروشتەوە بەستراوەتەوە و هەر کامەش چیرۆکی خۆیان هەیە. هەروا کە لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی دنیا هەموو جۆرە جێژنی سروشتی هەیە وەک خەرمان هەڵگرتن و برنج چاندن و خورما پەزان و بەران بەردان و.... نەورۆزیش وەکو یەکەم رۆژی بەهار و بووژانەوەی سروشت و رزگاربوونی مرۆڤ لە سەرما و سۆڵەی زستان و تەنانەت لە باری نجومی یەوە بەرانبەر بوونی شەو و رۆژ جێژنێکی سروشتییە و لەو وڵاتانەی کە چوار وەرز بە تەواوی هەیە رۆژێکی گرینگی ساڵە.

دیارە مرۆڤ بۆ هەر کردەوەیەکی خۆی بەتایبەت ئەوانی کە لە کۆنەوە وەکو داب و نەریت ماون چیرۆکێکی هەیە و ئەو چیرۆکانە میتۆلۆژی 'چیرۆکە پاڵەوانییەکان'ی خەڵکێک پێک دێنن.

ئێمە وەکو کورد هەتا ئێستا -وەکو زۆر شتی دیکە- دەرفەتی پێراگەیشتن بەم بەشە لە ژیانی کۆمەڵایەتیمان نەبووە. -نازانم لەمەودواش بمانبێ و بتوانین یا نە- هەرچۆنێک بێ چیرۆکی نەورۆز و چیرۆکی کاوە، دوو چیرۆکی میتۆلۆژی 'ئاریا'یین و ئێمەش کە ئەو دوو چیرۆکەمان هەڵبژاردووە خۆمان بە ئاریایی زانیووە. 'هێندێک لەسەر ئەو بڕوایەن کە کوردان دانیشتوانی زاگرۆسن پێش هاتنی ئارییاییەکان پاشان ئاریاییەکان داگیریان کردون و لە رەوتی مێژوودا تێکەڵ بون، بەڵام بەشێک ئێستاش زبان و داب و نەریتی پێش ئاریاییەکانیان راگرتووە کە پێیان دەگوترێ -کاکەیی و ئەهلی حەق و یەزیدی و... کە ئەم باسە بۆ خۆی باسێکی گرینگە و دەبێ بە جوێ بکرێ'- کەوابوو میتۆلۆژی کوردان جیا لە میتۆلۆژی ئاریاییەکان نیە. بەخۆشییەوە سەرچاوە بۆ میتۆلۆژی ئاریایی گەلێک زۆرە و لە هەمووان کۆنتر و جێ بڕواتر 'فیردەوسی'یە.

'فیردەوسی' بۆ خۆی دەڵێ لە سەرچاوەکانی دیکە کەڵکی وەرگرتووە بەڵام سەرچاوەکانی پێش ئەو هیچی بەدەستەوە نەماون. ئەوەندە هەیە کە وتەکانی فیردەوسی لەگەڵ ئاڤێستا کە کۆنترین کتێبی ئایینی ئاریاییەکانە دێتەوە و لەڕاستیدا فیردەوسی زیندووکەرەوەی ئەو چیرۆکانەیە.

پێش ئەوەی چیرۆکەکە لە زمانی فیردەوسییەوە بگێڕمەوە ئاماژەی چەند بۆچوون و چیرۆکی جیاواز دەکەم.

لێکۆڵەرەوان دەڵێن: لە ئێرانی کەونارادا دوو بۆچوون سەبارەت بە نەورۆز هەبووە. هێندێک گوتوویانە 'خودا لە رۆژی نەورۆزدا رووناکی چێ کرد' و هێندێکی دیکە وایان زانیوە کە 'خولانەوەی فەڵەک (زەوی و ئاسمان) لەو رۆژەدا دەستی پێکردووە'. البیرونی لە 'الاثار الباقیە عن القرون الخالیە'دا دەنووسێ: 'یەکەم رۆژی مانگی فەروەردین (خاکەلێوە-یەکەم مانگی بەهار) رۆژی نەورۆزە کە یەکەم رۆژی ساڵی تازەیە. نەورۆزیان بە رۆژی چێکردنی جیهان زانیوە و گوتوویانە: خودا لەم رۆژەدا بوو کە فەڵەکی خستە گەڕان. ئەستێرەکانی خستە خولانەوە کە تا ئەو دەم راوەستابوون، تاوی چێ کرد بۆ ئەوەی رۆژ و شەو و ساڵ و مانگی پێوە دیاری بکرێ. لەو رۆژەوە ژماردن دەستی پێ کرد. هەروەها گوتراوە کە خودا مرۆڤی لەم رۆژەدا چێ کرد و ئەم رۆژە و رۆژی میهرەکان نیشاندەری

زەمانن و مانگ و ئاو و فەڵەک دابین دەکەن".

لە نووسراوە ئاڤێستاییەکاندا "بەندەهشن" هاتووە کە "من ئەهورامەزدا چێ کردنی جیهانم لە سێ سەد و شەست و پێنج ڕۆژ و شەش گەنبار دا بەجێ گەیاند. یەکەم کات ئاسمان پاشان زەوی و ئەوجار ئاو و گیا و گیانلەبەر و ئینسانم چێ کرد. فروهەرەکان (ئەوانەی وەکو ئینسانن بەڵام لە دنیای ڕەبانی دا دەژین) قبوڵیان کرد کە بۆ ئەو لەگەڵ "ئەهریمەن" بچنە جەستەی مادی یەوە و دابەزنە دنیای مادی. ئەوەش لە ئەوەڵی مانگی فەروەردین دایە.

"عبدالصمد علی" لە باپیری "ابن عباس" دەگێڕێتەوە کە لە نەورۆزدا جامێکی زیوی پڕ لە هەڵوایان بە دیاری بۆ پێغەمبەر هێنا. حەزرەت پرسی ئەمە چییە؟ گوتیان ئەورۆ نەورۆزە. پرسی نەورۆز چییە؟ گوتیان جێژنی گەورەی عەجەمانە. فەرمووی ئەرێ لەم ڕۆژەدا بوو کە خودا (عسکرە)ی زیندوو کردەوە. پرسییان (عسکرە) چییە؟ فەرمووی هەزاران کەس بوون کە لە ترسی مەرگ وڵاتیان بەجێ هێشتبوو و ڕوویان لە بیابان کردبوو. خودا ئەمری کرد بمرن!، ئەوانیش مردن، پاشان زیندوویاتی کردەوە و ئەمری بە هەوران کرد کە بەسەریاندا ببارن. بۆیە لەو ڕۆژەدا ئاوپرژێن بووەتە باو. پاشان لە هەڵواکەی خوارد و لەناو "اصحاب"دا بەشی کردەوە و گوتی: "بریا هەموو ڕۆژێ بۆ ئێمە نەورۆز بایە."

دەڵێن سولەیمانی نەبی کلکەوانەکەی ون کرد و پاش چل ڕۆژ دیتیەوە. ئەو ڕۆژەیان ناو نا "نەورۆز".

"محاضرات الادباء" لە بارەی نەورۆزەوە دەڵێ: "خەلیفە مەئموون" سەبارەت بە نەورۆز پرسیاری کرد دەوروبەرەکەی وڵامیان نەبوو. گوتی لەم ڕۆژەدا "پەروێز" ئێرانشاری ئاوەدان کردەوە و جێژن گرتن لەو ڕۆژەدا بووە باو.

گرینگ ئەوەیە ڕۆژی نەورۆز ڕۆژی وەرگرتنی بەرەچە و دیاری و زەکات لەلایەن پادشا و دەسەڵاتدارانەوە بووە، بۆیە هەر کام بە کەیفی خۆیان و بە قازانجی خەزانەکەیان چیرۆکیان بۆ سازکردووە و تەنانەت ڕۆژەکەشیان گۆڕیوە.

"موحەممەد ئەمین زەکی بەگ" لە وڵامی پیرەمێردا لە گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٩ نووسراوەیەکی هەیە دەڵێ: "لە بابەت مەبدەئی نەورۆز لە ئاساری کۆنی تاریخیدا هیچ نییە و یا من نایزانم. محیط المعارفی ئیسلامی لە خصوص نەورۆز کەم ئەدوێ، تەنیا ئەڵێ بەعزێ ئاساری عەرەبیە ئەم ڕۆژەیان لە شکلی "پیروز" وا نووسیوە و ئەوڵ ڕۆژی شەمسیەی ئێرانییە لە دەوری حوکومەتی "ئەخەمینیدا" واتە کیانیان ڕەسما بە سەری ساڵی

تازە قوبوڵ کرا. "مروج المذهب" ئەم ڕۆژی نەورۆزە لە مبادی ئیسلامدا بە ناوەڕاستی هاوین حیساب ئەکرا "البیرونی" و مەبدەئی درەو بوو و خەڵک بە جەژنیان دانا بوو.... ئەم عادەتی تەقدیس کردنە بێجگە لە ئێران، لە عێراق و میسریشدا هەبوو "طبری و مسعودی" لە تورکیاشدا هەتا دەوری دوایی جێژنی نەورۆز هەبوو. بەینێک خەلیفەی عەباسی "معتضد" ویستی ئەم جەژنە هەڵگرێ و یا سوکتری بکا بەڵام بۆی نەچووە سەر "طبری" ڕۆژی نەورۆز بەینێک مەبدەئی کۆکردنەوەی خەراج بووە، حەمزەی ئەسفەهانی لە تاریخەکەیدا ئەڵێ کە لە ئەوەڵی ساڵی هیجریدا نەورۆز تەسادوفی هەژدەی حوزەیران و ئەوەڵ ڕۆژی ذالقعدەی کردووە لە زەمانی خەلیفە "متوکل"دا ڕۆژی نەورۆز کە مەبدەئی جەمعی خەراج بوو دوو مانگ وەپێش خرا. مەقسەد لەمەش زووتر خەراج کۆکردنەوە بوو.

لە ٢٤٥ هیجریدا حەقدەی حوزەیران بە ڕۆژی نەورۆز دانرا "طبری-بیرونی" خەلیفە "معتضد" کردی بە یازدەی حوزەیران. لە دواییدا و لە زەمانی مەلەکشای سەلجوقیدا کە تەقویم گۆڕا ئەستێرەناسان نەورۆزیان بە مەبدەئی ساڵی تازە قوبوڵ کرد کە تەسادوفی دەی ڕەمەزانی ٤٧١ هیجری کرد (١٥ مارس ١٠٧٩) بۆتە مەبدەئێ بۆ ساڵی تازە. لە میسریشدا موعتەبەر بوو "مقریزی" و تەسادوفی ١٠ یا ١١ی ئەیلولی ئەکرد.

بە عەقڵی خۆم، تاریخی دەورە مەلەک شا زۆر بەجێیە و یا زۆر نزیک حەقیقەتە. چونکە ئەوەڵی بەهار ٢٢ی مارتە. بەکورتی وەکو لە سەرەوە گوتمان نەورۆز ئەوەڵ ڕۆژی بەهارە و جێژنێکی سروشتییە بۆ هەموو حورمەتی و تەقدیسی زۆر بەجێیە......"

ئێستا بزانین فیردەوسی "هـ ت ٤١١-٣٢٩" کە چیرۆکی نەورۆزی لە نەقڵ بێژەکانی ئەودەم بیستووە و لە کتێبە کۆنەکانی پێشینانی دەرێناوە لە "شانامە"کەیدا چ دەڵێ؟

فیردەوسی چیرۆکەکەی لە پێکهاتنی کۆمەڵەوە دەست پێ دەکا و دەگاتە دەوری "جەمشید" کوڕی تەهمورس کە مەل و دێو و پەری بە فەرمانی بووە (شتێک وەک حەزرەتی سولەیمان) هەم شا بووە و هەم گەورەپیاوی ئایینی و دامەزرێنەری کۆمەڵ بووە.

لە پێشدا ئاسنی تواندووە و خوود و زرێ و قەڵغانی دروستکرد و دەرکەی نێوپانگ و دەرکردنی بۆ پاڵەوانان کردەوە و ئەمە پەنجا ساڵی خایاند. پاشان خەڵکی فێری ڕستن و بادان و چنین کرد، هەتا لە کەتان و هەورێشم و موو و پێست و خەز جلی بەزم و ڕەزم بدروین. ئەوەش پەنجا ساڵی خایاند. پەنجا ساڵیش خەریک کۆکردنەوەی پێشەکاران بوو و ئەو کەسانەش کە شارەزای دین بوون لە کێو جێگای بۆ دروست کردن و پاراستنی بۆ دامەزراندن.

لە لایەکەوە شێرە پیاوان کۆدەکاتەوە و لەشکر و سوپایان لێ پێک دێنێ و پاراستنی تەختی پاشایان پێ دەسپێرێ و لە لایەکی دیکەوە، جووتێران دادەنێ کە بکێڵن و درەو بکەن و دنیا ئاوەدان بکەنەوە، هەروەها ئەو کەسانە کە هونەری دەستیان هەبووە و کەرەسەیان دروست کردووە. ئەمەش پەنجا ساڵ دەبا. "خواردنی دابەش کرد و هەرکەس بەپێ جێگای خۆی. وای دانا کە هەرکەس ئەندازەی خۆی راگرێ و کەم و زۆری خۆی بزانێ".

لە بۆنی خۆش و بەردی بەقیمەت و دەرمان کردنەوە بگرە هەتا خشت لێدان و دیوار دانان و کۆشک دروست کردن و بەلەم سازکردن هەموو دیاری ئەوە و پەنجا ساڵیش بەوانەوە خەریک بووە. "کە ئەو کارانە کران جگە لە خۆی کەسی لە دنیادا نەدیت و خۆی کرد بە ناردراوی ئاسمان و تەختی لە زێڕ و گەوهەر سازکرد، خەڵک هەموو لە کۆشکەکەی کۆبوونەوە. دێوەکان تەختەکەیان لە حەوادا راگرتبوو و وەکو تاو دەدرۆشایەوە. خەڵک ئافەرینیان بە تەخت و بەختی کرد. ئەویش فەرمانی دا ئەو رۆژە نێو بنێن "نەورۆز" ئەو رۆژە یەکي مانگي "فەروەردین" یەکەم رۆژی بەهار بوو. گەورەکان جێژنیان گرت بە مەی و جام و ساقی و ساز. ئەو رۆژە پیرۆزە لەو کاتەوە بۆ خەڵک بە دیاری ماوە."

ئەمە چیرۆکي نەورۆزە کە زەردەشتیەکانیش بەپێی نووسراوەکاني خۆیان هەر وای بۆ دەچن و پێش ئەوەی کاوە و زوحاک و فەرەیدون هاتبێتنە دنیا رووی داوە. جەمشید سێ سەد ساڵ پاش ئەوە پادشایی کردووە و ئەوەندە گەورە بوەتەوە خۆی بە خودا زانیوە ئەو جار بە دەست زوحاک "ئەژدەهاکي خۆمان!" تەخت و بەختي تێک دراوە.

بەپێی هەموو سەرچاوەکان دەردەکەوێ کە چیرۆکی نەورۆز پەیوەندی بە چیرۆکی کاوەوە نییە، بەڵام لەلای ئێمە و تەنیا لەلای ئێمە وای لێ هاتووە. جا یەکەمجار کێ ئەم دوو چیرۆکەی پێکەوە گرێ داوە لە من روون نییە. ئەوەندە دەزانم نابێ زۆر لەمێژ بێ.

دیارە چیرۆکی نەورۆز هەر چۆنێک بێ ئەم راستییە ناگۆرێ کە ئەم جێژنە مەزنە لە مێژووی ئێمە و هەروەها گەلانی دیکەشدا کەرەسەیەک بووە بۆ بەرەنگاری لەگەڵ عەرەبی داگیرکەر کە بەهۆی ئیسلامەوە و بە بیانووی دژایەتی لەگەڵ ئاگرپەرەستی ویستویە داب و نەریتی کۆن لە بیری خەڵک بباتەوە وکولتوری خۆی زاڵ بکا. هەروەها کە پاشاکان ویستوویانە نەورۆز بکەن بەتایبەتی خۆیان -لە هێندێ ناوچە وەکو بەلوجستان ئێستاش نەورۆز دوانە یەک نەورۆزی پاشایی پێ دەڵێن و یەک نەورۆزی جووتێری- بەڵام هەموو ئەمانە ئێمە ناگەیێنێتە پەیوەندی نەورۆز و کاوە و ئەوانەی سەریان لە مێژوو و میتۆلۆژی

دەرچووە هەڵەی وایان نەکردووە. بۆ تەواوکردنی ئەم بەشە لە باسەکە ئەوش بڵێم کە بە بڕوای من بەشی زۆری مانەوەی نەورۆز هۆی سروشتی بوونی ئەم جێژنەیە و پێم وایە مامۆستا "هێمن" لە هەموو باشتر کەلاڵەی کردووە.

بە بڕوای "هێمن" ژیانی ئاریاییەکان بەسترابوەتەوە بە مەڕدارییەوە و جێژنەکانیشیان لەوێرا دێ. دەڵێ: "...هەر بە بیری من مەڕدار لە ئاخر و ئۆخری مانگی میهر -یەکەم مانگی پاییز- بەرانیان دە مەر کردووە و جێژنی میهرەکانیان بۆ کردووە. دیارە ئەو جێژنە ئەوەندە گەورە بووە کە عەرەب وەریان گرتووە و کردوویانە بە میهرەجان و بە هەموو ڕۆژی خۆن دەڵێن میهرەجان. مەڕ بە پێنج مانگ دەزێ. پێشینان دەڵێن بەرخ پاش سەد ڕۆژ گیانی وەبەردێ و مەترسی بەرئاویتن کەم دەبێتەوە. جێژنی "سەدە" کە ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردوستان دەیکەن و پێی دەڵێن "بێلن دانا" پێوەندی دەگەڵ ئەم باسە هەیە. دوو مانگ پاییز و سێ مانگ زستان دەکاتە پێنج مانگ و لە شەوی هەوەڵی بەهاردا "زەوێ"ی مەڕ دێ و جێژنی هەرە گەورەی مەڕدارە. پێم وانیە کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە بێ، بەرخی مەستەشیر پاش سێزدە ڕۆژ دەبێ لە کۆز دەرکرێ و بە زاوەماک بیبەیە لەوەڕ. ئەوەش سێزدە بەدەرەکەمان ئەوەیە بۆچوونی منی کەڕەکرمانج کە لە ژیانی باوکمدا بەسەر مەڕزا دەگەیشتم و گەرمێن و کوێستانم دەکرد و بە پسپۆڕی ئێوبانکم هەبوو."بە پێچەوانەی چیرۆکی نەورۆز چیرۆکی کاوە لە سەرچاوەکانی جیاوازدا هەریەک چیرۆکە و هەموو بە ڕچەکەی فیردەوسی دا چوون. لە یازدە شانامەی جۆر بە جۆر تەنانەت یەکیشیان ئەم چیرۆکەی بە جۆرێکی دیکە نەگێڕاوەتەوە.

"ضحاک" کوڕی مەرداس ئاژەڵدارێکی زۆر دەوڵەمەندی عەرەبە. شەیتان فریوی دەدا کە لە کوشتنی بابی بێ دەنگی بکا و لەباتی ئەوە دەنیشێتە سەر تەختی پادشاهی عەرەبان. و "چاکو خراپیان پێ دەبەخشێ" شەیتان ئەو کردەوەی پێ ناخۆش دەبێ و خۆی بە ڕواڵەتی ئاشپەز دەردێنێ و خۆراکی بەتام بۆ زوحاک لێ دەنێ "تا ئەو دەم خۆراک بە گۆشت ساز نەدەکرا شەیتان لە گۆشتی مریشک و. خۆراکی بەلەزەتی بۆ زوحاک لێ نا" زوحاک دەیەوێ ئاواتی ئاشپەز بێنێتە دی. ئاشپەز شانی ماچ دەکا و ون دەبێ. لە جێگای ماچەکان "دوو ماری ڕەش شین دەبن" کە هەرچی دەیان بڕن هەر شین دەبنەوە. شەیتان بە ڕواڵەتی دوکتۆر دەر دێ و بە زوحاک دەڵێ "دەبێ مێشکی مرۆڤ بدەی بە مارەکان هەتا مێشکی خۆت نەخۆن" دوای هەموو ڕۆژێک مێشکی دوو کەسیان دەردێنا و دەیان دا بە مارەکانی سەرشانی زوحاک" ئەمە ئەو کاتە بوو کە تیشکی یەزدان لە جەمشید گەڕابۆوە و بە

کرداری چەوت و نەزانانە خەڵکی لە خۆی دوور خستبۆوە و لە هەر سووچێکی وڵات میرێک سەری هەڵدابۆوە و لەژێر فەرمانی دەرچوو بوون و نێوبانگی زوحاکی عەرەبیان بیستبوو و روویان لە ئەو دەکرد و بە پادشای خۆیان دەزانی. زوحاک بەرەو ئێران دێ و تاجی "کیان" لە سەر دەنێ و لەشکر لە عەرەب و عەجەم پێک دێنێ. جەمشید هەڵدێ و ماوەی سەد ساڵ ون دەبێ و ئاخریشی لە دەریای چین دەی بیننەوە، "زوحاک بە مشار دووشەقی دەکا و دنیا لەو ناپاکە خاوێن دەکاتەوە."

زوحاک هەزار ساڵ پادشایی کردووە و لەو هەزار ساڵەدا هەموو رۆژێک دەبووا دوو کەس بکوژنەوە بۆ مارەکانی. دوو ئاشپەزی پیاوچاک دەبن بە نێوی "ئەرمایل و گەرمایل" ئەوان تەدبیرێک دەکەن کە هەموو رۆژێک یەکێک لە لاوەکان گل بدەنەوە و یەکیان بکوژن و مێشکەکەی لەگەڵ مێشکی مەرێک تێکەڵ بکەن و بیدەن بە زوحاک. ئەو لاوانە کە دەمانەوە دەیان شاردنەوە و پاش ماوەیەک هێندێک مەر و ماڵاتیان دەداتێ و دەستەدەستە دەیان ناردنە بیابان و دەیان گوت نەگەڕێنەوە با نەتان ناسنەوە. "ئێستا «کورد» لەو تایفەن و ماونەتەوە کە بیر لە ئاوەدانی ناکەنەوە و ماڵیان لە پلاسە و لە یەزدانیش ناترسن"

شەوێک زوحاک خەون دەبینێ کە بە دەست یەکێک لە تایفەی جەمشید بە نێوی فەرەیدون دەکوژرێ لە فەرەیدون دەگەڕێ دایکی فەرەیدون دەیبا لە ئەلبورز لەلای پیاوچاکێک دەیشارێتەوە هەتا گەورە دەبێ و لە ئەلبورز دێتە خوارێ و دایکی پێی دەڵێ کە چارەنووسی تۆ ئەوەیە زوحاک بکوژی. لەم لاوە زوحاک هەموو پیاوە ئایینیەکانی کۆکردوەتەوە کە شایەتی بۆ بدەن ئەو قەت کاری خراپی نەکردووە. لەو کاتەدا کابرایەک کە بەر داوێنی ئاسنگەرانی لە پێش خۆی بەستووە وەژوور دەکوێ دەڵێ "من کاوەم. ئەگەر تۆ راست دەکەی حەقی من بدە. من هەشت کوڕم هەبووە حەوتیان کوشتووە و مێشکیان داوە بە مارەکانی تۆ. ئەوڕۆش کوڕی هەشتەمیان هێناوە. ئەگەر زوڵمە بەسە" زوحاک لە هرۆژم و تیژی زبانی دەپرنگێتەوە و ئەمر دەکا کوڕەکەی بدەنەوە و داوا لە کاوە دەکا کە "ئەو تۆمارە ئیمزا بکە و شایەتی بدە کە من پادشایەکی عادڵ بووم" کاوە دەستی کوڕەکەی دەگرێ و وەدەردەکەوێ و شایەتی نادا. لەناو بازاڕ خەڵک دەوری دەگرن ئەویش بەرداوێنە چەرمەکەی دەکاتە ئاڵا و دەڵێ هەموو بڕۆین بۆ لای فەرەیدون. "فەرەیدون کە جەماوەرەکەی دیت زانی کاتی ڕاپەڕینە. ئاڵا چەرمەکەی لە زێڕ و گەوهەر گرت و کردی بە ئاڵای کیانی و لەو رۆژەوە هەر شایەک هاتووە گەوهەرێکی لەو ئاڵا زیاد کردووە. فەرەیدون بڕیار دەدا گورزێکی لە ئاسن بۆ سازکەن کە وەکو سەری گا بێ و پێی دەڵێن گورزی گاسەر و

چارەنووس پێ دەڵێ کە زوحاک دەبێ بەوە بکوترێ."

فەرەیدون و لەشکرەکەی کە کاوە ئالاداری دەکا دەگەنە قەراخ چۆمی ئەروەند "شط العرب" مەلەوانەکان بەلەمیان نادەنێ. بە ئەسپ لە ئاو دەدەن و دەگەنە مەداین "پەنجا کیلۆمتری بەغدا" فەرەیدون کۆشکی زوحاک دەگرێ بەلام زوحاک لەوێ نیە و چووەتە هیندوستان. یەکێک بەرێ دەکەن کە خەبەری بداتێ. زوحاک دەگەڕێتەوە و لەگەڵ فەرەیدون شەڕ دەکا. "فەرەیدون دەیەوێ بە گورزەکە لێ بدا لە غەیبەوە بانگ دێ کە مەیکوژە مەودای تەواو نەبووە. فەرەیدون دەست و پێی زوحاک دەبەستێ و دەیبا لە دۆڵێک زیندانی دەکا. پاشان لە غەیبەوە پێی دەڵێن کە بیبە لە دەماوەند لە ئەشکەوتێکی دانێ. دوایە فەرەیدون قانوونی دەورەی جەمشیدا دەنێتەوە و دەڵێ "سوپاهی نابێ لەگەڵ پیشەکار تێکەڵ ببێ و وەک یەک بن! یەکێک دەبێ کار بکا و یەک گورز بە دەست بێ. هەرکەس لە جێگای خۆی بێ و کاری خۆی بکا هەتا وڵات تێک نەچێ ئەوەی وڵاتی تێک دابوو ئەوە لە بەند دایە." دوای قسەی فەرەیدون هەرکەس ئێویانگی لە شار هەبوو و زێڕ و گەنجی هەبوو بەرەو عەیش و نوشی خۆی رۆیشت و فەرەیدون رێزی لێ نان و کوتی من بە فەرمانی یەزدان پادشا و سەروەری ئێوەم.

فەرەیدون رۆژی یەکەمی "میهر" -یەکەم رۆژی پاییز- نیشتە سەر تەخت و جێژنی گرت و ئەو جێژنە پێی دەڵێن میهرەگان.

(زەردەشتیان ئێستاش ئەو جێژنەی هەر لەو رۆژەدا دەگرن)

سەرنجدان بۆ چەند خاڵ لەم چیرۆکەدا گرینگە. یەکەم ناوی زوحاک کە لای ئێمە بوەتە "ئەژدەهاک" کەنگێ و لەبەرچی زۆر روون نییە. دیارە گۆران و بێکەس لە شیعردا هێناویانە بەلام ئایا پێشتر لە ئەوان هەبووە یا نە نازانم. دەزانین لە سی هەزار شیعری شانامەی فیردەوسی سێ وشەی عەرەبیە ئەوانەشی بە ئەنقەست هێناوە و یەکێک لەوانە ناوی "ضحاک"ە کە ویستوویەتی لەسەر عەرەب بوونەکەی پێ داگرێ و لە چەند جێگا دووپاتی دەکاتەوە کە زوحاک عەرەبە و پادشای عەرەبانە. کەچی وشەی ئەژدەهاک پەهلەوی کۆنە (زبانی پەهلەوی دایکی زبانی کوردی و فارسی ئێستایە) و ناوی یەکێک لە پادشاکانی مادە و ئەگەر مادەکان بە کورد بزانین پادشای ئێمە بووە. (استیاک، ئەژدەهاک، ئازیدەهاک) کوڕی هوەخشتەترەیە و رەنگە عەرەبان پێیان ناخۆش بووبێ شەیتانێکی مێژوویی ناوی عەرەبی پێوە بێ و گۆڕی بێتیان و لە کوردیش بێ خاوەنتریان پێ شک نەهاتووە. یاخۆ وەرگێڕانێکی هەڵەیە لە وشەی "ئەژدەهاکەش" بەمانای وەکو ئەژدەها کە

فیردەوسی وەکو سفەی پاڵەوانی بۆ زوحاکی بەکاربردووە نەک سفەی خراپ هەروەها کە بۆ رۆستەمیشی بەکاربردووە.

یاخۆ نەخۆشینی خۆ لە وشەی عەرەبی لادان وای لێ کردووە. هەر کام بێت و هەرچۆنێک بێت بە بڕوای من هەڵەیەکی تەواوە کە دەبێ راست بکرێتەوە.

دووەم: زوحاک نە بە دەست کاوە و نە بە دەست فەرەیدون نەکوژراوە بەڵکو لە بەندکراوە، ئەگەر نەختێک بە وردی چاو لە چیرۆکە پاڵەوانیەکان بکەین دەزانین کە ئەو نەکوشتنەی زوحاک مەبەستی تێدایە. واتە ئەگەر زوحاک دیاردەی خراپییە و شەیتانە و زاڵمە، ئەوە ناکوژرێ تەنیا دەکرێ بۆ ماوەیەک لە بەند بکرێ. ئەگەر بکوژرێ دەبێ خراپە لە دنیا نەمێنێ. هەروەها سیمرغ کە یاریدەدەرە قەت نامرێ "نە چاکە دەمرێ و نە خراپە" دیارە فیردوسی ئەوەشی لەبەر چاو بووە کە لە ئایینی زەردەشتیدا شەیتان بە قەت خودا "ئەهورامەزدا-ئەهریمەن" هێزی هەیە و هیچیان بەسەر هیچیاندا زاڵ نین. کەواتە ئەو سەرە بڕاوە ئەوەی کە کاوە بە کوتکەکەی سەری پان کردوەتەوە یا... هەڵەیە و بەداخەوە ئەو هەڵە بە دەست "عەوام" نەکراوە بەڵکو رووناکبیرەکان کردوویانە و پەیکەری باپیری کوردانیان کردوەتە جەلادی سەربڕ.

رەنگە بوترێ ئەوە رەمزێکە بۆ خۆی و کوردان سەری دوژمنە داویانەتە دەستیەوە. بێ ئەوەی لە باسەکە دووربکەوینەوە و باسی رەمزبکەین ئەوەندە بڵێین کە ئەگەر ئەو هەموو بەڵایەشمان بە سەری نەهێنا با ئەو رەمزە کاری خۆی هەر دەکرد.

سێیەم: ئەو باسە کە کورد نەتەوەی کاوەی دلێرن (کە بەداخەوە لە سروودی ئەی رەقیبیشدا هاتووە) یاخۆ رۆڵەی (میدیا و کەیخوسرەون)، کە (ئەویش هەر لە ئەی رەقیبدا هاتووە) یاخۆ هیچیان نین و پێویستیان بەو شەجەرەنامە هەیە یانە بۆ خۆی باسێکی پێویستە و دەبێ بکرێ بەڵام لێرە ئەوەندەی ئامازەی پێ دەکەم کە وشەی کورد لە فارسی کۆندا بە مانای کۆچەرە. لە نووسراوەکانی (ابن حوقل واستخری) و زۆر نووسراوەی کۆنی دیکەدا هەر بەو مانایە هاتووە بۆ وێنە دەڵێن تایفە فلان لە کرمان کورد بوون یانێ هەوار و کوێستانیان کردووە و بەدوی ئاژەڵدا کۆچیان کردووە. کۆچەریش دوو بەشن یەک خێڵ و عەشیرەتەکانن، دوو قەرەجەکانن. بەپێی ئەو ناونیشانە کە فیردەوسی دەیدا مەبەستی قەرەچی بووە. ئەوکاتە بە ئێمەی کوردیان کوتووە کورد. یا بەنێو عەشیرەتەکانمان نێویان لێ بردووین یا هیندێ وشەی دیکە وەکو کاردۆخ، کاردیا، میدیا و شتی دیکە کە دیارە زۆربەشمان کۆچەر (کورد) بووین و ئێستاش ئەو جۆرە نێوبردنە لەلای خۆمان هەرماوە

دەڵێن کابرا گەڵواخیە یا شکاکە یا بارزانییە.... بەگشتی ئەگەر ئەو خۆ بە نەتەوەی کاوە زانینە لەوەوە هاتبێ کە لەم چیرۆکەدا باسی کراوە -کە من پێم وایە هەر لەوێوە هاتووە- ئەودەم نابێ رۆڵەی کەیخوسرەو بین چونکە لە یەک بنەچەکە نین. من پێم وایە ئەو رەگ و رەچەڵە دینەوە بە پەلە کراوە و کاتی خۆی ویستویانە پێ داگرن لەسەر ئەوە کە ئێمە جیاوازی بنەڕەتیمان لەگەڵ عەرەبان هەیە یاخۆ لەلایەکی دیکەوە ویستویانە بڵێن پەیوەندی نەتەوەییان لەگەڵ ئێرانیان هەیە و تامانەوێ جوێ بینەوە -ئەمەی داوییان هەلومەرجی سیاسی دەورەی جمهوری کوردستان دەگرێتەوە.

چوارەم: بەپێی هەڵسەنگاندی ئەمرۆیی لە روانگەی میتۆلۆژی ناسیەوە سەبارەت بە چیرۆکی زۆحاک و فەرەیدون دوو بۆچوون هەیە. یەکەم: دەڵێن زۆحاک عەرەبە و داگیرکەرە و خەڵک -پاش هەزار ساڵ- راپەریون و پاشای خۆیانیان هێناوەتەوە و کاوەش رەمزی ئێرادەی خەڵکە. ئەم بۆچوونە زیاتر لەلایەن شۆڤێنیە ئێرانیەکانەوە تام و خوێ دەدرێتی و شاکانی ئێران هەموو کاتێک خۆیان بە نەتەوەی جەمشید داناوە و ناردراوی خودا و ئەوەشیان تەبلیغ کردووە کە ئەگەر خەڵک رۆژێک راپەڕێ هەر بە پشتیوانی ئەوان رادەپەڕێ و..... دووەم: لێکدانەوە بەپێی ئەو تایبەتیانەیە کە فیردەوسی بۆ سەردەمی زوحاک و جەمشید قایل بووە و پاشان فەرەیدونیش دێ و هەر ئەو یاسای دەوری جەمشید دادەمەزرێنێتەوە. فیردەوسی دەڵێ جەمشید وای دانا کە هەرکەس جێگای خۆی بزانێ و بەپێی جێگای کۆمەڵایەتی بەشی هەرکەس دیاریکرد. واتە چینایەتی دامەزراند و خۆی لە سەرەوەی هەمووان بوو و خەڵک پشتیان تێ کرد و روویان کردە زوحاک کە "چاک و خراپی پێ بەخشی بوون" و یاسای جەمشیدی تێک دابوو. فەرەیدون کە دێ دەڵێ هەرکەس بچێتەوە جێگای پێشوو جووتێر و سوپاهی تێکەڵی یەک نەبن. هەرکەس پلەی کۆمەڵایەتی خۆی بزانێ. ئەم وتە دەبێتە هۆی ئەوە کە "هەرکەس دەوڵەمەند بوو شایی کرد و جیژنی گرت بە مەی و ساقی و ساز" کاوەش کودەتاچیەتی بۆ هێنانەوەی نیزامی چینایەتی کردووە. بێ ئەوەی بمەوێ لە نێوان ئەم دوو بۆچوونەدا بڕیاری خۆم دەربڕم سەرنجتان بۆ ئەوە رادەکێشم. ئەگەر وەبیربێنینەوە زوحاک عەرەب بووە و عەرەبان لە سەردەمی ئیسلامدا دروشمی برایەتی و یەکسانیان هەڵگرتبوو هەر بەو دروشمەش ئێرانیان داگیرکرد و پاشان دەستیان کرد بە پاشایەتی کردن و زوڵم و زۆر ئەودەم زەریفی و ناسکی و دیالکتیکی ئەم چیرۆکەمان لێ روون دەبێتەوە.

لە کۆتاییدا ئەوەش بڵێین میللەت بوون و نەبوون، بەرحەق بوون و نەبوون، خەبات بۆ

ئازادی و سەربەخۆیی هیچیان بەوەوە نەبەستراونەتەوە کە لە مێژوویەکی ئەفسانەییدا چ ڕووی دابێ و چ ڕووی نەدابێ و خۆ بە کوڕی کێ بزانین یا نەزانین. ئەورۆزگرتنیش بەوەوە گرێ نەدراوە کە کاوە کردبێتی یا کەسێکی دیکە تەنانەت لە مێژوودا هەبووبێ یا نەبووبێ. ئێمە دەبێ ئەوەندە کە دژی شوڤێنزمی داگیرکەری فارس و تورک و عەرەب ڕادەوەستین خۆمان لە شۆڤێنزمی کوردی بپارێزین کە بەداخەوە لەم دواییانەدا زۆر لە بیر و بۆچوونەکاندا ڕەنگ دەداتەوە و هەست پێ دەکرێ.

١٩٩٣

# هۆمۆ سۆڤێتیسکۆس(١)

# Homo Sovietiscus

## تا ئەو دەمەی مرۆڤی سۆڤیەتی لە روسیادا ماوە

نووسینی: Valerij Berkov
وەرگێڕانی: گۆران مەریوانی

ئێستا یەکێتی سۆڤیەت وەک زلهێزێک، تەنیا حیکایەتێکە. وەک زاراوەیش، یەکێتی سۆڤیەت زاراوەیەکی بەسەرچووە. دیارە بە پێودانگی لۆژیکیش، دیاردەی هۆمۆ سۆڤێتیسکوس کۆنینە و قەدیمەیە. وەلێ کار هێجگار ئاوها ئاسان نییە! رۆژگاری دوور و درێژی حوکمی رژێمی تۆتالیتێری (٢) شوێن و پەنجە و مۆرکی خۆی بە ئەندازەیەکی باڵا و بڵند لە نێو دڵ و دەروونی خەڵکیدا بەجێهێشتووە. جا ساڵانێکی فرەی دەوێ تا مێنتالیتێتی (٣) سۆڤیەتی جێی پێ لێژ دەبێ و لەبەردەم یەکێکی نوێدا سەرشۆڕدەکا.

دووان دەربارەی هەڵسوکەوت و کەرەکتێری (٤) خەڵکان و میللەتان، کارێکی گەلەک دژوار و سەختە. ئەو نووسەرەی مامەڵە لەتەک بابەتێکی ئاوهادا دەکا، هەمیشە خۆی دەکاتە شوێن پلار و توانج؛ کە بەم کارەی ناو و ناتۆرە، شاخ و باڵ لە مەردمان دەنێ، یاخود گوڵ دەدا لە ئێنخەی میللەتان، بۆیێ دەکرێ بگوترێ کە هەندێ سەرنج و تێبینی لەجێی خۆیدا دەبێ، ئەو دەمەی باسی پێکهاتنی تەرزی هۆمۆ سۆڤێتیسکۆس دەکرێ.

یەکەمین یەکێتی سۆڤیەت چەند کیشوەرێکی فرە نەتەوە و خەڵک و مەردمی جوداجودا بوو. هەر نەتەوە و گەل و میللەتێکیش بە مۆرک و نەسڵ و خەسڵ و نەژادی تایبەتی خۆیەوە. بۆ نموونە، رووسێکی سەر بە ناوچەی ئیڤانۆڤۆ Ivanovo جودایە لەتەک ئۆزبەکێکی سەمەرقەندی. یان ئەرمەنییەکی سپی تاکە Spitaka لەگەڵ بورژاتێرێکی Burhater ئۆلان-ئودی Ulan-Ude. هەر بەهەمان شێوەش، لە رووی کۆمەڵایەتیەوە، وڵاتە یەکگرتووەکانی سۆڤیەت، یەکێتیەکی پەرش و بڵاو و تێک هەڵنەشێلراوی هەبوو -(بە پێچەوانەی دەهۆڵ و زوڕنای رژێمەوە، ناتەبایی چینایەتی ئەوسا و ئێستاش، زەق و تەق هەمیشە بە پێش چاوانەوە بووە)- بۆیە حەزدەکەم بێژم کە ئەم ئارتیکلەی من پێشتر رووی دەمی لە مێنڵ کلاسی (چینەکانی ناوەڕاست) رووسی زمانە، ئەوانەی رووسی دەپەیڤن.

* مینتاڵیتێتی (٣) رووسی هەر لە دەی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بەدواوە، سامناکترین تاقیکردنەوەی کۆمەڵایەتی لە مێژوودا بەخۆوە دی. رۆحی رووسی، شێوە و رووخساری تێک و پێک درا و سەر لەنوێ فۆرمی درایە و، ئەمجارە هەر لە بن و بناوانەوە

گێڕ و سەقەت هێنرایە دونیاوە و بەد خولقێنرا. ئەو باری دەروونی و رۆحیەی کە ئێستا زاڵە و لە ئارادایە، بەرهەمی هاوپەیوەندی نێوان مۆرک و رەچەڵەکی لە ئەندازە بەدەری شۆڕشگێڕی تایبەتی رووسە لەلایەک، لەلایەکیش مێژووی پڕ لە ترس و لەرزی ئەو. ئەوجا ئەو هەوڵ و تەقەلایەی کە ئێستا دەدرێ بەنیازی ئەوەی ئەفسانە و، میستیسکی (٥) (نهێنی شاراوەی) رۆحی رووسی روون بکاتەوە بە یارمەتی و هاوکاری بەرهەمەکانی دۆستەیەفسکی و تۆلستۆی کاڵ و کرچ و بێ سەمەرە. (٦)

دوا سەرنج: ئەڵبەتە ئەو پیاهەڵدان و گوتنەی لە دووتۆی ئەم چەند لاپەڕەیەدا بەرچاوت دەکەوێ، شتێکی رەند و جوان نییە بۆ ئێمە. ئەمن تا بۆم کرابێ پڕ حەزەر و نەفەس درێژ و بەئارام بووم لە رێنوسی باسەکەمدا. گەلێک لایەن و بەشی ئەم باسە بە شەرمەزاری و کسپەی جەرگەوە نووسراوە. بەم جۆرە نووسینانە دەکرێ بگوترێ، جۆرێ لە رووت و قوت کردنەوە و داماڵینی نەتەوایەتی و، ماسۆشیزم (٧). بەڵام کەس سوود و قازانجی لە بەفریشتەکردنی دەعەجانانیدا نییە. بەلاشمەوە گرنگە کە خەڵکی و مرۆڤانی تر، بەکراسی بەری خۆیانەوە، چۆنین ئاوها هەڵسوکەوتمان لەگەڵدا بکەن. تێگەیشتن خۆی لە خۆیدا یانی بەخشین و لێبووردن.

* * *

* یەکێک لە رەوشت و رەفتاری بڵاو و درەخشانی هۆمۆ سۆڤێتیسکۆس، هەستکردنێتی بە نائارامی و بێ دڵدەیی و ترس لێ نیشتن. ئەم رەوشت و خووە، میراتیەکە هەر لە رۆژانی یەکەمی دەسەڵاتی سوڤیەتیەوە بە میرات بۆمان ماوەتەوە. ئەو دەمانەی یاسا لە ئەندازە بەدەر پێشێل و بێ حورمەت دەکرا، سووکایەتی بە داد و دادوەری دەکرا. شان بە شانی: جەنگی خوێناوی ناوخۆ، دادگای شۆڕشگێڕیی بازاڕی و سەرپێی، خان و بەرەو، ماڵ و موڵک زەوتکردن لەژێر زوڵم و جەوردا، (چەی کا) (GPU, NKVD, MVD, KGB)، ژیانی پڕ سەخت و سامناکی ساڵانی سییەکان، کە نەک هەر ملیۆنێک مرۆڤ، بەڵکو باشترینیان و رووسوورترینیان وە زیندان نران و تیرەباران کران، دوای سەیر و سەمەرەترین دادوەری، مەحکەمەکردن و بەتاوان لە قەڵەمدانی رابەران و رووناکبیران... ئیدی ئابە و چەشنە... ئەمانە رێگایان خۆشکرد کە هەر یەکێک لە هەموو کات و ئانێکدا، ترسی ئەوەی لێ نیشێ کە سووک و باریک دەکرێ تاوانباریکرێ، ئیدی بە هەچ بەهانەیەک بێ، دواجاریش چی هەیە و نییە لە دەسی بدا، بەڵێ سەری تێدا بچێ: ژیانی! هەموو تێکۆشان و خەباتێکیش دژی ئەم دەوڵەتە زل و زەبەلاحە هەر پێش سەرهەڵدانی مەحکوم کرا. لەنێو منداڵدانی ئەم هەل و مەرجانەدا کە باسی لێوەدەکەین، رەشبینی، ملکەچی و بندەستەیی، فەتالیزمی (٨) -(بڕواکردن بە چارەنووس، بەوەی چی هەیە و نییە لە تەختی تەویڵمان نووسراوە)- چاوی بە دنیا شادبوو.

* سووکایەتی بە سەخترین شێوە بە داد و یاسا و دادپەروەری دەکرا. وەنەبێ ئەمە تەنیا حاڵ و گوزەرانی ئەو رەشە خەڵکە بوو بێ: نەخێر... هەموو... کەسانی باڵا و

دەستڕۆیشتوو، خاوەن کورسی زل و قەبە، بێ سەر و شوێن چوون. داخۆ چارەنووسی ڕابەرانی، نیمچە میرخانی شارەکەی من، سانت پێتیرسبۆرگ بە کوێندەرێ گەیشت؟ زادەنۆڤ، کۆزلۆڤ، تولستیکۆڤ، ڕۆمانۆڤ، زایکۆڤ، سۆلۆڤیێڤ و ئەوانی دیکە؟! ئەمانە ئەوە ناگەیێنن کە من بیری ئەم زاتانە دەکەم، نەخێر... بەڵام بەهەرحاڵ...

* کوێرە حوکم و ڕەفتاری شەللم کوێرم ناپارێزمی دامودەزگا و دائیرە دەوڵەتییەکان، ڕق و کینە و قێز لە خەڵک کردنەوە، لەو خەڵکەی کە بیووە بنیشتە خۆشەی سەر زاریان، گوایێ بۆ خزمەت و بەرژەوەندی ئەو قوربەسەرانەیە شەوگار تەی دەکەن. ئەمانە گشتی تەنانەت لە مەسەلە ئابوورییەکانیشدا ڕەنگیان دابۆوە. جڵەوی ژیان توند و تیژ گیرابوو، ژیان پڕ ببوو لە یاساخی و قەدەغە و نابێ و نەکەی! سەرپێچیکردن لە یاسای وەختی و کاتی و سووتەمەرۆیی؛ جا با بە بووختان و درۆ دەلەسە هەڵبەستنیش بایە بە سەخترین شێوە سزا دەدرا. دەوڵەت بو خۆی دەیزانی چ بۆ ئەو خەڵک و مەردمە باشە و ئیدی هەمیشە لەسەر هەق بوو. بۆ نموونە ڕۆژانێ بوو، دەوڵەت لە جوتیارەکانی یاساخ کردبوو کە ببنە خاوەنی مانگای خۆیان، وەلێ هەر دوو ساڵ دوای ئەم یاسایە، دەوڵەت پاشگەزبۆوە و دەستی کرد بە جووق و بووق لێدان، کە مەڕ و مالآت و ئاژەڵ بەخێوکردن کارێکی ڕاست و شیاوە، لە بەرژەوەندی وەرزێرانیشدایە! نەخێر هێندەی نەبرد، دەوڵەت پەنجەی پەشیمانی دیسانەوە گەزی و بەری لە خاوەندارێتی مانگا و ئاژەڵ گرت.

* * *

* سکاڵاکردن و شکایەتکردن بێ سوود و بێهودە بوو. تەواوی ڕژێم، کۆنکرێت ئاسا، توند و مەحکەم بوو، چەکدار بە پەیوەندی کەسایەتی و بەرژەوەندی تایبەتی، مامەحەمەیی و سەر و قنگی یەکدی بوون و دەستگرتن بە پشت و پاشەڵی یەکەوە، بەرتیل و بەرتیلکاری... ئەوجا دیماگۆگیەت...

ئەمانە لەبن نەدەهاتن و بنبڕ نەدەکران.

* وەلێ هۆمۆ سۆڤیێتیسکۆس تەنیا تەنیا بەوە ڕانەهاتووە و ماڵی نەبووە کە فێربێ ببێ بەژێر دەست و پێی پۆلیسی نهێنی و دەوڵەتیەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی، سۆڤیێتیسکۆس، ئێستا و ئەوساش بێ پەرژین و ئێشکچی و داڵدە بووە، بێ پشت و پشتیوان بووە. بەرامبەر هەموو یەکێ لەوانەی کە ڕۆژێ ڕێی تێکەوتووە و ناچاربووە قەدریان بگرێ تا کوێرە گوزەرانی بەڕێوەبەرێ، جا ئیدی خوای دەکرد بیرۆکراتی دوا پلە و پایەی پەیژەی هیرارکی بایە، مووچەخۆرێکی چکۆلەی پرسگایێ Expedition، ئیدی چ پێویست ناکا گیاندارانی زل و زەبەلاح بهاوێژینە گۆڕێ، وەکی پۆلیسی هاتوچۆ، کارگێڕانی سوشیاڵ و فەرمانبەرانی کۆمەڵایەتی!

ئەوا گریمان شەپازللەیەکی عەنابییان لە پەنا گوێت سرەواند، کاتێ کار و ئیش دایەشکرا، پشت گوێیان خستیت و بێ کار مایتەوە، ڕاست و چەپێکیان بەسەر داخوازیەکتدا هێنا کە داوات کردبوو بچینە هەندەران... لە حاڵەتی ئاوهادا دەتوانرا تەنیا

دوو شت بکرێ: یان لە بەردەم خزم و خزیشا دەردی دڵی خۆتت دەربڕی با، بێگومان دوای ئەوەی بۆ دڵنیایی تەلەفوونەکەت لە قەد دیوارەکەی دەکەیتەوە، یاخود ڤۆدکا لە کزیی، برژ تا بینە قاقای تیٚ تیٚ...! ئەزموونی هاونیشتمانیمان وای دەردەخا کە بە گرێ دانی ئەو دوو خاڵەی سەرەوە، باشترین سەرئەنجام و کاریگەرترین سەبووری و دڵنەوایی وەدەست دێنی.

* هۆمۆ سۆڤێتیسکۆس، بە درێژایی ساڵانێکی دوور و درێژ، نەک تەنیا بێ پشت و پشتیوان بووە، بگرە گیرۆدەی پابەند و مزگێنی بووە. لە سەرو هەموویانەوە دەست بەسەر و مەحرومی ئازادی کۆمەڵایەتی و لایەنە دەروونی و رۆحیەکان بووە. کەسێ بۆی نەبووە بە دامودەزگای دەوڵەت و رابەرانی راگەیەنێ کە لە کل جوانتر بە چاویانەوەیە. یان توانیبێتی لە بەردەم کارێکی ناشیاو و نابەجێدا کەمێ دەنگی نارەزایی بڵندەوەکا. ناوی سەفەر و هاتوچۆ، ئەوە خۆ لە کولەکەی تەریشدا نەبووە. کەس نەبووە بە حەز و ئارەزووی خۆی کتێبێ هەڵبگرێ و چاوێ بە ئامیلکەیەکدا بخشێنێ؛ یان بچێتە دیدەنی فیلمێ کە ئارەزووی لێیەتی!.

* خۆ مەسەلەی پابەندی و گیرۆدەیی ئابووری و مزگێنی، بەئاشکرا لە بواری مەسەلە ئابوورییەکاندا روون و دیارن. یەکێتی سۆڤیەت کۆمەڵگای قات و قڕی کەلوپەل بووە، هەر لە تەنیشت ئەمانەشەوە، نەبوونی پێداویستی گرنگ وەک خانوبەرە، لە سەناتۆری کەوتن، جێگا و ماڵی پشوودان و هۆڵیدەی، دواجاریش سەفەری دەرەوەی وڵات. ئەوە خۆ ئوتۆمبیل، شتومەکێ بووە لە نهۆمەکانی سەری سەرەوە بەخشراوەتەوە! خێزانێکی چوار سەر تەفەری، لە کەلەگیەکی پازدە مەتر چوارگۆشەدا دەژیان، لە ئەپارتمانێکدا کەسێ تا پێنج سەرخێزانی دیکەشی گرتبووە خۆی! هەر ئەم خێزانە دەبوو دە تا پێنج ساڵێ لە فایل و لیستەی چاوەڕوانیبدا، چاوەڕوانی رەحم و کەرەم بن. خۆ ئەگەر خاوەن ماڵ کەمێ دەمەقاڵێ و بۆڵەی بایە لەتەک یەکێ لە سەرەکی دەستگاکانی خانووبەرە، یان لێپرساوی کارگەی خانوو سازدان، یاخود بەرپرسی یانەی خانووبەرە و ماڵ، ئەوە ئیدی پێویست ناکا باسی KGB بکەین کە لە گشت کون و قوژبنێکدا گوێ قولاخ بوو، نەخێر پێش ئەوەی بچینە بەردەم KGB، هەزار و یەک بەهانە و بیووره، نابێ و ناکرێ دەدۆزرایەوە تا سەرەی خێزان بخۆن و ئاسمان بکەنە بنمیچیان. ئەوانەی دیاری و بەرەکەت و رەحمەتیان دەبەخشییەوە دەسەڵاتداران بوون، ئەوانەشی پێویستیان پێ بوو، دەبوو لە ژێر نووکی شەق و پۆستاڵدا ئەمین و مەتمون بوونایان، هیچ نەبێ بە سەرزارەکی وایان نیشان بدابا کە بەئەمەک و بەوەفان و دەست لەسەر سینەن!.

* دوودڵی و ناکاملی و نەگەیبوی لە رووی سیاسییەوە، سەرەنجامێکی سروشتی ئەم نائازادی و ناسەربەستی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆحیەیە. پەرەسەندنی ناسروشتی وسەقەت و گێڕی کۆمەڵایەتی تا ئەوڕۆش مۆرک و رەگی خۆی لە دڵ و دەروونی هۆمۆ

سۆڤیتیسکۆس دا داکووتاوە، ئەویش لە نەبوونی بیر و راوێژی پۆسەتیڤ و هەچ کەس سەرگەرمی حەز و عەشقی دەستە و تاقمی خۆیەتی، لە جقڵدانە تەنگی و بێ ئارامی و بێ هیوریدا خۆی دەنوێنێ. ئەوەتا مرۆڤ هەمیشە چاوەڕێیە کە دەوڵەت تەنگ و چەڵەمەی تایبەتی و ماددیەکانی بۆ چارەسەربکا. ئەم دیاردەیە درێژدەبێتەوە و لە دڵ و دەروونی ئینسانی سۆڤیەتیدا بە دوو خەسڵەت و شێوە خۆی دەردەخا:

* ئەوی یەکەمیان سەبر و تەحەمموللە. چونکی بە درێژایی ئەم چەندین ساڵە، ناڕەزایی و دەنگ هەڵبڕین، پەلەقاژەکردن بێ سوود و مانا و پڕ ترس بووە، جا وا باشە مرۆڤ شوکر و قانیع بێ بەوەی هەیەتی و نییەتی، بەوەشی دەیدرێتێ. سەیران کەران و گەڕۆک و دیدەنی کەرانی رۆژئاواییەکان دەبینن ئەوەتە خەڵکی بێ هەوا و لامویالات لە ریز و سەفی دوورودرێژدا وێستاون بۆ شتومەک. ئەڵبەتە ئەوەش بگوترێ کە ئەمە رەوشت و کەرەکتێرێکی نەتەوەیی میللی رووس نییە. بەڵام خەڵکی گەیاندراوەتە ئەو قەناعەتەی کە هەڵبەز و دابەز، هەی داد و بێ داد، لە رێی خودا و پێغەمبەر و مەزناندا... ئیدی بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان سکالاْ و داخ و زووخاوی دڵ دەربڕین بێهوودەیە. ئیتالیاییەک، یان سویدییەک چەند هاتۆتە دنیاوە بۆ ئەوەی لە سەف و ریزدا سەرە بکرێ، ئێمەش ئەوەندە. جوداییەکەی لەوەدایە، ئێمە ناچارین و دەبێ بووەستین! جا بۆیە ئێمەش بە ژیری و عاقڵی دەزانین کە خۆمان هیلاک و ماندوو نەکەین، سەرفی نەزەر بکەین و دەست لەم ورت و وریا و هەرا و هوریایە بکێشینەوە، تا هێز و توانامان بە بەلاش و حەلاش نەچێ!.

* ئەوی دی، یانی رەوشت و رەفتاری دووەم، بەزەیی هاتنەوەیەوە بە خودی خۆتدا و دڵ بەخۆ سووتانە. هۆمۆ سۆڤیتیسکۆس خۆی وەک قوربانییەک دێتە پێش چاو. ئاخر ئێمە گشتمان قوربانی زیاد لە هەفتا ساڵی بەدحوکمین. لە جێی ئەوەی دەستەوسان نەوەستین هەوڵێ بدەین، خەریکی ئەوەین رق و تووڕەییمان بگرینە کاربەدەستانی هیچ و پووچ و بێ دەسەلات، کۆمۆنیستی لەعنەتی پیر و جیر و بیرۆکراتەکان، کەوکاسیەکان، جولەکە و باڵتەرەکان و بەڕێوەبەری ناعادیلی دائیرەکەمان...

* خەڵکانێک کە هەمیشە بەناوبانگ بوون بە دڵ و دەم و دەستکراوەیی و میواندارێتی، ئێستا لەژێر باری راکە راکە و فڕکە فڕکەدا هیلاک و ماندوو و خەستەن، هەناسەسوارن، بێ هیوار خەون و خەیاڵن. ئەڵبەتە لەخۆڕا نییە ئەگەر بنووسین: دڵ رەق و پێست ئەستوور و زبر بووینە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە بووینەتە گیاندار و جانەوەری دوو پێی کێوی و دڕندە، نەخێر مەسەلەکە توخنی ئەمانە ناکەوێ، بەڵام ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە ئێمە دڵ رەقتر و بێ رەحم تر بووین بەرامبەر هاودەم و مرۆڤەکانی دەوروپشتمان. بەدبەختیکە لەوەدایە کە گۆزەی ناڕەزایی هەمیهشە لە سەری ئەوەدا دەشکێت کە بو نەگبەتی لە نزیک ئێمە، یان لەو ناوەدا خۆی دەبینێتەوە و وەستاوە! جا هاوسەفەر و کۆچت بێ، ئەوەی کە لە پێش تۆدا وەستاوە لە سەفدا، ئەو دراوسێ نەفامەی کە دەنگی تەلەفزیۆنەکەی بەرزکردۆتەوە، برالە نمونە فرەیە لەم بابەتە!.

* تێگەیشتنی خودی خەڵکی سەبارەت بە خودی خۆی، ئەفسانەوی و حیکایەتاوی بووە. هەر یەکێک لە ئێمەش لەو ئەفسانە و چیرۆکانەدا چاوی هەڵهێناوە و پەروەردەبووە؛ کە گوایێ چۆنیەتی تەرزی کۆمەڵگای ئێمە هەر لە بناغەوە لەسەر هەق و راست شوناسی دروست بووە، خاوەنداریتی تایبەتی نەگبەتی و قوڕبەسەرییە، تەنیا ئەوانەی بێ پووڵ و پارە و ئامراز و ئامێرن، دەم راست خاوەنی دروستترین فەلسەفە و بیروباوەڕن، خەڵکی سوڤیەت، ئۆباڵ بە گەردنم هەمیشە هونەرپەرست و ئەدەبدۆست بوون، تاقە میللەتێکن لەنێو میللەتاندا کە پێشتر و زیدەتر خەریکی موتالاٰن، خاوەن کەلتوور و... ئیدی نمونە و درۆ و دەلەسە بێ پایانە. ناتوانرێ و نەکراوە بە هیچ جۆرێک نکۆڵی لەوە بکرێ کە بە گوێ درێژکردن و بە ئەحمەقکردنی ئەو هەموو خەڵک و میللەتە بێ فەڕ و بێ سەمەر بووە، نەخێر میوە بەری خۆی هەبوو. ئەو میوەجاتەش بە دەم گەلێک تفت و تاڵە. ئەوتا لە گەرمەی قاتوقڕی و برسێتیدا، ئەو دەمەی خەڵکی کاتێکی زۆر سەرف دەکەن تا بەکاردا رابگەن و لەکار دوور بکەونەوە بەرەو ماڵ، لە تۆتۆبوسی ورگ ئاوساو و پڕدا، ئاوی پێیان داهاتووە هێندە وەستاون لە ریز و سەفدا، تا دوجار و لە ئاخردا بەرامبەر (TV) دابنیشن و پشویەکیان پێدابێتەوە، تا لەم کەین و بەینەدا، وا دەزانین و باوەڕمان وایە کە ئێمەی سۆڤیەتی، لە رووی دڵ و دەروون و رۆحیانەتەوە، لە رۆژئاواییەکان گەلەک بەسەنگتر و دەوڵەمەنترین!.

* پەیوەندیمان بە خەڵکی دیەوە بە هەنگەشەلێ دەڕوا. لەلایەک هۆمۆ سۆڤیتیسکوس بە دەردی "هەست بە کەم نرخی خود" ـەوە دەتلێتەوە (– لەتەک ئەوەشدا کە بووق و تەپڵ لێدان هەرگیز لە کارنەکەوتووە، کەچی بەشێکی برشتی خەڵکەکە ئەو هۆشیاریەیان هەبوو کە ئەو خەڵکەی لەژێر باری گرانی نامرۆڤانەی سەرمایەداریدا دەتلانەوە– پووڵ دارتر و سەربەست تر بوون لەئێمە)!! لەلایەکی دیشەوە، ئەم جووق و تەپڵی پرووپاگەندەیە، کە دار و بەردی سۆڤیەتی هەراسان کردبوو، خەڵکێکی زۆری پێ لە خشتە بردرا. شتێکی سروشتییە مرۆڤ دەیەوێ سەربەرز و رووسوور بێ بە زێد و وڵاتیەوە. بەڵام ئێمە مانان گەر نەمانتوانیبێ، لاف و گەزافی ئەوە لێبدەین کە ئازاد و سەربەست و تێر و تەسەلین، ئەوە خۆ هەمیشە ویراومانە بیبێژین: کاکی خۆم گاگارین یەکەم کاپتنی ئاسمان بووە. براله، کەس هەیە بوێرێ لە بەردەم بالێتی سۆڤیەتدا بڵێ من کوڕم!

* خۆ گەر هەر هیچ نەبێ، زاڵبوون بەسەر ئاڵمانیای نازیدا ئەوەمان پێ رەوا دەبینێ سەربڵندبین!

بابی بابم، ئاخر ئەمە بۆ خۆی کەم نییە!

* فرە لە نووسەرانی دەرەوە و ناوەوەی سوڤیەت، هۆمۆ سوڤیتیسکۆس وەک جنێو و توانج بەکاردێنن. ئەڵبەتە ئەوەی منیش لێرەدا نووسیوومە، بەستەی هەڵپەڕکێ و شایی لۆغان نییە. وەلێ لە کۆمەڵگایەکی گرفتار و خەستەدا، گەلێک سەختە مێنتالیتێتێکی (٣) خاوێن و پاک وجودی هەبێ. گەر بکرێ، کۆمەڵگا پاکژ و چاک کرێ، دەبێ مرۆڤ

پێوەدانێکی ناخودپەرستانە و ئۆبجەکتیڤانە بەکاربهێنێ، با ئاکامیشی دڵ تەزێن و جگەربڕ بێ!

***

داخۆ ئەمانە ئەوە دەگەیەنن کە هەرچی مێنتالیتێتی هۆمۆ سۆڤێتیسکوس هەیە نەخۆش و لاواز و هەقی تورهەڵدانە؟ بێگومان نا. ئەمن تەنیا نووکی ئەشتەرم لەوە داوە کە بەرووبوومی، مۆدێلی سۆڤیەتیە. لانی خاس و چاک کە زۆربەی زۆری رەوشتی هاوولاتیانی من دەگرێتەوە:

خۆشەویستی رەسەن و ئەسیلی ولاتی دایک، هاریکاری تا رادەی خۆ لەبیرچوونەوە لەنێو یەکدا لە بەردەم مەسەلەیەکی هاوبەشدا. گرنگی دان بە گیروگرفتە ئەزەلییەکانی (وجودییەکانی) مرۆڤایەتی، کراوەیی و دڵ لەسەر زاری، راستی و هەقپەرستی، رووداں بە میوان و میواندارێتی، سادەیی و خۆبەزلنەزانین... ئەمانە هەمووی هەن سەرباری ئایدیۆلۆژیی قەدیم و کۆنینەی سۆڤیەت و بەرهەمی ئەو ئایدۆلۆژییە مێژووییەش نین!!.

* ئێمە ئێستا بە یەکێ لە سەختترین قۆناغی مێژوومانددا رادەبرین. بەڵێ راستە ئێمە برسی و هەژارین، هیلاک و ماندووین، لە رووی سیاسییەوە کاڵ و کرچ و ناکاملین، بەلام لە پێش گشت شتێکدا فێرنەبووین بڕوامان بە خۆمان بێت. ئەوەتا رۆژ لە دوای رۆژ، بەشێکی زۆری ئێمە بۆی ساغ دەبێتەوە کە ئێمە دەبێ راستەوەبین، راچڵەکین، دوای نەخۆشیەکی دوور و درێژ و سەخت، دەبێ دەسبەرداری ئەوەبین کە خۆمان بە کەم، یان بە زل بزانین. ئاخر خەڵک و مەرومالی ئێمە نە دانسقە و هەڵبژاردەن، نە یەزدانی مەزنیش رووی خۆی لێ وەرگێڕاون. نە زیندەڕزییە، نە کەمرۆییە، گەر بڵێین ئێمە خەڵکانێکین، کەسانێکین بە چارەنووسێکی تراژیدیاییەوە! ئێستا کە مێژوو بوار و هەلێکمان بۆ دەرەخسێنێ، دەبێ ئێمە دەم و دەست پەلاماری بدەین و بیقۆزینەوە.

* دەبێ دەست بەکاربین -کار و تەقەلایەکی سەخت و دژوار، پڕ لە وژدان و بەپیت و بەرەکەت و بەرهەمهێنەر. ئەمانەیە تەنیا نەجات و رزگارکەرمان.

## پەراوێزی وەرگێڕ:

* Valerij Berkov: پرۆفیسۆری سکەندەناڤیستیکە (زمانە سکەندەناڤییەکان) لە دانشگای سانت پیترس بۆرگ. ئەم ئارتیکلەی بە ئەرویجی نووسیوە، ئەمن لەئەرویجیەوە وەرم گێڕاوە و دوایی بەراووردم کردووە لەتەک دەقە سویدییەکەیدا. بڕوانە G.P، لاپەرەی Kultur، بەکشەمەی نۆڤەمبەری ۱۹۹۲، S. :renberg

١- هۆمۆ Homo: لاتینی (ل) مرۆڤ، ئینسان، لێرەدا مرۆی سۆڤیەتی.

٢- تۆتالیتێری (totalit'r)، (ل)، رژێمێک کە یەک پارت و دەست و تاقم بەرێوەی بەرن، دیکتاتۆرییەت.

٣- مێنتالیتێت (Mentalitet)، (ل) شێوە و رێگەی هەست و ئەست و بیرکردنەوە، پێشتر لە رووی رۆحی و باری سایکۆلۆژی، دەروونییەوە. سیفەتە سایکۆلۆژییەکان.

٤- کەرەکتێر Karakt'r، (ل)

٥- میستیک Mystik (ل)، لەغز و نهێنی شاراوەی دەروون و لایەنە شاراوەکانی رۆح.

٦- ئەم دیاردەیە لای ئێمەی کوردیش هەر هەمان رێس و خوریە. لە کۆتایی پەنجا و سەرەتای شەستەکانەوە، رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کورد، چ بە رەسمی یا نهێنی، چوونەتە یەکێتی سۆڤیەت، بۆ خوێندن و سەردان.. گەر ئەو دەهۆڵ و زۆڕنایەی لێ دەربکەین کە بۆ سۆڤیەتی کۆن دەژەنرا لەماوەی چل ساڵی رابووردوودا، باقی ئەوەی دەمێنێتەوە، بەخوداکردنی دوو شاعیرە رۆمانسییەکەی سەرەتای چەرخی نۆزدەی رووسە، لای خوێندەوارانی کورد، مەبەست لە پوشکین و قوتابییەکەیەتی لیرمۆنتۆڤ. بەڕاستی شەرمە!.

٧- مامزۆشیزم Masochism ، (ل) لەزەت وەرگرتن لەوەی کە لەبواری سێکسدا، ئازار و ژانت پەدەنێ -لەرووی فیزیکیەوە- لە رووی دەروونیشەوە هەست و نەستت بریندا بکرێ و سووکایەتیت پێ بکرێ.

٨- فەتالیزم Fatalism (ل) بڕوابوون بەوەی چارەنووس هەر لە ئەزەلەوە دیاریکراوە.

٩- مۆدێل Model، (ل) لێرەدا بەمانای مۆدێلی ساڵ و کات نایە، بەڵکو نمونە و بابەت (نموذج، مثال).

# دایکسالاری لە داستان و بەیتی کوردیدا

فازیل کەریم ئەحمەد

ماوەیەک دۆزینەوەی ئەم ناونیشانە خەریکی کردم. لە نێوان چەندان ناونیشانی جۆراوجۆردا گیرم خوارد بوو، کە لەگەڵ ناوەرۆکی باسەکەدا بگونجێ. پێش گەڕان بە دوای ناونیشاندا، ئەمدەزانی بەرامبەر مەتریارخات Matriarchat کە بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی «١» بە هەمان شێوە دەنووسرێ و بە فارسی دەبێتە مادرسالاری و بە عەرەبیش «نظام الأمومە»ی بۆ دانراوە چ زاراوەیەک دانێم فەرمانڕەوایی دایک ناوەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە، کە دایک دەوری چارەنووسسازی تێدا دەگێڕێ و باوک ئەو دەورە بەرچاوەی نیە وەکوو لە کۆمەڵی باوکسالاری پەتریارخات Patriarchat بەدی دەکرێت. لە نێو پسپۆڕ و زانایاندا مشت و مڕ و دەمەتەقێیەکی زۆر لەسەر بوون و نەبوونی ئەم کۆمەڵە هەیە. بۆ هەندێکیان قۆناخێکی تایبەتی گەشەکردنی مێژووی مرۆڤایەتیە و بۆ هەندەکەی تریش داستان و ئەفسانە و خەیاڵە. بۆ نێونانی ئەم کۆمەڵە من دایکسالاری بەکار دەهێنم، نەک «مێ وەجاغی» یا «دەسەڵاتداری دایک» و .. هتد چونکە بە گوێ ئاشناترە و لە ڕووی واتاشەوە پڕ بە پێستی مەتریارخاتە.

دەبێ هەر لە سەرەتاوە ئەوە بڵێم کە ئەم زاراوەیە پێویستی بە پێشەکیەکی تیۆری هەیە، بۆ دەستنیشان کردنی شێوەو ناوەرۆکی بابەتەکە و بەراوردکردنی چەندین نموونەی مێژووی، کە شارەزایان لەسەری ڕێکەوتوون. چاوگێڕانێک بە نوسینە کلاسیکییەکانی سەر ئەم بابەتە وەکوو باکتۆفن و مۆرگن و بێل و ..هتد هەر زۆر پێویستن، لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوە و بۆچوونە نوێیانەی لەم ماوەیەدا نووسراون.کە سەرووی تواناو خۆ ئامادەکردن و بۆ گونجانی ئەمڕۆی بەندەیە. دایکسالاری بە کورتی بریتییە لە : دایک گەورە و خاوەن دەسەڵاتە لە نێو خێزانێکدا. لە نێو کۆڕ و ئەنجومەندا خاوەن قسەو بڕیارە. سەردارانی شەڕیش لە لایەن ئەمانەوە دەستنیشان کراون، ژن پتر لە پیاوێکی هەبووە و سەلماندنی باوکایەتی ئاسان نەبووە، مافی ویراسەت بۆ دایک، بەجێ ماوە و هتد«٢»

پاش قۆناخی دایکسالاری، سەردەمی باوکسالاری دەست پێ دەکات، تا ڕۆژی ئەمڕۆش هەر بەردەوامە، مەگەر لە چەند گۆشەیەکی زۆر بەرتەسکی ئەم دونیایە نەبێ، کە هێشتا دایکان دەسەڵات و مافی خۆیان نەدۆڕاندووە «٣». لە ناوچەی خۆشماندا، لە سەردەمانێکی زۆر کۆندا ئەم دیاردەیە هەبووە و لەسەر لاپەڕەی کتێباندا ئاماژەی بۆ کراوە. هەر بۆ نموونە پێش هاتنی ئیسلام، لە هەندێ شوێنی عەرەبنشیندا، ژن دەسەڵاتی خۆی هەبووە و مافی تەلاقدانی پیاوی هەبووە و توانیویەتی پتر لە پیاوێک بهێنێ. ئەم جۆرە پەیوەندیە لە نێوان

ژن و پیاودا، بە دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام کۆتایی پێ هاتووە «٤»

دەبێ لە کوردستانیشدا پێش دەرکەوتن و سەپانی سیستێمی باوکسالاری (پەتریارخی)، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ سیستێمی دایکسالاری لە کۆمەڵدا باڵا دەست بووبێت و برەوی هەبووبێت. هاتنی باوکسالاری بە شێوەی کودەتا و شۆڕش نەهاتبێتە کایەوە، بەڵکوو بەرە بەرە، پاش گۆڕانی شێوەی بەرهەمهێنان، جێگەی پێ چۆڵ کردبێ و شوێنی گرتبێتەوە، بە بێ ئەوەی لە رەگەوە بنەبڕی بکات و بواری سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هەندێ لایەنی نەدات. ئەوەتا تا ئەمڕۆش لە نێو کورداندا باوە، پیاو بە ناوی دایکیەوە بانگ دەکرێ بڵەی ئامەرەش، مچەی ئامەخان، خولەپیرە، ..هتد» ژن لە مەجلیسی پیاوان دادەنیشی و بە سەربەستیەوە گفتوگۆ دەکات « ژنیکە و سوار لە زینی ئەسپ دەهێنێتە خوارەوە» «ژنیکە و کەس بە پیاو نازانێ». لە چینی دەسەلاتداریشدا، کاتێ دەرفەتی بۆ هەڵ کەوتبێ بەشداری لە دارشتنی بریاری سیاسی و کۆمەلایەتیدا کردوە و جێگەی میر و سەروک هۆزی پڕ کردۆتەوە...هتد. رەدوکەوتنیش دیاردەیەکی کومەلایەتییە و تا ئێستاش لە زۆر ناوچەی کوردستاندا باوە. (مەنگورایەتی و سونسنایەتی و هەندێ ناوچەی یەزیدییەکان و ) بنچ و بناوانەکەی ئەگەر لە کولتوری دایکسالاری ئاو نەخواتەوە، نابێ لە سەرچاوەیەکی تری زۆر دوریشەوە بێت. من خوم پوورە کەسکەم لە زەلێ بینیوە کە شانازی بەوە کردووە کە حەوت جاران رەدوو کەوتووە «٥» هەندێ ئاهەنگ و یاری کوردەواریش هەیە، وەکوو « میرکچان» و «میرکوران» دەبێ هەر یادکردنەوەی ئەو سەردەمە بێت، پاش هەڵوەشان بوون و داروخانی ئەو شێوە دەسەلاتداریە و یادکردنەوەی لە شێوەی یاری و گاڵتە و گەپ و رابواردن بە شتێک کە روژانە بە ئاسایی رووی دابێ. ئەی گۆرانی کوردی بۆهێندە لە سنوری پەیوەندی سێکسی و باسی مەمک و ران و شەو بەمیوان بوون لەنگەری گرتووە؟ «٧» هەر خالێک لەم خالانە بێویستی بە لێکۆڵینەوە و پشکنینێکی ورد و سەربەخۆیە و نابێ هیچ نووسینێکی بابەتی سەبارەت جێگەو شوێنی ژن لە کولتوری کورد فەرامۆشیان بکات. ئەوەی پەیوەندی بەم نووسینەوە بێت، ئەم دیاردانە ئاماژەیەکی راستەوخۆ یا ناراستەوخۆن بۆ بوونی قۆناغ و کولتوری فەرمانڕەوای دایکەوە بۆ یە شتێکی زۆر سەرسورهێنەرە، ئەگەر دایکسالاری لە داستان و ئەفسانە و بەیتی کوردیدا رەنگی نەدابێتەوە. لەم نوسینە کورتەدا، هەوڵ دەدرێ بە گوێرەی توانا، نەک واتاو گرێ لێک: بدرێتەوە، بەڵکوو سمبۆل (رەمز) و مۆتیڤ رەچاو بکرێ، کە لە بەیتێکدا هاتووە و بایەخ دان بە دەنگدانەوەی سەردەمی مەتریارخات، لە ژێر باری نەریت و بیری کۆمەلایەتی و ئەخلاقی دواتر، کە بەیت بێژان، هەریەکە بە گوێرەی ئەو دەمەی تێدا ژیاون، دەسکاری شێوە و ناوەرۆکی بەیتەکانیان کردووە.

بۆ روونکردنەوەی شێوەو سیستێمی کۆمەڵی دایکسالاری و رەنگدانەوەی لە ئەفسانەو داستان و بەیتی کوردا، ئەز وەکوو نموونە بەیتی «لاس و خەزاڵ و شێخ فەرەخ و خاتوون ئەستێ» «٨» هەڵدەبژێرم..

# لاس و خەزاڵ

دوو ژن، خەزاڵ و خانزاد، سەردار و مەزنی دوو خێڵن «٩». خەزاڵی مامۆدیان، کچی مەلا نەبییە، دەسەلات بە دەست باوکەوە نیە و بە دەست کیژەوەیە. لاس مێرد و ئامۆزایی خانزادە. ناوبانگی جوانی خەزاڵی بەرگوێ دەکەوێ و ژن و خێلەکەی خۆی بەجێ دەهێڵێ و دەکەوێتە دوای خەزاڵەوە. رەنگە یەکسەر ئەو پرسیارە بێتە پێشەوە کە رووداوی ئەوتۆ. ئەمڕۆش لە کوردستان روو بدات، ئیدی دەبێ بەوەش هەر بگوترێ دایکسالاری؟

چەندین جار ئەم رستەیە خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەدەم خانزادەوە:

«بزانە دەگەڵ ئەو عێل و مەخلوقەی چم لێ قەوماوە: هەزارو حەوسەد ماڵی باڵەکان بەسەر ئەمندا بەجێ ماوە» ئەم پێ داگرتنە لەسەر ئەو عێلە هەزار و حەوسەد کەسەیە، دان نانە بە فەرمانڕەوایی ژنێک بەسەر عێلێکی گەورەدا. جاران بە شێوەیەکی گشتی لە نێو عەشایەری کوردا، ژن ژنخوازی سنووری عەشیرەتی تێ نەدەپەڕاندا، چینی ئۆرستۆکراتیش ژنی لە تیرەو تایفە و هۆزی تر دەهێنا، بەڵام نەک ژن پیاوێک لە هۆزێکی ترەوە بهێنێ. کەچی لێرەدا، خەزاڵی مامودیان دەبێتە هاوسەری لاسی باڵەکی، بەبێ ئەوە خانزاد «بەرەسمی» تەلاق درابێ. دیارە ئەم نەریتەش کۆنترە لە ژن بە شودان. کەواتە شێوەی ئیندوگامی «١٠» Endogami کە لە سەدە نزیکەکاندا لە نێو عەشایری کوردا باوبووە، لە هەندێ شوێندا جێگەی Exogami گرتۆتەوە، لەم بارەیاندا ژن نەگوێزراوەتەوە، بەڵکو پیاو «گوێزراوەتەوە» واتە «ئێکسۆگامی ناوەژوو» باو بووە یان لە هەندێ ناوچە پەیرەوی کراوە.

خەزاڵ سێجاران لاس دەئەزموێنێت، دەوجا شەرەفی مێردایەتی پێ دەبەخشێ. یەکەم جار لە شەڕدا بە تەنیا پاڵەوانێتی دژی هێزێکی تالانکەر (سورچی و زراران) دەنوێنێ. دیارە شەڕ ئەو زەمانە تەنیا لە نێو گەورە و قارەمانی هۆزەکان رووی داوە، نەک سەرۆک و گەورەکان لە دوورەوە سەیرکەن و «دەست و پێ» خوێنی یەکتر بڕێژن. میربداغ دەکوژرێ و میر حەمەد خانیش بریندار دەبێ خۆی دەخاتە سەر دەست و پێی لاس و تکای لێ دەکات بە نۆکەری خۆی رابگرێ. تاقیکردنەوەی دووەم: لاس رێگەی سەردانی باڵەک دەدرێ، بۆ ماوەی چوار رۆژ و بەمەرجێ نەچوونە لای خانزادی. دەیگووت «دەینێرمەوە نێو عێلی خۆی بە وادەی چوار رۆژانە» ل٣٥٥ واتە ژن پیاو دەنێرێتەوە» کە ژن دەوری ئەکتیڤ و پیاو دەوری نێگەتیڤ «سلبی» دەگێڕێ، پیاو مۆڵەتی سەردان دەدرێ و بە ووردی چاو دێریش دەکرێ، کە بە گوێرەی بەرەکەی خۆی پێ رادەکێشێ. ئەگەر بە قسەی فرۆید بوایە، دەبا ژن دەوری سارد و سەلبی هەبوایە نەک پیاوێکی پاڵەوان و ئازا و چاونەترس پیاویش دەوری گەرم و چالاک و ئەکتیڤ بگێڕێ. لاس دەڵێ: «یای خەزاڵ بە سەری تۆ لە بژم دە لەبزی خانزاد خانێ نەگەڕاوە..» ل ٣٥٩. تاقیکردنەوەی سێیەم: «گوڵی شۆڕانێ هەن لە چل پلەی عومانێ، چراو لالەت ناوێ سەربەخۆ، دایسێ هەتتا سبحەیانێ» ل.٣٦ ئامادەبوون بۆ فیداکاری، قوربانی، پەیداکردنی «مستحیل» لە پێناوی ئەوین و خۆشەویستی و بۆ سەلماندنی رادەی دڵسۆزی. لێرەشدا لاس دەوری گوێ رایەڵی دەبینێ، نەک ئافرەتەکە لە

پێناوی ئەودا بتوێتەوە. هەر لە سەرەتای بەیتەکەشدا رستەیەکی سەیر هەیە، کە لە کۆمەڵی کوردی ئێستادا چاوەروان نەکراوە، ژنێک پێش زاوابوون، بە مێردەکەی بڵێ «بۆچی ئیلاقەی من ناکەی؟» فەرموو لەگەڵ ئەم گۆرانییەدا بەراوەردی بکە، لە کۆتایی حەفتاکانەوە باوە: «یەکەم هەنگاو هی کوڕ بووە نازی کچی هەڵگرتووە...»

## شێخ فەرخ و خاتوون ئەستێ

لەم بەیتەدا سمبۆلەکان روون و ئاشکراترن و چەندین گرێی «بێ هۆش» (۱۲) دەردەکەوێ. هەرچەندە گۆڕانە کۆمەلایەتی و کولتووری و رۆشنبیرییەکان، لایەکی تێکستە ئەسلیەکەی داتاشیوە و بەلای کەمەوە چەند جارێک سەر لە نوێ دارێژراوەتەوە، بۆ ئەوەی لە سامانی کولتووری وەکو «نامۆ» تەماشا نەکرێ و لەپشت پەردەی بیرچوونەوە نەشاردرێتەوە. مام خەلیفە چوار کوڕ و سێ کچی هەیە. چوار کوڕەکە دەنگیان هەیە و رەنگیان نییە. بەشداری رووداوەکان دەکەن، بەبێ ئەوەی بە درێژایی بەیتەکە ناویان بهێنرێت. وەکو بڵێی بۆ تێک نەچوونی کێشی شیعر لەوێ دانراون و بوون و نەبوونیان قورسایی بە ئاقاری گشتی ئاژووتنی رووداوەکان نابەخشێ. کیژەکان ناویان «نازێ، نازدار، خاتوون ئەستێ»یە. دایکیشیان پرس و رای پێ دەکرێ و هەر کارێک کوڕەکان یان باوکیان بە تەمای ئەنجام دانی بێت، پێشەکی رەزامەندی لەسەر وەردەگیرێ. من بە دووری نازانم، دەوری باوک دەسکرد و دروست کراوی قۆناخی دواتر بێت، کە کەس نەیویراوە دەوری سەنترالی کز کاتەوە، بۆیە بەیتەکەش کە مۆرکی گۆڕانی کۆمەلایەتی پێوەیە، مەڵۆیەکی گەورەی پێ داوە، هەرچەندە شوێنی درونەی لە هیچ کوێوە دیار نییە. مام غەلیفە ئەستێ دەکاتە جێگیر و میراتگری خۆی، کە لە نێو کیژەکاندا، لە هەر هەموویان شۆخ و شەنگترە- ئێستاش لەناو مۆسۆکانی Moso باشووری رۆژاوای چین، ئەم پرنسیپە پەیرەوی دەکرێ و جوانترین و ناسکترین ژن دەکەنە سەرۆکی خۆیان- ئێمەش گوێ بۆ (رەحمان بەکر) رادێرین و بزانین مام غەلیفە بە تەمای چییە:

«رۆڵە گەردنت نازابێ، لە بەشی خۆم لە شاری داودییە، چونکە تووشی ئەستۆت دەبێ هەتیو بارییە» نازدار دەڵێ: «بابم شەڕی ئەوەیەتی، ئەگەر شاری داودییەی بدا بە خاتوون ئەستێیە» تەماحی هەیە، دەگەڵ براکان و خوشکەکان هەمان بکا بێ بەرییە»(ل٤٨٥) ئەم برگەیە هەندێ شوێنی داتاشین و دەستێوەردانی پێوە دیارە، بەلام رەوتی بنچینەیی سەردەمی بەیتەکە پارێزراوە، کە دەستنیشان کردنی ئەستێیە بۆ فەرمانرەوایی ولاتی یا شاری «داودییە». «بە خاتوون ئەستێ بڵێن ئەم شاری داودییەم بەوی داوە» (ل٤٩٧) ئەم پێداگرتنە لەسەر هەڵبژاردن بۆ فەرمانرەوایەتی، زۆرجار دوبارە دەبێتەوە و بەلگەیە لەسەر پاراستنی پرنسیپەکانی دایکسالاری. سێ پیاو چاوی حەزیان بڕیوەتە خاتوون ئەستێ و هەریەکەش پلانێکی وردی داناوە بۆ ئەوەی بەختەوەربێ لەگەڵ ئەو(شێخ فەرخ، شێخالە کەچەڵ و سوو مەغانی). ئەم سێ پیاوە ئاگاداری حەزو خۆشەویستی و پەیوەندی سێکسی

ئەستێنن، ئەم خاڵە- وەکو ئەمڕۆ شەرە خەنجەری لەسەر دروست نابێ. هەست ناکرێ پیاو بە (زووم)«١٣» بێت، لە پەیوەندییەکانی ژن لەگەڵ کەسانی تردا. خاڵێکی تریش کە لەگەڵ کۆمەڵی ئەمڕۆی کوردا زۆر جیاوازە و لە شێوەی سەربەستی ژنی ئەوروپی نزیک دەبێتەوە، ڕەزامەندی ژنە و قایل نەبوونە بە زۆر و ناچارکردن، لەسەر شتێک کە بە دڵی خۆی نەبێ: « قەراری ئەوەش کرا: ئەگەر خاتوون ئەستێ بە ڕەزای خۆی نەبێ، دەستی لێ نەدراوە» (ل٤.٥). خاتوو ئەستێ کە ڕەمزی دایکسالارییە، لە شوێن و هەل و مەرجی تریشدا، بایەخ بە «شەرم» نادات. بە لایەوە گرنگ نییە ئەگەر بە ڕووتی پیاوێک چاوی پێ بکەوێ: خاتوون ئەستێ دەڵێ: «ئەح! پەکم یەوەی کەوتوە، وسوو ئاغا ئەمن دەبینێ یا نامبینێ» (ل٥١١) ڕەنگە ئەم چەند دێرە بەس بێت بۆ دەربڕینی بوونی هێمای زەوق و زۆپ لەم بەیتەدا دەربارەی پاشماوەی دایکسالاری، بەڵام دەرخستنی سمبۆل و ئاماژەکردنی تر سەبارەت لە نێوچوونی دەسەڵاتی دایک ڕوون نەبۆتەوە. ئەز ناتوانم سوێند خواردن بە «ئاسمان و ڕۆژ» بکەمە بەڵگە بۆ بڕوابوون بە ئایینێکی دی، کە پێش هاتنی ئیسلام باو بووبێت خاتوون ئەستێ دەڵێ « بە ئاسمانێ کەم، بە ڕۆژێ..»(٥١٤) ڕەنگە پێکدادانی دیاردەیەکی کومەڵایەتی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی- ئاینی، زەمینەی لەبەر یەک ترازان و لەناوچوونی دیاردەکەی خۆش کردبێت. بەسەر زمانی شێخاڵی کە ڕەمزی سەرهەڵدانی جۆرە پەیوەندیەکی ئابوری و کۆمەڵایەتی ترە و پشت بە گروپی کومەڵایەتی تر دەبەستێ- کورەکانی مام غەلیفە لە ڕێگەی «کرێ» ی شوانی، کە دەسەڵاتی نوێی کۆمەڵی باوکسالاری Patriachat لەسەری دامەزراوە. پێویستی لەناوچوونی مەتریارخات دەخرێتە ڕوو: « ئەمن ژنی خۆم بۆ بنێرمە شامێ بۆ خەلقی‌یە؟ قەت ئەوهە ڕەزایە بۆ دینییە. دەڵێن ئەتوو ژنی خۆت بنێرە بۆ یەکی دی‌یە. وەڵلاهی! ئەمن دەچمە کن سوڵتانی ئەستەمبوولێ دەبم بە عەرزچی‌یە» (ل٥٦٧) گومان لەوەدا نیە کە «سولتانی ئەستەمبوولێ» پاشان خراوەتە سەر خەرمانی بەڵگە هێناوە، بۆ ئەوەی کابرایەک بە گوێرەی «شەرع» ژنی خۆی دەست کەوێتەوە. وا دانێین «سولتانی ئەستەمبوولێ» ڕەمزەو هیچی تر، بۆ بوونی دەسەڵاتێکی دینی -سیاسی. کە شێخاڵە کەچەڵ دەمی بگاتە سوڵتانێ و سوڵتان دەستی بگاتە «شاری داودییە» دەبێ دەسەڵاتی «ئەستێ» ش بکەوێتە لێژی یان توانای بەربەرەکانی و مانەوەی هەبێ.. ئەگەر هێزی بەرهەمهێنەری نوێ لە ئارابێت و بەرژەوەندی لەگەڵ بەرژەوەندی هێزێکی دەرەکی یەک بگرێتەوە، دەسەڵاتی هێزەکەی تر دایکسالاری - وەتاق دەکەوێ و هەرەس دەهێنێ. دەوجا شێخاڵی کەچەڵ دەتوانێ پرۆگرام بۆ «ئەستێ» دارێژێ و بەبێ کەمو زیاد پەیڕەوی بکات:

«مەلایان هێنا تەواوە،

قورعانیان هێنان لەولاوە، چەل شەوانیان قەرار داناوە، خاتوون ئەستێیان قورعان داوە، تەڵارەکی بۆ گیراوە، لەشکری بۆ دروست کراوە سەربازی لەسان دراوە پاک ئاڵای بۆ هەڵکراوە... » (ل٥٦٨) مایەوە سەر گرێی کوشتنی باوک و دایک بە تووک و نزای

مەلۆتکەیەک، کەهەر لەدایک دەبێ دەست بە قسان دەکات و پێش لە دایکبوونیش ئاشقی ئەستی دەبێ. کوشتنی دایک و بابیش هەر بۆ شادبوونە بە نوستن لەگەڵ خاتوون ئەستی‌دا. «توند توند ئەمن بە دوو بە نان لە دوو داران دەبەستن و خاتوون ئەستێش لەوێ دەنوێ و جا ئەو دنیایە کەلکی بۆمە چییە؟» تەمەنای دەکرد لە ڕەبییە. هەموو کەس خەوی گران بییە. وەڵڵاهی چیدی دەولانکەی‌دا نابم و ئەوشەو دەچمە پاڵ خاتوون ئەستی‌یە» (ل. ٤٩). فرۆید کە دنووسی: مناڵ هەر لە سکی دایکییەوە تۆوی چالاکی سێکس لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ.(١٤) بڕوا ناکەم بەیتی «فەرخ و ئەستی»ی خوێندبێتەوە، چونکە ئۆسکارمان دوو سێ ساڵێک پاش بلاوبوونەوەی نوسینەکەی فرۆید وەرگێڕانەکەی «تحفەی مظفریە»ی بلاو کردۆتەوە. ئەم کارانەی فەرخ دەبێ وەکوو سمبۆل سەیر بکرێ، نەک مەسەلەیەکی ڕیالستی. مناڵ لە سکی دایکیش زیندەوەرێکی بێ هەست و ئەست نییە. ئارەزووی سێکسیش«١٥» بە گوێرەی ئەم بەیتە، دەکەوێتە پێش ئارەزووە مرۆڤانەکانی ترەوە. یەکێک لە کارە ناپایەکانی فرۆید دەربارەی لێکدانەوەی داستان و ئەفسانە ولێچواندنی ڕەمز و ئاکارەکان لە شێوەی بیر و کردەوەی مرۆڤی ئەم سەردەمەدا، شیکردنەوەی ئەفسانەی ئۆدیپووسە«١٦» Ödipusmythos کە ئەفسانەیەکی یۆنانیە و کوری لائیوسی مەلیکی تیبانە. بە گوێرەی ئەم داستانە فاڵگران بە لائیۆس دەڵێن لە چارەی ئەم کوڕە نووسراوە باوکی خۆی بکوژێ و دایکی خۆی بخوازێ. ئەویش لە ترسان بڕیاری کوشتنی کوڕەکەی دەدات. پاسەوانەکان کوڕەکە ناکوژن و پاشان چارەنووس، پێشبینی فاڵگران دەهێنێتە دی. لە کەرەستەی ئەم ڕووداوە ئەفسانەیی‌یە سیگموند فرۆید «گرێی» ئۆدیپووس دەدۆزێتەوە و شێوەی پەیوەندی نێوان کوڕ و باوک، کوڕ و دایک لە کاتی منداڵیدا دەخاتەڕوو. خۆدۆزینەوەی منداڵ لە ئاوێنەی کەسایەتی باوکدا، هەوڵدان بۆ وەرگرتنی دەوری باوک، ڕێگە گرتنی باوک لە باوکایەتی مناڵ، تەگەرە دروست کردن لە نێوان کوڕ و دایک، لە لایەن باوکەوە «١٧».. هتد. ئەم دارشتنەی فرۆید بۆ Ödipuskomplex دەمێکە هانی دەروناس و نووسەرانی زۆری داوە، پەیوەندی نێوان باوک و کوڕ، بە شێوەی تر داڕێژن، کە هەریەکەیان پشت بە ئەفسانە و داستانی تر دەبەستن. هەر بۆ نموونە نووسەرێکی ئێرانی داستانی «ڕوستەم و زۆراب»ی بەکارهێناوە بۆ دەستنیشان کردنی شێوەی پەیوەندی نێوان باوک و کوڕ، کە باوک کوڕەکەی خۆی دەکوژێ ..هتد. لە بەیتی (فەرخ و ئەستێ‌دا) ڕووداوەکە ئاقارێکی تری وەرگرتووە، کوڕ لە یەک کاتدا، بە تووک و تزا، باوک و دایکی خۆی بە کوشت دەدات. ئەمەش پێچەوانەی داستانی ئۆدیپووس و ڕۆستەم و زۆرابە. دەبێ ئەمە ڕەنگدانەوەی چ قۆناخێکی مناڵی بێت، کە ئارەزووی سێکسی بەسەر منداڵ زاڵ بێت و لە سەرووی سۆز و خۆشەویستی باوک و دایک دانرێ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ پسپۆر و دەروناسان بەجێ دەمێنێ و ئەمە پەیوەندیەکی زۆری لەگەڵ بابەتی دایکسالاریدا نیە. دەبێ ئەوەش بڵێم، دەسکاری و داتاشین و دەستوێوەردانی دارشتنەوەی ڕووداوەکان، تا ڕادەیەکی زۆر بواری دۆزینەوەی سمبوڵ و مۆتیڤەکانی سەخت و ناهەموار کردووە. گردێک ئەگەر لێشاو ، کەندڕ، داوەرین

سەری بۆ ماوەی هەزاران ساڵ تێ بکات ، وای دەگۆڕێت، کە ناسینەوەی ئاسان نەبێت. بەیت و داستان و ئەفسانەکان هێندە درەنگ تۆمار کراون، کە بە ئاستەم مۆرکی سەردەمی دارشتنەکەیان پێوە مابێ. هەر ئەم (فەرخ و ئەستی)یە دووجار تومارکراوە و بە چاپیش بڵاوکراوەتەوە(١٨).جیاوازی هەردوو دەقەکە ئاسمان و ریسمانە، هەرچەندە ماوەی نێوان هەردوو تۆمارکردنەکە (٧٠)ساڵ تێ ناپەڕێ لەگەڵ ئەوەشدا بوونی ژمارەیەک دەقی جیاجیای، دژ بەیەک قازانجی زۆرترە، تا ئەوەی کەسێک بە گوێرەی بۆچوونی خۆی جارێکی دی، بە نێوی (سافکردنەوە و راستکردنەوە)وە کەرەستەی بنەرەتی داستانەکان لە بەین بەرن. چەند تێکستی جیاوازیش هەبێ، ئەوەندە ئەو داستانەش بە زیندوویەتی دەمێنێتەوە و پسپۆران و شلرەزایانیش بواری پشکنین و لێکدانەوەیان چاتر دەبێ. ئەفسانەیەکی وەکوو «ئۆدیپووس» بە خامەی چەندین نووسەری جیاجیا لە زمانی کۆندا نووسراوەتەوە وەکوو (سۆفۆلیس، ئاشیلۆس، ئوریپیدس، سینکا) بریا لەسەر ئەم داستان وئەفسانە و بەیتانە، لێکۆڵینەوەی زانستی هەبوایە و شوێن و مەڵبەندی لە دایک بوونیشیان بایەخی خۆی پێ بدرایە.. یەکێکی پشدەری کە (داودێ)ی بینیبێ و چوویتە سەر مەزاری فەرخ و کانی ئەستی و گوێی بۆ قسەو باسی پیروکالان راداشتبێ، رەنگە بتوانی چاتر لە داستانی (فەرخ و ئەستێ) تێ بگات تا کابرایەکی گەرمێنی وەکوو من کە هەر تەنیا لە رێی لاپەڕەی کتێبانەوە (فەرخ وئەستێ)ی ناسیبێ.رەنگە ئەو کەسە باشتر بتوانێ دیاردەیەکی کۆمەلایەتی (رەدوو) کە لەو دەورویەرە باوە، لەگەڵ رووداوەکانی بەیتەکەدا بەراوردیان بکات و پەیوەندی نێوان دوێنێ و ئەمڕۆ بدۆزێتەوە. لەم رووەوە کارەکانی مامۆستا عبدالرقیب یوسف رچکە شکێنە و هەنگاوی چاکی ناوە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان داستان و مێژوو، بە لێکۆڵینەوەی مەیدانیش بەلگەی رەسەنی پێشکەشی مێژوو کردووە. هەر بۆ نموونە دۆزینەوەی کێلەقەبری قەروگوڵەزەر و تۆمارکردنی بیروبۆچوونی خەڵکی ناوچەکە، دەکرێ بکرێتە شێوازێک ، لە ناوچەکانی تریش پەیرەوی بکرێ. نووسین لەسەر شێوەی سەبۆل و موتیڤ و تیشک خستنە سەری کۆمەڵەی دایکسالاری، یارمەتی بەرچاو و روونبوونەوە دەدەن. دەبنە هۆی گۆڕینی نەریت و بیری باو، کە بالادەستی و زاڵبوونی پیاو، درووستی کردوون. هێمای پرسیار دەخەنەسەر دەسەلاتی پیاو و سترکتوری Struktur کۆمەڵایەتی ئەمڕۆ. کە هێزو توانای لەسەر پیاو تاپۆ کردووە، پاشکوی و لاوازی و بێ دەسەڵاتیش بۆ ژن.بوونی شێوەیەکی کومەلایەتی تر و،با ئەمڕۆ روو لە کزبوونەوە و لەناوچوون بن، یا تەنیا لە بەیەت و داستان رەنگیان دابێتەوە، بەڵگەیە لەسەر سادەیی و کوێرەوەری ئەو بیرکردنەوە نا راستە،کە پەیوەندیە کۆمەلایەتییە باوەکانی ئێستا،بە نەگۆڕدانی و بیەوێ کومەڵ لەیەک قاوغی تەسکدا بهێڵێتەوە... هەروەکوو چۆن باوکسالاری کۆمەڵی دایکسالاری بۆ کون وقوژبنی ئەفسانە و داستان راپێچ کردووە، دەشێ، بارووذۆخی ئابوری پێویستی ئابووری سەرفرازی روناکبیری،..هتد پەیوەندیەکیکومەلایەتی ئەوتۆ بهێنێتە کایەوە،دەسەڵاتوهێز وسترکتوورونەریت وکولتوری باوکسالاری بەمۆزەخانەی مێژووی بسپێری..

## سەرنج و سەرچاوە:

١- بە ئینگلیزی Matriarchy, Matriarchate و بە فەرەنسی Matriarcat هەمووشی لە لاتینی و یۆنانی کۆنەوە وەرگیراون.

٢- Vgl. Bebel, August: Die Frau und der sozialismus. Berlin/ Bonn 1985 s.54ff.

٣- لەم شوێنانەدا هێشتا پاشماوەی کۆمەڵی دایکسالاری هەر ماوە وەکوو (باشووری رۆژئاوای چین، خوارووی هیند، باکووری ئەفریقا، سۆمەترا.. هتد) هۆزی مۆسۆ Moso ژمارەیان دەگاتە ...٤٥ کەس و لە هۆیان دەژین کە دەکەونە باشووری رۆژئاوای چینەوە. شۆرشی رۆشنبیری نەیتوانی بە زەبروزەنگ و تۆپزی ژنهێنان و شوکردن و نموونەی مۆنۆگامی Monogami بسەپێنی و هەر پاش تەواوبوونی ئەم شۆرشە ژن و پیاو بایان دایەوە بۆ دۆخی جاران.. پەیوەندی نێوان ژن و پیاو «ئەسشیا»ی پێ دەگووترێ، ژنێک بۆی هەیە لەیەک کاتدا چەند «ئەسشیا»ی هەبێ. ژن هێنان و تەلاق دان لای وان نیە و هەرکاتێک ژنەکە پیاوەکەی بە دڵ نەبوو دەڵێ «سبەی مەگەڕێرەوە» ئیدی پیاوەکە دەگەڕێتەوە بۆ لای خێڵی دایکی. هۆزی «تۆدا»ش لە خوارووی هیندا دەژین لای شاخی نگلیری هلز و ژمارەیان لە ..١٢ کەس تێپەر ناکات. ئەم هۆزە ئێستا لەبن گوشاری هەوڵ و مەرجی کۆمەڵایەتی دەورویەر، بەرەو توانەوە دەچن و دەستبەردار بوون لە نەریت و کولتووری هەزار ساڵەی خۆیان (ئەم زانیاریە لە پرۆگرامی مۆنالیزا ML Monalisa کە کەناڵی دوو ZDF تلفزیونی ئەڵمانی لە کۆتای ساڵی ١٩٩١ بڵاوی کردەوە، وەرگیراوە)

٤- Memissi, Fatima: Geschlecht Ideologi Islam. Munchen 1987.s. 54ff

٥- سێ چوار ساڵ لەمەوپێش بابەتێکی زۆرم لەسەر ژنی کورد کۆکردەوە و دەمەویست لێکۆڵینەوەکی سۆسیۆلۆگیانەی لەسەر بنووسم. ئەو کاتە هەر ئەوەندەم بۆ لوا ووتارێکی کورت بە ئەڵمانی بڵاو بکەمەوە و زۆربەی مادەکانیشم رەوانەی کاکی خۆم کرد کە ئەو دەمە نامەی ماجیستێری لەسەر ئافرەتی کورد دەنووسی بە تەمایە نامەکەی وەکوو کتێبێک بڵاوبکاتەوە.

Ahmad Fadil: Du stellung der Frau in der Kurdischen Gesellschaff. In: VIA Magazin. Nr 3-11-91 Bonn. 1991 s.1-21

٦- محەمەد، مەسعود: حاجی قادری کۆیی. بەشی دووەم بەغدا ١٩٧٤ ل ٦٦.

٧- مامۆستا مەسعود محەمەد بوونی شەقڵی رووهەڵماڵدراوی لە گۆرانی کوردیدا، بە دەروویەکی کۆمەڵایەتی داناوە، بۆ کومەڵێکی داخراو، کە لە تەقینەوەی گەورە دەپارێزێ. بڕوانە (هـ - س) ل ٢٩٥.

ئەز بە جۆرێکی تر دەبینم، واتە بەردەوام بوونی ترادسیۆن Tradition گۆرانی سەردەمی دایکسالاری، کە هەمیشە هێزی پارێزەری هەبووە و پشتاوپشت هاتووە و دەست بە دەست گەیشتووە.

٨- مان، ئۆسکار، تحفەی مظفریە (پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانەوە سەر رێنووسی کوردی، مامۆستا هێمن) بەشی یەکەم و دووەم بەغدا ١٩٧٥، ل٣٣٤ و ٤٧٢.

ئەم هێنانە سەر رێنووسی کوردیەی (تحفەی مظفریە)، نیشانەی بەهرەمەندی و تەردەستی و زمان پاراوی

مامۆستا هێمن و بەمەش کۆمەڵێک بەیتی مەشوری بۆ ماڵی خانەخوێی گێڕاوەتەوە. جێگەی داخە، ئەوانەی ئەڵمانی زان بوون لە کۆڕی زانیاری کورد سەرنج و تێبینیەکانی دکتۆر جەوادی قازیان پشت گوێ خستووە، کە لەسەر بەشێک لە بەیتەکانی نووسراون لەگەڵ وەرگێڕانە ئەڵمانیەکەی «تحقیق مظفریە»دا بڵاو کراوەتەوە. پەراوێزەکانی دکتۆر جەوادی قازی یا وەکوو لە سەرەتاوە خۆی نێوی خۆی بە میرزا محەممەدی جەوادی قازی نوسیوە بایەخێکی گەورەیان هەیە، چونکە یارمەتی ئۆسکارمانی داوە رەحمان بەکری بینیوە و شارەزای چاکی کولتوری گەلەکەی خۆی بووە.

٩- مامۆستا هێمن یەکەمین کەسە کە ئاماژەی بۆ دایکسالاری لەم بەیتەدا کردبێت. نوسینەکەی ئەویش هاتی دام بە دوای کێشەی (مەتریارخات) لە کولتوری جیاجیادا بگەڕێم

۱۰- ئێندۆگامی Endogami ژن و ژنخوازی لە سنووری گروپێکی کۆمەڵایەتیدا (خێڵێک، هۆزێک، تیرەیەک، دەستەیەک ... هتد) دەشێ بە ژنهێنانی داخراو یا ژنهێنانی ناوەکی نێوی لێ بنرێ. ئێکسۆگامی Exogamie: ژن هێنان لە دەرەوەی گروپێکی کۆمەڵایەتی، ژنهێنانی دەرەکی، ژنهێنانی کراوە.. هیوادارم خوێنەری ئازیز لێم ببورێ کە ئەزیش بۆ لێکدانەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پەنا دەبەمە بەر زاراوەی ئەوتۆ کە شۆڤینی و پەتریارخی‌یە بەرامبەر ژن، ژن بە شوودانیش یەکێکە لەو زاراوانە. پیاو، ژن دەهێنێ، ژن دەخوازێ، ژن تەلاق دەدات.. هتد ژن هەروەکو چۆن لە رووی قانوونیەوە مافەکانی پێ شێل کراوە، لە رووی زمانیشەوە بە شێوەیەکی (ماچۆیانە) Macho چەمک و زاراوەکانی دارێژراون، کە زەرەیەک «شەرەف» بۆ ژن نەمێنێتەوە. پیاو ئەگەر هەر بە سوعبەتیش پەنی پیا بدرێ یا دەستی بە برین بچێ، یەکسەر دەڵێ: «فلان کەس بە شووی دام»

۱۱- بیروڕا و بۆچوونەکانی «فروید» قسەو قسەڵۆکێکی زۆری لەسەرە و ماوەیەکی زۆرە نیشانەی پرسیاریان خراوەتە سەر. مەبەست لە پەنجە راکێشان بۆ هەندێ تیزەکانی ئەو، نیشانەی بڕوا بوون و بڕوا نەبوون نیە بە بیرو فەلسەفەی ئەو. مرۆڤ بۆی هەیە لە هەر باخێک گوڵێک هەڵبژێرێت، بە مەرجێک چەپکە گوڵەکە ناحەز نەبێت. فاطمە المرنیسی وەڵامی فروید نووسەری رۆژئاوایی دەداتەوە و هەندێ تیزەی رۆژهەڵاتی پێچەوانەی خستۆتە روو.

۱۲- بن هۆش Untrbewusstsein ئەو بەشەی هۆشە کە دەرگای بۆ ئاگای لەسەر پشت نیە.

۱۳- زووم لە فەرهەنگی کەڵهوڕ وەرگیراوە، بەرامبەر (غیرە)ی عەرەبی و (Eifersucht)ئەڵمانی و (Jealousy, envy) ئینگلیزی، (حسود) فارسی و (دڵ پیسی و خانەگومانی) کوردی بڕێک ناحەز و نەگونجاون. بەداخەوە لە یادم نەماوە، ئەم ووشەی کاک مرحسین بەنی وەیس لە کام ووتار پێشنیار کراوە، لە کام رۆژنامە بڵاو بۆتەوە.. (فلانە ژن / پیاو بە زوومە زوومدارە.. هتد.

۱٤- Freud, Sigmund: Gesammelte werke. Bal 5 (1904-1905) London 1942. s 133ff

۱۵- لای فروید و دەروناسەکانی تریش زاراوەی «سێکس» تەنیا مانای تەسکی بازاری ووشەکە

ناگرێتەوە لێرەدا بە واتا زانستییەکەی بەکارهێنراوە.

١٦- ئەم هەڵسەنگاندنی «ئێرش فرۆم» کە بە یەکێک لە مارکسیە ناسراوەکانی ئەم سەدەیە ناسراوە
Fromm, Erick MÄrchen, Mythen, Träume. Hamburg 1981. s131.

١٧- Freud sigmund; Kultur theortische Schriften Tubingen 1986 s.98ff

١٨- رادەی دەسکاری و گۆڕانکاری داستان و ئەفسانە و بەیتەکان، بەگوێرەی رادەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوری، وەکو پێویستیەکی کۆمەڵایەتی روودەدات، نەک بە گوێرەی ئارەزووی بە یتبێژ و حیکایەتخوانەکانی یەکێک لە بەخت نەهێنانەکانی کولتوری کورد لەوەدایە، لە زەمانی زۆر کۆندا دەقەکانی تۆمار نەکراون و لەم ساڵانەدا بەشێک لەو دەقانە کۆکراوەتەوە، ئەوەش زۆربەی بە شێوەیەکی زانستی نەبووە. بۆ ئەوەی خوێنەر رادەی گۆڕانکاری و دەسکاری دەقەکان بهێنێتە بەرچاو پێویستە دوو دەقی بڵاوکراوەی «فەرخ و ئەستێ» بەراورد بکات. یەکەمیان تۆسکارمان لە ١٩٠٣ لە رەحمان بەکری لە سابلاغ بیستووە دەقەکەی تریان کاک قادر فەتاحی قازی لە زاری ئەحمەد لوتفییەوە وەریگرتووە ئەویش مامە شیرە و ئەویش خرتالۆوە فێربووە و ئەمانیش هەموو سابلاخین. ئەگەر بڵێم دەقی دووەمیان کە لە ١٩٧٣ بڵاوکراوەتەوە واتە تەنیا پاش حەفتا ساڵ لە تۆمارکردنی دەقی یەکەم لەگەڵ دەقی دووەمدا لە شێوەو ناوەرۆکدا هەر زۆر جیاوازە، زێدەرۆییم نەکردووە. قازی، قادر فتاحی: شیخ فرخ و خاتون استی. تبریز ١٣٥١(١٩٧٣) لاپەرە ٢٣-٧٣.

# کورد و گێژاوی ئایدۆلۆژیا

کاکە وەیس

(هەرچی پێی دەگوترێ ئایدۆلۆژیا، بێ ئەوەی مەبەستی بێ، ڕۆژەک لە ڕۆژان دەبێتە دوژمنی مرۆ چونکە خۆی بریتییە لە فکری قاڵب بەستوو، شەختەکردوو، ژیانیش وەک ڕووباری خوڕ لە هەڵڕژاندایە.) ئەگەر باوەڕمان بەو بۆچوونە هەبێ ناشێ هیچ حەقیقەتێک لەبەرخاتری هیچ ئایدۆلۆژیایەک سەروبن کەین یا سەربڕین یا لە هیچەوە بیخوڵقێنین. ئەگەر باوەڕیشی پێ نەهێنین: "بۆرژوازییەت خەلق دەکەم لە کوردستان و دەیرمێنم هەتا نەزەرییەی چینایەتی بەڕاست بگەڕێ" (١)

بەو چرا گەشەوە دێمە دیداری (رابوون)ی ئازیز و دەبینم: لە چوار ژمارەیدا ئایینی ئیسلام کراوەتە هۆی دواکەوتنمان. بە دڵ لەگەڵ ئەو نووسەرە بەرێزانەم کە بەرگری لە پێناسە و چارەنووسی میللەتەکەمان دەکەن و منیش دەڵێم: ئاین کراوەتە ئاین و تۆین و هەمیشە کوردی پێ لە خشتە براوە. بەڵام بیریشم ناچێ بپرسم: بۆ هەر ئێمە و بۆ هەر لە بەختی نەحسی ئێمە؟ بۆچی هەر ئیسلاممان لێ کراوەتە تۆڕ و پێی گیراوین؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە و زۆری تریش، بەر لەوەی لە ئیسلام یا هەر ئایدۆلۆژیایەکی دی وردبینەوە، پێویستە بە خۆماندا بچینەوە و لە کەسایەتی نەتەوەیی خۆمان ڕامێنین. ئەگەر کرا، باری دەروونی ئەم نەتەوە زۆرلێکراوە شی بکەینەوە ئەوجا چاوێ بە کەسایەتی میللەتە سەردەستەکاندا بگێڕین و بە زۆرداراتی تریان بپێوین. ئێمەی پێش ئیسلام، سنووری نێوان ڕۆمان و ئەرمەنستان بەناو جەرگەی خاکەکەماندا ڕەت بووە، ئێمەی سەردەمی ئیسلام سنووری عوسمانی و سەفەوی لەتی کردووین و شەڕی دەسەڵاتمان بۆیان کردووە، ئێمەی ئەمڕۆش... هەر لێگەڕێ!. کوردستانی پێش تەشریفی ئیسلام شەڕگەی لەشکری ئەسکەندەر و کۆرش و (لۆلۆبۆس)ی ڕۆمان بووە. زەمانێکی دووروودرێژ بەر لە باڵگرتنی جبرێلی عارەبیزان، وەک ئەمڕۆ دەکوژراین و دەبڕدراین و دەرەتێنراین. (خانی) مەزن، لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیسلامیدا وێنەی باری کوردی پیشان داوین و دەفەرموێ:

ئەڤ ڕووم و عەجەم ب وان حەسارن
کرمانج هەمی ل چار کەنارن

هەردوو تەرەفا قەبیلێ کرمانج
بۆ تیرێ قەزا کرنە ئامانج
گۆیا کول سەر حەددان کلیدن
هەر تابینە سەددەک سەدیدن

ئەدی (خانی)یەکی وا مەزن لە کوێ بۆ سەردەمی دەسەڵاتی رۆمان بێنین تا کارەساتی شەڕی مان و نەمانی نێوان گۆیلە (Gladiatot)ی کوردمانێ بۆ بگێڕێتەوە کە بە فوارەی خوێنی خۆیان (لۆلۆیۆس)یان هێناوەتە پێکەنین؟ (٢) بەڵام نا! چ (خانی)مان بۆ ئەو سەردەمە پێ ناوێ. ئەگەر کەمێ رامێنین دەردەکەوێ ئێمەی ئێستا ئاوها و ئێمەی سەردەمی خانی وا، رابردووی دوورمان چۆن بووە و ئەگەر فریای خۆمان نەکەوین داهاتوومان چۆن دەبێ. پەندی مێژووش هەر ئەوەیە دەنا دەبێتە مەتەڵۆکەی گوێ ئاگردان و دەبێ باوەڕمان بە (قەدەرییەت) هەبێ و هەرچی هەیە و نییە بیدەینە دەستی خوایەکەوە. ئەوەتا (خانی) دەڵێ باسی ئەمرۆمان بۆ دەگێڕێتەوە نەک سەردەمی خۆی. جارەها و بارەها کراوینەتە قەزاوەگێڕی ئەم و ئەو و شەڕی خەڵک و یەکترمان پێ کراوە و (سەددی سەدید) بووین. ئێستاش هەر هەمان بەزمە، بەڵام شۆڕشگێڕین. دەی باشە ئەمە چ جادوویەکە لێمان خوێندراوە؟ خۆ ئیسلام دەستی نەخستۆتە ناو مارکسیزم تا لەوێشەوە شەڕی لابەلا و دۆڕاوی یەکترمان پێ بکات!... هەر شەڕی یەکترکردن خۆی لە خۆیدا هاوکارییەکی بێ مزە و پێچ وپەنا و پێزانینی داگیرکەرە و جارێ لێی نەخەلەساوین. ئەمەش دیسان خۆی لە خۆیدا بزماری تۆکمەکردنی تابووتی نەتەوەییمانە و گرتدانی چارەنووسمانە بە نەتەوە سەردەستەکانەوە. بەر لەوەی یەخەی خوا و ئاین و مارکس و لینین وکێ و کێ بگرین دەبێ یەخەی خۆمان بگرین ئەوسا -دوای خۆمان- ئەو سەرانەی کە شەڕی دۆڕاو و قوماری دۆڕاومان پێ دەکەن و چارەنووسمان بەرەو تاریکایی دەبەن. خوا چی بۆ من کردووە تا لە سەری بەدەنگ بێم و یەخەی (فلان)ی بۆ بگرم؟ ئەدی مارکس چی بۆ ئەو (فلان)ە کردووە تا منی بۆ سەربڕێ؟ ئەمە لە حاڵەتی باوەڕکردنی من بە خوا و باوەڕکردنی (فلان) بە مارکس. لەوەش گەرێ کە رەنگە هیچمان هێندێ جار باوەڕی تەواومان بە هیچیان نەبێ و شەرەکەشیان بۆ بکەین. لەوەش کارەساتتر ئەوەیە کە نە خوا بە کاری من رازی بێ نە شەرعەکەی مارکس ئەو شەڕەی پێ چاک بێ.

ئەگەر بڕوانینە کشانی عارەبە موسوڵمانەکان دەبینین: کە بەرەو رۆژاوای ئەفریقیا کشان، هەرچی کەوتە بەریان سووک و باریک بوون بە عارەب تا گەیشتنە ئەندەلوس. لەوێ

لێی چەقین و (تەعریب) وێستا. کە بەرەو ڕۆژهەلاتیش کشان، یەکەم میللەتێ کە تووشی بوون کورد بوو کە بۆیان نەبووە عارەب. ئەگەرچی ئیسلامیان بەزۆر کرا بە ریشەوە بەلام کوردبوونی خۆیان پاراست. ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە زمانی ئەو سەرووی ئەفریقیایە خزمی عارەبی بوون و زمانی ئێمەش بە خۆی ناسیش نەیدەگەیشتێ. عارەب، ئاین و قورعانی بە عارەبی نووسراوی خۆیان هەبوو و هەتا دەشت بوو ئاژاوتیان و ئاین و زمان و نەریت و کولتوور و خاک و... هەرچی هاتە پێشیان بە رەحەتی لووشیان دا و کردیان بە عارەب و عارەبی. کەچی ئێمەی کورد، زەردەشتی خۆمان و ئاڤێستای بە زمانی ئەو دەمەی خۆمان هەبوون. هەر زەردەشت و ئاڤێستاش کرانە چەکی دەستی فارسەکان و خۆمانیان پێ داپڵۆست. دەبێ سوپاسگوزاری ئەشکەوت و خاکە دژوارەکەی خۆمان بین دەنا لەگەڵ ئامۆزا فارسیدا تێکەڵ دەبووین چونکە یەک بنەچەی زمانمان هەیە و چەکی ئاینیش کەوتە دەستی ئەوان.

مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێ: "خۆم و دایکم سەیید بین" بەرزنجی، سەریان بە ریشی بابیان، ئەگەر بە زێدەڕۆییم لەسەر حسێب نەکرێ، ئەمە لەناو حیزبایەتی کورددا بە تەواوی برەوی هەیە و وەک ئەوەیە بڵێین: "خۆم و حیزبەکەم ساغ بین خوای دەکرد کورد نەدەما." هەر لەو بوارەشدا وای لێ دێ: بە خۆم خۆش بم سەری حیزب دای لە بەرد. ئەمە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی (سمایل بێشکچی)دا یەک دەگرێتەوە کە هەر خاوەن زەوی و زارێکی کورد خەمی ناوچەکەی خۆی بووە و بۆ پاراستنی لەوەرگە هاوکاری خەڵکی دەرەکیشی کردووە. (٣) خۆی و ئاژەڵ و لەوەرگەی سەلامەت بن ئیدی خوای دەکرد عەشرەت با دەیبرد! ئەگەرچی دەرەبەگ و سەرەک خێڵ و ئیمارەتە کوردییەکان نەیانتوانیوە یەکتر بخەنە ژێر ڕکێفەوە و لە ئەنجامدا نەکراوە کیانی سەربەخۆی سیاسی بۆ کورد برسکێ، خەڵکی دەرەکیش نەیانتوانیوە دەسەلاتی تەواویان بەسەر کورددا بشکێ تا دەستی پیشەسازی ئەورەپا نەگەیشتە ناوچەی داگیرکەران. پیشەسازیش تا برەوی زیادی دەکرد، چنگی داگیرکردنیش لە بینەقای کورد توندتر دەبوو بەلام شێوازی شۆڕش و ڕاپەڕین و ڕەتکردنەوەی واقعی تاڵ لەلایەن کوردەوە تا ئەمڕۆ هەمان شێوازی یاخیگەریتی و تفەنگ و شاخ و ناوچەگەریتی جاری جارانی هەیە لە کاتێکدا کە میللەتی ژێردەستە دەشێ دەربەدەری خۆی بکاتە چەکی بەکاری دەربازبوون و ڕاپەڕین بگوێزێتەوە ناوچەرگەی دوژمن...

ئێمە ئیسلاممان لێ بۆتە دین و بڕایەوە. ئەدی ئەگەر وا نەبووینایە دەبێ وەک ئاشووری

و نەرمەنیمان بەسەر نەهاتبا؟ كورد دەڵێ: "كافر كوشتن غەزایە، بێ مرووەتی باش نییە." ئەم بێ مرووەتی نەكردنەی كورد كە لە عارەبم نەبیستووە، بەهۆی مانەوەی ئەو پێچە ناشووریانە دەزانم. ئەگەر كوردیش موسوڵمان نەبوایە دەبێ بەرگەی ئەو هەموو تاتە بێ مرووەتانەی دەوری خۆی بگرتبا؟ خۆ دنیای مەسیحی چەندە لەسەر ئاشووری و ئەرمەنی وەدەنگ هاتن هەر ئەوەندەش لەسەر ئێمە دەنگیان لێوە دەهات.

ئەگەر چاو لە سنووری خۆمان بپۆشین دەبینین كورد وەك میللەتێك ئەو خەسڵەتەی تێدا هەیە كە ببێ بە چەكی بەكاری دەستی هەر ئایدۆلۆژیایەك كە باوەڕی پێی بێ نەك ئەو ئایدۆلۆژیایە بكاتە چەكی دەستی خۆی و بۆ بەرژەوەندی میللی خۆی وەكەڕی خات. چ كارەساتێكی سامناكە كە گەنجی خوێندەواری كورد دوای ئەوەی حوكمی خنكاندنیان بەسەردا بدرێ (لە زیندانی فاشیەكانەوە) نامە بۆ كرێكارانی دنیا و لینین بنووسن و سەركەوتنی ئەو ڕێبازەیان بوێ لە كاتێكدا بەر لە هەموو شتێك بە تاوانی كوردبوون بخنكێندرێن! ئەم باوەڕە هەرە تۆخە هیچی... هەر هیچی لە باوەڕی ئەو ئەسحابانە كەمتر نییە كە لە سەرەمەرگدا هەر (ئەحەدون، ئەحەد)یان بیر دەما و ئەبوجەهل (ئەبولحیكەم) و ئەبوسوفیان و كێ و كێ و كێش خەمی جەڵەبە حوشتر و قافڵەی شامیان بوو. عارەب هەتا كرا و دەكرێ ئیسلامیان بۆ بەرژەوەندی دنیایی خۆیان بەكارهێنا و دێن تا حاڵ گەیشتە ئەوەی (خەیروڵڵا توڵفاح) لە (انا العربی)دا بڵێ: "دەبێ هەموو موسوڵمانێكی ناعارەب خزمەتی عارەب بكات دەنا شعوبییە. تورك كاتێ خۆی بە چوارسەد سوارێكەوە هاتنە ئەو ناوچەیەی كە ئێستا توركیای پێ دەڵێن." (٤) و توانییان بەهۆی ئیسلامەوە حوكمی دنیایەكی موسوڵمانان بۆ ماوەی (٦٠٠) ساڵ بكەن و هەر بە چەكی ئیسلام لەوپەڕی هەرەس و ڕووخاندنەوە دەوڵەتی ناسیونالیستی دابمەزرێنن و لایەكی كوردستانیش داگیربكەن. ئەوانیش ئیسلامیان بۆ مەبەستی دنیایی خۆیان بەكارهێنا. فارسەكان مەزەبی خۆماڵی خۆیان داتاشی و بووتی خۆیان پێ پاراست. ئەی ئێمە؟! ئێمەش ئیسلاممان لە هەموان پاكتر بەكارهێنا بەڵام بۆ دنیا نا... بۆ ڕۆژی حەشرێ!

ئیسلام بڵێ چی ئەگەر ئێمە (اعمل لدنیاك كانك تعیش ابدا) فەرق نەكەین و وەك قیروزفت بە (اعمل لاخرتك كانك تموت غدا)وە بنووسێین؟ كۆمۆنیزم چی بكات ئەگەر ئێمە هەموو تیورییەكانی خەتم كەین بەڵام بەلای (مافی چارەنووسی گەلان)ەوە نەچین یا وای شەرح كەین كە لەگەڵ ئێمەی نییە؟ چ جیاوازییەك لەنێوان فتواكەی مەلای خەتێدا (ئەوەش ئەگەر بۆ مەبەستی خراپەكاری بوو بێ) و فتوای ئەو ماركسیستەدا هەیە كە

بزووتنەوەی کورد بە (حرکە عمیلە) و (حرکە استعماریە) و دەیان ناتۆرەی نارەوای دی ناو دەبەن؟ چ جیاوازییەک لەنێوان ئەو کوردە موسوڵمانانەدا هەیە کە غەزای کوردیان کردووە و لەگەڵ ئەو حیزب و حیزبییانەی کە شەڕی یەکتریان کردووە؟! من چ جیاوازییەک نابینم و هەموویان بە توخمی یەک هۆش دەزانم بەڵام سەردەمیان جیاوازە. وا خەریکە کاریگەرێتی ئاین و کۆمۆنیزم لەسەر کورد کەم دەبێ بەڵام ئەنتی ئیسلام و ئەنتی کۆمۆنیزم وەک کاردانەوە دەردەکەون.

ئەگەر دوێنێ کافری کوردمان دەکوشت با ئەمڕۆ موسوڵمانی کورد نەکوژین. ئەگەر دوێنێ بۆرژوامان بۆ ڕماندن دروست دەکرد با ئەمڕۆ چینی کرێکار بۆ ڕماندن دروست نەکەین. کاردانەوەی هەموو کارێکی خراپیش مەرج نییە چاک بێ ئەگەر ئیسلام و مارکسیزم خراپیش بن.

باوەڕی ئاینی وزەیەکە و نکۆڵی لە بوونی ناکرێ. با ئەو وزەیە بخرێتە سەر وزەکانی تر، کوا خوای دەکرد توانای موسوڵمان و کۆمۆنیستی کورد لەگەڵ توێژاڵە فکرییەکانی تردا یەکیان دەگرت و بۆ سەرفرازی میللەتەکەمان دەکەوتنە گڕ و ململانێ و ناکۆکی و کودەتا و... هەموو بەزم و ڕەزمێکی بەرەو کورسی حوکمیان بۆ ڕۆژی خۆی دوا دەخست. لەبەر ئەوەی نە ئاینزای ئیسلامی خۆمان هەبووە و نە مەزەبێکی کۆمۆنیزمی تایبەت بە کورد و ئەو ئاینەش کە هەمان بوو زەوت کرا، ترسی ئەوە هەیە شەڕێکی تری تورک و ئەرمەن بە کورد بکرێ و بەلایەکدا بخرێ. ئەگەر کاردانەوەش ڕۆڵی هەبێ دیارە تای کێ دەبێ.

وەک لە پیشەسازیدا چاومان لە ئامێری حازربەدەستە ئاوهاش چاومان لە بیروباوەڕی حازربەدەست و شۆڕشیشمان لاسایی کردنەوەیەکی بەردەوامی پێش خۆمانە. هەرچیمان کرد بێ، ئەوەمان نەکردووە کە دەبێ بیکەین. دەشێ بپرسین: ئێمەی کورد میللەتین یا نا؟ بەڵێ میللەتین. میللەت مافی چارەنووسی خۆی هەیە یا نیەتی؟! بەڵێ هەیەتی. کە وابێ: دەبێ ئەو ئایەتە بکرێنین کە دژی مافەکەمان دەوێستێ (٥) و ئەو تیۆرییەی لەودیو کێوی قافەوە سەربەخۆییمان ڕەوا نابینێ، ماڵی قەڵیە و دەبێ بەسەر خاوەنیدا بدرێتەوە. خۆ ئەگەر میللەتیش نین با لەو خەڵکە بگەڕێین و پێی ناوێ بۆ هەزارەم کەرەت بە فەتارەت بدرێ و لە هەمان کاتدا بکوژەکەی لێ بکەینە برای دینی و برای چینی و کرێکاری نەوتەکەی کوردستان بە چرنوکی داگیرکەر حسێب نەکەین هەر لەبەرئەوەی کرێکارە... ئەو کرێکارەش، بە ڕۆژ هێزی بازووی بە کۆمپانیای نەوت دەفرۆشێ و بە شەوانیش ڕاوەکوردی ڕەحیماوای کەرکوک دەکات. هەر ئایدۆلۆژیایەکی دنیا بگرین، تەفسیری بۆ هەر

دیاردەیەکی ئەم دنیایە دژی بەرژەوەندی کورد بوەستێتەوە دەبێ رەت کرێتەوە. تا ئەمەمان نەکردووە بۆیە هەمیشە بەرژەوەندی کورد لەلایەن کوردەوە کراوەتە سەدەقەسەری ئایدۆلۆژیایەک کە باوەری پێ هێناوە. تا کوردستان ژێردەستە و ناهەموارترین موستەعمەرە بێ، کورد نە برای (چین)ی لە ناوچەکەدا هەیە نە برای دینی. هەر سەردەمێکیش بووبێتی بەردەکەی (سیزیف)ی لە دەست گلۆر بۆتەوە. قسەشم لەگەڵ کوردی خاوەن فکرە!

سەدان ساڵی ژێردەستی و چەوساندنەوە بەشی ئەوە دەکات کە هەستی خۆبەکەمگرتن و باوەرنەهێنان بە داهاتوو دزە بکەنە دەروونی خەڵکەوە بۆیە لەگەڵ هەڵکشانی پلەی لێپرسراوی هەر نەفەرێکی کورددا، هەوڵی دابینکردنی پاشەرۆژ لەلای ئەو نەفەرە هەڵدەکشێ چونکە لە بنەرەتدا لە ئەنجامی هەوڵەکەی خۆی دڵنیا نییە. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە لە رێلادان و خزان و خۆدۆراندنی زۆری زۆر دەبێ بە دیاردەیەکی باوی رۆژانە کە هەرگیز میللەتی خاوەن کیانی سەربەخۆ بە خۆیەوە نابینێ. تا نەفەرێکی (بۆ نموونە) دانیمارکی دژی بەرژەوەندی میللەت و وڵاتی خۆی و بۆ بێگانە دەست بە خراپەکاری دەکات، سەدان کەس... بگرە هەزاران کەس بۆ دابنکردنی دوارۆژی خۆیان یا هەر لەبەر هەستی (دونێتی) و خۆ بەکەمزانین لەناو کورددا خۆیان و خوێنی هاورەگەزی خۆیان دەفرۆشن. دە تۆ تەماشای زانایەکی وەرزش بکە چی دەڵێ:

براوە: هەمیشە ئامادەیە هەوڵی نوێ بدات.

دەزانێ هێندێ جار هەڵە دەکات و دانی پێدا دەنێ.

پێی وایە (ئێستا) باشترین کاتە بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو.

بە ئەرێتی بیردەکاتەوە، بەئەرێتی کاردەکات و بە ئەرێتی دەژی.

بەڵام دۆراو:

پێی وایە فڵانە کار ئەنجام نادرێت.

یەکێ دەدۆزێتەوە تاوانی بخاتە سەر

کارەکانی دوا دەخات بەو هیوایەی (سبەینێ)ی باشتر بێ.

بە نەرێتی بیر لە هەموو شتێ دەکاتەوە.

ئێمەش کە بە درێژایی مێژوو دوراو بین ئاین و ئاینزا و شاخ و ئاوی سەرەوژێر و مارکس و مەوقعی جوگرافی و هەرچی هەیە و نییە تاوانبار دەکەین و هەزار و یەک بیانوو بۆ دۆرانی خۆمان دەدۆزینەوە. بەکورتی، هەموو سیفەتێکی دۆراومان تێدایە با وەرزشکار

چەند جوانی بۆچووە!! خەمی ناوچەی لەوەرگە و قەڵەمڕەوی سەرەک عەشرەت و مەردار وەک خەمی سەر لەبەری حیزبەکانمانە (قسەم لەسەر هەموو کوردستانە) کە هەریەکە و ناوچەی قەڵەمڕەوی خۆی دەوێ... خۆ کوردستانی گەورەش هی هەموانە و هی کەسیشیان نییە!

(٤) یادداشت، رەفیق حیلمی.

(٥) پێم شک نایەت دەقێکی وا لە قورعان و حەدیسدا هەبێت دژی دیاریکردنی چارەنووسی کورد بوەستێتەوە، هەروەها لە مارکسیزمیشدا... بەلام هۆشی کورد خراپیان شەرح دەکا یا کردووە یا بۆ کراوە.

چەند جوانی بۆچووە!! خەمی ناوچەی لەوەڕگە و قەڵەمڕەوی سەرەک عەشرەت و مەڕدار وەک خەمی سەر لەبەری حیزبەکانمانە (قسەم لەسەر هەموو کوردستانە) کە هەریەکە و ناوچەی قەڵەمڕەوی خۆی دەوێ... خۆ کوردستانی گەورەش هی هەموانە و هی کەسیشیان نییە!

(٤) یادداشت، رەفیق حیلمی.

(٥) پێم شک نایەت دەقێکی وا لە قورعان و حەدیسدا هەبێت دژی دیاریکردنی چارەنووسی کورد بوەستێتەوە. هەروەها لە مارکسیزمیشدا... بەلام هۆشی کورد خراپیان شەرح دەکا یا کردووە یا بۆ کراوە.

# یەکێتی سۆڤیەتی هەڵوەشاوە لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کوردەوە

حوسێن محەمەد عەزیز

ئێمە چ کارێکمان بەسەر ئەوەوە نییە کە یەکێتی سۆڤیەت چۆن هاتە گۆڕێ، کێ دەستی هەبوو لە دامەزراندنیدا؟ بۆ و لەپێناوی چیدا دروست بوو؟ داخوا هۆکانی هەرەسهێنان و هەڵوەشاندنەوەی چی بوون؟

لێرەدا ئەوەی ئێمە ئەمانەوێ لەم ووتارەدا بیخەینە ڕوو، ئەوەیە، ئایان هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت وەک دەوڵەتێکی گەورە و فرەنەتەوە، کە پانتایی خاکەکەی یەک لەسەر شەشی هەموو خڕۆکی زەوی دەبوو، بە ژمارەی دانیشتوانیش سێیەمین دەوڵەت بوو لە جیهاندا پاش چین و هیندستان، لەم قۆناغە ناسکەی کە نەتەوەی کوردی پیا تێپەڕ دەبێ، لە قازانجێتی یان لە زەرەرێتی؟

بێگومان هەموو شتێک، هەموو ڕووداوێک لەم گەردونەدا کە ڕوو دەدات، دوو کاری دژ بەیەک و پێچەوانە دەکەنە سەر خودی ئەو شتە و دەوروبەرەکەشی، پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ، هەر شتەش چاکە و خراپە و سوود و زیانی خۆی هەیە، هەر کەسەش و هەر لایەنەش ئەو ڕووداوانە بە سەنگ و تەرازووی خۆی دەکێشێ و بە گەز و چاوی خۆی دەیپێوێ و توند و تۆڵ بە بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە دەیبەستێتەوە. ئێمەش لێرەدا تەنها و تەنها لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کوردەوە، دەڕوانینە ئەو ڕووداوە سەرسووڕهێنەرە گەورەیە، کە لە یەکێتی سۆڤیەتی کۆندا ڕوویدا.

ڕاستە کە یەکێتی سۆڤیەتی کۆن، هەمیشە پەیڕەوی سیاسەتێکی دەکرد کە لە پێش هەموو شتێکدا لە بەرژەوەندی تایبەتی خودی خۆیدا بوو وەک دەوڵەتێک. پاشان لە بەرژەوەندی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانیدا بوو، بە بەهانەی مەترسی لەناوبردنی کۆمۆنیزم لەلایەن بەرەی ڕۆژئاوا و ئیمپریالیزمی ئەمەریکییەوە، بەردەوام لە هەڵپەی پاوانکردن و دەست تێوەردان و دەست بەسەراگرتنی ناوچە جوداوازەکانی جیهاندا بوو لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی و سڕکردنی دەماری هەست وهۆشی

نەتەوەییانەوە و فشاری ئابووری و رامیاری و هەرەشە و تۆقاندن و پەیوەندی دیبلۆماسی و هەندێ جاریش لە رێگەی بەکارهێنانی چەکو داگیرکردنەوە، چ بە شێوەیەکی راستەخۆ بوو بێ لەلایەن سۆڤیەت خۆیەوە، چ لەلایەن یەکێ لەو دەوڵەتە سۆسیالیستە وابەستانەی سەر بە سۆڤیەتەوە بوو بێ، ئەگەرچی هەندێ جار ئەو پەلاماردان و هەڵپەکردن و داگیرکردنانە لەسەر حیسابی گەلانی تری دونیا تەواو بووبێ.

لە هەموو کات و زروف و سەردەمێکدا، بەرژەوەندی تایبەتی سۆڤیەت لە پێش هەموو شتێکەوە تێخوێندراوەتەوە، هەر بە گوێرەی ئەو تێخوێندنەوەیەش، هەندێ جار، هەندێ لە گەلانی ژێردەستە کەڵکیان لە هێز و توانای یەکێتی سۆڤیەت بینیووە و بەهۆی ئەو یارمەتی و کۆمەک پێکردنەی سۆڤیەتەوە، ئەو گەلانە گەیشتوونەتە کەناری دەریای ئازادی و سەربەستی و دەوڵەتی ناسیۆنالی خۆیان دامەزراندووە، بەتایبەتی ئەو گەلانەی کە راستەوخۆ لەگەڵ بەرەی رۆژئاوا و ئیمپریالیزمی ئەمەریکی دەستەویەخەبوون لە سەنگەری بەرەورووبوونەوەدا بوون وەک چین و مەنگۆلیا و کوبا و ڤێتنام...هتد، هەندێکی تریشیان تووشی زەرەر و نوشوستی و تێکشاندن بوون لەسەر دەستی دوژمنەکانیاندا بە یارمەتی و کۆمەکی یەکێتی سۆڤیەتی کۆن، ئەو زەرەر و تێکشکاندنانەش، تەنانەت بۆ میللەتێکی دیاریکراویش دیسانەوە هەر لە گۆراندابووە بەگوێرەی کات و زروفەکە و بەرژەوەندییەکانیان، دیارە ئاشی بەرژەوەندییەکانیان چۆن لەگەڵ رۆژگاردا سورا بێ، ئەوانیش ئاوا و بەو چەشنە باراشی خۆیان لێکردوە. بۆ نموونە پەیوەندی یەکێتی سۆڤیەتی کۆن هەردوو گەلی ئەریتیری و کورد هەمیشە لە هەڵبەز و دابەزدا بووە، سەردەمێ یارمەتی داون و سەردەمێکیش دژیان وەستاوە، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ناوەرۆکی ئازادیخوازانە و دیموکراسیانەی ئەو دوو بزووتنەوە شۆرشگێرییە، کە بزووتنەوەی دوو گەلی ژێردەستە و چەوساوە و خاک داگیرکراوە و بە قۆناغی شۆرشی دیموکراسیدا تێپەڕ دەبن، دژی داگیرکەران و چەوسێنەرانن و پێویستە پشتگیری بکرێن و هاوکارییان لەگەڵدا بکرێ، لەپێناوی رزگاری و ئازادی و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و مرۆڤایەتییەکانیاندا.

## پەیوەندی سۆڤیەت و بزووتنەوەی کورد:

پەیوەندی یەکێتی سۆڤیەتی کۆن و بزووتنەوەی کوردایەتی، پەیوەندییەکی کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی زلهێزی سۆڤیەت، لەو کاتەوە ئەو پەیوەندییە وەک (هێڵێکی بەیانی) وابووە، بەردەوام لە هەڵکشان و داکشاندا بووە هەر لە سەرەتای

دامەزراندنی دەوڵەتی سۆڤیەتەوە بە رابەرایەتی پارتی کۆمۆنیست-بەلشەفیک و بە سەرکردایەتی لینین و هاوکاری کردنیان لەگەڵ رژێمە شۆڤێنییەکەی تورکیادا کە راستەوخۆ بووە هۆی بەهێزکردن و چەکدارکردنی تورکیا و ناراستەوخۆش بووە هۆی تێکشکان و لەناوچوونی بزووتنەوەی کوردایەتی لە ژووروی کوردستاندا، تا دەگاتە یارمەتییەکانیان بۆ دەوڵەتی داگیرکەری شاهەنشاهی ئێران و پارێزگاری کردنی یەکێتی خاکی ئێران و قایمکردنی سنوورەکانیان و پاشتر دامەزراندنی کۆماری رۆژهەلاتی کوردستان لە (مەهاباد) و هاریکاریکردنیان و دۆستایەتی کردنی کۆمارەکە و پاشان پشت بەردانی و بە گورگان خواردنی و لەنێوچوونی لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا. هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەتیش لە شۆڕشی ئەیلولی (١٩٦١) وەنەبێ لەم یاسایە بەدەر بووبێ، بەڵکو هەمان هەڵوێست بووە بەرامبەر بە شۆڕشەکانی تری کورد و فۆتۆکۆپی کراونەتەوە و ساڵ بەساڵیش گۆڕاوە بەگوێری پێشکەوتن و گۆڕان و فراوانبوونی سنووری دەستەڵاتی رامیاری و سەربازی شۆڕشەکە و جۆری فەرمانڕەوایی کردن لە (بەغدا) و چۆنێتی پەیوەندییەکانی هەردوو دەوڵەتی سۆڤیەت و عێراق و باروزروفی نێو دەوڵەتان. لە سەرەتادا ئەو پەیوەندییە لەگەڵ شۆڕشی کوردا، بریتی بووە لە ئامۆژگاری و رێنماییکردن و هێورکردنەوە، لەبەرئەوەی پەیوەندی سۆڤیەتی و عێراق لە سەردەمی (قاسم)دا و بەکارتێکردنی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی پەیوەندیەکی باش بوو، دوابەدوای رووخاندنی حکومەتی (قاسم) و هاتنە سەرکاری بەعسییەکان لە (١٩٦٣)دا و بە گۆڕانی فەرمانڕەوایی و تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان سۆڤیەت و عێراق، پەیوەندییەکەی نێوان سۆڤیەت و شۆڕشی ئەیلول گەیشتە رادەی پێشکەشکردنی یارمەتی (مادی و معنوی) شۆڕشەکە، تاکو کار گەیشتە ئەوەی کە لەدوای ساڵەکانی (١٩٧٠)ەوە، بەتەواوی لەگەڵ داگیرکەرەکەدا رێک بکەوێ و رێککەوتننامەی رامیاری و ئابووری و سەربازی لەنێوانیاندا مۆربکرێ و هاوکارییەکی تەواوی رژێمی دیکتاتۆری دەوڵەتی عێراقی داگیرکەر بکات بە هەموو شێوەیەک بۆ گەمارۆدان و لەنێوبردنی شۆڕشەکە لە رووی رامیاری و سەربازی و دیپلۆماسییەوە، کۆتاییەکەشی لای هەمووان روون و ئاشکرایە، کە هەرەس و تراژیدیاکەی بەهاری ساڵی (١٩٧٥) بوو.

ئەم هەڵوێستە راڕا و هەڵپەرستانانەیەی یەکێتی سۆڤیەتی کۆن بەرامبەر بە بزووتنەوەی کوردایەتی و نەتەوەی کورد، لەبار و دۆخی جیاجیادا، وایان لە هەندێ کەس کردووە، کە بێ گوێدانە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەیەکەی زانستیانە، هەر کە ناوی یەکێتیی سۆڤیەت برا،

داچڵەکێن و بسڵەمێنەوە، بە چاک و بە خراپ، خەتی راست و چەپ بهێنن بەسەر ناوی یەکێتیی سۆڤیەتدا چ لە کۆندا و چ لە ئێستادا و لە خانەی دوژمنی سەرەکیدا بەرامبەر بە نەتەوەی کورد دابنێن. بە بێ ئەوەی لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی بدەنە بەر نەشتەری یەکالاکردنەوە و لێکی بدەنەوە، رەچاوی یاسا گشتی و تایبەتیەکانی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان بکەن، یان لە خراپترین حاڵەتدا، سەیرێکی بەرەکەی تر بکەن، کە بەرەی سەرمایداری و ئیمپریالیزمە، تا بزانن ئەم بەرەیە چییان بەسەر نەتەوەی کورددا هێناوە، خۆ ئەگەر ئەم بەرەیەیان خراپتری نەکردبێ بە بەراوردکردن لەگەڵ بەرەی سۆسیالیستی و لە سەروو هەمووشیانەوە سۆڤیەتی کۆن، بەرامبەر بە کورد و شۆڕشەکانی، ئەوا هەرگیزاوهەرگیز قەت چاکتریشیان نەکردوە، هەر لە داگیرکردنی کوردستانەوە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دابەشکردنی، تا دەگاتە دامەزراندن و چەسپاندن و قایمکردن و پاشانیش دەستگرتن و هاوکاری کردنی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە بەتایبەتی عێراق و سوریا. ئەوە جگە لەوەی کە ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کوردستان، هەریەکە بەتەنیا، یان گەلێ جار پێکەوە لە بار و زروفی جیاوازدا چەندین پەیماننامە و رێککەتننامەیان لەگەڵ ئەو دەوڵەتە رۆژئاواییانەدا مۆرکردوە، کە راستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ دژی بزووتنەوەی کوردایەتی بووە، کە گرنگترینیان (پەیماتی سەعدئاباد - ١٩٣٧) لەنێوان تورکیا و ئێران و عێراق و ئەفگانستان، بە سەرپەرشتی بریتانیای گەورە، پەیماتی (سەنتۆ ١٩٥٢) رێککەوتننامەی دووقوڵی (جەزائیر ١٩٧٥) بە ئاگاداری ئەمەریکا، بەشداربوونی دەوڵەتی داگیرکەری تورکی لە بلۆکی (ناتۆ)دا...هتد، لە مێژووی نوێی رامیاری نەتەوەی کوردیشدا، گەلێ نموونەی ئەو یارمەتی و هاوکارییانە بەدی دەکرێن، کە وەک بەڵگەی لە چاوچەقێنوان و لەلایەن بەرەی رۆژئاواوە (بەرەی ئازادی و دیموکراسی!!) پێشکەش بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان کراوە، هەر لە وتارنووسینێکەوە کە بە شان و باهۆی ئەو داگیرکەرانەیاندا هەڵداوە تا دەگاتە پێشکەش کردنی گەورەترین چەکی کوشتندەی مرۆ بەکۆمەڵ قڕکەری کیمیاوی و گازی ژەهراوی و بایۆلۆژی و میکرۆبی و نوێترین تانک و فرۆکەی جەنگی... هتد.

ئەگەر لە بواری رامیارییدا، دۆست و دوژمنی راستەقینە و هەتاسەر نەبێ، ئەو دۆست و دوژمنانە بەگوێرەی بەرژەوەندییەکان و تەرازووی هێزەکان دیاری بکرێن و گۆڕانکارییان بەسەردا بێ، ئەوا دیارە کە ئەو یاسایە هەردوو بەرەکە دەگرێتەوە، نەک بە ئارەزووی ئەم و ئەو تەنها لایەکیان بگرێتەوە و لە درزی دەروازەی بەرژەوەندی ئایدۆلۆژیای رامیاری و بیر

و بۆچوون و ڕێبازە فەلسەفییە جیاجیاکانەوە سەیر بکرێن و دیاری بکرێن. ئەوە جگە لەوەی کە نەتەوەی کورد پێویستە خۆی بزانێت کێ دۆستی ڕاستەقینەیەتی و کێ دوژمنێتی و کەی و چۆن و لەگەڵ کێشدا دۆستایەتی دەبەستێ و دوژمنایەتی دەکات و لەبەر چ هۆیەک و لە چ کاتێکیشدا پاشەکشەیان لێدەکات، واتە سەرجەمی بابەتەکان، هەمووی بەگوێرەی یاسایەکی توندوتۆڵ و پەیوەندییەکی دیالێکتیکی بەستراون بەیەکەوە، بۆیە پێویستە بە چاوێکی ووردبین و واقیعیانەوە سەیر بکرێن، چونکە زۆرجار ئەوەی بۆ خەڵکی (حەمە) بۆ ئێمە (خەمە)، یان ئەوەی بۆ خەڵکی (بقەیە) بۆ ئێمە هەر زۆر (بقەیە).

شاراوەش نییە کە هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی کۆن، کەڵکێکی هێجگار زۆر و بێ ئەندازەی هەیە لە رووی پووچەڵکردنەوە و هەرەسهێنانی بیر و بۆچوونەکانی ئایدۆلۆژیای مارکسیزمەوە لە مەیدانی چارەسەرکردنی گیروگرفتی نەتەوایەتیدا بەو شێوەیەی کە لە سۆڤیەتی کۆن و وڵاتەکانی تری کەمپی کۆمۆنیستی پەیڕەو کرابوو. ئەوا پتر لە حەفتا ساڵێک دەبێ، کۆمۆنیستەکانی جیهان، بەتایبەتی پارت و ڕێکخراو و گروپە کۆمۆنیستەکانی خۆرهەلاتی نێوەڕاست، بەتایبەتی تریش ئەو پارتە کۆمۆنیستانەی کە لە دەوڵەتێکی فرەنەتەوەدا چالاکی خۆیان دەنواند، گوێی خەڵکیان بەو جۆرە بیر و بۆچوونانە ئاخنی بوو، مێشکی دونیایان پڕ کردبوو، کە گوایە چاکترین چارەسەرێک بۆ کێشەی نەتەوایەتی کرابێ، لەو وڵاتانەی کە لە یەک نەتەوە زیاتر یان لە چەند نەتەوەیەک پێکهاتبێ، ئەوا لە یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتە کۆمۆنیستییەکانی تری ڕۆژهەلاتی ئەوروپا و دونیادایە، کە هەموومان دەزانین پاش جەنگی دووەمی جیهانی، ئەو جۆرە دەوڵەت و ڕژێمانە چۆن دامەزرێندران و چۆن ئەو ڕەچەتەیەی بیری مارکسیزم بەکارهێنرا بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی سەرانسەری ئەو گەلانەی لەژێر سایەی ئەو ڕژێمانەدا دەژیان، چۆن سەربەستی و ئازادی لەو گەلانە قەدەغەکرا تا بە ئارەزووی دڵی خۆیان ئەو جۆرە دەستەڵات و سیستێم و جۆری فەرمانڕەواییەی کە دەیانەوێ هەڵیبژێرن و بە زۆر و بە دیکتاتۆرییەت هەموو لە چوارچێوەی تەسکی وڵاتێکدا لکێندرابوون بەیەکترییەوە.

کۆمۆنیستەکان دەیان ویست وا لە خەڵکی جیهان بگەیەنن کە لەو وڵاتانەدا، هەموو گەلان پێکەوە بە سەربەستی و ئازادی دەژین، لەژێر ئاڵای سیستێمی سۆسیالیستی مارکسیانەدا، بەرژەوەندی ئابووری، وای لێکردوون کە بیر لە جیاوازی نەتەوایەتی و بیر لە دامەزراندنی دوڵەتی ناسیۆنالی خۆیان نەکەنەوە، چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی بۆ هەتاهەتایە لە گۆڕنراوە، کەچی ئیمڕۆ تاقیکردنەوەکان لە کێڵگەی ژیاندا سەلماندی و

دەرکەوت، کە هەموو ئەو شتانەی ئەوان دەیاننووسی و باسیان دەکرد، سەرپاکی پڕوپاگەندەی ڕێبازە ئایدۆلۆژییە مارکسییە جیاجیاکان بوون لە ئەنجامی دیکتاتۆرییەت و تیرۆر و کۆچ پێکردن و گواستنەوەی بەکۆمەڵ و تواندنەوەی نەتەوایەتیدا بوو، کێشەی نەتەوایەتی، کە کێشەیەکی زۆر گران و قووڵ و سەختە و کێشەیەکی سەرەکییە، بەو شێوەیەی کە ئەوان ستووریان بۆ کێشا بوو، چارەسەر نەکراوە و بگرە ئێستا لە هەموو کاتێکی زیاتر ئاڵۆزتر بووە، لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی ئەو گەلانەدا لەگەڵ یەکتری دا و دابڕینی هەندێ ناوچە لە نیشتمانی دایکی و خستنە سەر خاکێکی دی، لەبری پێکەوە ژیانی هاوبەش و ئابووریی ناوکۆیی و برایەتی گەلان و یەک چینی هۆشیاری پرۆلیتاریا و ئاشتی و دیموکراسی بۆ گەلانی سۆڤیەتی کۆن و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، دووبەرەکی و ناخۆشی و ڕق و کینە و دیکتاتۆرییەت و ئابووری داتەپیو و ناهۆشیاری چینی پرۆلیتاریان و جەنگ و جیابوونەوە جێگەی گرتۆتەوە، خۆ ئەگەر سەیرێکی کۆمارەکانی نێو دەوڵەتی سۆڤیەتی کۆن و یۆگۆسلافیا و چیکۆسلوفاکیا و چین بکەین، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئێستاش لەو وڵاتانەدا لە هەموو کات زیاتر گیروگرفتی نەتەوایەتی پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە.

ئەو ئەفسانەیەش بە درۆ خرایەوە، کە بتوانن نەتەوەکان و گەلە جیاجیاکانی جیهان لەسەر بناغەی بەرژەوەندی ئابووری هاوبەش، بە بێ گوێدانە هیچ جۆرە جیاوازییەکی زمان و مێژوو و هەڵکەوتی جوگرافی و هەستی نەتەوەیی و کلتوور و خو و ڕەوشتی تایبەتی و ئاینی... لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی کۆمۆنیستیدا و لەژێر سایەی سیستەمێکی ئابووری توندوتۆڵدا، هەموو وەک گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو بخۆنەوە، باری ئابووری و پەیوەندی بەرهەمهێنان ببێتە بەردی بناغەی ژیانیان و جێگەی هەست و سۆز و بیری نەتەوەیی بگرێتەوە، تا لە دوارۆژدا هەموویان پێکەوە وەک قوڕ هەڵبشێلن و یەک نەتەوەی سۆسیالیستییان لێ دروست بکەن و بە یەک زمانی یەکگرتووی هاوبەش بدوێن.

لەت و پەت بوونی یەکێتی سۆڤیەت بووە هۆی هاندان و زیاتر جۆشدانی خەبات بۆ گشت گەلانی بندەستە و چەوساوە، بۆ ئەو گەلانەی کە تاکو ماوەیەکیش لەمەوبەر، یان ئەو گەلانەی کە تاکو ئێستاش بێبەش کراون لە مافی نەتەوایەتی خۆیان، بۆ ئەوەی ڕاپەڕن و شۆڕش بەرپا بکەن دژی هەموو جۆرە دەستەڵاتێکی بێگانە لە نیشتمانەکەیاندا و لەپێناوی سەرفرازی و سەروەری نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنالی خۆیاندا، هەروەک لە زۆربەی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا ڕوویدا. ئەوەشی دیسان دوویات کردەوە، کە هیچ

هێزێک نییە، هەستی نەتەوایەتی وەک هەستێکی خۆرسکی و سروشتی، بیری نەتەوەیی وەک ئایدۆلۆژیا و کالای بەبالابراوی فەلسەفەی نەتەوە، لە مێشکی گەلانی دونیادا بەتەواوی لەنێو بەرێ، ئەگەرچی بتوانێ بۆ ماوەیەکی کورت و کاتی، ئەو بیرە بتاسێنێ و بەر بە خەباتی گەلانی بندەستە و چەوساوە بگرێ، بەرەو ئازادی و سەربەستی و رزگاری و یەکگرتنەوەی نەتەوەیی.

لە هەمان کاتدا لە ناخەوە ئەو کۆمۆنیستانەی جیهانی راتەکاند کە لە درزی بیرباوەری خەباتی چینایەتییەوە دەیان روانییە گێرمە و کێشە و شتەکانی ئەم گەردوونە (بەبێ رەچاوکردن و لەبەرچاوگرتنی کات و شوێن و سەردەم و جیاوازی نێوان نەتەوەکان و باری ژێردەستەییان ئەو پێشکەوتنانەی کە بەدەست هاتووە لە مەیدانی زانستدا بەرژەوەندی نەتەوایەتی گەلەکانیان دەکەنە قوربانی بەرژەوەندی تایبەتی شۆرشی چاوەروانکراوی چەند ساڵەی بەدینەهاتووی پرۆلیتاریای جیهانی و یەکێتی سۆڤیەت. دەرکەوتن و ئاشکراکردنی ئەو راستیانە بووە هۆی ئەوەی کە زۆربەی زۆری لاوانی گەلانی سەر رووی زەوی لە خەون و خەیاڵ و ئەندێشەی سەوز و سوور راچڵەکێن و هۆشیان بێتەوە بەرخۆ و هانیان بدات بۆ بەخۆداچوونەوەیەکی ژیرانەی بیر و بەرنامە و کارەکانیان و ئاوڕێکی بەویژدانانەش بەلای گەلە بێ مافەکانیان دا بدەنەوە، تاکو لە روانگەی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکانیانەوە بروانن هەموو دەرکەوتە و رووداو و کێشە گەورە و بچوکەکانی جیهان و خۆیان بەتەواوی تەرخان بکەن بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەیان.

ئەوە جگە لەوەی کە کۆتایی هێنان بەو جەنگە ساردەی نێوان هەردوو هۆردوگا گەورەکەی سەرمایەداری و سۆسیالیستی، کە بە رای من جیهانی رزگارکرد لە جەنگێکی ئەتۆمی مرۆڤ فرکەری ماڵوێرانکەر، رێگەشی خۆش کرد بۆ هەموو ئەو گۆرانکارییە گەورانەی کە لە جیهانی رامیاری ئەمرۆدا روویداوە و لە دوارۆژیشدا روودەدات.

ئەگەر هەندێ کەس وا بیر بکەنەوە، کە نەمانی یەکێتی سۆڤیەت وەک زلهێزێک و دابەشبوونی بەسەر چەند دەوڵەتێکی نوێدا، لە قازانجی نەتەوەی کوردایە، لەبەرئەوەی سۆڤیەت وەک دەوڵەتێکی گەورە و دەسەڵاتدار، خاوەن لەشکرێکی زۆر و بەهێز، پێشکەوتوو لە رووی تەکنۆلۆژیا و کەرەسەی جەنگەوە، یارمەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانی داوە، لە قۆناغە جوداوازەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیدا، لە گشت کوردستانی مەزندا، ئەوا وابزانم هیچ لە باسەکە ناگۆرێ، چونکە ئەو رۆڵەی جاران یەکێتی سۆڤیەت ئەیبینی لەنێو سیاسەتی دەوڵەتاندا، ئێستاش رووسیای فیدراڵ، گەر بیەوێ و کەڵکی لە

گۆڕانکارییە گەورەکانی جیهان وەرنەگرتبێ، بڕوای بە مافی مرۆڤ و سەربەستی گەلان و پێکەوە ژیان بە ئاشتی و ئاسایش و دیموکراسییەت نەبێ، دەتوانێ هەمان ڕۆڵ ببینێتەوە بەرامبەر بە نەتەوەی کورد و بزووتنەوە ئازادیخوازانە ڕەواکەی لە پارچەکانی کوردستاندا، دەستی یارمەتی و هاوکاریش بخاتە نێو دەستی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانیشەوە، بگرە لە جارانیش خراپتر.

دوای ئەو ڕوونکردنەوانەی سەرەوە، لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ، کە ئەویش ئەوەیە: ئایا لەت و پەت بوون و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت پەیوەندی هەیە بە بزووتنەوەی کوردایەتییەوە، وەک بزووتنەوەی نەتەوەیەکی ژێردەست و چەوساوە و فرە دوژمن؟ لە وەڵامدا دەڵێین: بەڵێ، پەیوەندییەکی زۆر بەتین هەیە.

ئەز هەوڵ دەدەم، بەگوێرەی توانا کە شێوەی ئەو جۆرە پەیوەندییە بە چەند خاڵێک ڕوون بکەمەوە:

١- لەنێو چوارچێوەی سنووری سۆڤیەتی کۆندا:

(١) لە ئەنجامی پیادەکردنی سیاسەتی کۆچ پێکردن و کوشتنی بە کۆمەڵی گەلانی سۆڤیەتدا، لەلایەن ستالین و پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتییەوە، گەلی کوردیش لە یەکێتی سۆڤیەت، وەک گەلانی تر و کەمەنەتەوایەتییەکانی تر، دووچاری چەوساندنەوە بووە، لە کوردستانی سۆڤیەتدا کە لە سەردەمی (لینین)دا، کوردەکان جۆرە (ئۆتۆنۆمی)یەکیان هەبوو، پاش ئەوەی کە ستالین بەتەواوی دەسەڵاتی پارت و دەوڵەتی گرتە دەست، ناوی (ئۆتۆنۆمی) نەما، ئەو سووکە مافەش سەندرایەوە و پێشێلکرا، کوردەکانیان دابەش و پەرش و بڵاوکردەوە بە سەر کۆمارەکانی ئوزبێکستان، کازاخستان، گورجستان، کیرگیزستان، تاجیکستان و ڕووسیای فیدراڵدا، هەندێکیشیان، ئەوانەی کە بە تێکدەر و گێرەشێوێن و دوژمنی گەل ناودەبران ڕەوانەی سیبریا کران و بێ سەر و شوێن و بێ ناوونیشان مانەوە. ئەوەشی کە مایەوە لە ناوچە کوردنشینەکاندا، وەک کەرەباخ، لاچین، نەخچەوان...هتد بە توند و تۆڵی بەسترانەوە بەو دوو کۆمارەی ئازربایجان و ئەرمینیای سۆڤیەتییەوە.

لە ئازربایجاندا کوردەکان حاڵیان زۆر شڕ بوو بە دەست ئازەرییە شۆڤێنییەکانەوە، ئازەرییەکان بە زۆر و بە تۆقاندن توانیان نزیکەی ٢٠٠ هەزار کوردێک بکەن بە ئازەری لە ڕێگەی گۆڕینی ناو و فەمیلیا و ڕەگەز و شوناسنامەوە، بە بەهانەی ئەوەی کە هەموو موسوڵمانن و پێویست بەو جوداوازییە ناکات. ئەوانەی ئەو بار و دۆخەشیان بۆ قووت

نەدەچوو، هیچ چارێکی تریان نەما جگە لەوەی خاکی باوباپیرانیان بەجێ بهێڵن و ماڵ و منداڵیان بپێچنەوە و روو بکەنە کۆمارێکی تر، کە ئازەرییەکان زۆر بەخۆشحاڵییەوە هانی خەڵکیان دەدا بۆ رۆیشتن و کۆچکردن. لە ئەرمینیاشدا، کورد ئەوەی مابۆوە لەوێ، حاڵیان لە کوردەکانی ئازربایجان باشتر بوو، ئەویش بە بڕوای من دەگەڕێتەوە زیاتر بۆ ئەوەی کە زۆربەی زۆری کوردەکانی ئەرمینیا نە موسوڵمانن تا ناکۆکی ئاینی دروست ببێ لەنێوانیاندا و نە عیسایش بوون، هەتا لەنێو خۆیاندا بیان توێننەوە بەبۆنەی ئاینەوە، بەڵکو زۆربەی کوردەکان لەسەر ئاینی پیرۆزی کۆنی کوردەواری خۆیان مابوونەوە، کە ئەوان هەر بەناوی ئاینەکەوە بە کوردەکان دەڵێن (یەزدی)، کە ئەوە گیروگرفتێکی تایبەتی بۆ دروست نەکردبوون لەگەڵ ئەرمەنییەکاندا، جگە لەوەی کە کورد و ئەرمەن هەر لە کۆنەوە (هەردوو پارچەکەی کوردستانی بندەستی تورکیا و بندەستی سۆڤیەتدا پێکەوە ژیاون و ژێردەستەی هەردوو دەوڵەتەکە بوون.

دوای هاتنە سەر کاری بەڕێز (میخایل گەربەچۆف) و راگەیاندنی بەرنامەی نوێی پارتی کۆمۆنستی سۆڤیەتی کە خۆی دەنواند لە (پێریستریۆکا) و (گلاسنۆست) و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی سۆڤەیەتی و پەردە هەڵماڵین لەسەر تاوانەکانی ستالین و سەرکردە کۆنەکانی تری پارتی کۆمۆنیست، کوردەکان کەمێ بووژانەوە و کەوتنە خۆیان و داوای مافی نەتەوایەتی خۆیان کرد، وەک هەموو گەلانی بەشخوراوی تری نێو سۆڤیەتی کۆن، داوای گەڕانەوەیان کرد بۆ ناوچەی کوردستانی (ئۆتۆنۆمی) سەردەمی لینین، لە ئەنجامی ئەو چالاکی و جموجۆڵییە رامیاریانەدا، کۆمیتەی کوردەکان دروست بوو، تا کار گەیشتە ئەوەی کە پەلیتبیرۆی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی لە تەمووزی ١٩٩٠دا بۆ ئەو مەبەستە کۆنفرانسێکی بۆ گرتن کە نوێنەری برا کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستانیش داوەت کرابوون، بۆ دەمەتەقێ و لێکۆڵینەوە لەسەر بار و دۆخی کوردەکانی سۆڤیەت و گوێگرتن لە داواکارییەکانیان و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان.

ئێستا پاش ئەوەی کە یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشایەوە، کورد لە سۆڤیەتی کۆندا لە شوێنێکی دیاریکراودا پێکەوە نەدەژیان، بەڵکو دابەش و بڵاوبوون بەسەر کۆمارەکاندا، ئەو گوڵی هیوایە بە جارێک سیس بۆوە کە کوردەکانی سۆڤیەت بتوانن مافی خۆیان وەرگرن و هەموو پێکەوە لە شوێنێکی دیاریکراودا کۆمارێکی (ئۆتۆنۆمی) زیندوو بکەنەوە، چونکە بە دابەشبوونی سۆڤیەت، کێشەی کوردیش لەوێ ئەوەندەی تر ئاڵۆزتر بوو، کێشەکە بووەتە بەشێک لە گیرگرفتی ئەو دەوڵەتە تازانەی کە پاش هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەت دامەزران و

کوردیان لە سەرەتادا بەسەردا دابەشکرابوو و تیا دەژیان. هیچ دەوڵەتێکیش ئامادە نییە کە بستێک لە خاکی خۆی بدات نەک هەر بە کوردەکان بۆ ئەوەی کۆبکرێنەوە و کۆمارێکی (ئۆتۆنۆمی) تیا دابمەزرێنن، بەڵکو بە هیچ گەلێکی دی تاکو دەسەڵاتێکی تایبەتی لەسەر دابمەزرێنن. پێم وایە بە نەمانی یەکێتی سۆڤیەت ئەو هەلەش لە دەست چوو، کە گەلی کورد بتوانێت، لە هەر بەشێکی سۆڤیەتی کۆندا، بگات بە مافی نەتەوەیی خۆی.

(٢) ئەگەر یەکێتی سۆڤیەت وەک خۆی بمابایە، دەتوانرا بە هەر شێوەیەک بێت، چارەسەرێک بۆ ئەو جەنگە درێژخایەن و سەختەی نێوان ئەرمینیا و ئازربایجان لەسەر ناوچەی (کەرەباخ) بدۆزرایەتەوە و ئاوێک بکرایە بەو ئاگرەدا، کە پریشکی ئەو ئاگرە سوورە ناوچە کوردنشینەکانی سۆڤیێتی کۆنیشی گرتوتەوە، زۆربەشیان ناچاربوون بەشداری ئەو جەنگە بکەن بە دانە پاڵ ئەرمینیا یان ئازربایجان، گەلێکیشیان لێ دەربەدەر و ئاوارەبوون، کە نزیکەی ٢٠-٢٥ هەزار کوردێک دەبن و گوێزراونەتەوە بۆ ناوچەی (کراسنەدار) لە رووسیای فیدراڵ، وەکو پەنابەرێک ژیانێکی مەمرە و مەژی دەبەنە سەر ئەوە جگە لەوەی کە ئەو کوردانە لە شوێنی خۆیان هەڵکەندران و گەلێکیان لێکوژراوە و گوندەکانیشیان وێران بووە.

(٣) بە نەمانی دەسەڵاتی سۆڤیەتی، بیرباوەڕی شۆڤێنیزم و دەمارگیری نەتەوایەتی پتر بڵاوبۆتەوە و تەشەنەی کردووە لەنێو بیر و هۆشی گەلانی سۆڤیەتی کۆندا، بەتایبەتی لەنێو ئازەرییەکان و ئەرمەنییەکان و گورجییەکاندا، کە بەشێکی زۆری کورد لەو وڵاتانەدا دەژین.

(٤) لە سەردەمی سۆڤیەتی کۆندا، دەسەڵاتی رامیاری و سەربازی تەنها یەک ناوەندی هەبوو، ئەویش مۆسکۆ بوو، هەموو بڕیارەکان هەر لەوێوە دەردەچوو، بەڵام ئێستا پاش لەت و پەت کردنی سۆڤیەت و دابەشبوون و دامەزراندنی چەند دەوڵەتێکی ناسیۆنالی نوێی سەربەخۆ، چەندەها ناوەندی نوێ هاتۆتە گۆڕێ، دەسەڵاتەکان و بڕیارەکانیش دابەشبوون و گواستراونەتەوە بۆ ئەو ناوەندە نوێیانە، هەر ناوەندێکیش بەگوێرەی بەرژەوەندی نەتەوەیی تایبەتی خۆی بڕیار دەدات لەسەر هەموو رووداو و گیروگرفتێکی ناوەوە و دەرەوەی وڵاتەکەی خۆی، کە ئەوە بۆ کورد شتێکی زۆر خراپە چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەی ئەو وڵاتانەدا، بۆ نموونە، ئازربایجان یان ئەرمینیا یان هەر دەوڵەتێک تر، دەتوانێ لە سیاسەتی دەرەوەیدا، رێککەوتنامە مۆر بکا و یەک بێت لەگەڵ یەکێک لەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کوردستاندا بۆ گەمارۆدان و دژایەتی کردن و لێدانی بزووتنەوەی کوردایەتی

چ لە ناوەوەی دەوڵەتەکەی خۆیدا، چ لە نێو یەکێک لەگەڵ ئەو دەوڵەتە دراوسێ داگیرکەرانەی تری کوردستاندا بەتایبەتی تورکیا و ئێران، بەو پێیەی کە دراوسێن و بەرژەوەندییەکانیشیان جووتە لە دژایەتی کردنی نەتەوەی کورد و بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکەیدا. سەردانەکەی (ئەلییف گەیدار) لە مانگی ئەپریلی (١٩٩٢)دا بۆ ئەنقەرە، کە ئەندامی پەلیتبیرۆی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی کۆن و سەرۆکی (KGB)ی سەردەمی (گەربەچۆڤ) بوو، ئێستاش کاربەدەستێکی گەورەی ئازەری ناوچەی (نەخچەوان)ە، ئەوە دەسەلمێنێ کە چۆن بەگوێرەی پەیدابوونی ناوەندی نوێی دەستەڵات، دەست و پێیان کراوەتەوە و بە ئارەزووی خۆیان پروپاگەندە بۆ بیروباوەڕی پان-تورکیزم دەکەن، مەودای چالاکی پەیوەندی کردنی دیبلۆماسییان بۆ رەخساوە، رێککەوتنامەی دوو قۆڵی مۆر دەکەن. کاتێک لە تەلەفزیۆنی رووسیای فیدراڵەوە، کەناڵی یەک، نیشانیدا کە (گەیدار) چەپکەگوڵی رێز و وەفا لەسەر گۆڕەکەی (کەمال ئەتاتورک) دادەنێ و ئەڵێ: (ئەتاتۆرک، باوکی گیانی هەموو تورک زمانێک و ئامانجەکانی تورکیا ئامانجی ئێمەشن)، بەڵام ئەگەر یەکێتی سۆڤیەت بمایە، هەڵبەتە نە کەسانێکی وەکو (گەیدار) رێگای وتنی شتی لەو بابەتەیان دەبوو، کە مەگەر هەر کورد و ئەرمەن بزانن (ئەتاتۆرک) چۆن باوکێکی گیانی تورک زمانەکانی جیهانە و ئامانجەکانی تورکیا کامانەن و لە خزمەتی کێدان، نە کادیرە سوپاییەکانی ئازربایجانیش مەشقی سەربازییان لە تورکیا دەکرد، بۆ خۆئامادەکردن دژی ئەرمەن و کورد.

(٥) ژیاندنەوە و تەقینەوە و پەرەسەندنی بیروباوەڕە ئاینییە جۆربەجۆرەکان پاش راگەیاندنی بەرنامەی (پێریسترۆیکا)، بەتایبەتی دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لێرەدا باسی بکەین، ئەوەیە کە لە یەکێتی سۆڤیەتی کۆندا زیاد لە (٦٠) ملیۆن موسوڵمانی سونە و شیعە هەبوو، ئەوانە رۆژێ لە رۆژان یەکگرتوو نەبوون، دەستەڵاتی بڕیاردانیان نەبوو، نەیان دەتوانی بەبێ رەزامەندی ناوەندی (مۆسکۆ) پشگیری خۆیان دەربڕن بۆ دەوڵەتێکی تری موسوڵمان، دژی هەر جۆرە دەستدرێژییەک کە بکرابایەتە سەریان، چونکە کەسایەتی یاسایی دەوڵەت لە ناوەوە و دەرەوەی سۆڤیەتی کۆندا هەر بەدەست (مۆسکۆ)وە بوو، هەموو بڕیارەکان لە هەچ روویەکەوە بوویێت ناوەندی بوون، هیچ حیسابێک بۆ بیروباوەڕی ئاینی و مەزهەبی و هەست و سۆزی دوور و نزیکی گەلانی سۆڤیەت نەدەکرا، مەگەر لە بەرژەوەندی دەوڵەتی سۆڤیەتیدا بایە، ئەگەرچی جاروبار کۆمۆنیستەکان، خۆیان کۆنگرەیەکیان بۆ سازدەکردن کە بە ئارەزووی دڵی خۆیان

بڕیاری پێشەکییان پێ دەدان سەبارەت بە هەر کێشەیەکی جیهانی ئیسلامی بوایە، کە بگونجێ لەگەڵ بیروڕا و بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا. بەڵام ئەمڕۆ دوای نەمانی سۆڤیەت، ناوەندێکی نوێی موسوڵمانی دروست بووە، موسوڵمانەکانی ئاسیای ناوەڕاست تێکڕا پێکەوە و بە سەربەستی، کۆنفرانس و کۆنگرەکانی خۆیان دەبەستن، بە ئازادی بیروڕاکانی خۆیان بڵاودەکەنەوە، ئەو پەیوەندییە ئاینی و گیانییەی نێوانیان ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر لە پەرەسەندندایە، کە هەندێ جار وایان لێدەکات کوێرانە و بە بێ هیچ مەرجێک پشتگیری تەواوی خۆیان نیشان بدەن بەرامبەر هەر دەستدرێژییەک کە لەلایەن دەوڵەتێکی ناموسڵمانەوە دەکرێتە سەر دەوڵەتێکی موسوڵمان، بەو پێیەی کە هەموو موسوڵمانن و داکۆکی لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەکەن و بە (جیهاد)ی دەزانن لە ڕێگەی خوادا، ئەگەر گیروگرفتەکە لە بنەڕەتدا فری بەسەر ئاینی ئیسلامیشەوە نەبێ. لێرەدا ئەو خۆنیشاندان و پشتگیرییانە دێنینەوە بە نموونە کە موسوڵمانەکان کردیان لە ناوچە جیاجیاکانی سۆڤیەتی کۆنەوە بۆ ڕژێمی داگیرکەری عێراقی دژی هێزەکانی هاوپەیمان لەکاتی جەنگی دووهەمی کەنداودا، کە وێنەی (صدام)یان هەڵگرتبوو بە شەقامەکانی شارەکاندا دەیانگێڕا و دەیانئەڕاند دژی ئەمەریکا و (کافر)ەکان، کە کێشەکە لە بنەڕەتا هیچ پەیوەندییەکی نەبوو بەسەر ئاینەوە، بەڵکو (صدام) خۆی داگیرکەری (کوێت) و هەڵگیرسێنەری ئەو جەنگە بوو، دەبوایە ئەو تاوانبار بکرایە و دژی ئەو بووەستانایە ئەگەر ئەوان ڕاستییان دەویست نەک پشتگیری بکەن. ئەو دەرکەوتەیە خۆی لەخۆیدا شتێکی زۆر خراپە بۆ نەتەوەی کورد، زۆرجار لە مێژوودا بەکارهێنراوە دژی کورد، پشتیوانی زیاتر بۆ داگیرکەرانی کوردستان پەیدا دەکات دوژمنی پتر بەناهەق بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی زیاد دەکات، لە زۆر حاڵەتدا بە زیانێکی گەورە تەواو دەبێ بۆ نەتەوەی کورد، هەر چەندە کوردیش خۆی یەکێکە لە گەلە ئیسلامییەکان، بەڵام بەداخەوە لێرەدا حیسابی گەلانی ژێردەستە تێناخوێندرێتەوە، بەڵکو لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوان پشتگیری دەوڵەتە دەستەڵاتدارە موسوڵمانەکان دەکەن، چونکە هەر ئەوان بە پارێزەری ڕاستەقینەی ئاینی ئیسلام دەزانن، مەگەر بار و دۆخێکی وەکو موسوڵمانەکانی یۆگۆسلاڤیای کۆن بێتە گۆڕێ و موسوڵمانەکان لە هەموو شوێنێکی دونیاوە پشتگیری (مادي و معنوي) بکەن بۆ جیاکردنەوە و قوتکردنەوەی دەوڵەتێکی ئیسلام لە نێوەڕاستی ئەورووپادا و لەنێو جەرگەی دەوڵەتە دیانییەکاندا.

مەترسی ئەو یەککرتن و پشتگیری کردنە، ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێ زیاترە، چونکە ئێران

وەکو دەوڵەتێکی داگیرکەری بەشێکی گەورەی نیشتمانەکەمان، دادەنرێ بە ناوەندێکی گەورەی ئیسلام و ژمارەی دەوڵەتەکانی ناوچەکەش کە رژێمەکانیان سیفەتێکی ئیسلامیان بە خۆیانەوە نووساندووە، رۆژ بەرۆژ لە زیادبووندایە. بۆ نەتەوەی کوردی خاک داگیرکراو و دابەشکراو، بێ ماف و بێ دۆست و بێ پشت و پەنا، هەر پشتگیری کردنێکی هەر دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان، لەلایەن هەر لایەکەوە بێ و بە هەرجۆرە بروبیانوویەکەیوە بێ، لە ئەنجامدا بە بەهێزبوون و سەرکەوتنی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان کۆتایی دێ و دەشبێتە هۆی زیاتر چەوساندنەوە و مایەی بەدبەختی و درێژەپێدانی تەمەنی دیلێتی نەتەوەی کورد.

(٦) هەر لە کۆنەوە لە یەکێتی سۆڤیەتی هەڵوەشاوەدا، لە هەندێ زانکۆ و پەیمانگادا، گرنگییان داوە بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و نووسین لەسەر مێژووی کورد و زمان و هونەر و وێژە و کولتووری کوردی، چ لەلایەن کوردەکانی سۆڤیەت خۆیانەوە، چ لەلایەن هاولاتیانی تری سۆڤیەتەوە. ئەگەر سۆڤیەت بمابایە، دەتوانرا ئەو هەلە زێڕینە بقۆسترایەتەوە و لە سایەی بەرنامەی نوێی (پێریسترۆیکا) و سیستێمی دیموکراسییەوە، ئەو وڵاتە ببێتە مەڵبەندێکی گشتی رۆشنبیری و قەڵایەکی کلتوری، نەک هەر بۆ کوردەکانی سۆڤیەت، بەڵکو بۆ هەموو نەتەوەی کورد، بۆ زیاتر توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر مێژوو، جوگرافیا، هونەر و وێژە و زمانی کوردی، لە ناوچە جیاجیاکانی یەکێتی سۆڤیەتی کۆندا.

## ب- لە دەرەوەی چوارچێوەی سنووری سۆڤیەتی کۆندا:

(١) ئەگەر جاران گەلێکی ژێردەستی بێ پشت و پەنای وەکو گەلی کورد هەندێ جار بیتوانیایە و بیویستایە کە کەڵک لەو ناکۆکی و ململانێیەی نێوان هەردوو بەرەی سەرمایەداری و سۆسیالیستی وەربگرێ، دژی دوژمنەکانی، ئەوا ئیتر ئەمرۆ بە نەمانی یەکێتی سۆڤیەت، ئەو بابەش لەو کونەوە نایەت، دەبێ بەرەی رۆژئاوا و لە سەروو هەموویشیانەوە ئەمەریکا چی ووت، بەبێ چەند و چوون و سەرپێچی لێکردن و بێ مەرج و مەرج کاری جێ بەجێ بکرێ، کە ئەگەر لایەنی بەرژەوەندییەکانی بەرەی رۆژئاوا زاڵ بێن بەسەر بیروباوەڕ و هەستی مرۆڤایەتییاندا، ئەوا ئەوکاتە بە زیانێکی گەورە دەگەڕێتەوە بۆ گەلانی ژێردەستە، بەتایبەتی بۆ گەلی کورد، کاتێک تای تەرازووی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان هاوجووت بێ لەگەڵ تای تەرازووی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی رۆژئاوادا.

(٢) بەو پێیەی کە یەکێتی سۆڤیەت دراوسێی هەردوو دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا و ئێران بوو، سنوورێکی هاوبەشی گەورەیان لەنێواندا بوو، پێش هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەت نە تورکیا، نە ئێران نەیان دەتوانی بە هیچ شێوەیەک دەست بخەنە نێو کار و باری ناوخۆی کۆمارەکانی دەر و دراوسێی خۆیان لەنێو سۆڤیەتی کۆندا لە هیچ ناوچەیەکیدا، توانای ئەوەیان نەبوو بە هیچ جۆرێک کار بکەنە سەر گەلانی ئەو ناوچانەی سەرسنووریان، لەبەر ئەوەی کە سنوورەکان زۆر بەتوندی قایم کرابوون، هەموو دەرگاکان لە رووی ئەو دوو دەوڵەتەدا داخرابوون، دەستەڵاتی رامیاری و دیبلۆماسی تەنها و تەنها لە دەست (مۆسکۆ)دا بوو، بەڵام ئەمرۆ، چ تورکیا و چ ئێران، بە ئارەزووی دڵی خۆیان لەو ناوچانەدا تەراتێن دەکەن، چالاکی رامیاری و ئاینی خۆیان دەنوێنن، دەست وەردەدەنە نێو کاروباری رامیاری و سوپایی و ئابووری و کلتووری گەلانی ئاسیای ناوەڕاستەوە، ئەو دوو دەوڵەتە لە پێشبڕکێ و بۆربۆرێن و پلان دانانێکی بەردەوامدان دژی یەکدی بە مەبەستی کۆنترۆل کردنی ئەو ناوچانە و راکێشانی سەرنجی ئەو گەلانە بەلای خۆیاندا.

تورکیا لە هەوڵدانێکی بێوچاندایە بۆ بەلاداخستنی کێشەکانی ئەودیو قەفقاس، بە راوێژکردن و پشتیوانی ئەمەریکا، بۆ زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆرییەتی تورکی لەسەر بناغەیەکی هاوچەرخ، گەلە تورک زمانەکانی نێو سۆڤیەتی کۆن هان دەدات بۆ ژیاندنەوە و گەشەکردنی زمانی تورکی و بەکارهێنانی ئەلف و بای لاتینی لە نووسیندا تا زیاتر نزیک بکەونەوە لە تورکەکانی نێو دەوڵەتی تورکیا، بەکورتی هەوڵ دەدەن بۆ پیادەکردنی بەرنامەی پان-تورکیزم. سەردانەکەی سەرۆک وەزیرانی تورکیا (سلیمان دیمریل) لە کۆتایی مارتی (١٩٩٢)دا بۆ دەوڵەتەکانی تورکمانیا، ئوزبێکستان، کازاخستان، کیرگیزستان و ئازربایجان و کردنەوە و پێشکەشکردنی کەناڵێکی تەلەفیزیۆنی تورکی و بڕیاردان لەسەر دروستکردنی پەیکەرێک بۆ (ئەتاتورک) لە پایتەختی هەر یەکێ لەو وڵاتانەدا، سەرەتای هەوڵدان و چاوتێبڕینیانە و بەڵگەی ئەم بۆچوونانەیە.

ئێرانیش وەک دەوڵەتێکی گەورە و خاوەن دەستەڵات، ئەیەوێت بە دوو جۆکەرەوە و لە دوولاوە یاری بکات، لە لایەکەوە هەوڵ ئەدات بەهۆی ئاینی ئیسلامەوە بەتایبەتی ئاینزای شیعەگەرێتی، هەست و هۆشی ئەو گەلانە سڕ بکا و سەرنجیان بەلای خۆیدا رابکێشێ و کوێ رایەڵیان بکات بۆ فەرمانەکانی (تاران)، لە لایەکی تریشەوە بەهۆی زمان و هاونەژادییەوە، بەتایبەتی لەنێو تاجیکەکاندا، بەو پێیەی کە لە گرووپە زمانێکن و زۆر نزیکن لەیەکترییەوە، لەنێو ئازەرییەکانیشدا بە بەهانەی ئەوەی کە گەلی ئازەر دابەش بوون لە

نێوان ئێران و سۆڤیەتی کۆندا و دەبێ ئەو لێک پچڕاندنە لەنێوانیاندا نەمێنێ و پێکەوە گرێ بدرێنەوە.

ئەوە جگە لەوەی کە ئەو دەوڵەتە تازە دروستبووانەی نێو سۆڤیەتی کۆن لە رووی ئابوورییەوە، زۆر دواکەوتوون و پێویستیان بە یارمەتی و هاوکاری ئەو دەوڵەتانەی دراوسێیان هەیە بۆ بوژاندنەوەی باری ئابووری و مۆدێرن کردنی کەرەسەی پیشەسازی و کشتوکاڵی، بەتایبەتی ئێران کە دەوڵەتێکی بەتوانا و خاوەن سامان و سەرمایەیەکی زۆرە.

هەموو ئەمانە وا لە تورکیا و ئێران دەکەن، کە زیاتر چاو ببڕنە ناوچەکە و هەوڵی کۆنترۆڵ کردنی بدەن، بیر لە گۆڕانی سنوورەکانی نێوانیان بکەنەوە، دەست بگرن بەسەر هەست و هۆشی گەلانی ناوچەکەدا، دەسەڵاتی دەوڵەتی و رامیارییان فراوانتر بکەن، کە هەموو ئەو پلان و ئامانجانەی ئەوان، لە ئەنجامدا بە زەرەری نەتەوەی کورد کۆتایی دێ و مەترسی ئەوەشی لێدەکرێ، کە ئەگەر هەر بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازانەی سەرانسەری یان لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا دروست بوو، بەتایبەتی لە تورکیا و ئێراندا، ئەوان هاوکاری بکەن لەگەڵ ئەو دەوڵەتە نوێیانەدا دژی نەتەوەی کورد و ئەوانیش بکەنە دوژمنی ژمارەیەکی بزووتنەوەکەی، بەتایبەتی کە هەندێ لەو دەوڵەتە تازە دروست بووانە، خاوەنی چەکی ئەتۆمی و کەرەسەی جەنگی کوشندەی ترن، کە ئەوە خۆی لەخۆیدا خەتەرێکی زۆر گەورەیە بۆ پاشەرۆژی نەک هەر جوولانەوەی شۆڕشگێڕی و ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد، بەڵکو بۆ هەموو گەلانی ناوچەکە، مەگەر بار و زروفی ناوچەکە و تەرازووی هێزەکان و بەرژەوەندی تایبەتی زلهێزەکان بەتایبەتی ئەمەریکا بە جۆرێکی کە بخوازێ و بگۆڕێ کە لە ئایندەدا بیانەوێت لە رۆڵی رامیاری و سوپایی و هەوڵی دیبلۆماسی هەردوو دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا و ئێران کەم بکەنەوە و کلک و باڵی قرینیان بکەن، تاکو چیتر لەوە زیاتر نەتوانن بە سەربەستی لە شەقەی باڵ بدەن و بفڕن بە ئاسمانی رامیاری پڕ لە ئاڵۆزی خۆرهەڵاتی ناوەراستدا بە گشتی و ناوچەکانی قەفقاس و ئاسیای ناوەراستدا بەتایبەتی.

ستۆکهۆڵم

١٩٩٣/١/١١

کۆنترین دۆکیوومەنت لەبارەی مێژووی کوردستان

# ئاناباز

بەرهەمی مێژوونووس، فەیلەسووفی گریک: ئێگزێنۆفۆن،

وەرگێرانی لە فەرەنسییەوە: فەرهاد پیربال

**وشەیوەرگێر**

ئیمپراتۆریەتی بنەماڵە فارسە هەخامەنشییەکان (٥٥٠-٣٣٠ پێش زاینی مەسیح)، دوای ئەوەی لە ساڵی (٥٥٠ پ.ز.)دا توانیان ئیمپراتۆریەتی میدیاییەکان (٦٧٢-٥٥٠ پ.ز.) تێک بشکێنن، چوون سەرتاپای کوردستانی گەورەی ئەمڕۆیان خستە ژێر فەرمانڕەوای خۆیانەوە. (١)

پاشان، کاتێ داریووشی پاشای هەخامەنشییەکان کۆچی دوایی کرد، کورە گەورەکەی خۆی بەناوی (ئەردەشێر) لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت. ئنجا یەکسەر دووبەرەکایەتی و ناکۆکی، لەسەر مەسەلەی گرتنەدەستی فەرمانڕەوایی، لەنێوان ئەردەشێر و برا بچووکەکەی، بەناوی (کورووش)، تەقیەوە. ئیدی کورووشی برا بچووک، بەخۆی و یە لەشکرێکی تێکەڵ و گەورەی سێزدەهەزار کەسییەوە، هێرشێکی هەژەندی کردە سەر تەختی پاشایەتیی برا گەورەکەی خۆی: دەهەزار سەربازی ئەم لەشکرە گەورەیەی کورووش بەکرێگیراوانی یۆنانی بوون و لە یۆنانەوە بەرەو ڕۆژهەڵات بەرێ کەوتبوون.

ئاگری ئەم جەنگە لە شوێنێکی نزیک شاری بابلی ئەمڕۆی عیراق هەڵگیرسا، کورووش تێیدا کوژرا و دەهەزار سەربازە یۆنانییەکانیش، بە سەرکردایەتیی ئێگزێنەفۆن، بێدەسەڵات مانەوە و دەیانەویست هەرچۆنێک بێ خۆیان قوتار بکەن. (٢)

دەهەزار سەربازە یۆنانییەکە، لە ڕێگای کشانەوەی خۆیاندا، لەبەرئەوەی نەیاندەتوانی خۆیان لە ڕووباری دیجلە بدەن و بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، بڕیاریان دا کە ڕێگای باکوور بگرنەبەر: بەرەو چیاکانی کوردستان. (٣)

ئەو یۆنانییانە کاتێ گەیشتنە کوردستان، دەیانزانی کە کوردەکانیش هەر (کاردۆخەکان) دژی ئەردەشێر پاشای هەخامەنشین؛ دڵیان بەوە خۆش بوو کە لەلای ئەو کاردۆخە چیاییانە بتوانن کەمێک پشوو بدەن و بحەسێنەوە، ئنجا بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، بەڵام

کاردۆخەکان، بۆ بەرگریکردن لە خاک و ژیانی خۆیان، لەگەڵیان کەوتنە چەندین شەڕ و شۆڕی بێ ئامانەوە؛ نزیکەی ۱۲۰۰ کەسیان لێ کوشتن. (٤)

ئەم تێکستە پەرچڤەکراوەی بەردەست، بە ناویشانی (ئاناباز) کە زیاتریش بەناوی (گەشتی دەهەزار سوارەکە) بەناوبانگە، یادگاری ئەو قۆناغە جەنجاڵ و ئەو شەڕوشۆڕانەی یۆنانییەکانە لە کوردستاندا، کە لە دەوروبەری ساڵی ٤٠٠-٤٠١ی پێش زاینی مەسیحدا بە قەڵەمی فەرمانداری ئەو لەشکرە یۆنانییە، ئێگزێنۆفۆن XENOPHON، نووسراوەتەوە.

هەڵبەتا ئەمە لە بەختی کوردان بووە کە فەرمانداری ئەو لەشکرە یۆنانییە مێژوونووس و نووسەرێکی وەکو ئێگزێنۆفۆن بووبێت، بۆ ئەوەی بێت چەند لاپەڕەیەکی درەوشاوە و دانسقەی بایەخدارمان لەبارەی سروشت و ژیانی تاریکی کاردۆخەکان -کە ئەمڕۆ مێژوونووسە هاوچەرخەکان بە باپیرەگەورەی کوردانیان دادەنێن- بۆ بنووسێتەوە.

سەرتاپای لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کورد: ژیانی سەربازی، کۆمەلایەتی، سیاسی، ئارکیۆلۆژی، دیانەت... زۆر بەوردییەوە لەم تێکستەی ئێگزێنۆفۆن دا تۆمارکراون (٥).

ئاناباز، نەک هەر یەکەمین و کۆنترین دۆکیومەنتی مێژوویيە کە ناوی کوردی Cardouque تێدا هاتبێت، بەڵکو گەنجینەیەکی هەتا بڵێی دەگمەن و بێهاوتاشە بۆ ئەو توێژەرانەی کە لە نەژاد و بنەچەی کورد یان لە ژیان و مێژووی کۆنی کورد دەکۆڵنەوە.

شایانی باسە، ئەگەر ئەو کاردۆخانە -بەپێی بۆچوونی لە سەدا نۆهەت و پێنجی مێژوونووسە هاوچەرخەکان- باپیرەگەورەی دێرینی کورد بن، مێژوونووسی ئەمڕۆی کورد پێویستە هەوڵی ئەوە بدات کە پەیوەندیی ئەم کاردۆخانە بە میدیاییەکانەوە ساغ بکاتەوە. چونکە ئێگزێنۆفۆن کە باسی کاردۆخەکان دەکات، لە هەمان کاتدا و لە چەندین شوێندا ناوی میدیاییەکانیش Medes دەهێنێت (باسی شاژنی مێدەکان و جوانیی ئافرەتەکانیان) هەروەها ئاماژەی ئەوەش دەکات کە لەو کاتەدا فارسەکان perse تازە دەسەڵاتیان لە مێدەکان/میدیاییەکان Medes سەندبۆوە. (٦)

ئایا دەکرێ لەو سەردەمەدا دوو گرووپی ئەتنیکیی دژ بە پاشای فارس perse هەبووبن و هەردووکیشیان (میدیاییەکان و کاردۆخەکان) هەر باوباپیرانی دێرینی ئێمە بن؟ یان تۆ بڵێی ئێمە، کورد، بەرهەمی نەژادیکی تێکەڵاوی ئەم دوو گرووپە ئەتنیکییە بین؟ یان کاردۆخەکان تەنیا عەشیرەتێکی گەورەی سەر بە میدیاییە تازەدۆڕاوەکان بووبن، دژ بە پاشای فارس؟!

ئەمە لەلایەن جوگرافیاناس و مێژوونووسانەوە، بەتەواوەتی ساغکراوەتەوە کە ئەو ولاتەی ئێگزێنۆفۆن بە ولاتی کاردۆخەکان pay des Cardouque ناوی دەبات کوردستانە، بەلام دیاریکردنی قۆناغ بە قۆناغی ئەو شوێنانەی کە دەهەزار یۆنانییەکە پێیدا ڕەت دەبن، زۆر ئاشکرا نیە. بە ڕای مامۆستا جەلادەت بەدرخان، کاتێ دەهەزار سوارە یۆنانییەکە بەرەو ژووروی کوردستان هەڵدەکشێن و دەگەنە پێدەشتێکی فراوان، ئەو پێدەشتە دەبێ دەشتی سیلۆپی Silopi بێت، لایەکی دیکەشی دەشتی حەسنان Hesinan. (٧)

هەروەها وەرگێڕی فەرەنسیی ئاناباز، بە هەمان شێوە دووپاتی ئەم نادیارییە جوگرافییە دەکات و دەڵێ: "لەو ڕۆژەوەی کە دەهەزار سوارەکە پێ دەنێنە ولاتی کاردۆخەکانەوە (کە E. RECLUS لە کتێبەکەی خۆیدا لە لاپەڕە ٣٨٨ دا باش دیاریی کردووە ئەم ولاتە کوێیە) تا ئەو ڕۆژەی دەردەچن و دەگەنە شاری ترابزۆن Trapcxont کە لە کتێبی چوارەمدا، لە بەشی هەشتەم، لە بەندی ٢٢دا ناوی هاتووە، واتە لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ٤٠١ی پێش زایین تاکو مانگی فیڤریێی ٤٠٠ی پێش زاین، گەڕان و سووڕانەکەیان بەتەواوەتی سازبەندی نەکراوە. ناوی هیچ شارێک لەلایەن ئێگزێنۆفۆنەوە نەهاتووە، تەنیا ناوی Gymnias نەبێ کە مێژوونووسەکان دەڵێن کە چەند سەد کیلۆمەترێک لە باشووری Euxin دوورە، ئەو شوێنەی کە ئەمڕۆ شاری Baibourtی لێیە.

«ئەم ولاتەی کاردۆخەکان گەلێک ئاستەنگە، -بەرزایی هەندێ شوێنی خۆی لە ٣,٠٠٠ مەتر تێپەڕ دەکا- جگە لە چەند عەشیرەتێک نەبێ، کە ئەوانیش کەم تا زۆر ڕەوەندن، کەسی دیکەی تێدا ناژی، چەم و ڕووباری ئەوتۆش کە یۆنانییەکان توانیبێتیان خۆیانی لێ بدەن زۆر دەگمەنن. زێی ناوەڕاست Centrites، سەرچاوەکانی دیجلە Tigre، تێلێبۆواس Teleboas، سەرچاوەکانی فورات Euphrate، فاس Phasc، هارپاسۆس Harpasos... هەروەها چیای چێشێس Theches کە پیاو ئەمڕۆ نازانێ ئەم شوێنانە کەوتوونەتە کوێ؟ تەنانەت ناسنامە و ئاراستەکانی هیچ ڕووبارێکیش کە ناویان هاتووە دیار نین.» (٨)

بەلام بەڕای مێژوونووسی کوردناس، ڤلادیمێر مینۆرسکی، زێی ناوەڕاست Centrites کە یۆنانییەکان پێیدا تێپەڕیوون دەکاتە مەڵبەندی (بۆتان) لە نزیک زنجیرە چیاکانی (جوودی) لە باشووری کوردستانی تورکیای ئەمڕۆدا. (٩) هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی مێژوونووسی فەرەنسی G. MASPERO، زانیارییەکی فراوان دەبەخشنە ئەو توێژەرانەی کە لەم مەسەلەیە دەکۆڵنەوە. (١٠) گرنگترین سەرچاوەی زانستانەی خۆشمان کە تاکو ئێستا بە زمانی کوردی لەم بارەیەوە (بەشێوەیەکی گشتی لەبارەی کاردۆخەکانەوە) نووسراون،

لێکۆڵینەوەکەی مامۆستا جەمال ڕەشیدە. (١١)

ئێگزێنۆفۆن کوڕی Gryllos بووە، سەر بە عەشیرەتی Egeide، پیاوێکی سەرازا و ڕێناس، سوارچاک، مێژوونووس، فەرماندەی لەشکر، فەیلەسووف، ئابووریناس بووە؛ سەرتاپای نووسراوەکانی بایەخێکی مێژوویی و گرنگیان دراوەتێ. هەر بۆ نموونە ئەم کتێبە بەناوبانگەی ANABASE تەرجەمەی سەر سەدان زمانی دنیا کراوە و سەدان جار چاپی تازەی لێ ڕاکێشراوە. (١٢)

وشەی "ئاناباز" کە ناونیشانی کتێبەکەیە، بە زمانی یۆنانی واتای "سەرکەوتن" دەگەیەنێت. مەبەستیش لەم سەرکەوتنە گەڕانەوەیە لە دەریاوە بۆ وشکانی.

کتێبی "ئاناباز"، ئەو کتێبەی کە شاعیری گەورەی فەرەنسا (سان ژۆن پێرس) ئیلهامی شیعرێکی درێژی بەناوبانگی خۆی لێ وەرگرتووە، لە دوو بەرگ پێکهاتووە؛ بەرگی یەکەمی لە سێ کتێب و بەرگی دووەمیشی لە چوار کتێب پێکهاتووە. ئێمە لێرەدا تەنیا بەشێکی کەممان لەو شاکارە کلاسیکە یۆنانییە وەرگێڕاوە: بەشی یەکەم و دووەم و سێیەمی کتێبی چوارەمی بەرگی دووەم، واتە ئەو چەند لاپەڕە کەمەی کە باسی (وڵاتی کاردۆخەکان) دەکات. (١٣) بۆ ژێدەر و پەراوێزەکانی لێرەدا نووسیومانن، پشتمان بە پێشەکی و ئەندێکس و ڕوونکردنەوەکانی وەرگێڕە فەرەنسییەکە بەستووە؛ بۆ لەبەریەکنانی کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکانیش پشتمان بە هەندێ سەرچاوەی دیکە بەستوە. (١٤)

## ئاناباز

### بەرگی دووەم، کتێبی چوارەم، بەشی یەکەم.

١........

٢. کاتێ گەیشتینە ئەو شوێنەی کە ئیتر ڕووباری دیجلە، سەبارەت بە پانی و قووڵاییەکەی، بە هیچ شێوەیەک نەدەهاتە خۆلێدانی و زنجیرە چیای کاردۆخەکانیش هەر بەتەواوەتی وێراوێرای ڕووبارەکە لەبەردەمماندا قووت ببوونەوە، ڕێناسەکانی لەگەڵمان بوون هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە ئێتر پێویستە ڕێگای شاخ بگرینە بەر. (١)

٣. یۆنانییەکان گوێیان لێ بوو، بەدیلگیراوەکانیان پێیان دەگوتن کە ئەگەر بەناو شاخ و داخی کاردۆخەکاندا تێپەڕدەبن و ئەوێ بەجێ دێڵن، دەگەنە وڵاتی ئەرمەنییەکان Armenie، لەوێش سەرچاوەکانی ڕووباری دیجلە ڕێیان لێ بەند دەکەن؛ ئیتر پێیان خۆش بێ یان ناخۆش بێ تووشی ئەم شتانە هەر دێن. جگە لەوە، ئاگاداری ئەوەش کرانەوە کە

سەرچاوەکانی رووباری فوراتیش هێندە لە سەرچاوەکانی دیجلەوە دوور نین. ئەمەش شتێکی راستە.

٤. کاردۆخەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بەلەنگازی دوژمن دەبنەوە: زۆر لەناکاو دێن و خۆیان دەخەنە ناو هێزەکانی دوژمنەوە، لە هەمان کاتدا لەپێشەوەشڕا رێگەیان لێ دەگرن، ئەمە پێش ئەوەی کە هێشتا دوژمن لە بڵندایییەکانیشەوەرا هەر دەسەلاتیان بەسەردا گیرابێ. (٢)

## لەناو چیای کاردۆخەکاندا

٥. دەمەدەمی بەسەرچوونی دوایین پاسەوانێتی بوو. شەو هیچی وای نەمابۆوە، جگە لەو قیچە وەختەی بەدەستمانەوە مابوو بۆ ئەوەی بتوانین بە دەشتە ئەنگوستەچاوەکەدا بپەڕینەوە؛ لەناکاو فرمانێکمان پێ گەیشت، رەپێ بووینەوە. کەوتینە قۆناغ، ئنجا لەگەڵ بەرەبەیاندا گەیشتینە ناو شاخەکان.

٦. لەم کاتەدا کریزۆف Chrisophe لە پێشەوەی لەشکرەکەدا، وێڕای تیپەکەی خۆی دەرۆیشت، هەموو سەربازە سووکەچەکەکانیشی لەگەڵ بوو. ئێگزێنۆفۆنیش لەگەڵ قورسەچەکەکاندا لەریزی دوواوە، بێ ئەوەی هیچ سووکەچەکێکی لەگەڵ بێ، دووابەدووایان دەرۆیشت: لەوە دەچوو هیچ مەترسییەک لەوەدا نەبێ کە لەو دەمەی ئێمە هەنگاومان بەرەو شاخەکان هەڵدەنا، کەسێک لە دوواوەرا بێت و پشتمان لێ بگرێ.

٧. کریزۆف، بێ ئەوەی هیچ دوژمنێک هەستی پێ بکا، گەیشتە ملەی کێوەکە، ئنجا وردەوردە کەوتە رێ؛ لەشکرەکەش هەر بەدووایەوە بەسەر دوندەکەدا هەڵدەگەڕا. هێندەی پێ نەچوو، بەرەو ناو گوندەکانی لێژبوونەوە، کەوتنە ناو دۆڵ و گەرووی شاخەکەوە.

٨. ئیدی لەو دەمەدا کاردۆخەکان یەکسەر ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ هێشت، وێڕای ژن و منداڵەکانیان رایان کردە سەر شاخەکان. خواردەمەنی و بژێوێکی یەکجار زۆریان لە دووای خۆیانەوە بەجێ هێشت. خانووچەکەکانیشیان: رازاوە، پڕبوون لە هەموو جۆرە قاپ و قاچاغێکی لە برۆنز دروستکراو. (٣) بەلام یۆنانییەکان هیچ شتێکیان لێ هەڵنەگرتەوە، راوەدووی دانیشتووانیشیان نەنان. چوون قسەیان لەگەڵ هەندێکیان کرد، بۆ ئەوەی بزانن داخوا ئایا رازی دەبن ئەگەر لەشکرەکە بەناو ولاتەکەیاندا تێپەڕبێت؟ (٤) ئەمەش وەک پشتیوانییەکی دۆستانە، چونکە ئەو کاردۆخانەش هەر دژی پاشا بوون. (٥)

٩. لەناکامدا، هەر کەسێک لە ئێمە، هەرچی شتێکی بەر چنگمان دەکەوت رامانده‌پێچا. ماڵ

لەبەردەستی خۆماندا بوو. کاردۆخەکانیش، چەندی بانگمان دەکردن، خۆیان لە ئێمە کەڕ دەکرد. خۆیان لە هەموو جۆرە ئامارژەیەکی دۆستانە بەدوور رادەگرت.

١٠. لەو دەمەی کە پاشەنگی لەشکرەکەمان خەریک بوو لە ترۆپکی شاخەکەوە بەرەو ناو ئاوایییەکان دادەبەزی، کە نەشماندەتوانی هیچ کەسێکی قافڵەکەمان بەچاو ببینین، -توولەڕێگاکان لەبەرئەوەی زۆر تەنگ و ترووسک بوون، ئەم هەوراز و نشێوەیان بە رۆژێک بڕی-، لەو دەمەدا کاردۆخەکان بەکۆمەڵ کەوتنە گیانی ئەو سەربازانەی کە لە دوواوەی قافڵەکەدا بەجێ مابوون. کۆمەڵێکیان لێ کوشتن و هەندێکیشیان بە گاشەبەردان، بە سەرەنێزان بریندار کردن. ئەو کاردۆخانە ژمارەیان زۆر کەمیش بوو، بەڵام زۆر دەستوبردانە هێرشیان کردە سەرمان.

١١. کەواتە ئەگەر هەموویان بەجارێک کۆببوونایەتەوە، ئەوا لەوانەبوو بەشێکی گەورەی لەشکرەکەمان سەری تیا بچووایە. ئیدی ئەو شەوە، سەرەڕای ئەوەش، بنەوبارگەمان لەناو گوندەکاندا هەڵخست.

کاردۆخەکانیش، بەسەر شاخەکانەوە، کۆمەڵ کۆمەڵ هەر خەریکی ئاگرکردنەوە بوون؛ قەت خۆیان لە یەکتری دانەدەبڕی. (٦)

## یۆنانییەکان ژمارەی لەشکرەکەی خۆیان کەمتر دەکەنەوە

١٢. هەر کە رۆژ بۆوە، ڕێناس و دووربینەوانەکان کۆبوونەوە و بڕیاریان دا کە پێش ئۆغرکردن باری لەشکرەکە سووکتر بکەنەوە: تەنیا ئەو بارگیر و وڵاخانە بهێڵنەوە کە زۆر پێویستن و هەرە بەهێزن؛ ئەوانی دیکە بەجێ بهێڵن، هەروەها هەموو ئەو ئەسیرە تازانەش بەڕەڵابکەن کە بە کۆیلەیی لەناو لەشکرەکەدا بوون.

١٣. وڵاغەکان، هەروەها ئەسیرەکانیش ڕێگایان لێمان خاوەکردەوە. ئەو سەربازانەی پاسەوانێتی ئەوانیان دەکرد، ژمارەیان یەکجار زۆر بوو، ئیدی لەبەر ئەوان شەڕیان پێ نەدەکرا: دەبووایە بەئەنگیانەوە بچن، بژێویشیان دوو چەندینی پیاوەکانی خۆمان بۆ پەیدا بکەن. ئیدی جاڕیان کێشا بۆ ئەوەی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکرێت. (٧)

١٤. دووای فراوین، یەکسەر کەوتینە ڕێ. ڕێناسەکان لەشکرەکەیان لە ڕێگایەکی تەنگەبەردا ڕاگرت، ئەوەک ئەو بارگیر و دەستەسەرانەی کە داواکرابوون هێشتا لە لەشکرەکە دەرنەهاوێشترابن؛ چوون یەکەیەکە دەریانهێنان و دووریان خستنەوە. سەربازەکانیش لێیان دەگەڕان چیان دەوێست بیکەن، تەنێ لەو کاتانەدا نەبێ کە دەچوون منداڵێکی جوان یا ژنێکی

شۆخی گراوی ئەوانیان دەڕفاند.

ئیدی بەدرێژایی ئەو ڕۆژە قۆناغەکەیان هەر بەم شێوەیە بوو: جارجار دەستەویەخەی شەڕێک دەبوونەوە، زۆرجاریش دوژمن خۆی لێ کڕ دەکردن، بەئارامییەوە ڕێگای خۆیان دەبڕی.

## کاردۆخەکان پاشەنگی لەشکرەکەمان هەلا بە هەلا دەکەن

١٥ . ڕۆژی دوواتر هەوایەکی گەلێک ناخۆشی هەبوو، بەلام لەگەڵ ئەوەش ئێمە دەبووایە لە هیچ کوێیەک مەنزڵ نەخەین و بڕۆین، چونکە دەمانزانی ئازووقەمان هێندە پێ نەمابوو. کریزۆف لە پێشی پێشەوەدا دەڕۆیی، ئیگزینەفۆن دەگەڵ هێزەکانی دوواوە.

١٦ . دوژمن زۆر بەتوندوتیژییەوە دەسەلاتی خۆیان بەسەرماندا ڕادەخست. شوێنەکەش شوێنێکی گەلەک عاسی بوو؛ دەهاتن هەر لەنزیکەوە بە تیروکەوان تیریان تێ دەگرتین، بەردەقانییان ڕادەوەشاندینێ. ئێمەی یۆنانییەکانیش کە بەربەرچمان دەدانەوە بۆ ئەوەی بکشێینەوە، ناچاربووین هەر جارەی شەقاوێک بچینە پێشترەوە.

ئیگزینەفۆن، لەکاتی هێرشهێنانی توندوتیژانەی دوژمندا، چەندین جار دەنگی بەرزکردەوە کە لەشکرەکە ڕابوەستێ.

١٧ . کریزۆف ئەگەرچی تا ئەوساتیش هەر گوێڕایەڵ بوو، بەلام ئەمجارەیان هیچ شتێکی بەجێ نەهێنا، تەنانەت بەپێچەوانەوە: هەر کە هاوارەکەی کەوتە بەر گوێ، بەپەلەپەل کەوت و هەنگاوی بەرەو پێشەوە هەڵنا، بڕیاریشی دا کە لەشکرەکە دووای بکەوێ. هەرچۆنێک بێ ئاشکرابوو کە ئیدی خەریک بوو دەقلیشایەوە. هیچ کەسێکیش دەرفەتی ئەوەی نەبوو بیربکاتەوە بزانێ داخوا لە سۆنگەی چی ئاوها بەپەلەپرووزێ کەوتوون. جگە لەوەش، ئەم بەرەو پێشەوە ملنانە نووچی بە سەربازەکانی پاشەنگی لەشکرەکەمان دا، ڕێگای هەلاتنیان گرتە بەر.

١٨ . لەو سەروبەیدا پیاوێکی گەلەک سەرازامان کوژرا، کلێیۆنیمۆس دو لاکۆنی، کە زرێپۆشەکەی بەری زیوال زیوال کرابوو، کلاوەکەشی بە تیر لەملاو لەولای سەریەوە کونبەدەر کرابوو؛ جگە لەویش، بازیاس دو ئارکادی، بەلام ئەو هەر بەتەواوەتی سەری هەنجن هەنجن کرابوو.

## گازاندەی ئیگزینەفۆن لە کریزۆف

١٩ . هەر کە گەیشتینە ئەو شوێنەی کە بنەوبارگەی پشوودانمان تیا ڕادەخست، ئیگزینەفۆن

یەکسەر دەستی کردە سەرکۆنەکردنی کریزۆف، لەبەرئەوەی چاوەڕێیان نەکردبوون و ناچارکرابوون بەردەوام بەدەم هەڵاتنەوە هەر شەڕبکەن: هەروەها لەو دەمەدا وتی: "ئەوەتا، دوو قەراوڵی سەرازامان بەهەدەرچوون، پێمان نەکرا نە تەرمەکانیان هەڵبگرینەوە، نە بشیانێنێژین."

٢٠. "سەیری ئەو شاخانە بکە"، کریزۆف وەڵامی دایەوە "بزانە چەند ئاستەنگن"، "ئەو بزنەرێگا سەربەحەوایانەت دیوە؟ ئەوەیە ئیتر، ڕێگای دیکەمان نییە. ئێ خۆ بە چاوی خۆشت ئاپوورەی ئەو هەموو خەڵکەش دەبینی کە چۆن پارێزگاری ئەو ئاوە دەکەن، دەسەڵاتیان بەسەر تەواوی ئەو شوێنانەدا گرتووە کە دەچنەوە سەر ئاواییەکان."

٢١. "ئیتر لەبەرئەوە بوو کە من هێندە بەپەلە دەڕۆیشتم و چاوەڕێی کەسم نەدەکرد. حەزم دەکرد بزانم داخوا دەتوانین لە دوژمنەکانمان ڕەت بکەین و بێ ئەوەی بێن لە ملەی شاخەکانەوە دەسەڵاتمان بەسەردا بگرن؟ ڕێبەرەکان، بە قسەی خۆیان، دەڵێن کە جگە لەم ڕێگایە هیچ ڕێگایەکی دیکە نیە."

٢٢. ئیگزینۆفۆن وەڵامی دایەوە: "خۆ منیش دوو بەدیلگیراوم لەگەڵە. دەماندیت دوژمن لە زەواقیان ئابووین، ئێمەش هاتین تەپکەیەکمان بۆ دانانەوە، ئیدی بەم کارە هەناسەیەکمان هاتەوە بەر، خەڵکێکی زۆرمان لێ کوشتن. ئێمە حەزمان دەکرد بە ئەسیر بیانگرین، بۆ ئەوەی وەک چەند ڕێبەرێک کە وڵاتەکەی خۆیان باش دەناسن لەژێر فەرمایشتماندا بن."

٢٣. دەمودەست دوو بەدیلگیراوەکەیان هێنا، دووای ئەوەی هەر یەکەیان لەلایەک دانان، داوایان لێکردن کە ڕێگایەکی کە ڕێگایەکی دیکەیان، جگە لەوەی کە خۆیان پێیان دەزانی، پێ نیشان بدەن. یەکەمیان، سەرەڕای ئەوەی کە هەموو شێوەیەکی چاوترساندنمان لەگەڵی بەکارهێنا، کەچی جەختیی دەکرد کە هیچ ڕێگایەک پێ نازانێ. ئیدی لەبەرئەوەی کە هیچ شتێکی نەدەگوت سوودمان پێ بگەیەنێ، هاتین ئەو پیاوەمان لەبەرچاوی ئەوەی دووەم سەربڕی.

٢٤. پیاوەکەی دیکە بە قسە هات، دەیگوت کە هاوڕێکەی کاتێ وتوویەتی کە هیچ ڕێگایەک پێ نازانێ، لەبەرئەوە بووە کە کچێکی ئەو شووی بە پیاوێکی خەڵکی ئەو ناوە کردووە. (٨)

ئەو پیاوە ئارخاینی کردین کە ئیدی لەشکرەکەمان بەڕێگایەکی هێندە باشدا دەبا کە تەنانەت بۆ بارگیرەکانیشمان هەر باش بێت.

٢٥. لە وەڵامی ئەوەدا داخوا هیچ ئاستەنگێکمان دەکەوێتە بەر یان نا، وتی کە ئیتر شاخێکی سەرکەشمان لەبەردەمدا هەیە و پێویستە پێشتر ئەو شاخە بیرین، دەنا ناتوانین بپەڕینەوە.

## پێكهێنانی تیپێكی ئارەزوومەندان

٢٦. بڕیارمان دا قسە لەگەڵ سەربازە دووربینەوان و قورسەچەكەكان بكەین، بارودۆخەكەیان بۆ ڕوون بكەینەوە و داوایان لێ بكەین، بەڵكو چەند كەسێكیان تێدا هەڵكەوێ حەزبكەن كە پاڵەوانێتیی خۆیان بنوێنن و ڕازی بن كە ئارەزوومەندانە بەسەر شاخەكاندا هەڵگەڕێن.

١٧. لەنێو سەربازە قورسەچەكەكاندا (ئەریستۆنیمۆس دو مێتیدریۆن) و (ئاگاسیا دو ستیمفال) ڕازی بوون. هەروەها (كالیماک دو پارهازی) كە دەیویست بەربەرەكانییان بكات، بڕیاری دا كە ئەویش ئامادەیە لەگەڵ ئەو ئارەزوومەندانەی ناو لەشكرەكە بكەوێتە ڕێ، وتی: "ڕاستییەكەی، دەزانم ئەگەر من ڕێبەرایەتیی ئەوان بكەم، ئەوا گەلێک گەنجی دیكە دنە دەدرێن و چاو لە من دەكەن". پاشان چووین داوامان لە هەندێ سەرتیپی سووكەچەكەكان كرد، بەڵكو حەزبكەن كە لەگەڵ ئەوان بچن. (ئاریستیاس شیۆس) ڕازی بوو: ئەو پیاوە، چەندین جاری دیكە و لە چەندین حاڵەتی هاوشێوەدا، خزمەتی زۆر گەورە گەورەی گەیاندبووە لەشكرەكەی.

## بەشی دووەم

## ئارەزوومەندەكان دەكەونە ڕێ

١. خۆر خەریک بوو ئاوا دەبوو. ڕێناسەكان فەرمانیان دایە ئارەزوومەندەكان كە نانی خۆیان بخۆن و بەڕێ بكەون؛ خەریک بوون جلوبەرگی بەسەر شاخ هەڵگەڕانیان لێ دەبەستن و بۆ بەڕێكەوتن تەیاریان دەكردن.

لەسەر ئەوە ڕێككەوتن كە ئەگەر دەگەنە سەر لووتكەی شاخەكە، بەدرێژایی شەو هەر لەوێ بمێننەوە، بەرەبەیانیش لەگەڵ خۆركەوتنان شەیپوور لێ بدەن بۆ ئەوەی هەموو لایەک ئیدی بزانن كە گەیشتوون.

تیپی ئارەزوومەندەكان لە ترۆپكی شاخەكەوە ڕووە و ئەو خەڵكەی كە دەبیتران و ملەی كێوەكەیان گرتبوو دابەزاتە خوارەوە، لەشكرەكەش هەر بابا بوو بە شەتاو بەتەنگیانەوە دەچوون و یارمەتیان دەدان.

٢. ئارەزوومەندەكان، ژمارەیان نزیكەی دوو هەزار كەسێک دەبوو، بەپێی ئەو پلانەی بۆیان داڕێژرابوو كەوتنە ڕێگا. لەو دەمەدا گۆپاڵەبارانێكی بەخوڕ دایدەكرد. (٩) ئێگزێنۆفۆن خەریک بوو، لەگەڵ سەربازەكانی هێزی دواوە، بەرەو ملەی ئەو شاخە ملیان دەنا كە لە بەرزایدا دیار

بوو. بەم فێڵە دەیویست سەرنجی دوژمن بۆ لای خۆی رابکێشێت، وا لە دوژمن بکات کە بەم کەینوبەینە سەریان لێ بشێوێت و ئەو سەربازانەی دیکە نەبینێ کە ڕێگاکەی تریان گرتبووە بەر.

٣. هێزەکانی دوواوەی لەشکرەکە، کاتێ گەیشتنە ناو خەرەندێک کە دەبووایە پێیدا گوزەر بکەن، پێش ئەوەی هێشتا بە هەورازەکەدا سەر بکەونەوە، هێندەیان زانی لەناکاو چیاییە کێوییەکان barbares دەستیان کردە گلۆرکردنەوەی گاشەبەردان. (١٠) -گاشەبەردی گەورە، بچووک، کە هەر یەکێکیان عارەبانەیەکی تەواوی پڕ دەکردەوە-. ئەو گاشەبەردە گەورەگەورانە لەسەر ڕێی خۆیاندا بە گاشەبەردی دیکە دەکەوتن و شریقەیان لێ هەڵدەستا، دەنگیان دەدایەوە؛ دەتگوت ڕۆکێتێ ڕادەوەشێندرێن. ئیدی بە هیچ شێوەیەک نەدەکرا کە بەم حاڵەوە بتوانین تەنانەت هەنگاوێکیش چیە بە هەورازەکەدا سەربکەوین.

٤. ژمارەیەک لە دووربینەوانەکان لەلایەکی دیکەوە، لەبەرئەوەی لەلای ئێمەوە هیچ شتێک نەدەکرا، هەر خەریک بوون و هەوڵیان دەدا... شەویش داهات، ئەوان هەر هەوڵیان دەدا. کاتێ دیتیشیان کە دەتوانن، بێ ئەوەی ببیندرێن بەرێگاکەدا بڕۆن، ئیدی بۆ نانخواردنی ئێوارە گەڕانەوە لای خۆمان. دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەو سەربازانەی کەوتبوونە ناو هێزەکانی دوواوە، هێشتا تەنانەت فراوینیشیان نەکردبوو. دوژمنیش، بەدرێژایی شەو هەر بەردەوام بوون، گاشەبەردیان بەسەرماندا گلۆردەکردەوە. ئێمە لەرێگای بیستنی تاق و تۆقی گاشەبەردەکانەوە هەستمان پێ دەکرد.

## ئارەزوومەندەکان دەگەنە شوێن مەبەست

٥. ئەو سەربازانەی لەگەڵ ڕێبەرەکەیان کە خەریک بوون بە ڕێگایەکی بازنەییدا وەرپێچەرخێنەوە، لەلای خۆیانەوە هێرشیان بردە سەر چەند پاسەوانێکی دوژمن کە بە دەوری ئاگرەوە دانیشتبوون؛ چەند کەسێکیان لێ کوشتن، ئەوانی دیکەشیان ڕاوەدوونان و پاشان چوون بنەوبارگەیان لە جێگای ئەواندا هەڵخست؛ وا تێ دەگەیشتن کە ئیدی شاخەکە هەمووی لەژێر ڕکێفی خۆیاندایە.

٦. شاخەکە بەتەواوەتی نەکەوتبووە ژێر ڕکێفی ئەوان: لە خوارەوەیاندا قەراوڵی دوژمن ئەمسەر تا ئەوسەری تەپۆڵکەیەکیان گرتبوو، لە بزنەڕێگایەکدا مەکۆیەکیان لێ داگرتبوو. بەڵام لەلایەکی دیکەوە، ڕێگایەکی قەدبڕ لە شاخەکەوە دەچۆوە سەر ئەو بارەگایەی کە دوژمن دەسەڵاتی خۆی بەسەردا ڕاخستبوو. ئێمە، لە مەکۆی خۆمانەوە، ئەو ڕێگاقەدبڕەمان باش لێوە دیار بوو.

٧. شەو لەم شوێنەدا ماینەوە. کە ڕۆژ گزنگی دا، بێ دەنگەدەنگ ڕەپێ بووینەوە، بێ زەنازەنا خۆمان ڕێکخست و بەرەو ڕووی دوژمن ملمان نا. دنیا بە لەنگیزە بوو، چاوچاوی نەدەدیت؛ هەر بۆیەش توانیمان، بێ ئەوەی کەسی بمانبینێ، لە دوژمن نزیک ببینەوە.

کە دنیا بەتەواوەتی ڕووناک داهات، شەیپوور لێدرا، ئیدی هاواری جەنگ بەرزبۆوە و کەوتینە پەلاماردان. دوژمن نەیتوانی ڕووبەڕووی ئەو پەلامارەمان ڕابوەستێ، بزنەڕێگاکەیان چۆڵ کرد و ڕایانکرد. چەند کەسێکی کەمیان لێ کوژرا: ئەو کاردۆخانەی کە بەڕاستی سەرازا و چەلەنگ بوون.

٨. سەربازەکانی کریزۆف، هەر کە گوێیان لە شەیپوورەکە بوو، یەکسەر بە هەورازەکەی بەردەم خۆیاندا هەڵگەڕان. سەرکردەکانیش بەرەو پێشەوە ملیان پێوە نا، بەرەو ئەو ڕێگایانەی کە هێشتا ڕچەیان نەشکێندرابوو. ئیتر، بە هەرچی شێوەیەکی پێیان دەکرا، بەڕێگاکەدا هەڵدەگەڕان؛ زۆریان بە خۆیان و ڕمبەکانیانەوە بۆ پیاهەڵگەڕان سواری قەڵاندۆشکێ یەکتر دەبوون.

٩. ڕاستییەکەی، ئەم دەستەیە بوون کە پێش هەموو کەسێکی دیکە گەیشتنەوە ئەو ئارەزوومەندانەی توانیبوویان دەرۆستی بارودۆخە سەختەکە بێن.

## ئێگزێنۆفۆن بەڕێ دەکەوێ

ئێگزێنۆفۆن، لەگەڵ نیوەی سەربازەکانی پاشەنگی لەشکرەکە، خۆی وەرکشاندە سەر ئەو ڕێگایەی کە پێشتر ئەوانی ڕێبەریان لەگەڵ بوو پێیدا دەڕۆیشتن: ئەو ڕێگایە بۆ بارگیر لە هەموو ڕێگایەک باشتر بوو.

نیوەکەی دیکەش لەدوواوە شوێن پێی ئەوانیان هەڵگرت.

بەدەم ڕێوە سەرنجیان دا، دیتیان کە لەسەرەوەی ئەو ڕێگایەی پێیدا دەڕۆیشتن گردۆلکەیەک لەژێر ڕکێفی دوژمنەکاندا بوو. دەبووایە بچن تەفروتوونایان بکەن، یاتیش ئەوەتا دەبووایە پەرتەوازە بن و لە لەشکری خۆیان بەتەواوەتی دابڕ بن. هەڵبەتا بەئاسانی دەیانتوانی هەمان شوێنپێی ڕێگای هاوڕێکانیان بگرنەوە بەر، بەڵام گیروگرفتەکە بارگیرەکان بوون: کە جگە لەو ڕێگایەی بەردەمیان، نەیاندەتوانی بەڕێگای دیکەدا بڕۆن.

١١. بەم شێوەیە، دەستەدەستە و یەک لە دوای یەک، بە وورەیەکی بەرزەوە، شالاویان بردە سەر گردۆلکەکە، بەڵام بێ ئەوەی ئابلووقەیان بدەین: بەپێچەوانەوە، ڕێگایەکی تەنگەبەرمان بۆ

دوژمن هێشتەوە، بۆئەوەی، ئەگەر بیانەوێ، بتوانن رابکەن.

١٢. بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە سەربازەکان -هەریەکە و بەپێی توانای خۆی- بە بەرزاییەکەدا هەڵدەگەران، چیاییە کێوییەکان barbares تیریان تێ دەگرتن، گاشەبەردیان بەسەردا گلۆرەکردنەوە. بەڵام سەربازەکان، کاتێ لە گردۆلەکەکە نزیک کەوتنەوە، ئیتر بەربەرەکان چیدی نەیانتوانی خۆراگرن، رەویان کرد و شوێنەکەیان چۆڵ کرد.

یۆنانییەکان، دووای ئەوەی لەو گردۆلکەیە تێپەڕبوون، رووبەرووی بەرزاییەکی داگیرکراوی دیکە هاتنەوە؛ لەوە دەچوو ناچار بن کە سەرلەنوێ بەرەو گردۆلەکەی پێشوو بکشێنەوە.

١٣. ئێگزێنۆفۆن بیری دەکردەوە کە ئەگەر ئەو تەپۆلکەیەی پێشتر خستبوویە ژێر رکێفی خۆی بەجێ بهێڵێ، ئەوا دوژمن دەچێ سەرلەنوێ داگیری دەکاتەوە و دەسەڵات بەسەر جەڵووی لەشکرەکەشدا دەگرێ، -لەبەرئەوەی کاروانی بارگیرەکان، کە بە رێگا تەنگەبەرەکەدا دەڕۆیشت، کاروانێکی زۆر درێژ بوو، -بەم شێوەیە سێ دووربینەوانی لەسەر گردۆلکەی پێشوودا بەجێ هێشت: سێفیزۆدۆری کوڕی سێفیزۆفۆن، خەڵکی ئەسینا، ئەمفیکراتیس کوڕی ئەمفیدیم، خەڵکی ئەسینا؛ لەگەڵ ئارشاگۆراس دو ئارگۆسی ئاوارە. (١١) ئێگزێنەفۆن -بۆ خۆیشی، لەگەڵ سەربازەکانی دیکە بەرەو ئەو بەرزاییەی دووەم بەرێ کەوتن و لەئاکامدا، تەبای تەپۆلکەی پێشوو، ئەویشیان خستە ژێر رکێفی خۆیانەوە.

١٤. سێیەمین تەپۆلکە مابۆوە، کە لە بەرزایی و هەورازە هەرە ئاستەنگەکان بوو: دەیڕوانییە ئەو مەکۆیەی کە دوێنێ شەو سەربازە ئارەزوومەندەکان دەسەڵاتیان بەسەردا گرتبوو و ئاگریان تێدا کردبۆوە.

١٥. یۆنانییەکان هەر کە لەو تەپۆلکەیە نزیک کەوتنەوە، کێوییەکان barbares یەکسەر بێ شەڕکردن تەپۆلکەکەیان بەجێ هێشت. ئەمە سەری هەمووانی سوڕماند: دەمانگوت کە ئەو بەربەرانە تەپۆلکەکەیان بەجێ هێشت لە ترسی ئەوەی نەوەک پاشان ئابلووقە بدرێن، راستییەکەی، کاتێ لە سەرەوەرا بینیمان و یەکسەر دەستیان بە خۆکشاندنەوە کرد، ئەم کشانەوەیە بۆ ئەوە بوو کە بچن بەسەر هێزەکانی دوواوەی لەشکرەکەماندا بدەن.

١٦. ئێگزێنۆفۆن لەگەڵ سەربازە هەرە گەنجەکان بەسەر تەپۆلکەکەدا هەڵدەگەڕا، بۆ ئەوەی لەگەڵ دووربینەوانەکانی دوواوە بتوانن بەیەکتر بگەنەوە، ئێگزێنۆفۆن فەرمانی دایە هەموو تیپەکانی خۆی کە رۆیشتنیان خاو بکەنەوە، کە دەشگەنە پێدەشتەکە لەوێ پشوو بدەن.

## یۆنانییەکان زیانێکی گەورەیان لێ دەکەوێ

١٧. ئاشاگۆراس دو ئارگۆس خۆی لە چنگی دوژمن قوتارکردبوو، بە ڕاکردن گەیشتە لامان. گوتی کە ماوەیەکی زۆر بوو لەسەر دوندی شاخەکەدا گیریان خواردبوو. سێفیزۆدۆر و ئامفیکراتیس کوژرابوون، هەروەها وتی کە هەموو ئەو کەسانەی دیکەش کوژراون کە لە بەندەنی شاخەکەوە خۆیان فڕێ دابووە خوارەوە بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان بگەیەننەوە پاشەنگی لەشکرەکە.

١٨. ئەو قەتڵوعامە خوێناوییە بەدەست بەربەرەکانەوە لەسەر لوتکەی شاخێکی بەرامبەر گردەکە ڕووی دابوو. ئێگزێنۆفۆن زمانناسێکی لەگەڵ خۆی بردە لایان (١٢)، هەوڵی دا شەڕەکە ڕابگرێت و ئاشتی لەنێوانیاندا بەرقەرار بێت، هەروەها داوای لاشەی کوژراوەکانیشی لێیان کرد.

١٩. بەربەرەکان ڕایانگەیاند کە لاشەی کوژراوەکانیان بەو مەرجە دەدەنەوە کە ئەگەر ئەوانیش ئیدی دەست لە سووتاندنی خانووەکانیان هەڵگرن. ئێگزێنۆفۆن بەمە ڕازی بوو. لەو دەمەی کە پاشماوەی سەربازەکان خەریک بوون بەرەو پێشەوە ملیان دەنا و هەموو خەڵک لەناو خۆیاندا خەریکی وتووێژ بوون، لەناکاو سەرتاپای دوژمنەکان لەو ناوەدا کەوتنە پەلەقاژێ.

٢٠. ئنجا کاتێ ئێگزێنۆفۆن و سەربازەکانی هەنگاویان هەڵنا بۆ ئەوەی وردەوردە لە گردەکەوە بەرەو لای لەشکرەکەی خۆیان لێژبنەوە، لەو شوێنەدا کە هەموو لەشکرەکە چەکی خۆیان فڕێ دابوو، کاردۆخەکان کەوتنە خۆ، کردیانە هەرایەک نەبێتەوە.

کاتێ یۆنانییەکان گەیشتنە سەر گردەکە و ئێگزێنۆفۆن خەریک بوو لە گردەکە دادەبەزیە خوار، کاردۆخەکان بەهەڵپە و لێشاو دەستیان کردە گلۆرکردنەوەی تەلاشە بەردان: لەو بەینەدا لاقی سەربازێک شکا و ئێگزێنۆفۆنیش ئەو پیاوەی لێ دابڕا کە قەڵخانەکەی بۆ هەڵگرتبوو.

٢١. ئۆیریلۆک دو لوبس، کە سەربازێکی قورسەچەک بوو، ڕایکرد بە فریای ئێگزێنەفۆن بکەوێ؛ تەنیا یەک تاکە قەڵغانی -بۆ هەردووکیان- پێ بوو، بەڵام توانی وردەوردە ئێگزێنەفۆن بکشێنێتەوە دوواوە. سەربازەکانی دیکەش هەروا توانیان خۆیان بگەیەننەوە لەشکرەکەیان. (١٣)

## یۆنانییەکان پەیمان لەگەڵ دوژمن دەبەستن

٢٢. یۆنانییەکان، هەموویان پێکڕا، لە یەک شوێندا کۆبوونەوە. چوون بنەوبارگەی خۆیان لەناو کۆمەڵێک خانووی قەشەنگدا هەڵخست، ئەو خانووانە پڕ بوون لە خواردەمەنی بژێوی

جۆراوجۆر. جۆرە شەرابێكی خۆشی ئەوتۆ لەناو ئەو خانووانەدا هەبوو، كە یۆنانییەكان بۆ پاراستن خستیانە ناو چاڵەشەرابی چیمەنتۆییەوە. (١٤)

٢٣. ئێگزێنەفۆن و كرێزۆف پەیمانیان لەگەڵ كاردۆخەكان بەست: تەرمی كوژراوەكانیان بەیەكتر سپاردەوە و قسەیان لەبارەی چۆنیەتیی رێگابڕینی داهاتوویان كرد، هەروەها دروودیان بۆ گیانی مردووەكان خوێند؛ چۆن كە لە ژیاندا رێز لە مرۆڤی هێژا و نرخمەند دەگیرێت ئاوها یادی ئەو مردووانەیان كردەوە. (١٥)

## قافڵە دەكەوێتە رێ

٢٤. بەیانییەكەی، یۆنانییەكان بێ ئەوەی هیچ رێپیشاندەرێكیان رەگەڵ كەوتبێ، سەرلەنوێ رێگایان گرتەوە بەر. دوژمن بەردەوام تەنگیان پێ هەڵدەچنین. هەر جارێك كە یۆنانییەكان دەكەوتنەوە سەر رێگایەكی تەنگەبەرەوە، دوژمن دەهاتن پێشیان لێ دەگرتن و رێگای پەڕینەوەیان لێ ئاستەنگ دەكردن.

٢٥. دوژمن كاتێ پاشەنگی لەشكرەكەیان رادەگرت، ئێگزێنۆفۆن لەدوواوەڕا لە قافڵەكە دەردەهات، دەچوو بەسەر بەرزاییەكاندا هەڵدەگەڕا و بەویدا دەپەڕییەوە پێشەوە؛ رێگای پێشەوەی دەشكاند، هەموو توانای خۆیشی دەخستە گەڕ بۆ ئەوەی بتوانێ دەسەڵات بەسەر هەموو ئەو كۆسپ و تەگەرانەدا بگرێ كە دەبوونە هۆی رێ لێ گیرانیان.

ئەگەریش هێرشیان لەپشتەوەڕا بكرایە سەر، ئەمجارەیان ئیدی كریزۆف لە قافڵەكە دەردەچووە دەرەوە، هەوڵی دەدا هەڵبگەڕێتە سەر شوێنێكی لە شوێنی دوژمنەكان بەرزتر، ئێستر لەوێوە دوژمنەكانی پەرتەوازە دەكرد و كارێكی وای دەكرد كە دوژمن چیتر نەتوانێ ببێتە كۆسپ لەبەردەم پەڕینەوەی كلكەی قافڵەكە.

یۆنانییەكان لە هەمان كاتدا، بەردەوام، زۆر بە چوست و چالاكییەوە بەهانای یەكترەوە دەچوون و پاسەوانی سەلامەتیی یەكتریان دەكرد.

## چەكهەڵگرتنی كاردۆخەكان

٢٧. جاری وا هەبوو تەنانەت ئەو كەسانەی كە دەسەڵاتێكی تەواویشیان لە بەرزاییەكانەوە بەسەر كاردۆخەكاندا هەبوو، لەكاتی دابەزینی خۆیاندا دەستەویەخەی گەلێك گیروگرفت دەبوونەوە؛ ئەوانەی لەشسووك بوون خۆیان هەڵداوێشتە خوارەوە و بۆ خۆیان قوتار دەبوون.

خۆ كاردۆخەكان، جگە لە تیروكەوان یان بەردەقانییەكی درێژ (قەڵماسک)، هیچی دیكەشیان پێ نەبوو.

٢٨. ئەو كاردۆخانەی تیرهاوێژی زۆر كارامە بوون. ئەو كەوانانەی تیریان پێ دەهاوێشتن، درێژاییان نزیكەی سێ گەز بوون، تیرەكانیشیان زیاتر لە دوو گەز، كە دەیانویست تیرێک باوێن، لە سەرەتادا پەتەكەیان باشباش دەبەست و لاقی چەپیان دەهاوێشتە سەر بەشی خوارەوەی كەوانەكە. تیرەكانیان زرێپۆش و تەنانەت قەڵغانیشی كونبەدەر دەكرد.

یۆنانییەكان ئەو تیرانەیان هەڵدەگرتەوە، پارچە قایشێكیان لێ دەبەستن و دەیانكردن بە نێزە.

ئا لەم ولاتەدا بوو كە كریتییەكان Cretes خزمەتێكی بەڕاستی زۆریان بەجێ گەیاند. ستراتۆكلسی خەڵكی كریت سەركردەیان بوو.

## بەشی سێیەم

# لە قەراغ زێی ناوەڕاستدا

١. ئەورۆژە، یۆنانییەكان بنەوبارگەی خۆیان لەناو ئەو ئاواییانەدا هەڵخست كە كەوتبوونە ناوەڕاستی دەشتە پاراوەكانی دەوروبەری زێی ناوەڕاست.

پانایی ئەو زێیە نزیكەی دوو پلێتر plethre دەبوو، ئەرمینیای لە ولاتی كاردۆخەكان جیادەكردەوە. (١٦) یۆنانییەكان لەوێ پشوویەكیان دا، گیانێكیان وەبەردا هاتەوە بەوەی كە دیتیان ئێستا وا گەیشوونەتەوە پێدەشتێكی بەرگوشاد. زێیەكە شەش حەوت ستادێک stade لە شاخ و داخی كاردۆخەكانەوە دوور بوو.

٢. ڕەشماڵەكانیان زۆر بە كەیفخۆشییەوە هەڵدا، لەبەرئەوەی ئازووقەیەكی باشیان پێ بوو، هەروەها خەریک بوو ئەو چورتم و ناخۆشییانەی بینیبوویان وردەوردە لەبیریان دەچۆوە.

بەدرێژایی ئەو حەوت ڕۆژەی كە لەناو كاردۆخەكاندا بەسەریان بردبوو، بێ پشوودان لە شەڕكردندا بوون؛ دەرد و ئەشكەنجەی ئەوتۆیان بەدەست ئەو كاردۆخانەوە بینیبوو كە تەنانەت زۆر لەوانە ناخۆشتر بوون كە بەدەست پاشا و تیسافێرن Tissapherne بینیبوویان. بەڵام ئێستا، ئەوەتا، هەموو ئەو شتانە كۆتاییان پێ هاتووە. بەدەم بیركردنەوەوە پشوویەكی خۆشیان دا.

٣. ڕۆژی دوواتر، دیتیان لەوبەری زێیەكەوە، كۆمەڵێک ئەسپسوار كە لە بنی پێیانەوە تا تەوقی سەریان چەكیان لەخۆ بەستبوو، دیار بوو دەیانویست ڕێگایان لێ بگرن. لە هەمان كاتدا،

لەولاتری ئەو ئەسپسوارانە، کۆمەڵە خەڵکێکی دیکەش، پیادە، لەسەر گردەکاندا پۆل پۆل ڕاوەستابوون بۆ ئەوەی نەهێڵن بچنە ناو خاکی ئەرمینیا.

٤. ئەمانە پیاوەکانی ئۆرۆنتاس و ئارتووشاس بوون، ئیدی ئەرمەنی، ماردی Mardes، خالدی Chaldeen، کە ئەوانیش بە ڕۆڵی خۆیان بەرگرییان لەخۆ دەکرد.

کاتێ باس لە خالدییەکان Chaldeens دەکرا، دەیانگوت کە ئەو خالیدییانە گەلێک سەربەست و هێزان، چەکەکانیان تیژە pique بوو، زرێپۆشی لە داربی دروستکراویان لەخۆ دەبەست. (١٧)

٥. ئێمە کاتێ بۆ یەکەمین جار چاومان بەم پۆلە خەڵکە ڕیزڕیز وەستاوە کەوت، لەسەر بەرزاییەکدا بووین کە سێ چوار پلێتر plethre لە زێیەکەوە دوور بوو. تاقە ڕێگایەکی لێمانەوە دیار بوو، ڕێگایەکی شاخاوی بوو؛ لەوە دەچوو کە خەڵک ئەو ڕێگایەیان بەدەستی خۆیان دروست کردبێ. یۆنانییەکان دیانویست ملی ئەو ڕێگایە بگرنە بەر.

٦. دووای ئەوەی ملیان بەڕێگاکەوە نا، دیتیان زێیەک لەو دەشتەدا لەبەردەمیانە؛ زێیەکەش پڕە لە تەلاشەبەردی خلیسک، پێلەکانیشی هەر جارەی بەرەو لایەکدا ڕایاندەپێچێ؛ هەروەها دیتیان کە چیتر پێیان ناکرێ لەناو ئاوەکەدا زرێپۆشەکانیان ببەستن: چونکە ئەگەر زرێپۆشەکانیان لەخۆ ببەستایە ئاو دەیبردن. ئێ ئەگەر نەشیانبەستایە و بیانخستنایەتە سەر سەری خۆیان، ئەوا هیچ شتێکیان پێ نەدەما بۆ ئەوەی خۆیانی پێ لە تیر و ڕمبی دوژمن بپارێزن. ئیدی ناچار بە پاشەگەردانییەوە کشانەوە و بنەوبارگەی خۆیان هەر لەو ناوەدا، لە قەراغ زێیەکەدا هەڵخست.

٧. وێڕای هەموو ئەمانەش، شەوی گۆڕین، لەو شوێنەی کە پشوویان لێ دا، لەناکاو چاویان بە کۆمەڵێک لە کاردۆخەکان کەوت کە لەناو شاخەکاندا کۆزیلەکەیان بەستبوو و دەست بەچەکەوە ڕاوەستابوون. یۆنانییەکان لەو دەمەدا تووشی نائومێدییەکی سەخت هاتن، چونکە وایاندەبینی کە ئیتر ڕووبارەکە نایەتە خۆلێدانێ و بەچاوی خۆشیان ئەو هەموو خەڵکەیان دەدیت کە دەهاتن ڕێگەی پەڕینەوەیان لێ بگرن؛ دەیانزانی ئەگەر بچن خۆیان لە ڕووبارەکە بدەن ئەوا کاردۆخەکان دێن لەپشتەوەڕا هێرشیان دەکەنە سەر.

## ئێگزێنۆفۆن خەون دەبینێ

٨. یۆنانییەکان ئەو ڕۆژە، هەروەها بەدرێژایی شەوی داهاتوو، لە نیگەرانییەکی زۆر ناخۆشدا دەژیان. هەرچی ئێگزێنەفۆنیش بوو، خەوتێکی دیت: لەو خەونەیدا هەر چوارپەلی بە کۆت و زنجیر بەسترابوونەوە، پاشان لەناکاو ئەو کۆت و زنجیرانە هەر لەخۆیانەوە شکان و لە چوارپەلی

ترازان، ئیدی ئێگزێتنەفۆن ئازاد، دەیتوانی بۆ هەر کوێ بیەوەێ بڕوا.

لەگەڵ کازێوەدا، کاتێ چاوی بە کریزۆف کەوت، پێی گوت کە ئاواتەخوازە هەموو شتێک بە دڵ و داوی خۆیان بڕواتە ڕێوە، ئنجا پاشان خەونەکەی خۆی بۆ گێڕایەوە.

٩. کریزۆف دڵی دایەوە. هەر کە خۆریش گزنگی دا، سەرتاپای ڕێناسەکان لەیەکتر کۆبوونەوە و بەم بۆنەیەوە قوربانییەکیان سەربڕی و بەدیارییەوە ڕاوەستان. لەوە دەچوو هەموو شتێک نیشانەی فەڕی پێوە دیار بێ. ڕێتاس و دووربییەوانەکان فەرمانیان دایە لەشکرەکە کە بەڕێکوپێکییەوە بچن بۆ خۆیان فراوینی خۆیان بکەن.

## چەند زانیارییەکی بەسوود

١٠. لەو دەمەی ئێگزێنۆفۆن خەریکی نانخواردن بوو، دوو کوڕی گەنج بەغاردان هاتنە لای: هەموو خەڵک دەیزانی کە ئەگەر شتێکی گرنگ لەبارەی چالاکییە سەربازییەکانەوە هەبووایە، ڕێگەدرابووە هەموو کەسێک کە تەنانەت لەکاتی نانخواردنیشدا بچێتە لای ئێگزێتنەفۆن و قسەی لەگەڵ بکات، تەنانەت بۆی هەبوو لە خەویش بێداری بکاتەوە.

١١. ئەو دوو کوڕە گەنجە باسی ئەوەیان بۆ گێڕایەوە کە بەڕێککەوت لە دارستانەکەدا، کاتێ خەریک بوون کۆتەرەداریان بۆ ئاگرکردنەوە کۆدەکردەوە، لەناکاو چاویان بە پیرەمێردێک کەوتووە، کە لەودیوی زێیەکە لەگەڵ ژنێک و کۆمەڵێک کچ و کاڵ، لەناو تەلاشە بەردەکانی ئەولای چەمەکە توورەگەی پەینیان بەدەستەوە بووە و خەریک بوونە ڕۆیان دەکردە ناو چەند چالەبەردێکەوە.

١٢. ئەو خەڵکە، بەدڵنیاییەوە دووپاتی ئەوەیان کردۆتەوە کە لەکاتی پەڕینەوەدا هیچ مەترسییەکیان نایەتە ڕێگا، چونکە هیچ دەروازەیەک لە بەرامبەریاندا نیە کە ئەسپسوارەکانی دوژمن بتوانن پێیدا بپەڕنەوە.

ئەو خەڵکە جلوبەرگی خۆیان داکەند، «دوو کوڕە گەنجەکە باسیان کرد»، هەریەکە و خەنجەرێکیان بەدەستەوە بوو، ڕووت و قووت، وەک ئەوەی بچنە مەلەکردنێ، خۆیان ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی لە ڕووبارەکە بدەن و بگەنە لای ئێمە. هاتن. ڕووبارەکەیان بڕی، بێ ئەوەی لەشیشیان ئەوەندە تەڕ ببێت. ئنجا کە گەڕانەوە، توورەگە پەینەکانی خۆیان لەوبەری ڕووبارەکەدا هەڵگرتەوە و بەلایەکدا وەرسووڕانەوە.

## یۆنانییەکان دێنە سەر ئەوەی لە ڕووبارەکە بدەن

١٣. ئێگزێنۆفۆن یەکسەر شوکری خوای کرد؛ بڕیاری دا کە شەراب پێشکەش بکەنە ئەو دوو کوڕە گەنجە و هەروەها سوپاسی خواوەندەکان بکەن کە ئەو خەونەیان بۆ ئێگزینەفۆن هەنارد و ئەم گوزەرگایەی بۆ دۆزینەوە؛ بەشکو خواوەندەکان هەموو شەڕێکی دیکەشیان لێ بەخێر بگێڕێ.

کاتێ دوعا و سەنا تەواو بوو، ئێگزێنۆفۆن یەکسەر ئەو دوو کوڕە گەنجەی بردە لای کریزۆف. دوو کوڕە گەنجەکە سەرلەنوێ ئەوەی دیبوویان گێڕایانەوە. کریزۆف، دووای گوێی لە قسەکانیان ڕاگرت، ئەویش شوکری خوای کرد.

١٤. پاشان ئێگزێنۆفۆن و کریزۆف فەرمانیان دایە سەربازەکان کە بنەوبارگەی خۆیان بپێچنەوە، هەروەها خۆشیان، کە پێشتر باش ڕاوێژیان لەگەڵ ڕێناسەکان کردبوو، کەوتنە مشوورخواردنی ئەوەی کە تیتر هەرە باشترین گوزەرگا بۆ پەڕینەوە لە ڕووبارەکە بگرنەبەر و بتوانن بەسەر هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەدا زاڵ بن کە لەبەردەمیاندا هەبوون، -ئەمەش بۆ ئەوەی ئەگەر کارەساتێک لەپشتەوەڕا ڕوویدات بتوانێ زیانیان پێ بگەیەنێ.

١٥. بڕیاریان دا کە کریزۆف پێشەنگی لەشکرەکە بگرێتە دەست، پاشەنگیش بەدەست ئێگزێنۆفۆنەوە بێت، جەلووی بنەوبارگە و کەلوپەلەکانیش لەنێوان هەردووکیاندا بڕوات.

١٦. هەرکە لە ڕێکخستنی ئەم شتانە بوونەوە، کەوتنە ڕێگا: کۆمەڵێک گەنج جڵەوی قافڵەکەیان گرتبووە دەست و کەنارە و کەناری دەستەچەپی ڕووبارەکە دەڕۆیشتن. نێوان ئەمان و گوزەرگاکە نزیکەی چوار ستاد دەبوو.

١٧. وێڕاوێڕای ئەمان، کاروانی دوژمن لەوبەری ڕووبارەکەدا دەڕۆیشت. کاتێ گەیشتنە گوزەرگاکە، مەتزلیان لەلای تاشەبەردە سەختەکاندا هەڵخست. ئنجا کریزۆف، سەر بەتاجەوە، نیوەڕووت، لە پێشەوەی لەشکرەکەدا پەلاماری دایە چەکەکانی خۆی و لە خۆی بەستن، فەرمانی دایە تیپەکانی خۆی کە ئەوانیش بە هەمان شێوە چەکەکانیان ببەستن؛ ئینجا پاشان فەرمانی دایە دووربینەوانەکان کە دەستەدەستە و لەگەڵ یەکتر بەرەو پێشەوە بڕۆن: هەندێکیان لە دەستەچەپیەوە، ئەوانی دیکەش لە دەستەڕاستییەوە.

١٨. پیاوە دینییەکانمان لە قەراغ ڕووبارەکەدا قوربانییان سەر دەبڕی، دوژمنیش هەر تیریان تێ دەگرتین،بەردەقانییان ڕادەوەشاندینێ، بەلام هێشتا هیچ مووشەکێکمان ئاراستە نەکرابوو.

١٩. لەسۆنگەی ئەوەی شەهیدێکی زۆرمان دابوو ،سەربازەکان سروودی سەرکەوتنیان دەگرتەوە،بۆ ئەوەی هاواری جەنگ لەناریاندا دەنگ بداتەوە،ئافرەتەکانیش لای خۆیانەوە، هەموویان پێکرا نەعرەیان لێدەدا وەدەیانقیژاند.ئافرەتی ئارەزوومەند لەناو لەشکرەکەماندا زۆر هەبوون.

## کریزۆف پێش هەموو کەسێک دەپەڕێتەوە

٢٠. کریزۆف، خۆی و یاوەرەکانی لە ئاوەکەیان دا. ئنجا ئێگزێنۆفۆن، لەلای خۆیەوە، دەستەیەک لە پیاوە هەرە چاپووکەکانی هێزی دواوەی هەڵبژارد و لەدوواودرا، بە هەموو هێزی خۆیانەوە، بەڕاکردن ملیان نا بەرەو گوزەرگاکەی بەرامبەر ئەو ڕێگایەی کە دەچۆوە سەر زنجیرە چیای ئەرمەنییەکان؛ وەک ئەوەی کە لە پاش پەڕینەوە لەو ڕووبارە، بچێ لە قەراغەکەدا یاوەش بە کاروانەکەی ئەودیودا بکات کە ڕیزڕیز وەستابوون.

٢١. دوژمن کە دەیاندیت سەربازەکانی کریزۆف بێ هیچ ئاستەنگێک لە ئاوەکە دەپەڕینەوە، هەروەها کە دەیانبینی تیپەکانی ئێگزێنۆفۆن بەڕاکردن بەرەو لای پشتەوە هەڵدەکشان، مەترسیی ئەوەیان لێ نیشتبوو کە ئیدی ئابڵووقە بدرێن. هەر بۆیەش یەکسەلەف بەبازدان خۆیان قوتارکرد و ڕایان کرد بەرەو ئەو ڕێگایەی کە دیڕوانیە سەر ڕووبارەکە. کاتێ گەیشتنە بەرزایی هەرە بڵندی ئەو ڕێگایەش، ئیدی لەوێوە بەسەر شاخەکەدا هەڵگەڕان.

٢٢. لیکیۆس کە داوای خۆڕێکخستنی سوارچاکەکانی دەکرد، هەروەها ئەسخینیێس کە داوای خۆتەیارکردنی لە سەربازە پیادەکان دەکرد بۆ ئەوەی لە دەوری کریزۆف کۆبینەوە، ڕاستییەکەی، ئاگایان لە ڕەوکردنی لەناکاوی دوژمن نەبوو بۆ ئەوەی بچن ڕاوەدوویان بنێن؛ لەلایەکی دیکەشەوە سەربازە پیادەکان هاواریان دەکرد کە دوژمن لەدووای خۆمانەوە جێ نەهێڵین. دەیانویست بەسەر شاخەکاندا هەڵگەڕێن و ڕاوی دوژمن بنێن.

٢٣. کریزۆف کە لە ڕووبارەکە پەڕیەوە، نەیکرد بەدووای دوژمن بکەوێ: بێ ئەوەی بچێ کات بەفیڕۆ بدا، ڕێگای گرتەبەر و بەسەر ئەو گردانەدا هەڵگەڕا کە دەیانڕوانیە سەر ڕووبارەکە، لەوێش ڕووبەڕووی سەربازە پیادەکان هاتەوە.

سەربازەپیادەکان کاتێ دیتیان ئەسپسوارەکان ڕادەکەن و سەربازە قورسەچەکەکانیش هەر بەدووای ئەوانەوەن، ئیدی سەنگەرەکەی خۆیان -کە دەیڕوانیە ڕووبارکە- چۆڵ کرد.

## دەستەبەرەکانی ئێگزێنۆفۆن

٢٤. ئێگزێنۆفۆن کاتێ هاتە لایان و دووپاتی ئەوەی کردەوە کە لە دیوەکەی دیکەیاندا هەموو شتێک بەڕێکوپێکییەوە بەڕێوەدەچێ، یەکسەر بەزووترین کات گەڕایەوە لای ئەو سەربازانەی کە هێشتا هەر خۆیان لە ڕێگاکەدا هێشتبۆوە، چونکە دەیانزانی کە کاردۆخەکان داکەوتبوونە ناو دەشت و دۆڵەکانی ئەو ئاوە بۆ ئەوەی بەسەر ئەو سەربازانەدا بدەن کە لە کاروانەکەدا بەجێ مابوون.

٢٥. كریزۆف فەرمانڕەوایەتیی بەسەر هەموو بەرزاییەكاندا داگرتبوو. لیكۆس كە بە خۆی و دەستەیەك لە پیاوەكانیەوە خۆی بۆ ڕاوەدوونانی دوژمن تەرخان كردبوو، چوو هەندێ لە باوڵەكانی كریزۆفی بۆ كریزۆف هەڵگرت، ئەو باوڵانەی لە قەراغەكەدا داندرابوون: جلوبەرگ و گۆزەلەشەرابیان تێدا بوو.

٢٦. لەو كاتەی پەیتوون و غەیرەچەكدارەكان خەریك بوون تێدەپەڕین، ئیگزینۆفۆن نیوەپێچێكی خوارد و چوو چەكدارەكانی خۆی دەستەدەستە تەیاركرد دژ بە كاردۆخەكان، پاشان فەرمانی دایە دووربینەوانەكان كە هەر یەكێكیان لەناو چوار تیپی سەربازیدا لەگەڵی بڕۆن و لەكاتی شەڕیشدا خۆیان بخەنە سەنگەری دەستەچەپی لەشكرەكە. بەم شێوەیە، دووربینەوانەكان و دووچەرخەسوارەكان بە ئاراستەی دژ بە كاردۆخەكان دەڕۆیشتن؛ هەرچی سەربازەكانی پاشەنگیش بوون، دەبووایە پۆل پۆل بەرامبەر ڕووبارەكە ڕابوەستن.

٢٧. كاردۆخەكان كاتێ دیتیان پاشەنگ لە لەشكرەكە دابڕاوە و ژمارەی چەكدراكانیش یەكجار كەمە، یەكسەر كەوتنە چڕینی جۆرە گۆرانییێك و بەپەلەپرووزێ هەنگاوەكانی خۆیان بەلەزتر كرد. (١٨)

كریزۆف دیاربوو هەركە لای خۆیەوە هەموو مەترسی و هەڕەشەیەكی تەفروتوونا كرد، پیاوە نیشانەچی و سەربازە پیادەكان و تیرهاوێژەكانی هەنارده لای ئیگزینۆفۆن و داوای لێ كردن كە هەرچی شتێكی ئیگزینۆفۆن داوای دەكا، بیكەن.

## ئیگزینەفۆن لە ڕووبارەكە دەپەڕێتەوە

٢٨. ئیگزینۆفۆن كاتێ چاوی بەم هەموو خەڵكە كەوت كە خەریك بوون دەپەڕینەوە، یەكسەلەف ڕێبەرێكی ناردە لایان و داوای لێ كردن كە جارێ هەر لە قەراغەكەدا بمێننەوە و خۆیان لە ڕووبارەكە نەدەن. تیپەكانی ئیگزینۆفۆن كە دەیانویست بپەڕنەوە، دەچوون بەملا و بەولای یەكتردا بلاودەبوونەوە، وەك ئەوەی بیانەوێ بەناو یەكتردا بڕۆن: جلەودارەكان قایشی ڕمبەكانیان بەدەستەوە، سەربازە تیرهاوێژەكان بە خۆیان و كورس و تیرەكانیانەوە، بەڵام نەدەبووایە دەمودەست خۆیان لە ئاوەكە بدەن.

٢٩. كاتێ گاشەبەردی بەردهاوێژەكان كەوتنە ڕاوەشاندنان و تاقوتۆقی زرێكان دەنگیان دایەوە، ئیگزینۆفۆن فەرمانی دایە خەڵكەكە كە بەدەم چڕینی سروودی جەنگەوە هێرش بكەنە سەر دوژمن؛ پاشانیش كاتێ دوژمن دەیویست ڕووی وەرچەرخێنێتەوە، لەو دەمەی كە شەیپووری هێرش بردن لەناو ڕووبارەكەدا بەرزدەبۆوە، داوای لێ كردن كە نیوەسووڕێك بەلای دەستەڕاستەوە

بدەن بۆ ئەوەی کلکەی لەشکرەکە بکەوێتە پێشەوە؛ هەروەها داوای لێ کردن کە لەو کاتەدا بە هەموو هێزی خۆیان، بەزووترین کات لە رووبارەکە بدەن و بپەڕنەوە، هەر کەسێک لە ڕیزەکەی خۆیدا شوێنی خۆی باش بپارێزێ بۆ ئەوەی خەڵکی تەنیشت خۆی نەخاتە تەنگانەوە؛ ئیدی ئازاترین کەس ئەو کەسە بوو کە لە پێش هەموویانەوە دەگەیشتنە قەراغەکەی ئەودیو.

## دوایین هێرشی کاردۆخەکان

٣٠. کاردۆخەکان کاتێ دیتیان ئێمە تەنیا یەک دەستە سەربازمان ماوەتەوە، -چونکی ژمارەیەکی زۆر لەو سەربازانەی کە فەرمانیان پێ درابوو بمێننەوە، چووبوون پارێزگاری گوزەرگاکان بکەن یانیش پارێزگاری بارگیر یان ئافرەتەکان، - ئیدی هێرشێکی زۆر توندوتیژیان کردە سەرمان و دەستیان پێ کرد دیسانەوە تیر و گاشەبەردیان تێ دەگرتین.

٣١. یۆنانییەکانیش ئیدی بەدەم چڕینی سروودی جەنگەوە رووبەڕوویان وەستانەوە. ئەوان پێشبینی ئەم پێکهەڵپڕژانەیان نەکردبوو؛ چەک و تەقەمەنییەکان، بێگومان، بەشی ئەوەیان دەکرد کە لەناو چیاکاندا هێرشی پێ ببەنە سەر دوژمن و ڕایکەن، بەڵام بۆ شەڕێکی ئاوهای تەن بە تەن هەمان شت نەبوو.

٣٢. لەو دەمەدا شەیپوور لێدرا، کەچی دوژمن دیسانەوە هەر زوو توانییان خۆیان ڕزگار بکەن. ئنجا یۆنانییەکان وەرچەرخانەوە و بەدەم بڕینی رووبارەکەوە -بەوپەڕی خێراییەوە ڕایان کرد.

٣٣. چەند قەراوڵێکی دوژمنمان هێشتا هەر لێوە دیاربوون، بەڕاکردن بەرەو قەراغی رووبارەکە دەگەڕانەوە و تیریان تێ دەگرتین: چەند کەسێکیان لێمان بریندارکرد؛ ئاپۆرەی دوژمن لەوبەرەوە ڕزگاریان ببوو، کەچی ئێمەی یۆنانی هێشتا هەر لە قەراغەکەی ئەمدیودا بووین.

٣٤. لەنێو ئەوانەشدا کە چووبوون بە فریای هاوڕێکانی خۆیان بکەون، لە خوێن گەرمیی خۆیاندا زیاد لە پێویست دوور کەوتبوونەوە، چووبوون لەودیو تیپەکەی ئێگزێنۆفۆنەوە دیسان لە رووبارەکەیان دابوەوە؛ ئەوانیش -هەر چەند کەسێکیان بریندارکرابوون.

## بەشی چوارەم

## لە ئەرمەنستاندا

١. یۆنانییەکان رووبارەکەیان بڕی؛ دەستەدەستە لە شێوەی تەدارەکی سەربازیدا، دەمەوتیوەرۆ گەیشتنە سەر خاکی ئەرمینیا، دەشتێکی هەتا چاو هەتەردەکا بەرفراوان، جاربەجار نەبێ کە

هەورازێک دەهاتە بەرمانەوە. (١٩) بەڵام ئەو ناوە، نزیک ڕووبارەکە، سەبارەت بە ناکۆکی و دووبەرەکایەتیان لەگەڵ کاردۆخەکان، هیچ گوندێکی لێ نەبوو.

٣. یۆنانییەکان لەوێوە ڕێگاکەیان بە دوو قۆناغ بڕی و لە سەرچاوەکانی ڕووباری دیجلە پەڕینەوە. پاشانیش لەوێوە، بە سێزدە قۆناغ گەیشتنە تێلێبۆواس Teleboas. (٢٠)

٤. ئەم وڵاتە ناوی ئەرمینیا Armenie بوو، سەرکردەکەیان ناوی تیریباز Tiribaze بوو. (٢١)

ژێدەر:

(١) ئاشکرایە کە لێرەدا یۆنانییەکان لە باشووری کوردستانی عێراقی ئەمڕۆ دان، بەڵام دیاریکردنی وردبینانەی ئەو شوێنە جوگرافییەی کە لێین زۆر ئاشکرا نییە.

(٢) ئەم تەکنیکە سەربازییەی شەڕکردنی کاردۆخەکان تەکتیکێکی بەرگریکارانەیە نەک پەلاماردەرانە، لەبەر دوو شت؛ یەکەمیان: چونکە دەڵێ لەپێشەوەڕا ڕێگە لە دوژمن دەگرن، ئەمەش مانای وایە کە پێگەی سەربازییان لە ژوورەوەدیە، لەناو نیشتیمانی خۆیاندان و بەرگری لە خۆیان و لە خاکی خۆیان دەکەن؛ دووەمیشیان: چونکە دەڵێ کە کاردۆخەکان لەسەر چیاکانەوە دەسەڵات بەسەر دوژمندا دەگرن، ئەمەش مانای وایە کە کاردۆخەکان لە «گلۆرکردنەوەی گاشەبەردان» زیاتر بۆ بەرگریکردن لە خۆیان و لە خاکی خۆیان هیچ تەقەمەنی و چەکێکی قورسی ئەوتۆیان نیە کە چووبن خاکی نەتەوەیەکی دیکەیان داگیرکردبێ.

(٣) دەردەکەوێ کە کاردۆخەکان هەر لەو سەردەمەوە (لەوانەیە لە پێشتریشەوە) بڕۆنزیان ناسیوە و زانیویانە کە بۆ ژیانی شارستانی سوود لە برۆنز و بەکارهێنانی میناڵەکانی دیکە وەربگرن.

(٤) بەم قسەیەی ئێگزێنۆفۆن کاتێ دەڵێ: "چووین قسەمان لەگەڵ یەک دووانێکیان کرد، دەردەکەوێ کە لەو سەردەمەدا کاردۆخەکان ژیانێکی عەشیرەتگەری و سیاسیی ڕێکوپێکیان نەبوو: هیچ ئاغایەک یان سەرکردە و پاشایەکیان نەبووە، ئەگینا دەچووە پێشەوە و قسەی لەگەڵ سەرکردەی یۆنانییەکان دەکرد. ئەمە لەکاتێکدا ئێگزێنۆفۆن کاتێ باسی ئەرمەنییەکان دەکات، پاش ئاماژەی ئەوە دەکات کە ئەو ئەرمەنییانە پاشایەکیان هەبووە و ناوی ئەو پاشایە (تیریباز) بووە.

(٥) مەبەستی لە (پاشا)، پاشای هەخامەنشییەکانە (٥٥٠-٣٣٠ پ.ز)، کە تازە ئیمپراتۆریەتی میدیاییەکانیان تێک شکاندبوو و سەرتاپای کوردستانیان خستبووە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. ئەم دژبوون و ڕقەئەستوورەی کاردۆخەکان لەهەمبەر پاشای فارسە هەخامەنشییەکان، پەیوەندیی نەتەیک، سیاسی یان هاونەژادیی کاردۆخەکانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە لەگەڵ میدیاییەکاندا هەیانبووبێ، چونکە میدیاییەکانیش، ئەوکاتە، تازە تێکشکابوون و دژ بە پاشا بوون.

(٦) ئەم دیاردەیەی ئاگرکردنەوەی کاردۆخەکان، کە لە دوو شوێنی دیکەشدا ئێگزێنەفۆن دووپاتی دەکاتەوە، لەلای ئەرمەنییەکاندا نایبینین؛ پەیوەندی بە ئاگرکردنەوەی نەورۆزی ئەمڕۆی کوردەوە هەیە و نیشانەیەکی دیکەی هاونەژادیی کورد و کاردۆخەکانە.

(٧) یۆنانییەکان، دیارە لە شەڕی کاردۆخەکاندا هەستیان بە مەترسییەکی زۆر گەورە کردەوە، یەکسەر ستراتیژیەتی سەربازی و ئابووریی لەشکرەکەی خۆیان گۆڕیوە؛ هەر خواخوایان بووە لە دەست کاردۆخەکان ڕزگاریان بێت: کەچی لەناو ئەرمەنییەکاندا و لە شاری Euxin بیر لەوە دەکەنەوە کە کۆلۆنیای خۆیان لەوێدا دابمەزرێنن. (بڕوانە لاپەڕە ١٢ی پێشەکی بەرگی یەکەمی ANABASE).

(٨) دیارە ژنخوازی لەلای کاردۆخەکاندا تەنیا لەنێو یەک عەشیرەتدا نەبووە، بەڵکو سنوورێکی کۆمەڵایەتیی فراوانتری هەبووە. ئەمەش پێشکەوتوویی و فراوانیی بیری کاردۆخەکانمان بۆ روون دەکاتەوە.

(٩) ئێمە لە کۆتایی مانگی پایزی ساڵی (٤٠١)ای پێش زانینی مەسیح داین، لە وڵاتێکی شاخاویدا. هەوا خەریک بوو ماوەیەکی دیکە خۆشی دەکردەوە. ئەم هەوا خۆشبوونەوەیەش لە نزیک گۆمی وانەوە سەرچاوەکەی خۆی وەرگرتووە، لەنزیک شوێنێکەوە کە بەرزاییەکەی ١٦٢٠ مەترە. (وەرگێری فەرەنسی)

(١٠) ئێگزێنۆفۆن گەلێک جاران وشەی بەربەر Barbareی بۆ کاردۆخەکان بەکارهێناوە، ئەم وشەیەش ئەمڕۆ واتای وەحشی درندە و ساویلکە و دواکەوتووە دەگەیەنێ، بەڵام لەلای یۆنانییە کۆنەکان و لەلای ئێگزێنۆفۆنیشدا، بێگومان، هەموو ئەو میللەتانە دەگرێتەوە کە کولتووری هیللینی (یۆنانی) هێشتا باڵی تەهاویشتبووە سەر وڵاتەکەیان. بڕوانە: دوکتۆر جەمال رەشید: لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی لەبارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، دەزگاری رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا: ١٩٨٨، لاپەرە (١٢).

(١١) ئەم سێ دووربینەوانە، هەڵبەتا، هەریەکەیان دەستەیەک سەربازی خۆیان لەگەڵە. کەواتە بە هەموویان ژمارەیان (٣٠٠) کەسە، کە بەشی هەرە زۆریان، لەگەڵ دوو لە سەرکردەکانیان، سەبارەت بەوەی کە لە دوواوەی لەشکرەکە بەجێ مابوون، دەکوژرێن. ئەم زیانە هەژێنەر و گەورەیە ئێگزێنەفۆن ناچار دەکات کە لەگەڵ کاردۆخەکان بکەوێتە بەستنی پەیمانی ئاشتییەوە. (وەرگێری فەرەنسی)

(١٢) ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە کاردۆخەکان لەو سەردەمەدا زمانێکی سەربەخۆ و بڵاوی خۆیان هەبوو کە خەڵکی بێگانەش هەر فێری بوون.

(١٣) ئێرە یەکێکە لەو شوێنە هەرە دەگمەنانەی کە ئێگزێنەفۆن لە سەرتاپای کتێبی (ئاناباز)دا ژیانی بکەوێتە مەترسییەوە. (وەرگێری فەرەنسی).

(١٤) ئاریستۆفان Aristophanی یۆنانی دەڵێ کە یۆنانییەکانی شاری ئەسینا و یۆنانییەکانی دیکەش هەر، چاڵەچیمەنتۆیان لە ماڵی خۆیاندا دروست دەکرد، شەراب و رۆنیان تێدا هەڵدەگرت. کەواتە ئەم چاڵەچیمەنتۆ دروستکردنە لەلای کاردۆخەکانیشدا هەر هەبووە. بێگومان ناشبێ کە ئەم کاردۆخانە تەنیا شەرابیان لەنێو ئەم چاڵەچیمەنتۆییانەدا پاراستبێ، بەڵکو لەوانەیە بژێوی دیکەشیان لەنێو هەڵگرتبێ، بۆ نموونە مێوژ. شەرابی عادەتییانەش لای کاردۆخەکان لەوانیە ........ بوو بێت. (وەرگێری فەرەنسی)

ئەم شەراب دروستکردن و پاراستنە، لای کاردۆخەکان، نیشانەی ژیانی شارستانی و خۆشگوزەرانیی کاردۆخەکان بووە.

(١٥) دەردەکەوێ کە پرسەبەستن بۆ شەهید و مردووان لەلای کاردۆخەکاندا، ئاکار و نەریتێکی پیرۆز بوو.

(١٦) زێی ناوەراست Centrites دەبێ هەر (بۆتان سوو) بێت. ئەو گوزەرگایەی کە یۆنانییەکان پێیدا رۆیشتوون، دەبێ کەوتبێتە باشووری شاری سێرت Sertی ئەمڕۆ. بۆتان سوو کە سەربەرەوخوار دەبێتەوە، بەدەستەڕاستدا پێش ئەوەی لەگەڵ رووباری دیجلەی رۆژئاوا بە دەکیلۆمەترێک یەک بگرنەوە، زێی بەتلیسی تێ دەڕژێ. (وەرگێری فەرەنسی)

(١٧) وەکورد وەکو میللەت دەبێت پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەم خالدییانە chaldeens, دانیشتووی هەمان وڵاتی کوردەواری هەبووبێت: هەروەکو مێژوونووس لێرخ LERCH ویستوویەتی بۆی بچێتە. بڕوانە د. جەمال رەشید: لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی لەبارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، بەغدا: ١٩٨٨، ل١٥-٣٣ و ١٩١-١٩٥.

(١٨) ئێگزێنۆفۆن کە لەو گۆرانییانەی کاردۆخەکان تێ ناگا و ئاشنانی سەر بە کام ئەزم و ریتمی گۆرانیین، ناتوانێ هیچ ناونیکیان بۆ بدۆزێتەوە. (وەرگێری فەرەنسی)

(١٩) ئەم وەسپکردنەی ئێگزێنۆفۆن بۆ وڵاتی ئەرمینیا لەگەڵ واقیع و لەگەڵ بیروڕای مێژوونووسە هاوچاخەکان یەکتر ناگرێتەوە. بڕوانە: R. BLANCHARD: L Armenie, p. 109_127, in "Geographie universelle de Vidal de la Blache et Gallios, T. VIII, paris: 1929".

(٢٠) زانراوە کە ئیکزێنۆفۆن لێرەدا سەرچاوەکانی دیجلەی لێ تێکەڵ بە زێی بەتلیس بووە. ئەم ڕووبارە سەرچاوەکانی خۆی لە باشووری ڕۆژئاوای گۆمی وانەوە هەڵگرتووە، واتە لە بۆتان سووەوە Centrites/زێی ناوەڕاست. ڕاستییەکەی، سەرچاوەکانی دیجلە کە زۆر نزیکن لە ڕووباری فوراتەوە چەند سەد کیلۆمەترێک لە باشووریدا گۆمی Goldjuk هەیە. بڕوانە نەخشە ژیۆگرافیەکەی: E. RECLUS,p.387 (وەرگێڕی فەرەنسی)

(٢١) هەڵبەتا دەردەکەوێ کە بەشێکی فراوانی باکووری کوردستانی ئەمڕۆ، لەو سەردەمەدا لەژێر دەستی ئەرمەنەکاندا بووە، بەڵگەی ئەم قسەیەش ئەوەیە کە ئیکزێنۆفۆن باسی مەڵبەندە کوردنشینەکانی ئەمڕۆ لە چوارچێوەی وڵاتی ئەرمینیادا Armenie دەکات: تەنانەت لە بەشی پێنجەمدا، لە بەندی (١) تاکو (٥) دەبینین یۆنانییەکان هێشتا هەر لە دەوروبەری شاری وان و مەلازگەرد دان. ئەم دوو شارەش، ئەمڕۆ، وەک دەزانین، دوو شاری کوردنشینن. بڕوانە لاپەڕە ٢٦ی وەرگێڕانە فەرەنسییەکە)

## ئەندێکس

(لە لاپەڕە ١٩١-٢٠٩ی وەرگێڕانە فەرەنسییەکە وەرگیراوە)

کاردۆخەکان Cardouques: خەڵکێکی چیایین لە کەناری چەپی ڕووباری دیجلەدا دەژین، مل بۆ پاشا شۆڕ ناکەن و یاخین. یۆنانییەکان کە دەگەنە وڵاتی ئەوان دەستەویەخەیان دەبنەوە، حەوت شەو و حەوت ڕۆژیان پێ دەچێ تا لە دەستیان قوتار دەبن.

میدیا Media: شارێی وڵاتی مید Medie.

میدیاییەکان Medes: لەلایەن فارسەکانەوە دەسەڵاتیان لێ سەندراوەتەوە؛ جوانیی ژنەکانیان.

ئەرمینیا: بە زێی ناوەڕاست Centrites لە وڵاتی کاردۆخەکان جیا دەبێتەوە؛ ڕووباری دیجلە و فورات لەوێوە سەرچاوە دەگرێ.

ئاسیریا: لە ڕۆژئاوایەوە ڕووباری دیجلەی پێدا دەڕوا، درێژدەبێتەوە تا وڵاتی میدیاییەکان.

زێی ناوەڕاست Centrites: (=بۆتان سوو، دیجلەی ڕۆژهەڵات)

ژیمنیاس Gymnias: (=بایبوورت Baibourt) لە وڵاتی Scythenes.

لاریسا Larissa: (=نمرود) بیابانێکە دەکەوێتە خوارووی زاپاتاس Zapatas.

زاپاتاس Zapatas: (زێی گەورە) لەلای دەستەچەپی ڕووباری دیجلە.

مێسپیلا Mespila: بیابانێکە لە نزیک نەینەوا، لە دەستەچەپی ڕووباری دیجلە؛ کەلەک-Kalakh؛ بە ئاسیری ماشپیل Maschpil.

فارسەکان perse: دەسەڵات بەسەر ئیمپراتۆریەتی میدیاییەکاندا دەگرن، جوانیی ژنەکانیان؛ ئیرەکەوانیان، سوارچاکەکانیان، چۆن منداڵەشازادان دەڕفێنن، بەسەری ڕووتی دەچنە شەڕ...

تێلێبۆاس Teleboas: (=قەرەسوو) دەڕژێتە ناو ڕووباری فوراتەوە.

هارپاسۆس Harpasos: (=Tschorouk) چەمێکە لە ڕۆژهەڵاتی شاری ترابزۆن.

سەرچاوە:

1) L Iran des mages et du temps present, Extrait du Numero de Noel 1961, "C.F.P. Information", Paris: 1961. pp. 3_4.

2) The Cambridge history of Iran, V.2. The Medien and Achamenian period, ed. by ILya GESCHEVITCH, Cambridge university presse, London_Newyork_Sydney: 1968?, p354, 356_359.

3) علی اکبر فیاض: گزتفن در بازگشت، مجله، (یغما)، شماره (٥)، ص ٤٤٢-٤٩٢، طهران: ١٩٥٩؛.

4) XENOPHON: ANABASE, Tome II, Livre IV_VII, Texte etabli et traduir par Paul MASQUERAY, ed. Societe d edition "Les Belles Lettres", Paris: 1967. p. 18.

5) حبیب الله صمدی: کردستان در چهل هزار سال پیش، مجله، (بغستان) جلد اول، شماره اول، ص ٢٨-٣٩. طهران: ١٩٦٣؛.

6) XENOPHON: ANABASE. T. II, p.195 (ئەندێکس)

7) Herkol AZIZAN: kardox, le govari Hawar, jimare 32, L. 4_7, Dimasiq: 1941.

8) XENOPHON: ANABASE, T. II, p. 175_185: "Notes complementaires" page N.7.

9) V. MINORSKY; "kurdes" in Encyclopedie de l Islam, T. II, E_K, paris: 1927. pp. 1197_1196.

10) G. MASPERO: Histoire ancienne des peuples de l orient, Paris: 1904, pp. 426_767.

11) د. جەمال رەشید: لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی لەبارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٨، لاپەڕە ٦٥-٦٦، ٦٨-٦٩، ٢٦٧، ٢١٦، ٢٨٣-٢٨٤، ٣٠٦.

12) DILSOZ: Serpehatiya ksenofon li kurdistan, le govari Roja Nu, jimare 15, Lapere 18_20, Stokholm, 1987.

13) XENOPHON: ANABASE, Tom II, Livres IV_VII, Texte etabli et traduit par paul MASQUERY, societe d edition, paris, 1967, pp. 7_23.

14) Atlas Historique, Histoire de l Humanite, ed. Hachette, paris: 1987, p. 44_46.

# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کوردناسی رووس ئۆڵگاژیگالینە

ئارام عەلی ئامادەی کردووە

***ئۆلگا خانم:** گفتوگۆکەمان بە پرسیارێکی برین کولینەوە بۆ گەلی کورد دەست پێدەکەم. لەو دەمەوەی کە کوردستان دابەشکراوە، تا ئێستا نەتوانراوە دەوڵەتێکی بەهێزی وا دروست بکرێت، کە بتوانێت گەلی کورد یەک بخات و لە زەبروزەنگی نەتەوە زۆردارەکانی بپارێزێت. تۆ بڵێی نەتەوە خواپێداو و دەسەڵاتدارەکان تەنیا هۆی ئەم بەدبەختیەمان نەبن، بەڵکو لە خودی ئێمەی کوردیشدا شتێک هەبێت؟

– زۆر راستە لە ساڵی ١٥١٤ـەوە تا ئەمرۆ لە کوردستاندا دەوڵەتێکی کوردی وا دروست نەبووە کە هەموو پارچەکانی کوردستان یەکبخات و لە دوژمنانی بیپارێزێت لە پێش هەموو شتێکدا، چونکە کوردستان کەوتۆتە، یاخود کەوتبووە نێوان دوو ئیمپراتۆری بەهێزەوە کە بەردەوام دژ بە یەک رکێبەرکێ و جەنگدابون. ئاشکراشە کە جگە لەوەی کوردستان گۆرەپانی بەیەکدادان و هێرشکردنیان بووە، هەر لایەشیان هەوڵیداوە بۆ ئەوەی تەواوی خاکی کوردان بخاتە ناو چوارچێوەی ئیمپراتۆریەکەوە. بێگومان جگە لەم هۆ گرنگە کە چارەنووسی تراجیدی گەلی کوردی دارشتووە، ماکی بێچارەییەکە لە خودی گەلی کوردیشدا هەیە، چونکە هەر لە مێژە نەگونجان و ناکۆکی ئیتنۆگرافی خاک و کولتور و تەنانەت ئاینیش هەبووە، بە داخەوە تا ئەمرۆش ماوە. جگە لەوەی ک چەندان میرنشینی لەیەک دابڕوو گەلێک جاریش دژ بەیەک هەبوە کەمیرو سەرۆکەکانیان هەوڵیان بۆ یەکگرتن و دامەزراندنی کوردستانێکی مەزن نەداوە، یاخود نەیانتوانیوە و بێدەسلاَت بوون.

* ئێوە کە باسی جیاوازی ئاینیتان کرد، یەکسەر گوتنی جێگری موفتی کازاخستانم هاتەوە بیر، کە دەڵێت «گەلی کورد پەیرەوی چەندان ئایینی وەکوو ئیسلام، یەزیدی، فەلەیی، جولەکە، بودایی دەکات. ئەمەش چەندان سەدەیە رێگەی لە یەکگرتنی گەلدکەمان گرتووە»!

– بەڵێ زۆر راستە. کوردستان هاوسێی مەڵبەندی سەرهەڵدانی سێ ئایینی مەزنە، هەر یەکەشیان بە پێی خۆی، کاری لە نەتەوەی کورد و چارەنووسی کردووە، جگە لەوەش کە هەردوو ئیمپراتۆرەکە دوو مەزهەبی ئایینی دژ بە یەکیان هەبوە.. فارسەکان شیعەن و تورکەکانیش سوننی.

* **ئۆڵگا خانم:** لە نوسراوەکانتاندا دوو نووسەرتان بەسەر کردۆتەوە، یەکێکیان (دێشنێر)ە کە کتێبێکی بە ناونیشانی «نەوەکانی سەلاحەددین، کوردەکان- گەلێکی هەڵخەڵەتاون»

نوسیوە، دووەمیشیان (سیم)ە کە دەڵێت «کوردەکان هەمیشە داشی دامە بون لە بەرژەوەندی ستراتیژییەکانی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکاندا، پێدەچێت ئێوەش لەگەڵ هەمان بیردا بن؟

- بەڵێ وایە. ئەهامەتی ئێوە لەوەدایە کە کوردستان زۆر دەوڵەمەندە و لە ناوچەی «چاوگە گەرمەکان» و یەکێتی سۆڤیەتەوە نزیکە. زلهێزەکان هەمیشە هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی شوێن پێیان لە کوردستان هەبێت و دەست بەسەر بارو دۆخدا بگرن. لە بەرژەوەندیشیان نەبووە کە کورد دەوڵەتی یەکگرتوو سەربەخۆی هەبێت. هەرکاتێکیش لە کوردستاندا خەباتی رزگاریخوازی بوبێت یاخود دەستیان لە هەرەس پێهێناندا بوە یا بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر ئەو رژێمانەی کە نەیاریان بوون سودیان لێ وەرگرتووە. چوارکەرتکردنی کوردستانیش لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا هەر کاری ئەوان بووە.

* هەرچەندە تا رادەیەکی زۆر منیش لەگەڵ ئەم بۆچونانەدام، بەلام وابزانم یەکێتی سۆڤیەتیش رۆڵێکی زۆر باشی دەرهەق کورد نەگێراوە و زۆرجاریش ئەوان هۆیەک بون بۆ ئەوەی بکەونە بەر شەقی رۆژگار.

- من ناتوانم لەگەڵ ئەم بوچونەدابم. هەرچەندە سۆڤیەت پەیوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا هەبوە کە کوردستانی بەشکردووە. بەلام هەرچۆنێک بێت پشتیوانی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستاندا کردووە و دەکات.

* قەیدی ناکات، دەرەنگتر دێینەوە سەر ئەم باسە، ئێستاکە با بچینە سەر باسێکی تر کە پەیوەندی بە خۆتانەوە هەبوە.. بۆچی کوردناسیتان هەڵبژاردووە، بە تایبەتی لە کوردستانی ئێراندا پسپۆرن؟

- یەکسەر دوای تەواوکردنی زانکۆ لە ئینستیتوتی رۆژهەلاتناسی دەستم بەکارکرد و زۆرتریش بە مێژووی رۆژهەلاتی نزیک و ناوەراست و ئێران و ئەفغانستانەوە خەریک دەبوم. تەنانەت نامەی دکتۆراکەشم لەسەر (پرسی ئاسیای ناوەراست و لە مێژوگرافیای ئینگلیزی ساڵەکانی ۸۰-۹۰ی سەدەی نوزدەهەمەوە بووە لە دوایشدا کەلکەڵەی پرسی کوردیم کەوتە سەر، زۆرتریش بە هاندانی یڤگێنی پریماکۆڤ بووە کە زۆر شارەزای کێشەی کوردە، ئەو کاتە ئەو بەرێوەبەری ئینستیتوتی رۆژهەلاتناسی بوو.

***ئۆلگا خاتم:** هێندەی بزانم زۆر لە کوردناسە رۆژئاواییەکان ماوەیەکی زۆر لە کوردستاندا ژیاون، ئێوە هیچ رێتان نەکەوتۆتە کوردستان؟ یا وەکوو دووراو دور گەلی کورد و کێشەکەی دەناسن؟

- زۆر بە داخەوە تا ئێستا ئەو دەرفەتەم بۆ نەرەخساوە، هەرچەندە لە ۷٤-۷۹ وە لە ئێران ژیاوم، بەلام لە کوردستان نەبووم، ئەویش بە زۆری لەبەر ئەوەی ئەو کات کێشەی کوردی نەکەوتبووە بواری تۆژینەوەی زانستیمەوە، چونکە وەکوو پێشتر وتم لە سەرەتادا بە مێژووی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی لە رۆژهەلاتی نزیکەوە خەریک بوم. بەلام کاتێک لە ئێران بووم لەو کوردانەم دەناسی کە لە خوراسان دەژیان. بێگومان لەگەڵ کوردەکانی ئێرەشدا ئاشناییم هەیە و هەندێکیش لە سەرکردەی پارتە کوردستانییەکان دەناسم.

* لە یەکێک لە نوسینەکانتدا باسی ئەوە دەکەن کە «چارەسەرکردنی کێشەی کوردی لە ڕێگەی خەباتی چەکدارییەوە- هەرگیز بە دەست نایەت».. هەندێک کەسانی تریش لە یاخیبوون و سەرکێشی و تیرۆریزمی کوردی دەدوێن. تەنانەت لە چاپەمەنییەکانی وڵاتی ئێوەشەدا شتی لەو بابەتە هەیە، بۆ نمونە لەژمارەیەکی گۆڤاری «ئاسیا، ئافریکا سڤۆدنیا» دا وتارێک سەبارەت بە کورد نووسراوە وێنەی کوردێکی خەنجەر بەدەستی تیایەو لە ژێریدا نوسراوە (کورد هەرگیز دەستی لە چەک نابێتەوە)، ئێوە باوەڕ دەکەن ئەگەر بڵێم کورد هیچ ئالودەی چەک و خوێن نییە؟

– سەبارەت بە بەشی یەکەمی پرسیارەکە: من لەو باوەڕەدام کە پێویستە و دەتوانرێت کێشەی کوردی بە ڕێگەی ئاشتی نەک چەکداری چارەسەر بکرێت. ئەوەش کە گەلی کورد زۆر لە مێژە خەباتی چەکداری دەکات هیچ ئەوە ناگەیەنێت کە کورد حەز لە یاخیبوون دەکات و چەتەیی یاخود تیرۆریزمی کوردی لە ئارادا هەیە، گۆتنی لەم چەشنە لە نوسینەکانی سەدەی ڕابوردودا بەدی دەکرێت. زۆریش بە داخەوە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا گوتنی وا دوبارە دەبێتەوە، ئەویش دوای چەند کوشتارێک لە ئەورووپا هەر بە دەستی لایەنە کوردستانیەکان، کە بوە هۆی ئەوەی بە بێگوناه کورد بە کوشتنی ئۆلوف پالمێ تاوانبار بکرێت. من گومانم لە ئاشتیخوازانەی کورد نییە و دڵنیام لەوەی گەلی کورد دەیەوێت وەکو هەموو گەلانی تر لە ئاشتی و ئاسایشدا بژی و ناچار نەبێت پەنا بەرێتە بەرچەک. زۆرجاریش هەوڵ و کۆشش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی بە ئاشتی و وتوویژ بە تراژیدیا کۆتایی هاتوە، هەروەکو شەهید کردنی قاسملو پێش دووساڵ لەسەر مێزی وتوویژ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جارێکی تر دوبارەی دەکەمەوە کە گەلی کورد دەتوانێت بە شێوەیەکی ئاشتیانە ئامانجی خۆی بە دەست بهێنێت

***خاتوئۆلگا:** ئێوە دەڵێن کە: «دەوڵەمەندی سەرچاوەی نەهامەتیەکانی کوردستانە» بە ڕای ئێوە ئەگەر زۆر لەم گۆتنە ورد بینەوە، ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو دەوڵەتانە وەکوو کۆلۆنیا لەگەڵ کوردستاندا ڕەفتار دەکەن و هەر لە ڕاستیشدا کۆلۆنیایە؟

– بەڵی وایە، بەڵام ئەمە تەنیا هۆی ئەوە نیە ک ئەو دەوڵەتانەی کوردی تیا دەژی نەیانەوێت مافی چارەی خۆنووسین لە شێوەی ئۆتۆنۆمی، یان جیابوونەوە بە کورد بدەن. کێشەکە زۆر لەوە سەختترە «۳» بۆ نمونە لە ئێراندا سەدان ساڵە دولەتی ناوەندیی بەهێز هەیە. لەسەردەمی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی پەهلەویدا مۆدێلی نەتەوەپەرستی- ئیسلامی فەرمانڕەوایی هەبو، کە لەبەرگی ئایدیۆلۆژی نەتەوەپەرستی ئێرانی (فارسی- نا)و پیسترین شێوە- پانئێرانیزمدا خۆی دەنواندا. هەربۆیە گەلی کورد سەرباری ئەو گۆڕانە کەمەی کە لە ژیانی کۆمەلایەتی و ئابوریدا هەبو، بەڵام بەمە دڵی ئاوی نەدەخواردەوە و چونکە هیچ مافێکی نەتەوەیی بە دەست نەدەهێنا. دوای ڕوخاندنی ڕژێمی پاشایەتیش سیاسەتی حکومەت هیچ گۆڕانێکی بەخۆیەوە نەدیت. تەنیا ئەوە نەبێت کە لایەنە ئایینیەکە زاڵتر بووە و لەسەر بناغەی یەکێتی ئیسلامی یەکخستنی کۆمەڵ دەدات و جیاوازی نەتەوەیی و ڕەگەز

فەراموش دەکات. ئەم یەکێتیەش لەسەر شانی نەتەوە نافارسەکانە، لەوانەش گەلی کورد.

* لە کتێبێکدا دەڵێن کە:بەدیهێنانی بیری (کوردستانێکی سەربەخۆ، لە قوناغی ئێستادا ریالیستانە نیە)، رێگە بدەن بپرسم بۆچی و کەی دەتوانرێت دروشمی وا بەرز بکرێتەوە؟ هەرچەندە بەرای من بەرزکردنەوەی هەموو دروشمێک بەبێ رەچاوکردنی هەلومەرجی بەدهێنانی و گیان بەبەرداکردنی پولێک ناکات. بەرای من یەکێک لەو هەلومەرجانەش پشتیوانی ولاتانە، بەلاّم ئایا «ئۆتۆنۆمی» خۆی لە خۆیدا بەناوخۆیی دانانی کێشەکە نیە و نابێتە هۆی بێبەشکردنمان لەم پشتیوان و فاکتەرە گرنگە؟

– هەرچۆنێک بێت من هەر لەسەر رای خۆمم چونکە لە کوردستاندا بێگومان وەک دەزانیت مەبەستم لە کوردستانی ئێرانە، هەلومەرجی رەخساندنی دروشمی سەربەخۆیی پێنەگەیشتوە، جگە لەوەی لە بەرنامەو سیاسەتی پارتەکانی کوردستانی ئێراندا شتی وا لە ئارادا نیە و خەباتیان تەنیا بۆ ئۆتۆنۆمییە. دێتە بیرم د. قاسملو چەند ساڵێک لەمەوبەر دەیوت کە ناتوانرێت دروشمی سەربەخۆیی تا ٢٥ ساڵی تر بڵند بکرێتەوە.

* **ئۆلگاخانم:** داوای لێبوردن دەکەم بەلاّم وا بزانم لە سیاسەتدا رەچەتەی وا ئامادەکراو نییە. کێ دەیتوانی چەند ساڵێک لەمەوبەر پێشبینی روخاندنی دیواری بەرلین و یەکگرتنەوەی هەردوو پارچەکەی ئەلمانیا بکات؟ با جارێکی تر بەرەو مێژوو بگەڕێینەوە.. ئەمساڵ یادی ٤٥ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری مەهاباد بو، بە بیروڕای ئێوە هۆیەکانی روخاندنی چی بوون؟ تۆ بڵێی یەکێکیان دەرچونی سوپای سور لە کوردستان نەبوبێت؟

هۆکان زۆرن، یەکێک لە گرنگترینیان ئەوەبووو کە فۆرمی ئۆتۆنۆمی لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەلاّیەتی و ئابوری و سیاسی ئەو کاتەی کوردستانی ئێراندا نەدەگونجا. ئەو دەمە کادری بەتوانا و هۆشیار و سیاسەتزان زۆر نەبون تا بتوانن هێزو دەسەلاتی حکومەتی کوردی لە هەموو ناوچە کوردنشینەکاندا دابمەزرێنن تەنیا چارەکێکی کوردستان لە ژێر دەستیاندا بو. ئەوەی تریش کە لە ژێر دەستی تاراندا بوو کرابووە بنکە بۆ ئابلوقەدانی ئابوری سیاسی و سەربازی لە دوایشدا هەرەس پێهێنانی بزووتنەوەی نیشتمانی دیموکراتی لە کوردستاندا. نەبونی یەکێتی و هاوکاری لە نێوان هێزە دیموکراتیەکانی ئێران بە تایبەتیش لە نێوان کورد و ئازەربایجانییەکان لەپاڵ چەند هۆیەکی تری ناوخۆیی زۆر بە خراپی بەسەر کۆماری مهابادا شکایەوە. سەبارەت بە رۆڵی خراپی سوپای سۆڤیەتیش یاخود سیاسەتی یەکێتی سوڤیەت بە گشتی هیچ گومانێک نییە. بە تایبەتیش ئێستاکە سیاسەتی ستالین و تاوانەکانی ئەو سەردەمە بەرامبەر بە نەتەوەکانی تر ئاشکرابووە. پێویست دەکات مێژوونوس و کوردناسەکان بۆ ئەو دۆکومێنتانەی کە ئەو راستیە دەسەلمێنن لە ئەرشیڤدا بگەرێن.

* چۆن دوا رۆژی بزوتنەوەی کورد دەبینن؟ چ هەلەو کەموکوریەک لە خودی بزوتنەوەکەدا دەبینن و وەکو پسپۆر چ ئامۆژکاریەکتان هەیە؟

– پێش هەموو شتێ کورد دەبێت سیاسەتێکی نەرم پەیرەو بکات و درێژە بەو خەباتە بدەن کە قاسملو گرتبویە بەر، بە تایبەتیش رێبەرانی ئێستای ئێران لە پێش هەموویانەوە

رەفسنجانی مەیلی ئەوەیان هەیە کە کێشەی کورد بە ئاشتیانە چارەسەربکەن، هەرچەندە وەکوو شێخ عیزەدین دەڵێت مەحالە لەگەڵ ئێراندا زمانی هاوبەش بدۆزرێتەوە و پشتیان پێ ببەسترێت. هەربۆیە پێویست بە لایەنی سێیەم دەکات وەکوو ناوبژیکەر دەبێت لەژێر سایەی نەتەوەیەکگرتوەکان بێت.

هەروەها بزوتنەوەی کوردی ئێستا پتر لە جاران پێویستی بە یەکخستن و رێکخستنی هێزەکانییەتی.

* دوایەمین پرسیارم سەبارەت بە رۆڵی ئافرەتی کوردە.. ئافرەتی هاوچەرخی کورد چۆن دەبینن؟

– گەلی کورد بۆ چەند سەدەیەک کوچەربووە و ئاشکرایشە ژنە کوچەری هەردەم ئازاد و بە توانا بووە شان بە شانی پیاویش بەشداریەکی چالاکانەی لە ژیانی کومەڵدا کردووە. ئافرەتی کورد چ جاران و چ ئێستا بەوە لە ئافرەتی گەلە موسلمانەکانی تر جیا کراوەتەوە کە سەربەست بووە. ئەمەش نەک تەنیا لەبەر ئەوەی پیاوی کورد بەرێزەوە تەماشای کردوون بەلکو ئەوانیش دەستەوستان دانەنیشتوون و خۆیان بە کەمتر نەزانیوە، تەنانەت مێژوی گەلی کورد زۆر ئافرەتی جەنگاوەرو سەرکردەی بە تواناى میرنیشینەکان دەناسێت، کە شایەنی شانازی پێوەکردنن.

## پەراوێز:

١– لە ژمارەی ١ ی رابوون دا هەیە.

٢– لە روسیەکەدا لە ئێران درو کەرانەدا نوسراوە کە «کوردەکان لە بەرژەوەندییە ستراتیژەکانی دەولەتە مەزنەکاندا داشی دامە بوون» و ژیگالینە خۆی ئیمپریالیستی خستۆتە سەر بەلاّم لەبەر ئەوەی ڕێزمانی رووسی وەکوو هی کوردی نییە، بۆیە ناچار بووم بەو شێوەیە دایڕێژم.

٣– خاتو ژیگالینە لە کتێبی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی لە کوردستانی ئێران، دا باسی ئەوە دەکات کە کوردستانی ئێران هەرچەندە یەکێکە لە دەوڵەمەندترین هەرێمەکانی ئێران بەلاّم لە لایەنی ئابوری و کولتوریەوە هەژارترین و دواکەوتوترینیانە.. هەرچی سامانی سروشتی و کانزایی کوردستان هەیە دەیبرێتە ناوچەکانی تری ئێران و لە کوردستاندا هیچی بەرهەم ناهێنرێت. لەو چەند کارگە کەمەش کە لە ناوچەی کرماشاندا هەیە بەرهەمهێنانی نەوت هەیە رێگە بە کرێکاری کورد نادرێت کاری تیا بکات. لە دوای (شۆرشی سپی) شاش هەندێک قوتابخانە کراوەتەوە، بەلاّم زمانی کوردی تیادا قەدەغەیە.

مۆسکۆ ئابی ١٩٩١

# پێداچوونەوەی کتێب
# "ئیتنۆناسیۆنالیزمی کورد"

نووسینی: دکتۆر ئەمیر حەسەن پوور
وەرگێڕانی: هاشم

(مامۆستا ئەمیر حەسەن پوور لە ژمارەی ١ زستانی ١٩٩٣ گۆڤاری "میدل ئیست جۆرنال"دا وتارێکی لەسەر کتێبێکی تازەچاپکراو لە لەندەن بەناوی "ئیتنۆناسیۆنالیزمی کورد" (١) بڵاوکردۆتەوە. نووسەری کتێب "نادر ئینتسار"، باسێکی دوورودرێژی لەسەر کورد و ئیتنۆناسیونالیزمی کورد کردووە. کاک ئەمیر لە وتارەکەیدا بە شێوەیەکی زانستیانە کتێبی ناوبراوی هەڵسەنگاندووە. پێویستە بکوترێ هەم کتێبەکە و هەم وتارەکەی کاک ئەمیر بە ئینگلیزین. بۆ ئاگاداری خوێنەرانی بەڕێزی "رابوون" وا لێرەدا وتارەکەی کاک ئەمیر بە کوردی وەردەگێڕینەوە.)

ناوەرۆکی سەرەکی کتێبی "ئیتنۆناسیۆنالیزمی کورد" لەسەر ئەوەی ساغ بۆتەوە کە ناکۆکی نەژادیی مەترسییەکی گەورەیە بەرانبەر بە سیستمی جێگرتووی سەردەمی هاوچەرخ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. نووسەر بە لێکدانەوەی پێوەلکان و تێکەڵاوبوونی پێوەندی کۆمەڵایەتیی و سیاسی کوردستان بە ژیانی سیاسی-کۆمەڵایەتیی وڵاتانی ئێران، عێراق و تورکیا بەوە دەگات کە هەبوونی دەوڵەتی ناوەندیی بەدەسەڵات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێداویستێکی گومان لێنەکراوە و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی راستەوخۆ دەبێتە هۆی تێکەڵاوی و توانەوە دە قەوارەی ئەو وڵاتانەدا.

بەشی هەوەڵی کتێبەکە باس لەسەر نژادی کوردە و ئەو تایبەتمەندییانەی کوردی پێ دەناسرێن وەکو زمان، ئاین و هەروەها وەزعییەتی ئابووری-کۆمەڵایەتی. لە بەشەکانی تردا هەلومەرج و پێوەندی کوردەکان دەگەڵ ئێران، عێراق و تورکیادا لێک دەداتەوە. لە بەشی پێنجەمی کتێبەکەدا زەمینەی ناوچەیی و نێونەتەوەیی ناسیونالیزمی کورد خراوەتە بەرباس و ئاماژە دەکرێ بە شەڕی ئێران و عێراق و هەروەها شەڕی کەنداو. بەشی ئاخیری کتێبەکە تەرخان کراوە بە "کوردستان، بەرەو کوێ؟" لێرەدا نووسەر بەو ئاکامە

دەگات کە جیابوونەوە و سەربەخۆیی کوردستان نە کارێکی عەمەلییە و نە شتێکی بە قازانج.

لە کاتێکدا لەو ساڵانەی دواییدا پتر لە دەیان وڵاتی سەربەخۆ بەدوای تێکچوونی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو و یۆگۆسلاڤی و چیکۆسلۆڤاکیادا وەدی هاتوون، نووسەر دیسان هەر لەسەر ئەوەی پێدادەگرێ کە گەلاڵە ناسراوەکانی دونیا ئیجازە نادەن کورد وڵاتی سەربەخۆ و دیاریکراوی هەبێ. نووسەر بەجێی سەربەخۆیی پێشنیار دەکا هەوڵ بدرێ دەوڵەتانی ئێستا بە شێوەیەکی فیدراڵی دووبارە سازی کرێنەوە، رەوتێک کە بۆ کوردان ئەو هەلە دەرەخسێنێ بەشداریکەری بریاردان بن دە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا و بەم چەشنە پرۆسەی پێشکەوتوویی خۆیان وێڕای خەڵکەکانی دی بەهێزکەن.

کتێبی "نادری ئێنتسار" هێندەی هەڵەی لێکۆڵینەوەیی و زانیاری تێدایە کە نێوبردنی هەموویان لەم وتارەدا ناگونجێ. دەستنیشان کردنی هێندێک لە هەڵەکانی بەشی یەک و دووی کتێبەکە پێم وایە بۆ باسەکەی ئێمە بەس بێت. زمان بەشێکی هەرە گرینگ لە ئێتنۆناسیۆلیزمی کوردە و بۆ رادەرپرین سەبارەت بە زمان مرۆڤ دەبێ رادەیەکی پێویستی لە زانستی زمانەوانی هەبێ. لێکدانەوەی "ئێنتسار" لەسەر دیالێکتەکانی کوردی (بە قسەی وی "زمانەکانی" کوردی) بەتەواوی هەڵەیە. ئەو گۆران و سلێمانیی بە یەک دیالێکت دەزانێ. مادام گۆران وەک دیالێکتێک کە "کوردی کرماشان قسەی پێ دەکەن" وەیا وەک "پێنیشانەکەری دیالێکتی هەورامی" دادەندرێ، کەواتا ناتوانین وەک گرووپێکی یەکسان لەگەڵ سلێمانیی دابنێین. "کرمانجی خواروو و سەروو"ش کە ئێنتسار بە یەک گرووپیان دەزانێ، سەر بە دوو گرووپی جیاوازی دیالێکتەکانی کوردین. ئێنتسار خۆ دەپارێزێ لەوەی کە بڵێ سۆرانی لە هەموو لەهجەکانی تری کوردی پتر ستانداردە.

ئێنتسار دەڵێ زازا (دملی) لەهجەیەکە لە ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوای ئێران و ناوەندی تورکیا قسەی پێ دەکرێ. لەراستیدا زازایی لە ئێراندا قسەی پێ ناکرێ و لەوانەیە نووسەر زەرزا "تایفەیەک لە ئازەربایجانی رۆژئاوای ئێران کە بە کرمانجی دەدوێن" و زازای لێ تێکەڵ بوویێ. هۆیەکی ئەو هەڵە زەقانە، خۆبەستنەوەی نووسەرە بە سەرچاوەی ناشارەزا وەکو بابەتی "مێهرزادی ئێزەدی" لە رۆژنامەی "کوردیش تایمز"ی ژمارە ٢ و کتێبی "جۆرج هاریس" بەنێوی "کورد و کێشەی قەومی" (٤)

بە نەقڵ لە "ئێزەدی"، ئێنتسار دەڵێ: زمانێکی یەکگرتووی کوردی وجودی نییە. هۆیەکەشی بە بروای وی دەگەرێتەوە سەر جیاوازیی لە رادەبەدەری نێوان دیالێکتەکانی

کوردی. ئەو جیاوازییانە بە بڕوای وی هێندە زۆرن کە بەپێی زانستی زمانناسی ناکرێ بگوترێ سەر بە یەک زمانن. لەڕاستیدا هیچ پێوانەیەکی ڕوونی زمانناسانە و زمانەوانی بۆ دیاریکردنی سنووری دیالێکت و زمان وجودی نییە.

ئەگەرچی زمانەوانەکانی ڕۆژئاوایی باسی ئەوە دەکەن کە هەورامی و دملی کوردی نین، بەڵام قسەپێکەرانی ئەو دوو دیالێکتە خۆیان بە کورد دەزانن و قسەپێکەرانی دیالێکتەکانی تری کوردیش ئەوان هەر بە کورد دەزانن. تا ئەو کاتەی کە یەکییەتێکی ئاوا بەهێزی ئێتنۆناسیونالیستی دەئارادا بێ، باسی زمانەوانیی لەو چەشنە بەتایبەتی لە لایان غەیری کوردەوە شتێکی شیاو نییە.

لە لایەکی ترەوە پسپۆڕانی کورد لە باری زمانناسیشەوە هەڵە بوونی ئەو بۆچوونانەیان شی کردووەتەوە.

ئینتسار، ئەحمەدی موفتی زادە وەک مەلایەکی شیعەی کرماشانی و ڕێبەری کوردە شیعەکانی کرماشان دەناسێنێ. موفتی زادە کوردێکی سوننی سنەییە کە لە زانستگای تاران بەشی ئیلاهییاتی تەواوکردووە، بەڵام قەت مەلا نەبووە.

بەپێی لایەنگری کردن لە ڕژێمی خومەینی بە ناچار سنە بەجێ دێڵێ و لە کرماشان نیشتەجێ دەبێ. نووسەر باسی ئەوەشی هەر ناکا کە موفتی زادە لە لایەن ڕژێمی خومەینییەوە دەگیرێ و چەندین ساڵ لە بەندیخانە دەمێنێتەوە.

لە باسی پێوەندیی ڕژێمی ئێران و کوردەکانی ئێران، نووسەر حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک تەنیا هێزی سیاسی چالاک لە کوردستان ناو دەبا و ئاماژە بۆ موجاهیدینی خەڵک و فیدائیانی خەڵک دەکا وەک دوو هێزی هاوپەیمانی حیزبی دیموکرات. ئەوەی ڕاستی بێ موجاهیدین نە بە شێوەی نیزامی و نە بە شێوەی سیاسی لە کوردستان چالاکییان نەبووە، لەکاتێکدا کۆمەڵە وەک هێزی سەرەکی سیاسی لە خوارووی کوردستان هیچ باسی لەسەر ناکردرێ، تەنیا لە بەشی باسی هەڵوێستی ڕێکخراوەکانی کوردستان سەبارەت بە یەکتر نەبێ. ئینتسار دەڵێ لە ڕیفۆرمی زەوی لە ساڵانی ٦٠ لە لایان شای ئێرانەوە زەوییەکانی بنەماڵەی جاف دەستی لێ نەدرا. ئەوە لەکاتێکدایە کە تایفەی جاف لە کاتی ڕیفۆرمی ناوبراودا خاوەنی هیچ زەویوزارێک لە ئێران نەبوون. جافەکان گەورەترین موڵکداربوون لە کوردستانی عێراق و بە دوای کۆدەتای ١٩٥٨ لە بەغدا، هەڵاتنە ئێران و بەدوای ئەوەدا شا زەوی و زاریان لە دەرەوەی کوردستان دەداتێ. هەروەها شتێک بەناوی تایفەی شیعەی ئەردەڵان وجودی نییە. ئەردەڵان ناوی ئیمارەتێکی کورد بووە و

ئەردەڵانەکان بنەماڵەیەکی سوننین.

ئەو هەڵانە ئەرزیشی زانستی کتێبەکە دەشک داوتن، بەڵام لە هەمووی گرینگتر خۆبەستنەوەی ئیدئۆلۆژیک و سیاسی نووسەرن. ئینتسار لە چاوی ئەو رژێمانەی بەسەر کورددا حوکم دەکەن دەڕوانێتە ئینتوناسیۆنالیزمی کورد و داخوازییەکانی. بە بۆچوونی وی داخوازییەکانی کورد بۆ سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەت ناڕەوان، بەڵام داگیرکردنی کوردستان بەتۆپزی و دابەشکردنی لە لایان ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەوی لە ١٦٣٩دا و پارچەپارچەکردنی دووبارەی کوردستان لەنێو پێنج دەوڵەتان لە ١٩١٨دا کارێکی ڕەوایە.

ئینتسار "سەرچاوەی ناکۆکییەکانی قەومی" لە داخوازییەکانی کوردان بۆ خودموختاری یان سەربەخۆییدا دەبینێ نەک لە سەرکوتکردنی جنایەتکارانەی ئەو داخوازییانە لە لایان داگیرکەرانی کوردستانەوە. ئینتسار کوردان و کۆمەڵگای کوردەوای وەک نموونەی کەمایەتییەکانی قەومی ناو دەبات. نووسەر بە چاوپۆشین لە لەبەینچوونی ژیانی عەشیرەیی دە درێژایی چەند سەداندا و نیشتەجێبوونی ژیانی کۆچەریی و وەدی هاتنی ژیانی دێ و هەروەها شارنشینی لە کۆمەڵگای کوردەواری، هەر لەسەر شێوە ژیانی عەشیرەیی پێ دادەگرێ، شتێک کە دەتوانین بڵێین لە سەردەمی ئەورۆدا تەقریبەن نەماوە و لەبەین چووە.

ئینتسار وەک زۆربەی ناسیونالیستەکانی تری فارس زۆری لا سەختە باسی کوردی وەک زمان بکات و وشەی دیالێکت و زاراوە بەکاردێنێت. هەر لەبەرئەوەی زۆر سەیر نییە کاتێ ئاماژە بۆ بەرنامەی کۆمەڵە بە زمانی فارسی لەسەر مافی بنەڕەتی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان دەکات وشەی "زمانی زگماکی" بە "زاراوەی ناوچەیی" وەرگێڕێ.

ئینتسار باسی "میللەتی ئێران" و "کولتووری ئێرانی" دەکات. دەبێ بگوترێ زاراوەی وا لە ئەساسدا بێ نەعتبارن و راست نین. لە کێتێبێکدا کە لەسەر ناسیۆنالیزمی قەومی نووسراوە، خوێنەر چاوەنواڕی دەکات کە وشەکانی وەک نەتەوە، ناسیونالیزم، دەوڵەت، قەومییەت و وڵات بە وردی شیکرێتەوە، بەڵام نووسەر بەردەوام وشەی نەتەوە بە مانای باو لە فەرهەنگی سیاسی ئامریکادا واتا بە مانای دەوڵەت و وڵات بەکاردێنێ.

ئینتسار دەوڵەتی ئێران لە دەوڵەتانی تورکیا و عێراق سەبارەت بە کورد بە میهرەبانتر دەزانێ و بە نادروستی دەڵێ کە ئێران دانی بە قەومییەتی کورددا هێناوە و پێشی وایە کوردی ئێران پتر سەر بە دەوڵەتی ئێرانن هەتا کوردی تورکیا و عێراق دە هەڵوێست

بەرانبەر دەوڵەتانی ئەو دوو وڵاتە. سەیر ئەوەیە ئینتسار دەڵێ کوردی ئێران لەباری کولتوورییەوە پتر بە ئێرانییەکان واتا فارس و... نزیکترن هەتا بە کوردەکانی تورکیا و عێراق و هەر بۆیەش پێی وایە کە جیاوازیخوازی دە کوردی ئێراندا لەچاو کوردی عێراق و تورکیاوە زۆر لاوازترە.

ئەو داواکارییە بەتەواوی ناراستە. خەبات بۆ سەربەخۆیی (یان بە قسەی وی جیاوازیخوازی) لە هەموو پارچەکانی کوردستان هەبووە و هەیە. بەدوای شەڕی دووەمی جیهانیدا ئەوەی کە خەبات بۆ ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی ئێران (هەروەها لە پارچەکانی تری کوردستاندا) باوی لێ هات بەهۆی تایبەتیی سیاسی بوو نەک نیزیکی و خزمایەتی فەرهەنگی، پێوەندی و نیزیکی فەرهەنگی و تەنانەت زمانی ناتوانن بنەمای شیاو بۆ پێکەوەلکاندنی خەڵک دروست بکەن. ئەزموونی رووداوەکانی ئێستا لە بەینی کرواتەکان و سێربەکان و هەروەها چیکەکان و سلۆڤاکەکان ئەو راستییە دەسەلمێنن. بۆ نموونە باسی نەورۆز بکەین کە رەسمێکی هاوبەشی فارس و کوردە. بەدوای دەست بەسەراگرتنی دوو ئیمارەتی موکری و ئەردەڵان لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا، کوردی مەهاباد، بۆکان و بانە واز لە جێژنگرتنی نەورۆز دێنن.

کتێبەکەی ئینتسار مێژووی سیاسی ناکۆکی نێوان کورد و دەوڵەت دەشێوێنێ. ئەو مێژوونووسیی ناسیۆنالیسمی فارس رەچاو دەکات. بە هێنانەوەی شاهید لە کتێبی رەشیدی یاسەمی، کە بەرهەمێکی پروپاگانداری رژێمی پەهلەوی بوو، دەڵێت: دەوڵەتی ئێران بەدرێژایی مێژوو حکومەتی لەسەر کوردان کردووە تا ئەوەی کە لە ساڵی ١٥١٤ بۆ یەکەم جار پارچەیەکی کوردستان لە ئێران جیا دەکرێتەوە. بەڵام کورد بۆ خۆی شتێکی جیا لەوەی بە مێژووی خۆی دەزانێ و باسی دەکا. کورد کاتێک دەست بە حوکمڕانی لەسەرخۆی دەکات، سەفەوییەکان و عوسمانییەکان چ کۆنترۆڵیان بەسەر کوردستاندا نەبوو، بەڵام بە شێوەی داگیرکردن و هێرش هێنانە سەر پێیان تا نێو خاکی کوردستان.

ئینتسار کاتێکیش باسی کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦ دەکات بەتەواوی کەڵک لە پروپاگانداری ئامریکا لە سەردەمی شەڕی سارد وەردەگرێ. ئینتسار کۆماری کوردستان نەک بە بەرهەمی خەباتی رەوای کورد بەڵکو بە سیاسەتی مەزنخوازی و هەوڵی سۆڤیەت بۆ گەیشتن بە کەنداوی فارس نێو دەبا.

ئینتسار دوو راستیی سەرەکی دە ناسیۆنالیزمی قەومیی کورددا لەبەرچاو ناگرێ. راستیی هەوەڵ: کورد ترادیسیۆنی پێنج سەدە حکومەتی خۆیان هەیە. لە سەدەی ١٥ هەتا

نێوەڕاستی سەدەی ۱۹ بەشی زۆری کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ئەمیرانی کورددا بووە، کە ئیمارەتەکانیان سەربەخۆ بوونە و شکڵی دەوڵەتیان هەبووە. ئیماراتی کورد سیککەیان بەنێوی خۆیان لێدەدا، ئاڵای خۆیان هەڵدەدا و خوتبەی نوێژی جومعانەش بەنێوی ئەمیرانی کورد دەخوێندرایەوە. (بڕوانە شەرەفنامە - سەفەرنامەی ئەولیای چەلەبی- جیهانگەڕانی ئورۆپی وەک ج.ب. تاوێرنێو J. B. Tavernier و س. ج. ریچ C. J. Rich )

ڕاستی دووهەم: ئایدۆلۆژی ناسیونالیزمی کورد سێسەد ساڵ لەمەوبەر بەهۆی ئەحمەدی خانی لە مەم و زین دا گەڵاڵەکراوە. ئەو ناسیۆنالیزمە بە گوێرەیەکی تاق و بێوێنە لە دونیای ئیسلام لە سەدەی ۱۷دا داواکاریی زۆر نوێ و مۆدێرنی خستۆتە بەرچاو. ئەحمەدی خانی کورد وەک نەتەوەیەکی جیاواز لە فارس و عەرەب و تورک دەناسێنێ و لە ئەمیرانی کورد داوادەکا دەوڵەتێکی یەککرتوو لەژێر حوکمی شایەکی کورد دامەزرێنن.

بەداخەوە زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوڕەنگ و هاوبەشی خەباتی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بۆ دیمۆکراسی، سەربەستی و سەربەخۆیی نین. ڕۆژهەڵاتناسی لەبەر هەڵوێستی کۆڵۆنیالی و لایەنگرانی بە دروستی ڕەخنەی لێ دەگیرێ. لە چەند دە ساڵی ڕابردوودا میتۆدۆلۆژی و تیئوریکانی پۆزیتیڤیستی لە بواری زانستی کۆمەڵایەتیدا هاتوونە ئاراوە و جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسی نییە. هەرچەند هەم ڕۆژهەڵاتناسی و هەم پۆزتیتیویسم هەردووکیان بە چاوی وڵاتانی ڕۆژئاوا و وڵاتانی سەر بە ئەوان لە ناوچەدا سەیری ڕۆژهەڵات دەکەن؛ بەلام بە بڕوای من بەرهەمی ڕۆژهەڵاتناسانی وەک مینۆرسکی، ئەلیکساندر ژابا، نیکیتین و ئێدمۆندز، کە هەموویان کاربەدەست و دیپلۆمات بوونە، زۆر هەمەلایەنە و بەپێزترن لە لێکۆڵینەوەکانی بە ڕواڵەت عەینی و غەیری سیاسی پۆزیتیڤیستەکان. مرۆڤ دەبێ هیوادار بێ تیئۆری ڕەخنەگرانەی کۆمەڵایەتیی ڕێی دروستی خۆی لەسەر لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدۆزێتەوە. کتێبی ئیتنۆناسیۆنالیزمی کورد نووسراوی نادری ئینتسار هەنگاوێک بەرەو ئەو ڕێبازە نییە.

(1) Kurdish Ethnonationalism, Entesar Nader, 1992, London

ئەخماتۆڤە

# "شاژنی شیعری رووسی"

"دەنگی بەرانەت لە شیعرەکانی ئەخماتۆڤە تا دێت بەهێزتر و بەهێزتر دەبێت، ئێستاش شیعرەکانی نزیک دەبنەوە لەوەی ببنە رەمزی مەزنیی رووسیا."

ئۆسیپ مەندەلشتام

**وەرگێران وئامادەکردنی لە رووسیەوە:**

**رێواس ئەحمەد**

نووسین لەسەر شاعیرێکی دەنگ زوڵاڵ و بەهرەدار، ژیاو لە قۆناغێکی مێژوویی پڕ لە رووداوی مەزن، خاوەن ژینێکی پڕ تاقیکردنەوەی دەوڵەمەند و پڕ ئێش و ئازار، ژنێکی خاوەن هەڵوێست و لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی چەوساوە، هێندە سانا نییە. بۆ ئەم نووسینەش دەبێ پشت بە کام سەرچاوە ببەستین، ئەوانەی لە ئەخماتۆڤە و مەزنی شیعرەکانی دەگەیشتن یان ئەوانەی بە گاڵتەجاری و سووکایەتی باسی ئەو و داهێنانەکانیان دەکرد. باسی چ سەردەمێکی ژیانی بکەین، ئەو رۆژگارەی لە گۆشەیەکدا سەپێنرابوو، باسکردنی بقە بوو، دەستنووسی شیعرەکانی لەگەڵ شنەبادا خۆی بە ماڵاندا دەکرد، یان ئەو سەردەمەی بەرهەمەکانی چەندجارێک چاپدەکران و بە بێترس دەگەیشتنە ئەویندارانی شیعر و ئەدەب دۆستان. لەبەر ئاڵۆزی ئەو قۆناغانەی ژیانی ئەخماتۆڤەی پێدا تێپەریووە زۆر لایەنی وردی بیوگرافیای بە شاراوەیی مایەوە. پاش پیروسترۆێکا پەردە لەسەر زۆر راستی لادرا و دەکۆمێنتی جیاجیای شاراوە رووناکی بینی و زۆر بابەت و وتار و لێکۆڵینەوە کە



پێشتر بە زمانی جیاجیا لە دەرەوەی سۆڤێت چاپکرابوون وەرگێردرانە سەر زمانی رووسی، خوێنەرانی ئەخماتۆڤە هێندەی تر ئەوینی شیعرەکانی بوونەوە، بۆ نموونە نامەی دکتۆرای (ئەمەندا هێگث) کە لە ساڵی ١٩٧٦ لە لەندەن بڵاوکرایەوە.

نامەیەکی یەکجار دەوڵەمەند و هەمەلایەنەیە لەسەر ژیان و داهێنانی ئەخماتۆڤە، کە پاش (١٥) ساڵ بۆ یەکەم جار لەمۆسکۆ چاپ و بڵاوکرایەوە. لەم بەرهەمەشدا جارێکی تر ئەو راستییە دووپاتکراوەتەوە کە شیعر و کەسایەتی ئەخماتۆڤە دوو شتی توند و تێکهەڵکێشراون. بۆ ئەوەی لە ژیانی ئەخماتۆڤە بگەین دەبێت بگەڕێینەوە سەر بەرهەمەکانی، بۆ ئەوەی لە بەرهەمەکانی بگەین دەبێت پشت بە بیۆگرافیای شاعیر ببەستین.

ئاننا ئەندرێیڤننە ئەخماتۆڤە لە ١٨٨٩/٦/١١ لە دەوروبەری شاری ئەدێسە لە ئامێزی دایک و باوکێکی ئۆکراینی چاوی بۆ ژیان هەڵهێناوە. تا شانزە ساڵی لە "تسارسکەیاسیلۆ" ژیاوە، وەرزی هاوینیشی لەسەر دەریای "سیڤەستۆپۆل" بردۆتە سەر لە دیرژاڤین و نیکەراسەڤەوە کە دایکی بەرهەمەکانی ئەوانی لەبەر بووە. دەستی بە خوێندنەوەی شیعر کردووە. لە تەمەنی (١١) ساڵیەوە شیعری نووسیوە، خۆی دەڵێ لە ساڵی ١٩٠٥ هەندێ شیعری لاوازم نووسیەوە، لە راستیدا دەربارەی سەرەتا و سەرهەڵدانی بەهرەی شیعری ئەخماتۆڤە کەم نووسراوە، مەگەر گۆمەلێیڤە هاوڕێی گەنجیتی شتێکی لەو بارەوە زانیبێ، بەتایبەتی هەر ئەو بۆ یەکەمین جار لە ساڵی (١٩١٠) شیعرێکی ئەخماتۆڤەی لە یەکێ لەو رۆژنامانەی لە پاریس بە رووسی دەردەچوون بڵاوکردۆتەوە. هەرچەندە ئەننا ئەندرێڤنە باسی ئەوە دەکات کە جارێک شیعرێکی خۆی نیشانی گومەلێیڤە دەدات تا هەڵیبسەنگێنێ، کەچی ئەویش ئامۆژگاری ئەوەی دەکات بە سەماوە خۆی خەریک بکات. گۆمەلێیڤە کە سێ ساڵ لە ئەخماتۆڤە گەورەتر بوو، پێش ئەویش دەستی بە نووسینی شیعر کردبوو، دۆستێکی نزیکی ئەخماتۆڤە دەبێت و هەر زوو شەیدای دەبێت و کە پاشتریش بایەخی پێدەدا و لێی ورددەبێتەوە و ئایندەیەکی گەورە لە شیعرەکانیدا بەدی دەکات. تا ساڵی ١٩١٠ سێ جار گۆمەلێیڤە داوا لە ئەخماتۆڤە دەکات شووی پێ بکات، تا دواجار لە ٢٥ی ئەپریلی ١٩١٠ رێکدەکەون و شایی ساز دەکەن. پێدەچێ تا ئەو کاتەش دوودڵییەک سەبارەت بە شووکردنەکەی لاما بێ، ئەمەش لەو نامەیەدا دەردەکەوێ کە بۆ شاعیری دۆستی شتێین نووسیویە دەڵێت: "شوو بە دۆستی گەنجیم نیکۆلای ستیپانۆڤیچ گۆمەلێیڤە دەکەم، سێ ساڵە منی خۆش دەوێ، پێم وایە

دەبێت ببمە هاوسەری، خۆشم دەوێ یان نە، نازانم، بەڵام وا بۆی دەچم کە خۆشم دەوێت.
(١)

ئەخماتۆڤە نەک تەنیا لە ژیانی تایبەتی گۆمەلیێڤە بەڵکو لە شیعرەکانی ئەو دە ساڵەیدا جێگەیەکی دیاری هەبوو، ئەوین و داهێنانی شیعر هەردووکیانی یەکخستبووو، بەسۆزەوە سەرقاڵی ئەدەب ببوون، پەیوەندی ئەوان پەیوەندی دوو بەهرە بوو کە هیچ کامیان نەدەچووە ژێر رکێفی ئەوی تریانەوە، هەر ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی زۆری نەبرد پەیوەندی خێزانییان تێکچوو. بەڵام خۆشەویستی شیعری گومەلیێڤە وەک خۆی لە دڵی ئاخماتۆڤەدا مایەوە و، هەردووکیان هەڵگری پەیامی (گروپی شاعیران) و پاشانیش رەوتی (ئەکمییزم) بوون کە لە ئەنجامی پەرش و بڵاوبوونەوەی سەمبۆلیزمی رووسی پەیدا بوو کە هەریەکە لە نوێنەرانی رووویان کـــردە لایەک، بە کـــزبوونی ئەم رەوتەش گـــرووپی ئەدەبی نوێ هاتەکـــایەوە وەک ئەکمیستەکان و فتۆریستەکان. ئەخماتۆڤە هەر لە سەرەتاوە چووە ریزی ئەکمیستەکانەوە ئەوەش زۆر ئاسایی بوو لەبەرئەوەی ئەخماتۆڤە یەکێک بوو لە ئەندامانی (گروپی شاعیران) کە لە پایزی ١٩١٠ بە پێشرەوی گومەلیێڤە دامەزرا بریتی بوو لە یەکێتییەکی داهێنەرانەی گەنجان (١٥) شاعیر و نووسەری بەهرەدار و ناودار کە لە مێژووی ئەدەبی نیشتمانیدا جێگەیەکی شایستەیان هەبوو، بەشداری ئەم گروپەیان کردووە لەوانە (گ. گەردۆفیسکی، ئۆ. مەندەڵشتام، ڤ. نەبروت. م. نیکیڤیچ، گ. ئیڤانوف، ئەننا ئەخماتۆڤە، م. لۆزنیسکی.)

پراکتیکی شیعری ئەم گروپە رووە و متمانەکردن بە بوون و واقیعەتی ئەو ژیانەی کە لەبەردەم هەستی مرۆڤدا ئاواڵە بوو، ئەو مرۆڤەی توانای وەڵامدانەوە و هاودەنگی لەگەڵ مانا و جوانی ئەو ژیانەدا هەیە، رەوتی دەبەست و بەویەری وزەوە میتافیزیکای تەنکی سیمبۆلیزمیان رەت دەکردەوە. لەپاڵ ئەمانەشدا لە شیعرەکانی ئەخماتۆڤەدا نوێنەرانی ئەم جیهانە وەک بلێیت خۆماڵی دەبوون، ئەکمییزم لە هەر کاتێک زیاتر متمانەی بە خۆ دەبوو، کاتێک باسی شتی راستەوخۆ و لە توانای دەستگیربوونی عەقڵدا دەکرد، کاتێک هەستە سەرزەمینەکان دانەدەبران لە دیاردە و بەسەرهاتە ناسراو و دیاریکراوەکان.

لە سەرەتادا ئەکمیستەکان ململانێ و بەربەرەکانی سیمبۆلیزمیان نەدەکرد، تەنانەت بلۆک (کە بە رەمزی ئەو رەوتە دادەنرێ) لە یەکەم کۆبوونەوەی (گروپی شاعیران)دا بەشداری کرد، بەڵام دوو سێ ساڵ پاشتر کەوتنە دەمەقاڵێ و گفتوگۆی رەخنەگرانەی توندوتیژ. ئەخماتۆڤەهەر لە سەرەتاوە لە نرخی هیچ قوتابخانە و رەوتێکی ئەدەبی کەم نەدەکردەوە و ئەو دەیتوانی پشت لە سیمبۆلیزم بکات، بەڵام هەرگیز نەیدەتوانی بلۆک

ڕەدیکاتەوە، کە بە مامۆستای رۆحی خۆی دادەنا. لە بەرهەمی دووومیدا بەناوی (تەزبیح) شیعرێکی تایبەتی بۆ بلۆک نووسیووە، بەناونیشانی (بە میوانی چوومە لای شاعیرێ). بلۆکیش شیعرێکی بەناوی (پێت دەڵێن... جوانی ترسناکە) بۆ دەنووسێ. ئەخماتۆڤە دەربارەی ئەم شیعرە لە نامەیەکدا بۆ بلۆک دەنووسێ: «... بۆ شیعرەکەت تامەتایە ستایشت دەکەم، دڵم یەکجار پێی خۆشە، خۆشیەک کە زۆر کەم لە ژیانمدا هەستی پێدەکەم.ئەو شیعرەت بۆ دەنێرم کە بۆم نووسیوی، بێگومان لەم شیعرەوە بۆت دەردەکەوێ ناتوانم ئەوەی ئەمەوێ دەریببڕم.

١٩١٤/١/٧" (٢)

لەوەدەمەدا بوختانێکی ئەدەبی لەسەر پەیوەندی دڵداری نێوان بلۆک و ئەخماتۆڤە بڵاوبووەوە، پاشان خودی ئەخماتۆڤە لە نووسینی (بیرەوەری لەسەر بلۆک) ئەم بوختانە رەد دەکاتەوە. پەیوەندی نێوان هەردوو شاعیر توندوتۆڵ بوو، پەیوەندی دوو رەوتی جیاوازی جیهانی خۆشەویستی و ناسکی بوو، ئەو رەوتەی ئەخماتۆڤە لە شیعردا پەیرەوی دەکرد جیاواز بوو لە رەوتی سیمبۆلیزم کە لە رۆحی ئیدیالیزمی رۆمانسیەوە لە شیعر دەگەیشت، بەلام ئەخماتۆڤە شیعری گەڕاندەوە بۆ ریالیزمی لیریکانە، بۆ کتومت و دروستی وشە ، بۆ بۆنێکی ریالیستانەی هەست و نەست و دەربڕینێکی راستگۆیانەی دیوی ناوەوەی ژیان.

یەکەم بەرهەمی ئەخماتۆڤە لە بەهاری ١٩١٢ دەرچوو بە ناونیشانی (ئێوارە) بەهرەداری و کارامەیی شاعیری سەلماند، بلۆک پاش خوێندنەوەی ئەم بەرهەمەی دەنووسێ: "... شیعرەکانی تادێت باشتر و باشتر دەبن." گومەلیێفەش لەکاتی گەشتەکەی بۆ ئەفریقا ئەم بەرهەمەی پێدەگات لە نامەیکدا بۆ ئەخماتۆڤە دەنووسێ: "... دێرەکانی (بۆ کچۆڵەی گوێ دەریا) نەک تەنیا بە دڵم بوو، بەڵکو مەستی کردم، چەند بەساکاری دەرت بڕیووە و چەند پڕ مانایە، من تەواو دڵنیام لەوەی لە شیعری پاش سیمبۆلیزم تۆ... بەڵێ تۆ گرنگتریانی.) (٣)

لە ساڵی ١٩١٤شدا دووەم بەرهەمی (تەزبیح) دەردەچێ، ئیتر ئەخماتۆڤە بووە یەکێک لە شاعیرە دیار و بەناوبەنگەکانی رووسیا و تا ساڵی ١٩٢٣ (٨) جار ئەم بەرهەمەی چاپدەکرێتەوە. مەندەلشتام پاش خوێندنەوەی ئەم بەرهەمەی دەنووسێ: "... شیعرەکانی لەوە نزیک دەبنەوە کە ببنە رەمزی مەزنیی رووسیا..." (٤) ئەم بۆچوونە ئەودەمە نائاسایی و زیادرەوانەی دەهاتە پێش چاو، بەلام لە رۆژگاری ئایندەدا ئەم پێشبینییە دروست دەرچوو، چونکە مەندەلشتام ئەم داهێنانەی لە سروشت و بابەتی شیعرەکانی ئەخماتۆڤەدا بەدی دەکرد.

شیعریش بۆ ئەخماتۆڤە سەرچاوەی تین و هێزی بەردەوامی بوو، تاقە خۆشەویستی نزیک و باوەڕپێکراوی بوو، هەر لە شیعریشدا حەقیقەتی بە بەرجەستەیی دەدۆزییەوە. هەر لە سەرەتاشەوە دەیویست ژنانە ڕا و بۆچوون و جیهانبینی خۆی دەرببڕێ، هەر بۆیە (ئەلکسەندەر کۆلونتای)×× شیعرەکانی ئەخماتۆڤە بە کتێبی ڕۆحی ئافرەت دادەنا. ئەخماتۆڤە وەک شاعیرێکی ژن بوو بە پێشەنگ بۆ پەیدابوونی ناوی گەلێ ئافرەتانی تر لە شیعری ڕووسیدا، هەرچەندە ئەوەی ئەخماتۆڤەی نیگەران کردبوو ئەوەبوو، ئەو لە لیریکادا جەختی ئەوەی نەدەکرد کە ناوی لێ دەنرێ (سەرەتای ژنانە)، بەڵکو ئەو هەوڵی بۆ یەکسانی هەستکردن و هاوقوڵی ئەندێشەو هاوهێزی بیر دەدا. هیچ کەسێکیش نازناوی ژنە شاعیری بەسەردا دانەبڕی، ئەو هەردەم بە "شاعیر" دەناسرا.

هەندێک جار (سەرەتای ژنانە) لە شیعردا وەک تەم و مژاوێتی هەست، ناعەقڵانێتی لە هەست یان چاکترە بووترێ سەرشێتی و نەبوونی عەقل لە هەست کردندا لێک دەدرایەوە، ئەخماتۆڤەیان بەوە تاوانبار دەکرد کە زیاد لە پێویست لە شیعردا عەقلانییە، هەر لەسەر ئەوەی زۆر بە وردی وشەکانی هەڵدەبژارد و ئەمدیو و ئەودیوی دەکرد و دێڕە شیعرەکانی چڕ و خەست بوون، هەموو مەسەلەکەش ئەوەیە ئەخماتۆڤە زیرەکانە بێ ئەوەی خۆی لەیاد بکات ئەسیری هەست بوو، دروست و ڕاستگۆیانە خۆی دەبینی و بە شێوەیەکی وردبینانە جیهانی ماددی لە شیعردا وێنە دەکرت. ئەمەش یەکێک بوو لە خاسیەتی کەسایەتی ئەخماتۆڤە و لە شیعرە سەرەتایەکانیشدا زۆر بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە.

کڕنووش بۆ تیشکی پەنجەرە دەبەم
بۆ ئەو ڕەنگ پەڕیوی باریک و ڕێکە
ئەمرۆ لە سپێدەوە بێ دەنگم
دڵیشم لەت لەتە
مسی دەستشۆرەکەم کەسک دەنوێنێ
بەلام تیشک وا بەسەریەوە گەمە دەکات
تای کە تێڕوانینی خۆش بزوێنە.

(دڵ لەت لەتە) لە (تەنیشت دەستشۆر)ەوە ئەمە وێنەیەکی چەند سروشتی و ئاساییە و چ یاسایەکی سایکۆلۆژی قووڵ لە (دڵ لەت لەتە) و (تێڕوانیتی خۆش بزوێنە) دا دەربڕیووە.

هەر لەم ڕوانگەیەشەوە زۆرجار باسی بێشەرمی شیعری ئەخماتۆڤەیان کردووە، هەر

لەبەرئەوەی شاعیر دەیویست بە راستگۆیی و راستەوخۆیی هەناوی خۆی و تێگەیشتنی هەستی خۆی لە شیعردا ئاوێنە بکاتەوە و هەردەم هەوڵی دروستکردنی فۆرمێکی وای ئەدا لە فۆرمی بیرەوە نزیک بێت، هەردەمیش پشتی بە داب و نەریتی رەسەنی ئەدەبی کلاسیکی رووسی دەبەست.

ئەم دوو بەرهەمەی شاعیر (ئێوارە، تەزبیح) وەک دوو کتێبی لیریکای خۆشەویستی ناسران، دەوترا خۆشەویستی شیعرەکانی ئەخماتۆڤە (دانتی) و (پترارک)یان وەبیر دەهێنێتەوە و بە (سۆفا)ی یۆنانیان دەشوبهاند.

هەستی خۆشەویستی هەردەم بابەتی سەرەکی بەرهەمەکانیەتی، دروست وەک (دانتی) وتوویەتی "هەناسە بە خۆشەویستی دەدەم". بە رای شاعیر هەستی راستگۆ و قووڵی ئەوین، بروا و نهێنی، بەرەو خۆشەویستی و سەرفرازیمان دەبەن. زۆر لە شیعرەکانی ئەخماتۆڤە لەسەر خۆشەویستی یەکلایەنە بووە، هەر بۆیە خۆشەویستی لای ئەو سەرچاوەی ژان و ئەشکەنجە بووە، بە زمانێکی ناسک و بە هەستی قووڵی مرۆڤانە ئەو ئێش و ئازارانەی دەردەبری، خۆشەویستی بەرەو (بەختەوەری بێ مەرامی)ت دەبات، خۆشەویستی ئەو هێزە رۆحیەیە کە مرۆڤ دەستەمۆ دەکات و ناتوانێ فەرامۆشی بکات، لای شاعیریش (جیهان بۆ ئەو دوو مرۆڤە تەسکە)، دابڕان و لێک جودابوونەوەش وای دەردەخەن کە مرۆڤ خاوەن دەستەڵاتێکی بەهێزە تەنانەت لەو ساتانەشدا داوای سۆز و یارمەتی ناکات. ئەخماتۆڤە لە هەندێ شیعری وەک (یادگاری خۆشەویستی)، باسی لوتکەی ئازاری کاتی خۆشەویستی دوولایەن دەکات.

تا سەر لیریکای خۆشەویستی کۆڵەکە و هەناسەی شیعری ئەخماتۆڤە بوون و شنەیەکی هەستبزوێنی خوێنەرانیشی بووە، لەبەرئەوەی پێش ئەخماتۆڤە لیریکای خۆشەویستی و تەماوی بوو، ئاڵۆز و شاراوە بوو، هەستێکی سۆفیگەری و بێدەنگیی و کپی بوو، هەستێکی حەشاردراوی نێو دڵ بوو.

لە حوزەیرانی ١٩١٤ کە هەواڵی دەسپێکردنی شەڕ بڵاو دەبێتەوە، ئەخماتۆڤەی شەیدای رووسیا دەهەژێنێ و پێشبینی کارەسات و ترسناکیی شەڕ دەبنە ئاسمان و چەتری شیعرەکانی، هەر بۆیە زۆر لەو شیعرانەی لە سێیەمین بەرهەمی (پۆلی سپی)، کە لە ساڵی ١٩١٧ چاپ دەکرێ زادەی رووداوە کارەساتاوییەکانی شەڕ و ئەنجامەکانیەتی، زادەی خۆشەویستی رووسیا و حەز و ئارەزوویەکی ئەفسوناوییە بۆ دوورخستنەوەی کاولکارییەکانی شەڕ لە نەتەوە و وڵاتەکەی. شاعیر لەم بەرهەمەیدا بۆ دەربڕینی ئەم بابەتە

پشت بە فۆرمی کلاسیکی دەبەستێ و بۆ شیعری میللی رووسی دەگەڕێتەوە. ئەم لایەنەی شیعری ئەخماتۆڤە سەرنجی رەخنەگر و نووسەران رادەکێشێ، هەر لە ساڵی (١٩١٧)دا د. ڤیگودسکی وتارێک لە رۆژنامەی (ژیانی نوێ - نۆڤەیا ژیزن) بڵاو دەکاتەوە و تێیدا دنووسێ "لە شیعری ئەمڕۆماندا، دوو جەمسەر، دوو رەوت هەیە، یەکێکیان هەوڵدەدات وردی و کتومتی و راستگۆیی دەربڕینی کلاسیکی و بینایەکی تێر و تەسەل زیندوو بکاتەوە، باشترین نوێنەری ئەم رەوتەش شیعری ئەخماتۆڤەیە، دووەمیان بناغەی ئەم رەوتە لەسەر تیوریای فتوریستییە کە ئێستا مایکۆفسکی نوێنەرێتی." (٥) جگە لەم خاسیەتە ئەخماتۆڤە پشت بە ووشەکاری و وێنەکاری ئینجیل و کتێبە ئاینییەکان دەبەستێ لە زۆر شوێندا وڵاتەکەی بە لەشی برینداری عیسا دەشوبهێنێ و بەراورد دەکات. لە ناخەوە حەز دەکات بە هەردوو لەپی دەموچاوی داپۆشێ تا تابلۆی خوێنو برسێتی نەبینێ و داوا لە خواش دەکات ژیانی لێ وەربگرێتەوە تا گوێی لە گازەندەی خاک نەبێ.

لە تەنیشت ئەم تێمانەوە، خۆشەویستی، مەرگ لەپێناو خۆشەویستیدا، مەرگ بابەتێکی تری شیعرەکانی ئەم بەرهەمەی بوون، دیارە ئەم لایەنەش جیا نەدەکرایەوە لە ژیانی کەسایەتی شاعیر کە لەو سەردەمەدا تووشی نەخۆشی سیل ببوو، دوو خوشکیشی بە هەمان نەخۆشی مردن. مەرگ لە شیعرەکانیدا تا سەر بابەتێکی زیندووە.

لە ساڵی (١٩١٨) ئەخماتۆڤە ژیانی خۆی دەبەستێتەوە بە شاعیر شیلیکۆ، هەر زوو ئەم پەیوەندییە لە ساڵی ١٩٢١دا کۆتایی دێت، چونکە شیلیکۆ پێویستی بە ژن هەبوو نەک ژنێک کە شاعیر بێت، دەڵێن زۆرجار دەستنووسەکانی ئەخماتۆڤەی لە سەماوەردا سووتاندووە، ئەم هەڵوێستەی هاوسەرەکەی نائاسودەیی و نیگەرانی بۆ دەخوڵقێنێ ئەویش وەک چۆن نەیدەویست لە ژنێتی خۆیدا شاعیرێتی ون بکات ئاوەهاش نەیدەویست لە شاعیرێتیدا ژنێتی لە دەست بدات. ئەخماتۆڤە ژن و شاعیرێکی لێهاتووی هێندە بەرز بوو، پیاوانی دەوروبەری دەبوایە لە بنارەوە تێیان بڕوانیایە، شیعرەکانیشی چاونەترس و بوێر بوون بۆ دەربڕینی ئەو ئازارە نامۆیانەی کە جیهانی ناسکی ژنێتیان بریندار دەکرد.

زۆرجاریش ئەم ستەمە شیعر و سۆزی لە گۆ دەخست، ئەوەتا لە ساڵی ١٩٢٠دا تاقە شیعرێکی نەنووسیووە. لە ساڵی ١٩٢١ لە شیعرێکدا دەڵێ "مێردەکەم بۆ من جەلادە و ماڵەکەی زیندان" هەر لە هەمان ساڵدا بەتەواوی خۆی لەو زیندانە ئازاد دەکات، لەگەڵ بای ئازادی دا حەزی داهێنان لە دەروونیدا سەر هەڵدەداتەوە و لە هاوینی ئەو ساڵەدا (٢٥) پارچە شیعر دەنووسێ.

هەر لە ساڵی ١٩٢١یشدا کارەساتێکی دڵتەزێن ژیانی پڕ خەم و ئازاری ئەخماتۆڤە دەهەژێنێ، گومەلیێڤەی کۆنە مێرد و هاوڕێی گەنجێتی و باوکی تاقە کورەکەی لێڤ (لێڤ گۆمەلیێڤە مێژوونووس و ئەنتۆگرافێکی ناودار بوو چارەنووسی سەختی باوکی بۆ دەیان ساڵ کار لە ژیان و خوێندنی دەکات) بە تاوانی بەشداریکردن لە گروپەی دژی شۆڕشدا ئیعدام دەکرێ.

لە ساڵی ١٩٢١دا بەرهەمی (گیای لارێگا) و لە ساڵی ١٩٢٢دا بەرهەمی (ئەنۆدومینی Anno Domini) بڵاو دەبێتەوە، شیعری ئەم دوو بەرهەمەی پەیوەندییان بە قۆناغی کۆتایی هاتنی شەڕ و شۆڕشی شوبات و ئۆکتۆبەر و شەڕی ناوخۆوە هەیە، رەخنەگرانی ئەم سەردەمە دەیان وت ئەخماتۆڤە هیچ شیعرێکی دەربارەی ئەم شۆڕشە مەزنانە نەنوسیووە، ئەم بۆچوونەش ورد نییە و تێنەگەیشتنی بەرهەمی شاعیر دەگەیەنێ، لەبەرئەوەی ئەخماتۆڤە هەردەم لە تاقیکردنەوەی خودی خۆیەوە دەستی پێدەکرد، هەوڵی ئەوەشی دەدا لە چوارچێوەی ئازار و هەست و نەستی تاقە کەسایەتی دەرچێ و بەپێی توانا لە سنوورێکی فراوانتر تاقیکردنەوە و تێگەیشتنی خۆی لەم رووداوانە لە شیعرەکانیدا دەرببڕێ.

بەشێکی باش لە شیعرەکانی ئەم دوو بەرهەمەی دەربارەی ئازادییە لە خۆشەویستیدا، هەرچەندە لە بەرهەمەکانی تریشیدا بەشێوەیەکی ئاراستەوخۆ خۆی لەم بابەتە دەدات، شاعیر لەپێناو خۆشەویستیدا قوربانی بە شیعر و خەندە و پارانەوەی پاڵەوان دەدات، بەڵام خۆشەویستەکەی ئەمە بە کەم دەزانێ و سزای دەدات، وەک شاعیرێک و ژنێک ئەوەی لە توانایدا هەیە پێشکەشی دەکات، بەڵام خۆشەویستەکەی منداڵ و شیعرەکانی رەد دەکاتەوە، بۆیە لێرەدا خۆشەویستی دەبێتە ئازار و تاڵی و ناڵە.

پاش ئەم بەرهەمانە لە ناوەڕاستی بیستەکاندا سەردەمێکی نوێ لە ژیان و بەرهەمی ئەخماتۆڤەدا دەست پێدەکات، سەردەمی کپی و خۆخواردنەوە و قەدەغەبوون، تەقینەوە و بەگژداچوونەوە، پەیدابوونی ئەم سەردەمەش هۆی ئەدەبی و سیاسی خۆی هەبوو. زۆربەی لێتۆژەرەوەکانی شیعری ئەخماتۆڤە ئەو هۆیەی کە پەیوەندی بە باری چێژی شیعری و مەزاجی خوێنەرانەوە هەبوو بە هۆیەکی سەرەکی ئازانن: لەو ماوەیەدا گەرانەوە بۆ کلاسیک باو نەبوو و زۆر رەوتی نوێی ئەدەبی دەرکەوتن وەک لیفۆفتس میراتهەڵگری فتورسیت، ئیمازیست، کونسترکوفیست کە مەیدانی ئەدەبیان داگیر کردبوو، زۆریان لە شیعر گۆڕی وەک لادان لە ریتمی ئاسایی ئیستعارەی دژبەیەک، هەروا شیعر بۆ دروشم و

چەپڵە دەنووسرا.

بەلام ریتم و قافیە و ئیستعارەی ئەخماتۆڤە بە کۆن و باونەماو دادەنرا، لەکاتێکدا هەر لەو سالانەدا ئایدیال و جەوهەری شیعرسازی ئەخماتۆڤە قالبی داهێنەرانە و چەسپاوی خۆی وەرگرت و خاسیەتە گرنگ و لایەنە هونەرییەکانی بابەتی (دیسپلینی شیعری - رووتی و کتومتی، پرمانایی و کورتی) توندوتۆڵ دارێژران. ئەم تایبەتمەندیانەش لە ترادیسیۆنی ئەدەبی کلاسیکی رووسەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ و پاشتریش لە هەڵسەنگاندنی هونەری شیعری ئەخماتۆڤە باسی ئەوە دەکرا کە شاعیر نوقمی کولتوری رووسی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای بیست بووە، بەتایبەتی سەرگەرمی ئەدەبی پوشکین بووە. مەندەلشتام و ژیرمونسکی لەو باوەڕەدا بوون کە شیعری ئەخماتۆڤە تەنیا لە شیعری کلاسیکی رووسیەوە نزیک نییە، بەلکو پەیوەستە بە پەخشانی کلاسیکی رووسی و دەقی قسەکەی مەندەلشتام لەم بارەیەوە ئەوە ساغ دەکاتەوە کە: "ئەخماتۆڤە هەموو مەزنێتی ئالۆزی و دەولەمەندی رۆمانی رووسی سەدەی نۆزدەمینی هێنایە ناو لیریکای رووسیەوە، ئەخماتۆڤە نەدەبوو گەر تۆلستۆی ئەننا کارێننا و تورگینیف هێلانەی خانەدانان، هەموو دۆستۆیڤسکی، بەشێکی لیسکۆڤ نەبوایە. بنەما و سەرچاوەی ئەخماتۆڤە لە پەخشانی رووسیەوە سەرهەڵدەگرێ نەک لە شیعرەوە، ئەخماتۆڤە بە گەڕانەوە و پشت بەستن بە پەخشانی سیکۆلۆژی، کەمهاوتای و جیدیەتی فۆرمی شیعری پەرەپێدا و پێشی خست." (٦)

بۆ لێکدانەوەی ئەم کپی وبێدەنگییەی ئەخماتۆڤە دەبێ هەڵوێستە لەسەر باری سیاسی و سیاسەتی رۆشنبیری ئەو سەردەمە بکەین: لە سالی ١٩٢٥ بڕیارێکی نهێنی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت دەرچوو کە بلاوکردنەوەی بەرهەمی شاعیر قەدەغە دەکات (ئەم بڕیارەش تا سالی ١٩٤٠ پەیرەوکرا)

بەپێی سیاسەتی رۆشنبیری ئەو دەمەش دەبوایە هونەر لە خزمەتی رۆشنبیری پرۆلیتاریا و و پیاهەلدانی شۆڕش و بڕیارەکانی پارتی کۆمۆنیست بێ و بەردەوامیش پێداویستییەکانی داخوازی کۆمەلایەتی جێبەجێ بکردایە، دیارە ناسکی شیعری ئەخماتۆڤە و وشکی سیاسەت دوو شتی لێک جیاواز بوون. شاعیر هەستی بەو هێزانە دەکرد کە فشاریان خستۆتە سەر بۆ ئەوەی رەشی بکەنەوە، بەربەستی خودی شاعیر بۆ رەتدانەوەی ئەم هێزانە خستبوویە بارێکی نەفسی ئالۆز، نەک تەنیا شیعری بۆ چاپ نەدەکرا، بەلکو شیعریشی بۆ نەدەنووسرا، ئاخۆ بەهۆی شیعرەکانییەوە تووشی ئەم ژیانە

سەختە بووە؟!

ئەی گەر وایە بۆ واز لە شیعرنووسین ناهێنێ...؟!

ئەیدەتوانی خۆی و شیعر لێک جودا بکاتەوە، ئەی بۆ وەک زۆر لە هونەرمەندان و شاعیران، رووسیا جێ ناهێڵێ و روو ناکاتە مەنفا؟! لای ئەو شیعر تێکەڵ بە خۆشەویستی رووسیا ببوو، بێ ئەو خۆشەویستییە شیعرەکانی هەناسەیان بۆ نەدەدرا، هەربۆیە مردنی سەر خاکی وڵاتەکەی پێ لە مەنفا باشتر بوو. ئەوینی شیعر و نیشتمان تا دەهات هێزی نوییان پێدەبەخشی، هەربۆیە بەردەوام لە رۆحی ئەخماتۆڤەدا گۆرانکاری، کار، داهێنان رووی دەدا کە پەیوەست بوو بە دەرککردنی قووڵی ئێش و ئازاری کەسایەتیەکی تازە و تاقیکردنەوەیەکی کۆمەلایەتی لەبارێکی گەلێک سەختدا. لە قەیرانێکی هەمەلایەنی وادا شیعری بۆ نەدەنووسرا، بەڵام خەریکی خوێندنەوەی مێژووی بیناسازی لینینگراد و بەرهەمی پوشکین بوو، لەو ماوەیەدا (١٩٢٦ - ١٩٣٦) (٢٥) وتاری لەسەر پوشکین نووسیوە (ژمارەیەکی زۆریان فەوتان، لەبەرئەوەی لەکاتی گرتنی کوڕەکەیدا ئەرشیفەکەی سووتێنرا و ئەو وتارانەی تیاچوون). ئەخماتۆڤە هەستی بەنزیکی لە جیهانی رۆحی پوشکینەوە دەکرد و خۆی تێدا دەدۆزییەوە لە یەکێ لە وتارەکانیدا دەربارەی پوشکین دەڵێ: -لەوانەیە دەربارەی خۆشی بێت- "پۆشکین ئەیزانی و ئەیبینی چ لە دەوروبەری روودەدات، ئەو ئەمەی نەدەویست و نارازیش بوو، بە هەموو شێوە و رێگایەک دژی ئەم ناحەقییە ترسناکە نارەزایی دەردەبڕی و خەباتی لە دژ دەکرد.ئەو داوای راستیەکی بەرز و بێهاوتای دەکرد..." (٧)

قەیرانی شیعری ئەم سالانەی بە شیعری سالانی (١٩٣٦) کۆتایی هات ئەننا ئەندریفنە لەم رووەوە دەڵێت: "سەرلەنوێ لە ساڵی ١٩٣٦دا دەستم بە نووسین کردەوە، خەتم گۆڕاوە و دەنگیشم بە جۆرێکی تر دەنگ دەداتەوە." دیارە خۆڕاگری و کەسایەتی شاعیر و ئیرادەی بۆ ژیان و خۆشەویستی بۆ شیعر و نیشتمانەکەی تینێک و تەکانێکی نوێیان بە هەست و پێنووسەکەی دا، ئەخماتۆڤە کەوتەوە نووسین، بەڵام تیرۆر و دژواری کۆتایی پێ نەهات، ژیانی تاسەر بەختیاری نەبینی.

ساڵی ١٩٣٨ لێڤی کوری جارێکی دی دەگیرێتەوە، مەندەلشتامی هاورێی نزیکی لە ئۆردوگا کۆچی دوایی دەکات، لە هیچ شوێنێ کاری نادرێتێ، زۆر بەدەستکورتی بە نانی رەش و چای بێ شەکر دەژی، زۆر بێهێز و لاواز بوو، زوو زوو نەخۆش دەکەوت، ئاووهەوا هەرچۆنێ بوایە وەختێکی زۆر لە ریزی بەردەم زیندان دەوەستا تا کوڕەکەی ببینێ یان

پڕیاسکەیەکی پێ بگەیەنێ، مەگەر شیعرە ڕاستگۆ و وەڵامدەرەوەکانی دەروونی بیان توانیایە وێنەی ئەم ئەشکەنجە و ئازارانە بکێشن. ئەوەتا لە شیعرەکانی (ڕێکڤیم - نوێژ بۆ ڕۆحی مردوو) ئەخماتۆڤە پێویستی بەوەنەبوو بەدوای ژنە پاڵەواندا بگەڕێ، بەڵکو هێندەی بەس بوو کە ئازار و تاڵی ژیانی خۆی دەربڕیایە، دەنگی خۆی لەو قڕوقپیە گشتییە هەڵبڕیایە، (ڕێکڤیما) یەکێ بوو لە بەرهەمە بەرزەکانی ئەخماتۆڤە کە تا ساڵی ١٩٦٢ چاپنەکرا. کاتێکیش شیعرەکانی ڕێکڤیمای دەنووسی دەست بەجێ دەیدایە ئەدیژدە مەندڵشتام و لیدیا چیکۆڤسکەیا و چەند دۆستێکی نزیکی تا لەبەری بکەن و ئەو شیعرانە نەفەوتێن، هەر کە لەبەریان دەکرد، لاپەڕەکەیان دەدڕاند. شاعیر لەم بەرهەمەیدا دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی وشەی دینی و ڕەمزی مریەم و کتێبە ئایینیەکان.

لە حوزەیرانی ١٩٤١دا کاتێ سوپای ئەڵمانی هاتنە ناو خاکی سۆڤیەتەوە، ئەم شەڕە کارەساتێکی لەبن نەهاتووی بۆ گەلی سۆڤیەت هێنا. ئەخماتۆڤەش وەک شاعیرێکی نیشتمانپەروەر ڕووبەڕووی ئەم کارەساتە بووەوە. شیعری (نوێژ وئازایەتی) کە بەناوی هەموو گەلەوە نووسراون شانازی بە خۆبەختکردن و پاراستنی نیشتمانەکەیانەوە دەکات؛ لە ڕادیوی لینینگرادەوە بانگەوازێک بۆ ژنان و کیژانی شارەکەی دەخوێنێتەوە و هانیان دەدا بۆ خەبات لە پێناوی پاراستنی لینینگراددا.

ئەم شارە لە دڵی شاعیردا جێگایەکی تایبەتی هەبوو هەر خۆشی بە شاعیری لینینگراد دادەنا. هەر بەهۆی شەڕەوە تا ساڵی ١٩٤٤ ئاوارەی تاشقەند بوو، لەوێش زۆربەی کاتی لەگەڵ ئەدیژدا مەندەڵشتام لیدیا چکوڤسەکەیا دەباتە سەر، زۆرجاریش سەر لە خەستەخانەکان دەدا و شیعر بۆ بریندارەکان دەخوێنێتەوە.

ساڵانی حوکمی ستالین تیرۆر و هەڕەشە و وەدوکەوتن شاعیری بەجێ نەدەهێشت، هەردەم لەژێر هەڕەشەی شمشێرەکەی داموکلیس دا بوو، زۆربەی دۆست و ئاسیاوانی بە دژی شۆڕش و بەرهەڵستکار دادەنران. ڕاستە ستالین لە ڕووی فیزیاییەوە ئەخماتۆڤەی لەناونەبرد، بەڵام لە ئاستی ڕۆحی و نەفسییەوە زۆر ئازاری دا، هەمیشە مردن و گرتن بەدوایەوە بوون، هەروەک ئەخماتۆڤە بۆ ئەدیژدا مەندەڵشتامی باسکردووە لە گوڕەی ئەو ئوتومبیلانەش ڕادەچڵەکا کە لە دەوروبەری ماڵەکەیدا ڕادەوەستان، لە ڕۆژێکیشدا چەند جارێک ئەو سیخورەی چاودێری دەکرد، لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە سەیری دەکرد تا بزانێ (ڕای نەکردووە یان خۆی نەکوشتووە.)

پاش ساڵی ١٩٤٦ هیچ بۆ ئەخماتۆڤە چاپ نەدەکرا، ئەمە جگە لەوەی هێرشێکی نوێیان

دژی دەستپێکرد، لە ١٤ی ئابی ١٩٤٦دا ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی لە ڕۆژنامەی (زڤیوزدە، لینینگراد) بڵاوکرایەوە، کە هێرشێکی زۆر نابەجێی بۆ سەر ئەخماتۆڤە تێدا بوو "... شیعرەکانی ئەخماتۆڤە غەریب و پووچ و بێ ناوەڕۆکن... شیعرەکانی بە گیانێکی بێهیوایی، دارمانەوە نووسراون... دەربڕی ئێستاتیکای بۆرژوا – ئەرستۆکراتین." (٨)

پاش ئەمەش بە هەفتەیەک ژدانەڤە لە بارەگای یەکێتیی نووسەران لە لینینگراد ڕاپۆرتێکی بە هەمان ناوەڕۆکەوە خوێندەوە: "... بەرهەمی ئەخماتۆڤە غەریبە بە واقیعی سۆڤیەت و نابێ ڕێگەی بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی لە ڕۆژنامەکاندا بدرێ. داهێنانەکانی ئەخماتۆڤە گەنجەکانمان فێری چی دەکات..؟ لە زیان زیاتر، تەنیا گیانی بێهیوایی و رووخاندن و دوورکەوتنەوە لە مەسەلەکانی ژیانی کۆمەلایەتی بڵاودەکەنەوە و بەرەو جیهانی تەسکی هەست و نەستی تاک دیان بات... چۆن دەتوانین پەروەردەکردنی گەنجان بدەینە دەست ئەو..." (٩)

ئەخماتۆڤە دەڵێ: "لەم ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لەو هونەرمەند و نووسەرانەی کە لەکاتی شۆڕشدا رووسیایان بەجێ هێشتبوو نیازیان وابوو بگەڕێنەوە، بەلام بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پەشیمانی کردنەوە."

هەر لە هەمان ساڵدا لە یەکێتی نووسەران دەردەکرێ، لەم ماوەیدا ئەخماتۆڤە لە بارێکی نەفسی گەلێک دژواردا دەژیا گەر یارمەتی و پشتگیری دۆستە نزیکەکانی نەبوایە دوور نەبوو ئەویش وەک تسڤیتایەڤە کۆتایی بە ژیانی بهێنایە. لە ساڵی ١٩٥٠دا ئەخماتۆڤە بۆ ئازادکردنی کوڕەکەی (لیڤ گومەلییڤە) کە بۆ چەندەمین جار بوو خرابووە زیندانەوە، شیعرێک بەناوی (بژی ئاشتی) بۆ پیاهەڵدان بە ستالین دا دەنووسێ. شاعیر لەپێناوی ڕزگاری کوڕەکەیدا لە لوتکەی کەرامەت و شانازی دێتەخوارەوە و ئەو شیعرە دەنووسێ کە هەرگیز نەیدەتوانی بینووسێ، گەر هەستی پیرۆزی دایکایەتی و ژیانی ڕۆڵە تاقانەکەی نەبوایە، ئەم کارەشی بە خیانەت لە خۆی دادەنا و تووشی خۆخواردنەوە و ئازاری قووڵی کرد. هەربۆیە پاشتر داوای کرد کە ئەم شیعرە لە کتێبەکانی تریدا بڵاونەکرێتەوە.

پاش مردنی ستالین (ساڵی ١٩٥٣) جارێکی تر ناوی کەوتەوە بواری چاپەمەنی چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسرا و شیعرەکانی چاپ دەکرا. دە ساڵی دوایی ژیانی ئەخماتۆڤە تارادەیەک ئارامتر و ساناتر بوو، کوڕەکەی ئازادکرا و بەرهەمەکانی چاپ دەکران هەر لە ساڵی ١٩٥٨ دا شیعرەکانی چاپکرا. تەواوی بەرهەمی (هۆنراوەی بێ پاڵەوان) لە ساڵی ١٩٦٠ لە نیویۆرک و ڕێکڤیم لە ساڵی ١٩٦٣ لە مویشن چاپکرا.

چاپکردنی ئەم دوو بەرهەمە لە ئەوروپا شاعیری بە جیهان ناساند و ناوبانگی دەرکرد.

لە ساڵی ١٩٦٤ خەڵاتی (ئیتنا - تیورمینە)ی پێ بەخشرا و بووە ماموّستای فەخری زانستگای ئۆکسفۆرد، هەر لەو ماوەیەدا سەردانی ئیتالیا و فەرەنسای کرد و بەدیداری ژمارەیەک لەو نووسەرانەی رووسیا شادبوو کە لە مەنفادا دەژیان و ئاشناپەتیشی لەگەڵ ژمارەیەکی تریاندا پەیدا کرد و لەو سەردانەش دا چەندان کۆڕ و سیمیناریان بۆ رێک خست.

هەر لەم ساڵانەدا زۆرجار دەچووە مۆسکۆ و شاعیرە گەنجەکانی دەبینی و لەنزیکەوە شیعرەکانی دەنرخاندن و تێبینی و رەخنەی خۆی پێ دەوتن. ئەخماتۆڤە لەدوا ساڵانی ژیانی خەریکی وەرگێڕان بوو بۆ سەر زمانی رووسی پەخشانیشی دەنووسی. لەو ساڵانەشدا خەریکی تەواوکردنی شاکارە بەناوبانگەکەی (هۆنراوەی بێ پاڵەوان) بوو کە (٢٢) ساڵ خەریکی نووسینی بووە. ئەم بەرهەمەی شاکارێکی سەرسووڕهێنەرە و ئەپارتمانێکی داهێنەرانەی پڕ لە دیمەن و هەڵوێست و خۆشەویستی و ئاوێنەکردنەوەی کارەسات و ناسۆر و جودایی و پەژارەییە.

ستالین لە (٥)ی مارتی ١٩٥٢دا کۆچی دوایی کرد، هەموو ساڵێک ئەخماتۆڤە یادێکی تایبەتی ئەم رۆژەی دەکردەوە و رۆژانی ژیانی خۆی لەو سەردەمە دەهاتەوە یاد، بەڵام (٥) مارتی ١٩٦٦ فریا نەکەوت و ئەم یادەی بۆ نەکرایەوە، رێکەوتێکی سەیر بوو... چونکە لەم رۆژەدا رووسیای نیشتمان و شارە خۆشەویستەکەی لینینگراد و دوورگەی شیعر و جیهانی داهێنانی بەجێ هێشت و بە کپی تەرمەکەی دەبەنە گۆڕستانی (کۆمەرۆڤە)ی لینینگراد، کۆمەرۆڤە دەبێتە دوا کەپری شیعر و داهێنانی.

(١)

من دەنگی ئێوەم، گەرمی هەناسەتانم<br>
من ئاوێنەکاری دەموچاوتانم<br>
من باڵەفرەیەکی بێهوودەی باڵە بێهوودەکانتانم<br>
هەرچیش روویدا تا دوایی لەگەڵتانام

هەربۆیە ئێوەش وا بە بەخیلی<br>
منتان بە گوناهو بێهێزی خۆمەوە خۆش دەوێ<br>
هەربۆیە ئێوە بێ گوێدان

باشترین لاوەکانی خۆتانتان پێ بەخشیم
یەک وشەتان دەربارەی ئەو لێ نەپرسیم
بە بیاهەڵدانی نەزانانە
ماڵی کاولبوومتان بۆ هەتاهەتایە دوکەڵاوی کرد
ئینجا دەشڵێن پاوانە
لەوە زیاتر نزیکبوونەوە
پاوانە ئەوەت خۆشبووێ
کە چاک نابێتەوە

چۆن سێبەر دەیەوێ لە لەش جیابێتەوە
چۆن بەدەن دەیەوێ لە رۆح جیابێتەوە
واش من دەمەوێ لەبیر ببرێمەوە.

١٩٢٢

(٢)
دەنگێکم بیست بەهێمنی بانگی کردم
وتی: وەرە ئێرە،
نیشتمانە بێ ئاگا و گوناهبارەکەت جێ هێڵە
بەیەکجاری رووسیا جێ هێڵە.
من خوێنی دەستانت دەشۆمەوە،
شەرمی رەشی دەروونیشت دەردەهێنم،
من ناوێکی نوێ
بۆ ئازار و سەرنەکەوتن و کڵۆڵی دادەنێم.
بێ خەمخواری و بەهێمنی
بە دەستم دەنگەکەم کپ کرد
تا ئەم وتنە بێنرخە
رۆحی مەلولم لەکەدار نەکا.

١٩١٧

(٣)

دۆنی هێمن، بەهێمنی دەکشێ
مانگی زەرد بە لاری کڵاوی لەسەر کردووە،
خۆی بەماڵدا دەکا و دێتەوە.
مانگی زەرد سێبەر دەبینێ.
ئەم ژنە نەخۆشە،
مێرد لە گۆڕدایە، کوڕ لە زیندان،
بۆم بپاڕێنەوە.

(٤)
من لە چاوی ماڵی وێرانم
ژیانی تاڵم
تەنیایی دووقۆڵیمان و
لە چاوی تۆ دەخۆمەوە
من لە چاوی درۆی لێوانی خیانەت لێکەرم
لە چاوی بەستەڵۆکی مردووی چاوان دەخۆمەوە
دەخۆمەوە بۆ ئەو جیهانەی دڵڕەق و دڕێوە
بۆ ئەو خودایەی کە نەیپاراستم.

(٥)
ئاسان و ئاشکرایە
هەموو خەڵکێ لەو راستیە بەئاگایە
کە تۆ منت هیچ خۆشناوێ و
هیچ کاتێکیش خۆشت ناوێم
ئیتر نازانم بۆ دەبێ من
بەرەو مرۆڤێکی نامۆ مل بنێم.

١٩١٧

(٦)

کاتێک وەک هەمیشە
بانگی دۆستانی شیرینم دەکەم
هەردەم لەم بانگە سەیرەدا
بێدەنگی دێتە وەڵامم.
١٩٣٩

(٧)

من دەڕۆم بۆ ئەو شوێنەی پێویستم بە هیچ نابێ
لەو شوێنەی هاوڕێکای شیرینم تەنیا سێبەرە
لە باخی بێدەنگیشەوە با هەڵدەکا
پایەی پێپلکەیەکی ساردە لەژێر هەنگاوەکانما.
١٩٣٩

(٨)

بای پاک بەئاستەم شنەیەتی
بەفری بێگەرد کێڵگەکان دادەپۆشێ
خاکەکەم پشوو دەدا،
چیتر دەنگی پێی دوژمن نابیستێ

١٩٤٥

سەرچاوەکان:

١- ئاننا ئەخماتۆڤە. (من دەنگی تێوەم) لاپەڕە ٤٢٤ چاپی رووسی.

* رەوتێکی مۆدێرنیزمانەی شیعری رووسی بوو لە دەیەکانی سەدەی بیستدا سەری هەڵدا.

٢- سەرچاوەی یەکەم لاپەڕە ٢٤٤.

٣- ئەمەندا هیت. (دنیای شیعری ئاننا ئەخماتۆڤە). لاپەڕە ٣٤٥ بە زمانی رووسی.

٤- سەرچاوەی یەکەم، لاپەڕە ٦.

** ئەلکساندەر کۆڵنتای گەورەترین بەرگریکەری مافی مرۆڤ بوو لە سەردەمی شۆڕشدا.

٥- سەرچاوەی سێیەم، لاپەڕە ٧٠.

٦- باریس قلییۆڤ (چەند وتارێک لەسەر ئەدەب)، لاپەڕە ٧٦ بە زمانی رووسی

٧ و٨ و٩- سەرچاوەی سێیەم لاپەڕە (١٦١، ١٥٦، ١٥٧).

- لە چەندان سەرچاوەی تر کەڵک وەرگیراوە.

## شیعری هاوچەرخی سویدی

# ئێدیت سۆدێرگران

## 1892-1923

وەرگێڕانی لەسویدییەوە:

**رزگار عەبدوڵا**



EDITH SÖDERGRAN.

یەکێکە لە شاعیرە هەرە رەسەن و سەرسوڕهێنەرەکانی ئەدەبی هاوچەرخی سویدی. هەموو مۆدێرنسمێکی زمانی سویدی لەم بێشڕەوەدا سەرچاوەی هەڵگرتووە، بە فینلەندیش شیعری نووسیووە و رۆڵی کاریگەری هەبووە لە گەشەکردنیدا. هیچ شاعیرێکی سویدی وەک ئەو هێندە زۆر باسی جیهانی خۆی نەکردووە، هەر هەموو شیعرەکانی لەسەر ئەزموونی ژیانی تەنیایی و پەژارەیی خۆیەتی، بە شێوەیەک کە وتوویەتی: "من شیعر نانووسم، بەڵکو خۆم دروست دەکەم".

ئێدیت شیعری هێندە بەپێز و جوانی نووسیوە، کە تا ئەمڕۆش، لە کۆتایی ئەم چاخەدا لە گەشەی شیعری سویدی کاریگەرن.

بۆ ئەوەی لە شیعرەکانی بگەین پێویستە کەمێک لە سروشتی دەورووبەر و چارەنووسی

ژیانی بزانین. "ئێدیت سۆدێرگران Edith Södergran ئەم کچە شاعیرە سویدی فینلەندایە، بە رەسەن سویدی بوو، لە ١٨٩٢/٤/٤ لە شاری "پێتەرسبۆرگ"ی روسیا لەدایکبوو.

ئێدیت تەمەنی سێ مانگ بوو کە ماڵیان گوێزرایەوە گوندی "رەیڤولە Raivola"ی فینلەندا، کە ئێستا سەر بە رووسیایە. لە تەمەنی شانزە ساڵی تووشی نەخۆشی سیل دەبێ، کە ساڵێک لەوەوبەر باوکی بە هەمان نەخۆشی مردبوو. بەناچاری لە خوێندن دادەبڕێ و لە نەخۆشخانەیەکی فینلەندا دەکەوێ. لە فینلەندا تەندروستی چاک نابێ و ئەوەبوو ساڵی ١٩١١ لەگەڵ دایکی سەفەری سویسرا دەکەن و لەوێ سێ ساڵ لە نەخۆشخانە دەکەوێ، بێ ئەوەی ئەم نەخۆشییە کوشندەیە دەستبەرداری ببێ. ئەوە بوو بۆ یەکجاری دەگەڕێتەوە گوندە خۆشەویستەکەی، کە سروشتێکی گەلێک جوانی هەبووە. هیوای چاکبوونەوەی نامێنێ و بەشێکی زۆری سی و یەک ساڵی ژیانی بە تەنیا و بە غەم و پەژارەوە لە گوندی "رەیڤولە" لەگەڵ سەگ و پشیلەکەی دەگوزەرێنێ.

ئەم هەژاری و دەردەسەرییەی کە جەنگی یەکەمی جیهانی، شۆڕشی رووسی و شەڕی براکوژی فینلەندا لەگەڵ خۆیان هێنایان. لەم دەورووبەرە غەدار و ئەم واقیعە ترسناکەدا، ئێدیت شیعری هێندە جوانی نووسیووە کە رەنگە جوانترین شیعری ئەدەبی سویدی بن. ساڵی ١٩١٦ یەکەم کۆمەڵە شیعری بە ناوی "شیعر Dikter" چاپ دەکا و لە ماوەی سی و یەک ساڵی ژیانیدا پێنج کۆمەڵە شیعری چاپکردووە. رۆژێکی سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٢٣ لەگەڵ سەگەکەی دواپیاسەی لەناو باخچەکەیدا دەکا و ماڵئاوایی لە بەهار و سروشتی جوانی "رەیڤولە" دەکا.

## بەهاری باکور

هەموو کۆشکە بایەکانم وەک بەفر توانەوە،
هەموو خەونەکانم وەک ئاو رژان،
لە هەموو ئەوانەی کە خۆشمدەویستن
تەنیا ئاسمانێکی شین و چەند ئەستێرەیەکی رەنگ پەڕیوم ماوە.
بایەکە لەسەرخۆ لەنێوانی درەختەکان رەتدەبێ.
بۆشایی پشوودەدا، ئاوەکە بێدەنگە
ئەم لکە پیرە بێدارە و بیر لەم هەورە سپییە دەکاتەوە،
کە لە خەونا رامووسانی کرد.

## گۆرانییەکەی سەر چیا

خۆر لەسەر کەفی دەریا ئاوابوو، کەنار نووست و
لەسەر چیاش یەکێک وەستا بوو و گۆرانی دەچڕی...
کە وشەکان کەوتنە ناو ئاو مردبوون...
گۆرانییەکەش لەودیو سنەوبەرەکان ونبوو و ئێوارەکە
لەگەڵ خۆی راپێچی کرد
کە هەموو شتێک بێدەنگ بوو، تەنیا بیرم بۆ ئەوە چوو
کە لەوێ، لەسەر ئەم شاخە وەک تارمایی دیارەدا خوێنی دڵی ڕژاوە
نادڵنیا وا تێگەیشتم گۆرانییەکە
لەبارەی شتێک بوو کە ناگەڕێتەوە.

## ئەستێرەکان

کە شەو دادێ،
لەسەر پێپلیکانە دەوەستم و گوێ هەڵدەخەم
ئەستێرەکان لە باخچەدا دەخولێنەوە و
منیش لەتاریکیدا وەستاوم
گوێ رادێرە، ئەستێرەیەک بە ئاوازەوە ڕژا
بە پێخاوسی مەرۆ ناو گیا
باخچەکەم پڕ لەوردە شووشەیە.

## باڵندەیەکی بەندکراو

باڵندەیەک لە کۆشکێکی سپی سەر دەریایەک
لە قەفەسێکی زێریندا بەند بوو.

گوڵە بۆنخۆشەکان بەڵێنی لەزەت و بەختیارییان دا و
باڵندەکەش بۆ گوندێکی سەر پۆپەی چیا گۆرانی وت
لەوێ خۆر شایە و بێدەنگیش شاژن
لەوێ گوڵە کێوییە بچکۆلەکان بە شنەشن
گەواهی ژیان دەدەن، خۆگرن و دەژین

## گۆرانییەکەی لەبارەی سێ گۆڕەکە

ئێوارە لەم باخچە بە ئاونگ تەڕەدا گۆرانی وت:
لە هاویندا سێ بنچکە گوڵ لەسەر سێ گۆڕ دەڕوێن.

لە یەکەم گۆڕدا پیاوێکی تیایە-
گران نووستوە.

لە دووەمدا ئافرەتێکی رووخسار غەمگین
گوڵێکی بە دەستەوەیە

سێیەم گۆڕیش، گۆڕی رۆحێکی غەمگینە
ئێواران فریشتەیەکی رەش دێ و بەسەر ئەم گۆڕەدا گۆرانی دەڵێ:
ناڕەوایە چاوەڕێی نەکرێ.

# لە «گیتۆ»(١) ی «ڤیلنا»(٢)دا

نووسینی: ڤیلیسیا کارایی
وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەنوەر محەممەد ئەحمەد

وا ساڵێکی تەواوە جوولەکەکان لەم گیتۆیەدا مۆڵ دراون، کە ئەمڕۆکە تەنیا چەند هەزارێکی تێدا دەژین. سەدانیان سواری ئۆتۆمبیلەکان کردووە و بە زوویی ڕەوانەی «پۆنار» دەکرێن. پۆناریش واتە مەرگ و مردن.

کێ زیندوو دەمێنێتەوە؟ کەسانێک کە پسووڵەی چوونە دەرەوەیان هەیە و تەنیا ئەوانە دەتوانن لە مردن بپارێزرێن. تەنیا ئەم پسووڵەی زەردی مۆڵەتی چوونە دەرەوەی هەیە و پیاوە نەخۆشەکەی نیەتی. ئەی دەبێ چی بکات؟! وەدی شێت بە شەقامە بێدەنگەکەدا هەڕای دەکرد. گەرچی تا ڕادەیەک هەموو جوولەکەکان براون، بەڵام هەتا ئێستەکەش «لیژنەی کار هەڵسوڕێنەرانی جوولەکە» لەوێدا ماوە، کە ئەمیش ئاشنای لەوێدا هەیە و بەڵکو، پسووڵەیەکی چوونە دەرەوەی بدەنێ و چنگ بکەوێ.

لەناکاو ئەفسەرێکی ئەڵمانی دەبینێ... کە ئەویش وا دەگاتە نێو کۆڵانەکە. ئایا لە ڕۆیشتن بەردەوام بێ یان بگەڕێتەوە؟! بەڵام تازە درەنگە و ئەڵمانییەکە هەر دێتە پێشتر. ئەژنۆکانی وشک و لە جووڵەکەوتن. ئەمە کێیە؟!. ئۆ یەزدان، خۆ ئەوە «ئەنتۆن شمید»ە، دراوسێکەی لە «ڤیەنا». هەر خێرایش لەشە ڕەپ و سمێڵە باریکەکەی ناسییەوە.

– هیتلەر ساغ بێ!

ئەو هەردەم سوارەئاسایی پۆشتەبوو. زۆرجاریش لێی دەبیست کە دەیووت: (خانمی «ئینس» تۆ باشترین گۆرانیبێژی ئۆپێرای «ڤیەنا»یت). دووجاریش گوڵی پێشکەش کردبوو، بەڵام ئەمانە هەموویان لە ڕابردوو و پێش جەنگدا بوون، ئەی ئێستە؟! ئایا کۆمەکی دەکات؟! خۆ ئەم جوولەکەیە؟! بیرۆکەکان بە مێشکیدا دەهاتن و نەیدەکاری بیزوێ. لەم کاتەدا کۆمەڵێکی کەم ژمارەی پیاوانی «ئێس ئێس» لە سوچی شەقامەکەوە دەرکەوتن. هەر لەو کاتەدا ئەفسەرەکە خۆی بەسەریدا کێشا و شیڕاندی.

– پیسی نەفرەتلێکراو، نابینی کێ بێرەدا دەڕوات؟!

ئەمیش کەوتە سەر زەوی و نوزاندنی،

هیچم نەدی چونکە ڕۆژەکە لە چاوانمدا تیشکی دایەوە...!

– مەڕوانە ڕۆژ، چونکە ڕۆژ بۆ جوولەکە نیە!.

پیاوەکانی «ئێس ئێس» لە دوورەوە ئەم دیمەنە دەبینن و دەدەنە پێکەنین. (چاکت گوت «ئەنتۆن» بیخەرە دەستییەوە!). ئینجا درێژە بە ڕەوتەکەیان دەدەن. ئەفسەرەکە باوەشی

پێداکرد و بەرەو سوچی ماڵێکی ئەولاترەوەی برد. بێ ورتە و بە ئاگاییەوە یارمەتی دا و لەسەر قاچەکانی وەستانی، هەتا جلکەکانی رێک بکاتەوە. ئینجا بە ئاسپایی وتی:

– داوای لێبووردن دەکەم خانمی «ئینس»، من تۆم خێرا ناسیەوە، بەڵام لەوە زیاتر چارەیەکی دیم نەبوو... خۆ تێدەگەیت...؟!.

دەیویست بگری و یان پێبکەنێ، بەڵام نەیدەویست خولەکێ بەفیرۆبدات.

– جەنابی «شمید» تێدەگەم. یارمەتیم بدە، جوولەکە بەرێکردن هەر بەردەوامە و پیاوەکەم پسوولەی روخسەتی چوونە دەرەوەی نیە... دەتوانیت پسوولەیەکم بو پەیدابکەیت؟!...

– تازە زۆر درەنگە. مێردەکەت بێنە ئێرەکانە و منیش دەچم ئۆتۆمبیلەکەم دێنم، پاشان بزانین چی دەبێ... بەڵام خێرا...

پاش دە خولەک بە ئۆتۆمبیلەکەیەوە گەڕایەوە. ئەو کاتەی «شمید» خانمی «ئینس» و مێردەکەی» بەرەو ئوتۆمبیلەکە دەبرد، دوو جوولەکەی تری بەدی کرد، کە لە ژێرخانێکەوە ملەقوتەیان دەکرد.

– ئێوەش وەرن!

ئۆتۆمبیلەکە زۆر بە خێرایی بە کولانەکەدا و هەتا بەرەو دەروازەی «گیتۆ»کە رۆیشت. ئەو کاتەی لەبەر دەروازەکەدا وەستا، چوار پاسەوانەکە سەیریان کرد «ئەنتۆن شمید» لە پەنجەرەکەوە هاواری لێکردن:

– هێی، هەتاکەی دەتانەوێ بەدیار ئەم جوولەکە پیسانەوە بمێننەوە؟! دەست هەڵگرن، پایەڵۆز!

یەکێک لە پاسەوانەکان نیزیک بۆوە.

– هەموو کەسێک وەک تۆ بەختی نیە بەم مەقامە بەرزەتەوە!

شوشەیەک خواردنەوەت پێیە؟!

– بۆ تۆ هەمیشە هەیە «هانس».

دەستی بە گیرفانیدا کرد و شووشەیەکی دەرهانی، پاسەوانەکە وەری گرت و بە خۆشحاڵییەوە گەڕایەوە. ئینجا «ئەنتۆن» بێ خۆشڵەژاندن بە دەروازەکەدا رابوورد. دوای نیوکاتژمێر لەبەر بینایەکی نزمدا وەستا، کەس لە حەوشەکەدا نەبوو. «ئەنتۆن» دەرگەکەی کردەوە و بانگی هەر چواریانی کرد کە خێرا بچنە ژوورەوە.

بە راڕەوە تاریکەکەدا بەرەو دەرگایەک چوون. لەناکاو گوێیان لە دەنگ بوو کە بە «عیبری» دەپەیڤین. چوونە ژوورەوە، چەند جوولەکە لە ژێرخانەکە و لەسەر زەوییەکە دانیشتبوون. «ئەنتۆن شمید» دیار نەما و دوای چەند خولەک بە نان و باسورمەوە گەڕایەوە و رووی کردە خانمی «ئینس»:

– ئەمە برێک خواردنە، هەوڵیش دەدەم پاش بەرێکردنەکە، پسوولەی چوونە دەرەوەتان بو پەیدابکەم. وا چاکترە هەتا ئەو کاتە لە حەشارگەدا بمێننەوە، ترستان نەبێ، ئێرە

ئەمینە!.

ئینجا چووە دەرەوە، لە دەرەوە دەنگە خۆشحاڵیەکەی دەبیسترا، کە گۆرانی دەچڕی:

– ئێمە بەرەو جەنگ و سەرکەوتن دەچین!

جوولەکەیەکی پیر لە سوچێکدا دانیشتبوو، نزم بە خانمی «ئینس»ی ووت:

گوێ بگرە پارێزەرەکەمان تا بەوجۆرە هەموو ژیانی لە دوو زەماندا دەژی. بە زەمانێکی لە دەرەوە دەپەیڤێ، بە زەمانەکەی دیش لەگەڵ ئێمەدا. یەزدان ئاگای لێی بێ و یارمەتی بدات. تۆ نازانی ئەو چیمان بۆ دەکات! ئەو وەک ئەڵمانێک!.

لە نۆڤێمبەری ١٩٤٢دا «ئەنتۆن شمید» دەگیرێ و دەدرێ بە دادگەی جەنگی ئەڵمانی، کە بە مردن، کوشتنی بە گوولەباران تاوانبارکرا.

ئەو ئەڵمانیەی، کە لە دوو زەماناندا دەژیا، لە گۆڕستانی سەربازە ئەڵمانیەکانی «ڤیلنا» نێژراوە.

١– گیتۆ: بەو گەڕەکە تایبەتیانە دەووترا، کە جوولەکەی تێدا مۆڵ دەدرا، هەتا نۆبەی کوشتنیان دەهات.

٢– ڤیلنا: پایتەختی وڵاتی «لیتاو».

لە کۆمەڵە چیرۆکی «ژیان لە دوو زەماناندا» بەشی «خۆشەویستی لە دوو زەماناندا، لاپەڕە ١٣٧-١٣٨-١٣٩ وەرگێڕدراوە. دەزگەی ئەڵمانی بو چاپ ١٩٨٥. «ڤێلیسیا کارایی Fe-licja Karay خەڵکی پۆلۆنیا و لە ئیسرائیل دەژی. ١٩٢٧ لەدایکبووە. لە جەنگی دووەمی جیهانیدا کەوتۆتە ئۆردوگا بەندیخانەئاساکان و ژێرکاری سەختەوە. مامۆستای زانکۆیە لە «تەل ئەبیب».

# دەسنووسێکی بایەخدار لە "کتێبخانەی بریتانیا"

ئەنوەر سوڵتانی

*"کتێبخانەی بریتانیا" (١) لە شاری لەندەن، دەسنووسێکی کەموێنەی فارسی پاراستووە. دەسنووسەکە، ناوی "تاریخ الاکراد"ە، کە ناوێکی گشتییە بۆ ئەو مێژووانەی وا لەسەر کورد نووسراون، لە شەرەفنامەوە بگرە؛ تا "مێژووەکەی خوسرەو کوڕی محمدی ئەردەڵانی و مێژووی مەستوورە و هی تر...".*

*ئەم دەسنووسە، کە ژمارەی OR ٨ .١٤١ ی پێدراوە، سەرجەم ٣٣٦ لاپەڕەیە (١٦٨ پەڕە) و لە چوار بەشی جیاواز پێکهاتووە:*

**بەشی یەکەم:** ١٨٠ لاپەڕەیە (ff. 2b-92b) و بریتییە لە "مێژووی ئەردەڵان"، نووسراوی «ماهشەرەف خانم کچی ابو الحسن بەگ»، (١٢٦٣-١٢٢٦ی کۆچی) ناسراو بە «مەستوورەی کوردستانی»، کە مێژووی ئەردەڵانی لە سەرەتاوە تا ساڵی ١٢٥٠ی کۆچی نووسیووە.

**بەشی دووهەم:** ١٢٦ لاپەڕەیە (ff. 92b-155b) و «میرزا علی اکبر وقایع نگار»، ئامۆزای مەستوورە، درێژەی مێژووی ئەردەڵانی لە کۆتایی مێژووی ئەو شاژنە کوردەوە (١٢٥٠کۆچی) تا ساڵی ١٣٠٦ نووسیووە.

**بەشی سێهەم:** سەرجەم ٢٠ لاپەڕەیە (ff. 156b-166b) و گوڵبژێرێکە لە هەڵبەستە فارسییەکانی مەستوورە کە «میرزا عەلی ئەکبەر»ی ناوبراو پێکی هێناوە.

**بەشی چوارەم:** تەنیا چوار لاپەڕەیە (ff. 166b-168b) و ئەویش تاقە «قەصیدە»یەکی فارسی میرزا عەلی ئەکبەرە، کە ئەوەندەی من بزانم تا ئێستا بڵاونەبۆتەوە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی وا "کاتالۆگی دەسنووسەکانی کتێبخانەی بریتانیا" داویە بەدەستەوە، ئەم نوسخەیە « لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، لە ئێران بە خەتی نەستەعلیق نووسراوەتەوە، ١٦٨ پەڕ (واتە ٣٣٦ لاپەڕەیە)، هەر لاپەڕەی ١٧ دێڕە، قەوارەی لاپەڕەکانی ١٣٥×٢.٦ ملیمتر و قەوارەی شوێنی نووسراوی لاپەڕەکان ٨٠×١٠٠ ملیمترە، لەسەر کاغەزێکی خەتداری بۆر نووسراوەتەوە، صەححافی (تصمیم)ی باش کراوە و رووبەرگەکەی چەرمی ئەسڵی قاوەیە». (٢)

پێکهێنەر و نووسەرەوەی دەستنووسەکە «میرزا عەلی ئەکبەر» خۆیەتی، بەڵام وەک من سەیرم کردووە، بەلای کەمەوە شوێنی دوو-دەسخەتی تێدا بەرچاودەکەوێ و شێوەخەتی بەشی شیعرەکانی «مەستوورە» یەکجار جوان و نایابە.

سەرفەسڵەکانی، بە مەرەکەبی سوور نووسراون و هەوڵی چەشنە رازاندنەوەیەکی لاپەڕەکانیشی دراوە (وەک بە سوورنووسینی نوقتەی ئاخری رستەکان).

لەم ووتارەدا هەوڵدراوە ناوەڕۆکی هەر چوار بەشەکەی ئەم دەستنووسە نایابە بەکورتی بخرێتە بەرچاوی خوێنەر:ـ

١) بەشی یەکەم: واتە "مێژووەکەی مەستوورەی کوردستانی" پێشتر لە چاپدراوە (٣) و لەم ئاخرانەشدا، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. (٤) ئەم کتێبەی «مەستوورە»، هاوڕێ لەگەڵ "مێژووی بەنی ئەردەڵان"ی «خوسرەو کوڕی محمد کوڕی مەنووچیهر» (٥) و "تحفه‌ء ناصری" «میرزا شکرالله سنندجی (فخر الکتاب)» (٦) و "حدیقه‌ء ناصریه"ی «علی اکبر وقایع نگار» (٧) چوار سەرچاوەی سەرەکین بۆ دیراسەی مێژووی بنەماڵەی ئەردەڵان و ناوچەی ژێر دەسەڵاتیان.

لێرەدا، «مەستوورە» هەستی هونەری و بەهرەی ئەدەبی خۆی خستۆتە سەر تواناى زانستی و لە مەیدانی مێژوونووسینا گرەوی لە گەورەپیاوان بردۆتەوە. مێژووی «مەستوورە»، بە پێوانەی سەردەم، لەوپەڕی ئەمانەت و ووردبوونەوەدا نووسراوە و ئەمە خۆی ڕێزی نووسەرەکەی ئەباتە کەشکەڵان، بەڵام بۆ گرینگایەتی کارەکەی ئەوەندە بەسە کە بڵێین: مەستوورە تاقە مێژوونووسی ژنی سەدەی نۆزدەهەم بووە لە هەموو جیهانی ئیسلامدا.

کاری هونەری «مەستوورە» لە لایەنێکی دیکەشەوە شیاوی سەرنج و ووردبوونەوەیە: ماهشەرەف خانم نە لە مەیدانی مێژوونووسین و نە لە گۆڕەپانی هۆنەریدا وەک "ژن" بیری نەکردۆتەوە و شێوەی هەڵسەنگاندن و بۆچوونەکانی پیاوانەن ـ ئەمەش خۆی لایەنێکی لاوازە لە کاری ئەم هونەرمەندە مەزنە.

ئەگەر «مەستوورە»، «خانم» بمایەتەوە و وەک «خانم» بیری لە دیاردە هونەری و کۆمەڵایەتییەکان بکردایەتەوە، ئێمەی کورد ئێستا نموونەیەکی بەرزی «هونەری ژنانە»ی کۆمەڵگای کوردەواری سەدەی نۆزدەهەمان بەدەستەوە ئەبوو و دوورنییە کاری «مەستوورە» ببوایەتە هۆی بنیاتنانی لقێکی تایبەت لە هونەری کوردی و ژنانی هونەرمەندی تریش پێیان بنایەتە جێپێی ئەو رچەشکێنە کوردە و ئەمڕۆ ئێمە بە تەنیشت پیرەداری هونەری "پیاوانە"وە ئەمامێکی شەنگی "هونەری ژنانەی کوردی" یشمان لە نەشە و شنەدا بوایە. ئەو ئەمامەی کە هێشتا لە کۆتایی سەدەی بیستەمیشا لە باخی هونەری کوردی نەڕواوە و هێما ژنی کورد هەست و نەستی ژنانەی خۆی لە ئەدەب و هونەردا وەک پیاو دەرئەبڕێ و لە کاری هونەریدا وەک پیاو بیرئەکاتەوە. ئەمەش لە کاتێکایە کە هونەرمەندی ژنی کۆمەڵگای ئێمەش، ئەبێ سەربەخۆیی بیرکردنەوە و بۆچوونی هەبێ و

وەک "ژن" بڕوانێتە جیهان. کۆمەڵگای کوردەواریش ئەبێ ئەم ڕێگایە ببڕێ و لەم بوارە گرینگە بپەڕێتەوە. کورد ئەبێ مافی سەربەخۆیی بۆچوون و تێگەیشتن بۆ ژن بناسێ و ژنی کوردی هونەرمەندیش وێڕای تێکۆشان بۆ مافی کۆمەلایەتی، هەوڵی ئەو سەربەخۆییە هونەرییە بدا و بە یەجگاری شوێنکەوتن و لاساییکردنەوەی هونەری پیاوانە وەلانێ.

بەراوردی دەستنووسەکە لەگەڵ دەقی چاپکراوی مێژووی ئەردەلان و تەرجەمە کوردییەکەی کارێکی پێویستە، بەلام لە تاقەت ئەم ووتارەدا نییە. من خۆم جیاوازییەکی ئەوتۆم لە نێوانیانا بەرچاو نەکەوت، بەلام هەر ئەو وردە جیاوازییانەش کە هەن، شیاوی بەراوردکردنن و نرخی ئەم زەحمەتەیان هەیە. هیوادارم کوردی دانیشتووی ئەوروپا و بەتایبەت خوشک و برایانی دانیشتووی بریتانیا، سەرێک لە کتێبخانەکە هەڵێننەوە و ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ.

وەک ووتم، جیاوازی سەرەکی لە نێوان دەقەکانا بەرچاوناکەوێ، بەلام کەم و زۆر جیاوازی گەلێک لە بەینیانا هەیە، کە چەند نموونەی لە خوارەوە ئەخەمە بەرچاو:

ئ) جیاوازی لە وشەدا:

١ـ مەحموود (دەستنووس، f. 2b)

هەبوو (مەوجوود)، (دێڕی ٤، ل.٩ دەقی کوردی)

٢ـ خامەی دووزمان (دەستنووس، f. 2b)

خامە و زمان (دێڕی ٥، ل. ٩ دەقی کوردی)

ب) جیاوازی لە ڕستەدا:

١ـ ئایەتی: الله نور السموات و الارض (دەستنووس، f. 2b)

الله نور السموات و الارض مثل نوره کمشکاة فیها مصباح، المصباح في زجاجة. (دێڕی ١٤ و ١٥، ل. ٩، دەقی کوردی).

ج) جیاوازی لە دێڕ و پاراگرافا:

١ـ دوالاپەڕەکانی دەستنووس، باسی مردنی «فەتحعەلی شاه قاجار» و ڕووداوێکی سەرەتای شاهیەکی محمد شاه ئەکات، لە کاتێکا تەرجەمە کوردییەکە ئەم باسەی تێدا نییە. دەستنووسەکە ئەڵێ:

"کاتێ محمد شاه لە «تەبریز»ەوە (١٠) ئەچوو بۆ سەر تەختی شاهی لە تاران، داواکرا کە سەد گەنجی کوردستانی بەسواری لەخزمەتیدابن. ئەم سەدگەنجە، سەرەڕای بەفر و زستان و سەخڵەتی لە «قەزوین» (١١) گەیشتنە کاروانەکە و لەگەڵیا چوون بۆ تاران. بەم کارە، سوارەکوردەکان کەوتنەبەر مەرحەمەت و دڵنەوایی محمد شاه. ئینجا ئەنووسێ:

"لە مەجلیسێکی گشتیدا، قایم مەقام (١٣) کە وەزیری دەوڵەت بوو، دەستی کرد بەپێداهەڵگووتنی خەڵکی کوردستان و گووتی: خەڵکی ئێران، داهات و قازانجیان سەرفی

جلی ژنان ئەکەن یا کۆی ئەکەنەوە و لەسەریەکی دائەنێن، لەکاتێکا خەڵکی کوردستان ئەوی دەسکەوتیانە سەرفی کەرەسەی شەڕی ئەکەن".

٢) بەشی دووهەم لە دەستنووسەکە، درێژەی "مێژووی ئەردەڵان"ـە کە نووسەر خۆی ناوی "تاریخ الاکراد"ی لێناوە و تیایا لە رووداوەکانیساڵانی ١٢٥٠، ١٣٠٦ی کۆچی دواوە. نووسەری ئەم بەشە «میرزا علی اکبر وقایع نگار» (١٣) کوڕی «میرزا عبدالله منشی باشی سنندجی» (١٤) و ئامۆزای «مەستوورە»یە.

«میرزا علی اکبر، لە دیوەخانی میرانی ئەردەڵانا نووسەر، رووداونووس، راوێژکار، حیسابدار و باجکۆکەرەوە بووە». (١٥) و کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی "حدیقە ناصریە"ی کە بەناوی «ناصرالدینشاە قاجار»ـەوە (١٣١٣-١٢٤٧ ک.) نووسیوە (١٦) و تیایا زانیارییەکی زۆری لەسەر جوغرافیا و مێژووی بەشێک لە کوردستانی بە ئێرانەوە بەستراوی خستۆتە بەرچاو.

ئەم "تاریخ الاکراد"ـەی میرزار علی اکبر، لەراستیدا بەشێکە لە "حدیقە ناصریە". نووسەر لە کتێبی ناوبراودا ئەنووسێ:

"باسی رۆژانی ژیان و پێشکەوتنی [سەردەمی] محمد ابراهیم خانی نظام الدولە (١٧) بە دوورودرێژی لەو "تاریخ الاکراد"ـەدا هاتووە کە منی ناچیز... نووسیومە". (١٨)

ئەم قسەیە، وا ئەگەیێنێ کە میرزا علی اکبر، "تاریخ الاکراد"ی پێش "حدیقە ناصریە" نووسیوە و هەر ئەم دەقەش بۆتە بنەمای نووسینی "حدیقە ناصریە".

بەراوردی دەستنووسەکە نوسخەی زانستگەی کەمبریج و هەروەها دوو دەستنووسی کتێبخانەکانی تاران، (١٩) کارێکی پێویستە. هیوادارم کاک «محمد رئوف توکلی» دەرفەتی ئەم کارەی بۆ هەڵکەوێ، دەنا گەنجێکی لێهاتووی کورد پەیدابێ و ئەم کارە راپەڕێنێ.

«میرزا علی اکبر»، لە سەرەتای مێژووەکەی خۆیا (لاپەڕە f. 92b ی دەستنووسەکە) ئەڵێ:

"با بزانرێ کە "مێژووی کوردان" نووسراوی خوالێخۆشبووی بەهەشتی «ماهشەرەف خانم»ی نازناو بە «مەستوورە»یە، کە ئامۆزای ئەم ناچیزە ڕووڕەشە «علی اکبر وقایع نگار» کوڕی خوالێخۆشبوو «میرزا عبدالله فشی باشی» کوردستانە. [مەستوورە، ئەم مێژووەی] لە سەرەتای شاهیەتی خوالێخۆشبووی خێرومەندی بەهەشتی -پادشاهی پێشین «محمد شاە»ی غازی و هەروەها لە هەوەڵی حکوومەتی خوالێخۆشبوو «رضاقلی خانی والی»دا نووسیبوو [بەڵام] مردن یەخەی گرت، جیهانی بێوەفای بەجێهێشت و بۆی نەلوا تەواوی بکات.

ئینجا دەستی دەمارگیری خزمایەتی> داوێنی ئەم غولامی دەرگانەیەی گرت، کە سەرەڕای ئەوەی سەرمایەی کەماڵ و هونەرم نییە و لە ئینشا، و دەفتەرنووسینا، کەمایەم؛ بەڵام بەپێی ئەوەی گووتوویانە "من تصنف فقد تهدف"، هەر لە ساڵی ١٢٥٠ی کۆچییەوە

تا ئەمڕۆ کە کۆتایی مانگی ربیع الاول ساڵی ١٣٠٦ی کۆچییە، ئەوەی ڕووداو و پێشهاتی ئەو پەنجا و شەش ساڵە بووە، بەقەدەر وزە و توانا و زانستی خۆم، نووسیمە".

لە دوالاپەڕەشا، دوای ئەوەی بە شانۆیاڵی «میرزا محمد ابراهیم خان نظام الدولە»دا هەڵئەدڵێ کە ئەودەم حاکمی کوردستان بووە، مێژووەکەی خۆی پێشکەش ئەکا بە «غوڵام علی خانی میرپەنجە» -کوڕی نظام الدولە» کە دوو مانگ و حەوت ڕۆژ لە کوردستان ماوەتەوە" و لەگەڵ میرزا عەلی ئەکبەردا "تەوبەڕی مەرحەمەتی هەبوو"ە.

دەستنووسەکە، پارچەهەڵبەستێکی «حسین قلی خان» کوڕی ئەمانوڵلاخانی ئەردەڵانیشی تێدایە کە لە دەقی چاپکراوی "حدیقە ناصری" و هەروەها لە دەستنووسەکەی کتێبخانەی زانستگەی کەمبریجا نابیندری.

«حسین قلی خان» کە نازناوی شیعری «حاوی» بووە، خوشکەزای میرزا عبدالله منشی باشی «رونق»ە، کە خاوەنی "تذکرە حدیقە امان اللهی"یە و بەم پێیە ئەبێتە پوورزای «میرزا عەلی اکبر».

حاوی "لە ساڵی ١٢٦٣ی کۆچی لە خاکی بابان کۆچی دوایی کردووە"، (٢٠) مرۆڤێکی باش و شاعیرێکی لێهاتوو بووە، کە تاک و تەرایەک لە شیعرە فارسییەکانی ماون. لەم قەسیدەیەدا کە ٥٥ فەردە، بە دووروودرێژی باسی شەڕی "پشتەریشان" ئەکات کە لەنێوان ئەردەڵان و باباندا قەوماوە و بە "تەنز" و قسەی خۆش لە پاشەکشێ و هەڵاتنی سپای ئەردەڵان ئەدوێ. ئەمەش فەردی یەکەم واتە "مەطلەع"ی قەسیدەکەیە:

زنسل اردلان، اصل سنندج تا کە بُنیان شُد بطومار ممالک اردلان، آباد عنوان شُد.

ئەم قەسیدەیە زۆر لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی و گەلێک باری لاوازی حکومەتی ئەردەڵان ئەخاتە پێش چاو کە جێی خۆیەتی وەرگەڕێتە سەر زمانی کوردی.

٣) بەشی سێهەمی دەستووسەکە، گوڵبژێری هەڵبەستە فارسییەکانی «مەستوور»یە. میرزا عەلی ئەکبەر، لە سەرەتای ئەم بەشەدا دوای ئەوەی ژیننامەیەکی کورتی ئەو کەڵەژنە کوردەی نووسیوە، ئەڵێ:

"..٢ فەرد لە شیعرەکانی دیوانی «مەستوورە»م بە فرمانی «میرزا ابراهیم خانی نظام الدولە» گوڵبژێرکرد". میرزا عەلی ئەکبەر، هەروەها ئەڵێ: "مەستوورە نزیک بە هەشت هەزار فەرد شیعری بووە". (٢١) بەڵام بەداخەوە باسێک لە شیعرە کوردییەکانی ناکات. هەروەها ئەنووسێ:

"مەستوورە لە خۆشنووسیدا، «میرعیماد»ی دووهەم (٢٢) بووە و لە «ربط» و ئینشادا لە «ابن عُباد» (٢٣) کەمتر نەبووە".

گوڵبژێری شیعرەکانی «مەستوورە» بەدەست «میرزا علی اکبر» ی ئامۆزای، نوسخەیەکی باوەڕپێکراو و جێی متمانەیە و پێویستە بۆ ڕاستکردنەوەی دیوانی شیعرە فارسییەکانی «مەستوورە» کەڵکی لێوەربگیری.

گوڵبژێرەکە، بریتییە لە ٣٦ غەزەل و ٧ چوارینە. من، کاری بەراوردی نوسخەکەم لەگەڵ دیوانی چاپکراوی «مەستوورە»ی کوردستانی (٢٤) بردووەبەڕێوە و هیوادارم لە داهاتوودا بتوانم بیخەمە بەرچاوی خوێنەران. ئاکامی ئەو بەراوردە، بەچەشنی خوارەوەیە:

ئ) لە سەرجەم ٣٤ غەزەلی دەستنووسەکە، حەوتیان لە دیوانی چاپکراوی «مەستوورە»دا بەرچاوناکەون.

ب) لە پاشماوەی غەزەلەکانیشا، هەندێ فەردی وا هەن کە لە دیوانی چاپکراوا نابیندرێن.

پ) لەبەرئەوەی شیعری دەستنووسەکە، هەڵبژاردەن، ئاشکرایە زۆر فەرد یاخود، غەزەلی وا لە دیوانەکەدا هەن کە لەدەستنووسدا نین.

ت) لەو فەردانەشدا کە هەم لە دەستنوس و هەم لە دیوانی چاپکراوا بەرچاوئەکەون، زۆر وشەی جیاواز یاخود پاش و پێشی وشە و عیبارەت ئەبیندرێ.

ج) لە سەرجەمی شەش چوارینە (رباعی) ناو دەستنووسەکە، چواریان بە هەندێک جیاوازییەوە لە دیوانی چاپکراوا ئەبیندرێن.

چ) دوو چوارینە لە دیوانەکەدا نەهاتووە، بەڵام دەستنووسەکەی «میرزا عەلی ئەکبەر» پاراستوونی، وامن لێرەدا ئەو دوو چوارینەیە، دەهێنمەوە. لە چوارینەی یەکەمدا، «مەستوورە» رووی قسەی لە خوسرەوخانی والی (مێردی خۆی) بووە و ئیشارەتێکیشی تێدایە بۆ رازی "خوسرە و شیرین" و ئەم ئیشارەیە بە چەند «صنعت»ی ئەدەبی وەک «ابهام» و «مراعات النظیر» راگەیندراوە:

* در دامن بیستون غم، فرهادم        وزکید عجوزهٔ زمان، ناشادم
گر خسروم از مهر به مُشکو خواند    شیرینم وا ز قید بلا آزادم

** خوش آنکه د می تو همنشینم باشی    مسروری خاطر حزینم باشی
از جان شومت مُشتری از مهر، شبی  ای ماه! چوزُهره‌گر قرینم باشی

هەڵسەنگاندی شیعری «مەستوورە»، لە تاقەتی ئەم ووتارەدا نییە، بەڵام دیاریکردنی جێگای وەستانی «مەستوورە» لە ئەدەبی فارسیدا کارێکی پێویستە و بۆ ئەم کارە، ئەبێ چەند لایەنی سەرەکی لە کاری هونەری ئەو هونەرمەندە کوردە روونکرێتەوە:

ئ) مەستوورە وەک هەموو کەسێکی تر، شوێنی کۆمەڵگا و سەردەمی خۆی لەسەرە.

ب) هەڵسەنگاندنی کەسایەتی و لایەنی هونەری و زانستی ژیانی مەستوورە، تەنیا لە چوارچێوەی بارودۆخی سیاسی-کۆمەلایەتی کۆمەڵگاکەیا ئەگونجێ.

پ) بۆ ناسینی تایبەتمەندییەکانی کاری هونەری مەستوورە، بەتایبەت شیعرە فارسییەکانی، پێویستە شیعری فارسی لە سەردەمی ژیانی ئەوا باش بناسین و بەرزونزمی

و بەهێزی و لاوازی شیعری سەدەی سێزدەهەمی ئێران بەباش شیکەینەوە.

ت) مەستوورە -وەک زۆرێک لە شاعیرانی فارسی ویژی سەدەی سێزدەهەم، لە باری شێوە و ئوسلووبەوە، بەشێک بووە لە "ڕاپەڕینی پاسیڤی ئەدەبی"، کە بە ناوی "گەڕانەوە"وە (٢٥) ئەناسرێ. ئەم ڕاپەڕینە، دژ بە شێوەی هیندی لە شیعری فارسیدا بەڕێوەچوو و شاعیرانی پێشڕەوی ئەو ساڵانە پشتیان کردبووە ئەو فورمالیسمەی کە تانوپۆی لەشی شێوەی هیندی داگرتبوو، بەڵام مەستوورە و هەموو ڕاپەڕیوەکانی تر، ئەوەندەی لە دژایەتی دیاردە کۆنەکەدا سەرکەوتووبوون، ئەوەندەش لە دابینکردنی ڕێوشوێنی داهاتووی خۆیانا تووشی شکست بوون. شاعیرانی ڕاپەڕیوە کە "زەمان" یان ئەناسیبوو و هێما باوەڕیان بە "داهاتوو" نەهێنابوو، ناچار پەنایان بردەبەر ڕابوردوو: تاقمێک جووتی هونەریان لە "خۆراسان" ئەگەڕایەوە و لاسایی شاعیرانی شێوەی "خۆراسانی"یان ئەکردەوە، تاقمێکی تر -کە مەستوورە یەکێکیان بێ، ڕوویان کردبووە، ڕووگەی "عیراق" و بنیشتی جاوی شێوەی "عیراقی"یان سەرلەنوێ ئەجاوییەوە. ئەم شاعیرانە، هەر کام "بوت"ێکیان لەناو شاعیرانی کۆنی فارسیدا ئەدۆزییەوە و ڕووی پەرستنیان تێئەکرد، واتە لاسایی کارەکانیان ئەکردەوە.

ج) مەستوورە، هۆگری "حافظ" (٢٦) و "سەعدی" (٢٧) بوو. لەم دووانە، بەتایبەت حافظ، شوێنێکی زۆری لەسەر هەستی هونەری مەستوورە داناوە.

چ) مەستوورە، ڕۆڵەی ئەو سەردەمە ناڵەبارەیە کە شاعیرانی فارسویژ، لەجیاتی داهێنان و خوڵقاندن، بەهرەی هونەری خۆیان ئەخستە خزمەت لاساییکردنەوە و کاوێژی شیعری شاعیرانی پێشوو.

ح) مەستوورە، لە شیعرە فارسی، لاساییکەرەوە و کۆپیهەڵگری شاعیرانی شێوەی عیراقی و لەسەر هەموویانەوە، حافظ و سەعدییە. ئەو یەک دوو پارچە شیعرە کوردییەش کە بەناوی ئەوەوە ناسراون، هەر تام و بۆنی شیعری شێوەی "عیراقی" یان هەیە و لێکۆڵەری شیعری کوردی مەستوورە و زۆر کەڵەشاعیری تری کورد (وەک نالی و وەفایی و میسباح الدیوانی ئەدەب) کاری شیکردنەوەی شیعرەکانیان ناتوانن بەڕێوەبەرن مەگەر شیعری شێوەی عیراقی و هیندی لە شیعری فارسیدا بناسن. بەکورتی: مەستوورە لە شیعری فارسی (و کوردیشدا) هەموو ئەو تایبەتمەندییانە لە خۆی نیشان ئەدات کە تاقمی لایەنگری شیعری شێوەی عیراقی لە سەدەی دوازدە و سێزدەهەما -واتە لایەنگرانی "شێوەی گەڕانەوەی ئەدەبی" لە خۆیانی نیشان ئەدەن. بەم پێیە، ناسینی شیعری مەستوورە و توێژینەوە لە پایەکانی شیعری ئەو شاژنە کوردە بێ پەیوەندی بەم «قوتابخانە ئەدەبی»یەوە لە گونجان نایەت. مەستوورە، شیعرە کوردییەکانیشی لەم چارەنووسە بەدەرنین و سەرەڕای جیاوازی زمان، شێوە و ئوسلووبیان هەمان شێوەی شیعرە فارسییەکانییەتی.

٤) بەشی چوارەم و دوابەشی دەستنووسەکە، تەنیا چوار لاپەڕەی گرتۆتەبەر، ئەویش

قەسیدەیەکی فارسییە کە لە ٥٤ فەرد پێکهاتووە و بەم "مەطلەع"ە دەست پێ ئەکات:

باز پاشید فلک بر چمن و باغ، نمک    دگر افشاند نمک در دمن و راغ فلک

«میرزا علی اکبری وقایع نگار» کە شاعیری ئەم شیعرەیە، هیچ کاتێ بە ناوی شاعیرەوە نەناسراوە، بەلام ڕێکوپێکی قەسیدەکە، ڕادەیەکی باڵا لە توانای هەڵبەستەوانی ئەو گەورەپیاوە کوردەمان نیشان ئەدات، کە قەڵەمی بۆ خزمەتی مێژووی کوردستان تەرخانکردووە و بەداخەوە تا ئێستا قەدری خزمەتەکانی نەزانراوە.

هەڵبەستەکە، پڕە لە "ئیماژ"ی شاعیرانە و نیشانەدەری دەسەلاتی بەرزی میرزا عەلی ئەکبەرە لە هونەر و بەتایبەت لە شاعیریدا. لە عەینی وەختا، ئەم قەسیدەیە لە باری گێڕانەوەی ڕووداوی کۆمەلایەتی و چۆنیەتی ژیان لە کۆمەڵگای ئەودەمی شاری سنەدا، بەڵگەیەکی بایەخدارە.

هەژاری و دەستتەنگی شاعیر کە نووسەری دیوەخانیش بووە، ئاتاجی خۆی و خێزانی بۆ بارێک ڕەژی ئەویش لە زستانی ساڵێکی سارد و تووشا، تەمەنی ژن و منداڵەکەی، ناوی خواردەمەنی، ناوی «صراف»ی شاری سنە و زۆر شتی بەتام و بۆن لە ژیانی ناوشار و ناوماڵ لە شیعرەکەدا ڕەنگیانداوەتەوە.

ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە کە شاعیر لە فەردێکی ئەم شیعرەدا باسی وێرانی ماڵی "ئەفسەر" ئەکات. ئێمە ئەزانین "ئەفسەر"، نازناوی «میرزا مرتضی قلی کوڕی میرزا عەبدولکەریم کوڕی یۆسفی وەزیری» بووە کە لە ساڵی ١٢٦٢ی کۆچیدا جیهانی بەجێهێشتوو. (٢٨) بەم پێیە، ئەبێ ١) میرزا عەلی ئەکبەریش نازناوی شاعیری "ئەفسەر" بووبێت. ٢) یاخود لە شیعرەکەدا ئیشارەی بە وێرانی ماڵی «میرزا مرتضی قلی ئەفسەر» کردبێت، کە دوورنییە برادەری یەکتربووبن. بەداخەوە شیعرەکە خۆی هیچ کام لەو دوو بۆچوونە ناسەلمێنێ – وەک ڕەدیشیان ناکاتەوە.

هیوادارم ئەم کورتەباسە، بۆ ناساندنی دەستنووسە بایەخدارەکەی «میرزا علی اکبر» بەس بێت و کوردێکی بەهیمەت، شانبداتە بەرکاری بەراوردکردن و بڵاوکردنەوەی.

پەراوێزەکان:ـ

١) The British Library London, England.

٢) Catalogue of The Griental Manuscripts.

٣) مستوره کردستانی، تاریخ اردلان، بەهیمت ناصر آزادپور، چاپخانە بەهرامی، سنندج، ١٣٢٨ هـ.ق.

٤) مەستوورەی کوردستانی، مێژووی ئەردەلان، د. حسن جاف و شکور مصطفی کردوویانە بە کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، ٤، ١٩٨٩.

٥) خسرو بن محمد بنی اردلان، تاریخ خسرو بن محمد بنی اردلان، چاپ عکسی ازروی نسخەء خطی، ترجمە بە روسی، مقدمە، تعلیقات و فهرستها از ا.ا. واسیلیوا، مسکو، ١٩٨٤. (ادارەء انتشارات "دانش"، شعبە ادبیات خاور).

٦) میرزا شکرالله سنندجی (فخر الکتاب)، تحفه ناصری در تاریخ و جغرافیای کردستان، مقابله و تصحیح، حواشی و تعلیقات از دکتر حشمت الله طبیبی، انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٦٦ هـ.

٧) علی اکبر وقایعنگار کردستانی، حدیقەی ناصریه در جغرافیا و تاریخ کردستان، به تصحیح محمد رئوف توکلی، ؟، ؟.

٨) لە نێوان ساڵانی ١٣١١ و ١٢٥٠ (= ١٧٩٧ تا ١٨٣٤) شای ئێران بووە.

٩) لە ساڵی ١٢٥٠ تا ١٣٦٤ (= ١٨٣٤ تا ١٨٤٨) لە ئێران شاهیەتی کرد.

١٠) مەرکەزی ئازەربایجان و شاری "وەلیعەهدنشین".

١١) شارێک لە نێوان تاران و هەمەدان.

١٢) میرزا ابوالقاسم کوڕی میرزا عیسی قائم مقام، ئەدیب، نووسەر، شاعیر و وەزیری عباس میرزا و محمد شاه. قایم مەقام لە کۆتایی مانگی سەفەری ساڵی ١٣٥١ی کۆچی بە دەستووری محمد شاه خنکێندرا.

١٣) بڕوانە سەرەتای کاک محمد رئوف توکلی بانەیی لەسەر کتێبی حدیقه، ناصریه، پێشوو.

١٤) میرزا عبداللەی باوکی میرزا علی اکبریش شاعیر و نووسەری دیوەخانی ئەردەڵانەکان بووە و تەزکەرەیەکی لە شیعری فارسی شاعیرانی ناوچەی ئەردەڵان پێکهێناوە کە بە "امان الله خان"ی والییەوە، ناوی "حدیقه امان اللهی" لێناوە. بڕوانە:

تذکره، حدیقەامان اللهی، تالیف میرزا عبدالله سنندجی متخلص به "رونق" درسال ١٢٦٥ هجری قمری، بتصحیح و تحشیه، دکتر ع. خیامپور، مؤسسه تاریخ و فرهنگ ایران، تبریز، ١٣٦٦ هەتاوی.

نوسخەیەکی دەستووسی ئەم کارە نایابەی میرزا عبدالله لە "کتێبخانەی بریتانیا" پارێزراوە (OR. 2943). هیوادارم کوردێکی فارسیزان ناوڕ لەم دەستووسە بداتەوە و لەگەڵ دەقەچاپکراوەکەیا بەراوردی بکات.

١٥) سەرەتای "حدیقه ناصریه"، پێشوو.

١٦) هەمان.

١٧) میرزا ابراهیم خان، نظام الدوله نوری لە ساڵی ١٣٠٥ تا ١٣٠٨ی کۆچی حاکمی کوردستان بووە. (پەراوێزی دکتر حشمت الله طبیبی، تحف، ناصری، پێشوو، لاپەڕە ٤٤١).

١٨) حدیقه ناصریه، پێشوو، ل. ٢٦٥.

١٩) چاپی حدیقەی ناصریە لە ڕووی دوو نوسخەی دەستووس پێکهاتووە کە بە "کتێبخانەی نەتەوایەتی ئێران" و "کتێبخانەی مەلیک" لە تاران پارێزراون. بڕوانە سەرەتای چاپی حدیقه ناصریه، پێشوو.

٢٠) بابا مردوخ روحانی، تاریخ مشاهیر کرد، جلد اول، سروش، تهران، ١٣٦٤ هـ، ل. ٣٦٥.

٢١) تاریخ مشاهیر کرد، ژمارەی ئەو قەردانەی بە ٢٠ هەزار زانیوە، بڕوانە: بابا مردوخ روحانی، پێشوو، ل. ٣٦٨.

٢٢) محمد کوڕی حسێن قەزوینی گەورەترین و ناسراوترین نووسەری خەتی "نەستەعلیق" لە ئێران (٩٦١-١٠٣٤ک). فرهنگ فارسی معین.

٢٣) ابن عباد، اسمعیل وەزیری زانای ئێرانی (٣٢٦-٣٨٥ ک.). فرهنگ فارسی معین.

٢٤) دیوانی مەستوورە، یەکەمجار لەلایەن "حاجی یحیی معرفت کردستان"ەوە چاپکراوە، بەڵام من کاری بەراوردم لەگەڵ چاپی تازەتری دیوانی مەستوورە ئەنجامداوە:

دیوان مستوره، کردستانی «ماه شرف خانم»، به کوشش احمد کرمی، نشریات ما، ٤، ١٣٦٢ هـ.

٢٥) شیعری "فارسی دەری" –واتە شیعری فارسی پاش هێرشی عەرەب بۆ سەر ئێران، پێنج قۆناغی سەرەکی هەبووە و باشتر بڵێین، بەسەر پێنج شێوەدا دابەشکراوە:

ئـ) شێوەی "خوراسانی" یا "تورکستانی" لە سەدەی دووهەمەوە تا سەدەی پێنجەمی کۆچی.

ب) شێوەی "عیراقی" لە سەدەی شەشەم تا دەهەمی کۆچی. (نیاز لە عێراق، ناوچەی عێراقی عەجەمە کە عەرەب بە "جبال"یان ناوبردووە.

پ) شێوەی هیندی لە سەدەی دەهەم تا دوازدەهەمی کۆچی.

ت) شێوەی گەڕانەوە لە سەدەی دوازدە تا سیزدەمی کۆچی.

ج) شێوەی نوێ کە لە سەرەتاکانی سەدەی چاردەوە دەستی پێکردووە.

٢٦) خواجه شمس الدین محمد حافظ شیرازی، لە سەرەتای سەدەی هەشتەمی کۆچیدا لە دایکبووە و لە ساڵی ٧٩٢ لە شیراز مردووە. زۆرکەس، حافظ بە گەورەترین شاعیری زمانی فارس لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ ئەزانن.

٢٧) شیخ مشرف الدین مصلح کوڕی عبدالله شیرازی نووسەر و شاعیری ناوداری سەدەی حەوتەمی ئێران و دانەری "گوڵستان" و "بۆستان"، لەگەڵ حافظ دوو پایەی سەرەکی شیعری فارسین.

٢٨) تاریخ مشاهیر کرد، پێشوو، ل. ٣٦.

هاوینی ساڵی ١٩٩٢

# مەحموودی دەوڵەت ئابادی، چۆن لە کوردان دەگا!؟

ئەحمەد شەریفی

چیرۆکی (١٠) پاژی (کلیدەر) ئەگەر گەورەترین، پڕ ناوەرۆکترین، شاکاری ئەدەبی هەرە مەزنی، داستان نووسی فارسی نەبێ، بێگومان کەم وێنە و لانی کەم جارێ بێ هاوتایە، بە تایبەت کە دەوڵەت ئابادی نووسەری رومان، لەم چیروکەدا پرژاوەتە سەر (لێ و لۆی) کوردانی باکوری خۆراسان و وەک وەستایەکی شارەزاو کارامە ئەوانەی لێکدا و پێکەوە لکاندووە و قارەمانانی (لێ و لۆی) لێک نزیک کردۆتەوە و خێوی چارەنووسێکی لکاوی کردوون و چاوئانێکی دیاریکراوی بۆ نەخشاندوون. کە پێم وایە، ئەم کارە لە توانا و برشتی کەم کەس دایە و رەنگە ئەگەر نووسەر خوشی منالی گوندی نەبایە و هاوسای دەرماڵی کوردان قەت نەیدەتوانی کارێکی وەها گرنگ ئەنجام بداو بەرهەمی رەنجی ناوچاوانی ببێتە گەوهەری شەوچرای پڕ تروسکان. مام مەحموود، وەها مەراڵ و گوڵ مەحمەد و ما دەروێش و بلگێس خان دەژینێتەوە کەمرۆ هەستی راستەقینەیان پێدەکاو خۆی سەرفراز دەزانی کە قارەمان گەلی وای لە کۆمەڵگای بیرو ئەفسانەی دا ژیاون. بە گشتی و مشتی پێم وانییە هیچ خاوەن خامەیەک وەک خالۆ مەحموود، وورد بین و دەردبین، لە خوێی پڕ مابا کارێکی وا هێژاو و بەنرخ و پڕ مرخ بخولقێنێ، بە چەشنی کە مرۆی خوێنەر، خۆی ئاوێتەی ژیانی قارەمانانی چیرۆک وە بزانێ. ئەم کارەی کاک مەحموود کە هاتووە وورده سەربووری (لێ و لۆی)ای کوردانی کردۆتە چیرۆکێکی ئەدەبی. ئەگەرچی لە ئێران و ئەدەبی فارسی دا یەکەم هەنگاوە ئەویش سەرکەوتوانە و سەرفرازانە) بەڵام بە گشتی لە دونیای چیروک نوسیندا بێ وێنە نییە. کارڵ مای ١٨٤٢-١٩١٢، چیرۆکنووسی ئەڵمانی، بە نووسینی (کوردستانی کێوی)، کارێکی نەمرانەی وای ئەنجام داوە. کە وەک تانجێکی گوڵی هەرگیز سیس نەبوو لە ئەدەبی رومان نووسی ئەوروپادا مایەوە لە خۆماڵییەکانیش دا پرۆفیسور عەرەب شامیلۆف، نوسەری گەورەی کوردی سۆڤیەت بە خولقاندنی داستانی(دمدم) بەرگێکی زێڕینی پێشکەش ئەدەبی رومان نووسی جیهان کردو، نوسەری کوردی تورکی نووس (یاشار کەماڵ)یش کە بنەمایەی زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمەکانی وەک (دەرەبەگەکانی ئاقچەساز . ئەفسانەی چیای ئاگرین- حەمەدۆک ..) گشت لە ئەقڵ و ئەزیلە و بەیت و ستران و سەربووری کوردان گیراون، قورسایەکی گرنگی خستۆتە سەر بارستایی ئەدەبی چیرۆک نووسی لە جیهاندا. بەڵام کارەکەی دەوڵەت ئابادی رەنگە تازەترین پەرداخێک بێ لەم بابەتە وە کە دیاردەمان بۆ کردو یەکەم شەقڵی کارە لە ئەدەبی فارسی دا، کە لە باری جوانی و رازاوەیی و پەرداخت و بە راشتییەوە بێ وێنەیە و شک و گومانی لەسەر نییە. بەڵام

سەرەرای ئەوەشو لێرەدا شەڵ نییە پێ شکاوێک دێتە گۆڕێ و چەشنە دەمارگرێکی سەیرو بۆچوون و گەلێکی سەمەرە، لە دوڵەت ئابادی دا دەخولقێ، ئەویش کاتێ قامیش وا گوڵ دەکات کە (أمیر حسن چهل تن- فریدون فریاد) چاکی لێ بەلادا دەکەن و هەڤ پیوانێکی لەگەڵ چێدەکەن و زۆر کەلێن و قوژبنی نووسراوەکانی و هێندەی جارشکۆڵە و گومان و لە بۆچونیش روون دەکەنەوە، هەتا دەگەنە سەر مەسەلەی (کلیدەر) و شێوەی نووسین و خولقان و ئینجا داخۆ لە بۆ هەڵبژاردنی کوردان بۆ قارەمانی ئەم رۆمانە (باشە ئێوە بوچی ئەم گەلەتان هەڵبژاردووە. یاخو ئەم گەلەتان بۆ رۆمانەکە هەڵبژاردووە ل ٢٩٣) لێرەدا ئیتر مام مەحموود تێدەکوشێ باس و وڵامەکان کورتە و ساویلکانە بداتەوە، ئیدی سەری نە لە فەلسەفە و پیتۆڵی دەردەچێت و نە لە مێژوو دەڕوانێ. ئیتر ئەو پیاوە نییە کە قسەی زڵ و ملی دەکرد و لە (تعهد) و مەعەهوود دەدواو هەموو شتێک لە گوڵ محەمەد بە وێنەی تەوەر دا خولاسە دەکاتەوە.. زنجی کاتێ پتر گوڵ ژۆ دەڵێ کە (فریدون فریاد) لێی دەپرسێ ئێستا بە هێنانەوەی کوردەکانی (میشکاڵی و تونکاڵی) مەبەستان خستنە بەرچاوی گەلێک بووە؟ نموونەی گەلی کورد بە شێوەیەک ل٢٩٣) دەوڵەت ئابادی کورتە وێژی دەکاو بە رسیڤ دەداتەوە (نە) و تێدەکۆشێ وەڵامی پرسیارەکە بە جۆرێ بداتەوە کەبۆچوونی هێنانە گۆڕێ گەلێک) هەر لە ئاردا نییە و نەبووە بۆ ئەوەی ئاو بە ئاگردا کا ، کای کۆن بە با دەداو باسی سەرۆکە دەولەمەندەکانی کورد لەگەڵ دەوڵەتی« کۆنەپەرستی قەوام سەلتەنە ل ٢٩٤. دەکاو حەول دەدا، مەسەلەکە گچکە و چکۆلەکاتەوە و چوارچێوەی هاوکاری دەوڵەمەندەکانی کورد لەگەڵ دەوڵەت و لەگەڵ حکومەتی کۆنەپەرستی قەوام سەلتەنە دا بشارێتەوە و بێزێنگ بەسەر خۆردا رابگرێ. کاتێ باسی زمانی کوردی دێتە گۆڕێ دەوڵەت ئابادی کاس و ماس دەبێ و دەست دەکا بە نازانمکاری و نەمیدانەم و زمانەکەیان تێکەڵ و پێکەڵە و (هەرگیز ئەوان بە زمانێک دەدوێن کە من و تۆ تێینەگەین کە کوردییە و کوردیش نییە. مەگەر لە رەگ و ریشەکانییەوە. چونکە ئاوێتە بوونێکی لەگەڵ ئەو تورکیەی لە خۆراسان دا بەکاردێ و هەرچەشنە تورکیەکی ترە ل٢٩٥)

خوێنەری کوردی شارەزا لە زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، بە تایبەت کوردەکانی خوراسان کاتێ ئەم ووردە فەرمایشانەی دەوڵەت ئابادی دەخوێننەوە، بە خۆی نییە دەبێ قاقا بۆیی لە پرمەی پێکەنین دا ئاخر جەنابی دەوڵەت ئابادی تۆ کە زمانی کوردی نازانی و تێ ناگەی بۆ راست و رەوان نایەژی کوردی نازانم. بەلام دەمارگری ئەم ئیزنەی پێ نادا و خۆ لە قەرەشی دەدا، کە بەقەد ترپێکی تەری تێدا شارەزانییە. خۆ لەم بوارەدا. هەر تەنیا دەوڵەت ئابادی نییە دڕدۆنگانە دەڕوانێتە کورد و کوردان. بەڵکو بەرێز (فەرەیدون فریاد) یش سەروچەمی کوردان دەشکێنێ و دەفەرموون (ئەمانە لە سەرەتادا خۆیان بە ئیرانی دەزانن ل٣٩٧)، مخابن لەبۆ ئەم فارسی وتنەی (پێم وایە فەریدوون فریاد، لە پێشدا چوبایە رێزمانی فارسی فێربایە، چاتر لەوە بوو کە دڕدۆنگانە باسی کورد بکا) بەلام وڵامی دەوڵەت ئابادیش خۆی سەمەرەیە و لە جیاتی وەی راست و رەوان دیاردە بۆ مێژوی ئیران و

نەخش و پێشینەی هەزاران ساڵەی کورد روون کاتەوە، هەڵدەکوتێتە سەر(کێشە بنەرەتی و مادییەکان وگرفتە فەرهەنگی و سونەتیەکان) پەیوەندی سەرۆکەکانی هەر گەلێک بە کۆشکی میرییەوە وەکو حکومەتی پاشایەتی لە ئێراندا و تێدەکوشێ بەم قسە هەرەمانە وا بگەیەنێ کە ئەوە هەر تەنیا سەرۆکانی کورد بوون لە خزمەت رژێمی (نظام شای در ایران) و کورد لە رژێمی (نظام شایی در ایران)دا کەوچکە قوڵەبووە و هەمەکارەو شابانی ئێران قەت کوردیان نەکوشتووە و سەرگوم و دەربەدەرو وێرانە ماڵ نەکردوو و بێ پرس و جۆیی کوردان قامکیان لە ئاو نەناوە... ئەگەر وایە ئەو هەموو کوردەی باکوری خۆراسان و کیلان و مازەندەران. قەزوێن و زەنجان، کەرەج و دەوورویەری تاران، کێ راوی ناون و سەرگوم و دەربەدەری کردوون!؟. دەوڵەت ئابادی، راستەوخۆ بەم بۆچوونەی پارێزگاری و بەرگری لە هەموو کردوەوەی درەندانە و نارەوای شایەکانی کورد کوژ دەکاو بە (اتصال سران بر قوم بە دربار)یان ئەداتە قەڵەم. دروستە هێندی لە سەرۆک خێڵ و دەرەبەگەکانی کورد بە پێی بەرژەوەندی سەردەم و پاراستنی هەڵکەوتگەی خویان (اتصال)یان بە (بەدربار)ەوە هەبووە. بەڵام سەرەرای ئەو کوتە تاخمەش، مێژووی ئێران هەر لە دەوورانی کورشی هەخامنیشیەوە هەتا سەردەمی رەشی پەهلەوی پڕە لە خەباتی خوێناوی و بێ وچانی گەلی کورد دژی شایان و بنەماڵەی شایان دوای شەڕو هەڵای ئەمیرخانی برادۆست لەگەڵ شا هەباس سەفەوی. لە قەڵای میرانی دمدمدا بە سەدان هەزاران بنەماڵەی کورد لە ناوچەکانی تەرگەوەر و مەرگەوەر،سۆما برادوست و موکریان. تەنانەت سنەو کرماشان، سەرگۆم کران و بەرەو ناوچەکانی تری ئێران هەڵداشتران، رەنگە دەوڵەت ئابادیش ئەوانە لە ئەز باشتر بزانی، بەڵام جاری وا هەیە پیاو لە ئاستی کارەساتێک خوی گێل بکا باشترە هە تا راستی ببێژی، کە ئەوەش بێ یەک و دوو دەوڵەت ئابادی دەگرێتەوە.(فریدون فریاد) دەپرسێ (لە راستیدا ئێوە پێشکەوتووی ناسیونالی لە ئێراندا بە سوودی یەکێتی هەرە زۆری گەلەکەمان) (سەرنج بدەن: گەلەکەمان )و بە تایبەتی زەحمەتکێشەکانمان (زەحمتکشان ماش جێگای سەرنجە) بەرفراوان کردووەو خستۆتە بەرچاو بەم چەشنە).ل٩٨) جا با بزانین دەوڵەت ئابادی چۆن گوڵدەبێژێ و چدەفەرموون ( هیوادارم چونکە لایەنە کۆنەپەرستەکانی ناسیۆنالی هەر بۆمن جێگەی خەوش و تەنانەت نەفرەتیشە). یا جەلو جەلالەهوو کوردێک ئەگەر باسی زمان و فەرهەنگ و ئەدەب و زێدی میللیەتی بکرێ لایەنی (ارتجاعی) و (قومی گرایی) دەگرێتەوە دەبێتە هۆی (ایراد و حتی مورد نفرت)، بەڵام نووسەر، هەر ئەم باسە دەرهەق بە خوی دەبێتە باری (مترقی) و فری بەسەر (ارتجاعی) و (قومی گرایی) دانامینێ. هەموو لایەک ومرۆیەکی دادوەرە دەزانێ کە کوردەکانی خۆرئاسان لە لایەن(شاهنشاه) جۆر بە جورەکانی ئێرانەوە،، هەر لە سەفەویەکانەوە بگرە هەتا نادرشاو لە قاجارەکان هەتا پەهلەوییەکانەوە دەربەدەری وێندەرێ کران ولە کوردستانەوە هەتا خۆرئاسان، هەزاران ژن و منداڵیان لێ لەبەین چوو و هەزاران خوێنی بە ناهەقیان رژا. جا ئەگەر هەیاران، رۆژێک لە رۆژان کوردێک وتی دەچمەوە سەر زێدی خۆم و لای کەسو کارو خزم و یارم. یان کوردێک گازی

کردە کوردی خۆرئاسان و گوتی ئەز ئێرەش هەر ئێرانە و قەدەمتان لەسەر چەمان وەگەرێنە ماڵی خۆتان، پردی سیرات لە نووسەر دەستی دەبەستێ و تێوکی دەکەوێ و (ئەم پێشنیارە سەرەرای لەبەرچاونەگرتنی ئەوەی کە لە هەوەڵین ساتەکاندا بە بۆچوونی من جێگای پێکەنین بوو، بوو بە هۆی بەدگومانیم. ل٢٩٩). هەک شەوە، ماڵە، بابت رمێ بۆ ئەم کۆرپەت نەبردەوە، هەتا هێندە دوچاری بەدگومانی نەبێ و ژانەزگ نەگرێ « کەمێکی ئاو بەزاری دا بکەن و قانگی لە بۆ بسووتێنن و نووشتووی بۆ بنوسن. نەکا بەدگومانی شێتی بکات». ئاخر، نوسەری بەڕێز خۆ تۆ دژی (جنبەی إرتجاعی) و (قومی گرایی) بووی؟ ئەی چۆنە ئەگەر کوردێک دەربەدەر و تەبعیدکراو بگەرێتەوە و سەر ملک و ماڵ و خاک و زێدی خۆی (إرتجاعی) و (قومی گرا) دەبێ مەگەر نازانی هەر گەل و نەتەوەیەک ئەم هەق و مافەی هەیە بچێتەوە سەر خاکی باب و باپیرانی وەیان هەر جێگایەکی پێ خۆشە لێی بژی!؟ ئیدی (بدگمانی) و(مضحک)و چی و چی تری گەرەک نییە، کەسی کاکی.. نووسەری گەورە (جلال آل احمد) لە کتێبی (تات نشینهای بوتین زهرا)دا دەنووسێ: (لە دەورانی ماهوری و چەکمە رەقی رەزاخاندا. هێندێکیان کورد بە زۆر هاوەردبووە ناوچەی بۆیین زەهرا، بەڵام کە تەخت و بەختی رەزاخان لە قیبا، کوردان ماڵ و حالیان بە کۆڵان دادا و بەرەو زێدەکەیان گەڕانەوە.) ئەم گەرانەوەیەش هەرگیز نەبووە هۆی (بدگمانی) و (مضحک) بونی رەحمەتی مام جەلالی رەوانشاد، بەڵام سەیرە بە هۆیێک تۆ وە فوبیێک کەوتووی و ژەقنەی (بدگمانی)ییت گۆلی (مضحک)ی گرتووە. ئەگەر دەوڵەت ئابادی سا، بە چاویلکەی رەشبینی‌یەوە بەموێ ولامی بۆچوونەکانی بدەمەوە، دەبێتە مەسنەوێکی نێو پووت کاغەزی، بە راستی پیاو سەری سوڕ دەمێنێ کە چلۆن خالۆ دەوڵەت ئابادی کانێنکی ئاوی لێ خواردەوە کوچکە سارد دەکاو دەیرمێنێ. لە کۆتایی ئەم باسەدا، دەبێ بێژم کە دەوڵەت ئابادی وەک مرۆیەکی سادە و ساویلکە لە دۆزی کوردی روانییوە و نازانێ، یان نایەوێ بزانێ کە کورد و دۆزەکەی شتێکی وا نییە، هەر تەنیا پێوەندی بە ئێرانەوە هەبێ، بەڵکو ئەم دۆزو کارەساتە، بە خەباتی بێ وچان و خوێناوی و قوڵی‌یەوە، هەر ئێستا لە کوردستانی عێراق- تورکیە- سوریە و تەنانەت رووسیەدا لە ئارادایە و ئەم خەباتە هەمەلایەنەش شتێکی ئەوتۆ نییە حاشای لێ بکرێ و تازە گۆشیش نییە و نزیکەی سەدەیەکە پڕ ئازموونانە، لە گۆرەپان دایە و بە دەیان کارەساتی دڵتەزێنی وەک کوشت و بڕو ئاگردانی هەزاران ژن و منداڵ لە ئەشکەوتێنکی کوردستانی تورکیەدا، لە دەورەی ئەتاتورک بۆردمانی شیمیایی شاری هەڵەبجەی، بە خۆیەوە بینیوە. کە گومان ناکەم نووسەرێکی وەک ئاپۆ دەوڵەت ئابادیش لە زۆر لایەنی ئەم خەباتە بێ خەبەر بێ.

# RaBûN

Cultural Kurdish Journal- No. 7 -8/ 1993

Editor in chief

*Rafik Sabir*

Editorial Board

*Kamal Mirawdali*
*Hashim Kochani*
*Karwan Abdulla*

Technical Editor

*Dylan Dersim*

Sweden

# RaBûN

Cultural Kurdish Journal- No. 7-8/1993




شوێن پێی دەهەزار سوارە یۆنانییەکە لە یۆنانەوە هاتوون و
بە کوردستاندا تێپەڕبوون